# دار هەنارەکەی سەر گردێ

نووسینی : یەشەر کەمال

وەرگێڕانی : کەریم دانشیار

سوید ـ 1998



# دارهەنارەکەی سەر گردێ

نووسینی : یەشەر کەمال

وەرگێڕانی : کەریم دانشیار

سوید ـ ١٩٩٨

www.gagesh.com

# لە بری پێشەکی

دارهەنارەکەی سەر گردێ لە ڕاستیدا گۆڕەپانی چیرۆکێکی زاڵمانە نیشان دەدات کە تێیدا دوو بەرەی دژبەیەک خەریکی شەڕی مان و نەمانن: بەرەیەکیان ئاغاوەت واتە دەرەبەگ، کە زۆردارن، یانیگرە و ستەمکارن؛ ئەم بەرەیە ئەگەرچی بە هەژمار یەکجار کەمن بەڵام لە سای داهات و دەوڵەمەندی و پشتیوانیی هێزی ژاندارم و دەوڵەت، دەستیان باش دەڕوات و خوداوەندی دەسەڵاتن. بەرەیەکی تر کە گوندییە هەژارەکانن، ڕەنجبەرن، هەناسەساردن و، ئەگەرچی بە هەژمار زۆرن، بەڵام لە ئاستی دەوڵەت و داهاتەوە بێچارە و بێ دەرەتان و بە داییم ماڵ بە کۆڵ و زەحمەت بە خەسارن.

ڕۆمانی ناوبراو بە قەڵەمی بەتوانای نووسەری ناوداری کورد، یەشەر کەمال (Yaşar Kemal) ، زۆر زانایانە دوو بەرەی دژبەیەک، واتە ئاغاوەت و گوندییەکانی خستۆتە ژێرشوشەی زەڕەبین(Magnifying Glass) و کێشەی

ئەوسەرنادیاری ئەم دوو بەرە نالێکەی بەهاتنی مەکینەگەلی وەرزێریی وەک کۆمباین ( Combine harvester) ئاشکرا کردووە. لە توێی کتێبەکەی یەشە کەمالەوە، ئیتر ماشێن جێ دەستی کرێکاری داگیرکردووە و گوندی و ڕەنجبەر بۆ ئاغاوەت بێ کەڵک و کار ماونەتەوە. لەم بوارەدا دەسەڵاتی حکومەتەکان پشتی ئاغاوەت دەگرن و هێزی ژاندارمیش سەگی زەنجیر لەملی ئاغاوەتەکانن. سەردمێکی پڕکارەسات ئێخەی جوتبەندە و ڕەشایی دێهاتەکان دەگرێتەوە و تەنیا ڕێی دەرەتانی ڕەنجبەر ڕاکردن بۆ شارەکان و ملدان بە کار و ئیشی چرووکە، بۆ بەردەوام بوونی ژیان.

قەڵەمی بەتوانای یەشەر کەمال لەم کتێبە کەم لاپەڕەیەدا زۆر راستگۆیانە کارەساتەکەی دەرزی ئاژن کردووە.

ئەم وەرگێڕانە بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادی هاوڕێیانی شەڕی شۆڕشگێرانەی دەشتی قوڵقوڵە، پێشکەشە بە یادی: بەهمەن مەلازادە، یوسف جەهانگیری، هەژار کەریمی، حسێن کەلهوڕی.

کەریم

ژنەکەی مەمەد لە چەقی دەشتی ئەوپەڕ نادیاری بەر ڕوانگەیەوە کز و کپ دامابوو؛ زۆر خەمگین و پەرێشانیش دەهاتە بەرچاو. ژنە داهاتەوە و خۆڵی زەوییەکەی پشکنی و چەند دەنکە گەنمێکی دۆزییەوە. دەنکەکانی لە ناو لەپی پەنجەدا هێنان و بردن؛ ددانی پێداگرتن، چەندێکیشی خستنە ناو گیرفانی و بەڵای خۆیەوە گوتی: وەیش!... قوڕ بەسەری من گشتی گنخاون!... دەک دەری بابانی من شێوێ لەوێ نەهامەتێی بە شانماندا هاتووە!

سەرلەنوێ ملی نایە دۆزینی زەوییەکە و چەند دەنکێکی دیکەشی تێدا دۆزنیەوە و ددانی پێداگرتن. پاشان بە تووڕەیی تفی کردنەوە و گوتی: وەیش کە چیهام لەش و گیان لە بۆ ئەوێ مەزرایە تواندەوە، بەڵام بەچی نەگەییم و چی لێ چێ نەبوو !

لە مەزراکەدا شیناوەرد بۆ دەرمانیش نەدەهاتە بەرچاو. لە ئەم مسەر هەتا ئەو پەڕی مەزراکە و تەنانەت کەژ و کێوی بەر ڕوانگەیشی خاکێک بوو کە ڕەنگێکی بۆزی خۆڵەمێشیی لەسەر نیشتبوو؛ جووڵەوەریشی تێدا بەدی نەدەکرا.

گوتی: دەمرین!!... ئیمساڵ قڕمان دێت و تاکمان لێی دەرناچێ... وەیش لەوێ ڕۆژە ڕەشەی پڕلە نەهامەتیمان!!

ئەوسا دانیشت و کز داما. بە دەشتی کاکی بە کاکیدا ڕوانی و سەیرێکی مەزرای مردووی بەردەمیشی کرد. لە هەژمەتان هەموو جیهان لەسەر تەوقی سەری هەڵدەسووڕا. بە نەرمە ورتەی ژێر لێوانیشیەوە و لەبەر خۆیەوە جار جار دەیگوت و دەیگوتەوە: وەیش کە چیهامان لەش و گیان لە بۆ تواندەوە، کەچی ڕەنج بە خەسارماینەوە و بەچی نەگەیشتین!

هەر لەو شوێنەی کە لێی دانیشتبوو، لێی دانیشت و هەتا بەرەبەری تەنگی بانگی شێوان جووڵەی نەکرد. یەکجار پەرێشان و شێواوە حاڵ بوو؛ هەر دەتگوت کەوتۆتە حاندی ئاویلکەی گیاندانان. ماوەیەکی خایاند و هەر بەمجۆرە دانیشت و جمەی نەکرد. ئیتر نەیتوانی زیاتر دابنیشێت و ئێوارەیەکی درەنگ وەختی کەوتەوە خۆ و بەرەو ماڵ بۆوە. گەیشتەوە ماڵ؛ لە ماڵێشدا ڕووگرژ و مرچ ومۆن لە تەنیشت کوانووی ئاگرەکە هەڵتووتەکا. «مەمەد»ی مێردی ڕووی دەمی تێکرد و گوتی: ها کەنیشکە ئەوە چییە؟!... بۆچ وا دژ داماوی؟!...

چییە و چ قەوماوە بڵێ بزانم!... ئەوا ئێمە دووبەیانی ڕێدەکەوین و دەڕۆین. هەرکە گەیشتمە چوکورۆڤا (Çukurova) پارەت بە پۆستەدا بۆ ڕەوانە دەکەم... دە ڕۆژ پاش ڕۆیشتنم دەچیتە لای «جەمال ئەفەرندی»ی دوکاندار... من پارەت بە ناونیشانی ئەو دا بۆ بەڕێ دەکەم.

ژنە مرقەی لێوە نەهات. مەمەد تێی ڕاخوڕی و گوتی: چییە؟... چیتە کچێ !!... چ قەوماوە؟!

ژنە لەپڕ و ناکاوێک تەقی و هەرچی دەرد و مەراقی کە لە هەناویدا پۆنگی خۆاردبۆوە یەکجێ و بەلێشاو بەسەر مێردەکەیدا ڕشتی. شریخاندی بە سەریدا و گوتی: بڕۆ!... دە بڕۆ !... بۆ ناچی؟! چوکورۆڤا چاوەڕوانتە، بۆ ناچی؟... چ خەمێک دڵت دەگەزێ و خەبەرت لە کوێیە کە دەنک و دانی تووی مەزراکەمان پاکی گنخاوە! ئێمە سوێراییمان لەماڵدا نییە... تەنانەت لاوێچە خوێیەکیشمان لەماڵدا دەست ناکەوێ. ئەی ئێمە لەم دە ڕوژەدا چی بێ خورد و خوراکمان و بەچی بژین؟! ئێمە نە تامە چێشتێک شک دەبەین و نە سوێراییشمان لە ماڵدا هەیە، دەبا لە خێر و بێری ئارد و نان چاو بنووقێنین، ئێمە سوێرایی شک نابەین... دەنک و

دانی تووی زەوی و زارمان گشتی گنخاوە... دە بڕۆ!... بڕۆ بۆ ناچی؟!...

لە نێومالّی ژوورەکەیاندا دوو کارە بزن هەڵبەز دابەزیان بوو. چوار زارۆکی ڕوتەڵەی بێ بەرگ و بێ ئەنواش لە سوچێکی ژوورە نیوە تاریکەکەدا سەرکز و کەیل و خەمگین بە دەوری یەکدا دانیشتبوون. دەنگ هەر بێدەنگی بوو. هەر تەنێ بچکۆلانەترینیان کە کراسی بەری لە بەر شڕۆڵی دەهات لە بەژنی دابکەوێتە خوار، جارجارە بە لووشمەیەکی کورت، شەقڵی بێدەنگیی ژوورەکەی دەشکاند و دوو قەیتانی چڵمی شۆڕەوە بووی کونە لووتانی بۆ سەر هەڵدەکێشایەوە.

مەمەد گوتی: ئەم هاوار و هەرا و هەنگامەی پێ ناوێ ژنەکە!... بزنە قەشان دەفرۆشین و چەند بەرمیل گەنمی پێ دەستێنین، هەرچی لەبەریشی مایەوە بە خوێی دەدەین و چت و متی تریشی پێ دەکڕین... ئیتر تەواو و بڕایەوە !

ژنە گوتی: بیفرۆشە! دە تۆ بی و خودا ئەویشمان لێ بفرۆشە و دۆیەکەشمان لێ ببڕە... بیفرۆشە دەبا ئەویشمان هەر نەمێنێ !

مەمەد تووڕە بوو. توند بە سەریدا گرماند: بەڵێ دەیفرۆشم و  زۆر چاکیش دەی فرۆشم... دەیفرۆشم و پەکیشم پێی ناکەوێ .

ـ  بیفرۆشە... بیفرۆشە!... تۆ خودا با بمرین و نەجاتیمان بێ .

مەمەد هەر بۆ سبەی بەیانی بزنە قەشانی بە«دۆیرەن ئەفەندی» دوکاندار، کە خەڵکی گوندێکی ئەولاتر بوو، فرۆشت.

هەر کە بزنەکەیان لە ماڵ بردنە دەرێ، دەتگوت تەرمی ئازیزێکی خۆشەویستیان لە ماڵ چۆتەدەر. ژنەکەی مەمەد هۆن هۆن فرمێسکی بە دوای بزنە قەشاندا لە دیدە دەباراند و هەر وەک ئازیز مردوو دەیناراند. مەمەدیش لەبەر شەرمی دەستەنگی و لەبەر حەیای پیاوەتی ڕووی هاتنەوەی ماڵی نەبوو.

******

لە دەرەوە، نەرمەبایەکی سووک هەڵیکردبوو. کشپەڵە وشکەی بزنان لە پای دیواری ماڵاندا، بەدەم نەرمە باوە هێدی هێدی هەڵدەخلان و بە ڕەوتێکی نەرم، لەم سەری دیوار بۆ ئەو سەر دەچوون و دەگەڕانەوە .

لە دوورەوە سەر و پۆتەڕاکی«مەمەد » وەدەر کەوت. چی پێنەچوو «حەسۆک»یش هات. بەجووتە لە پای دیواری ماڵێکدا دانیشتن و دەستیان کرد بە پێهەڵاگوتنی ئەو خێر و بەرەکەتەی کەوا گۆیا لە دەشتی« چوکورۆڤا »دا هەڵڕێژراوە. بەڵێن بوو بەیانی شەوەکی بەرەو چوکورۆڤا بکەونە ڕێ.

حەسۆک گوتی: درۆیە!... مەگەر دەکرێ لە چوکورۆڤایەکی ئەوتۆ مەزن و پان و بەریندا...

مەمەد بە تووڕەیی قسەی لە دەمی حەسۆک ئەستانەوە و گوتی: درۆیە درۆ!... چلۆن ئیش لە چوکورۆڤا دا دەست نەکەوێت؟!... لە وێندەرێ بە ڕۆژی ڕووناک، چرا بە دەستەوە بە شوێن پیاوی کرێکاری کارزاندا دەگەڕێن... درۆیە!... هەر ئەوەندمان پێڵاومان بگاتە وێندەرێ، ئیتر تەواو!... لە چوکورۆڤادا کرێکار لە دار دادەتاشن.

زۆری نەخایاند «یۆسف»یش هات. مەمەد و حەسۆک هەردووکیان بە جووتە و یەکدەنگ و یەکدەم گوتیان: هات !!!

یۆسف لە دوورەوە هاواری دەنگی تێگرتن و گازی کردنێ: ئۆۆۆهۆۆی کوڕینە... دەڵێن... دەڵێن کە نیازی چوونی چوکورۆڤاتان لە کەللە دایە... دەڵێن کە...

حەسۆک گوتی: بەڵێ... بەڵێ گەر خودا یاربێ، ئەوا خەریکین خۆ کۆ دەکەینەوە و لە سەر ڕۆیشتنین... منم ، مەمەدە و ئەوی تریش (ئاشق عەلی)یە.

یۆسف گوتی: کوڕە باوان گیان بۆ کوێ دەچن؟... وەرن پیاوی باش بن و ئەم خەیاڵە خاوە و ئەم سەودا زیانبارە لە کەللەتان دەرهاوێژن. ئێوە خەریکن بە پێی خۆتان بەرەو پیری مردن و بەرەو باوشی نەخۆشی و بۆ نێو ئەوکی ڕەشە پەتای دەشتی چوکورۆڤا دەچن. ئەرێ مشوورەکەتان چی لێ بەسەر هاتووە ماڵ کاولینە کە دەتانەوێ خۆتان بەم دەردە بەرن؟... ئێوە پێتان وایە چونی چوکورۆڤا گەمەو گەپ و گاڵتەیە؟ دەوەرن دەرد و زوخاوی ئەو چوکورۆڤا حیزە لەمن بپرسن تاکو لە بۆتانی هەڵڕێژم و بۆتانی ببێژم... ئەوە منم کە

چوکورۆڤا گەزتەم و منم ئەو مەڵبەندەم بە چاوی خۆم بینیوە برادەرینە!... وەرن لە برسان و لە بێ بژیوی بمرن و ڕەق هەڵێن، بەڵام قەت قەت هەنگاوتان بەرەو وێندەرێ کل مەکەن. ئەگەریش بەزەییتان بە تافی لاوێنیی خۆتان دانایە، دەسا وەرن ڕەحمێ بە حاڵی ماڵ و منداڵی ناوماڵتان بکەن... ئەتۆ ئەی مەمەد!... ئەتۆ کە چوار زارۆک نا، بەڵکە چوار چەپکە گوڵی ڕەعنات لە ماڵێدا هەنە، وەرە پیاوخاس بە و دەست لەم کەتە کاروانەت هەڵگرە. شەرەتە کێ بچێتە وێندەرێ، ئیتر گەڕانەوەی بۆ نییە؛ گەڕانەوەیشی لە بۆ بلوێ ، ئەوەتا هەروەکی منی ماڵوێرانی لێ بەسەر دێت و بە کۆشێک دەرد و ئاهۆ و ئازارەوە دەگەڕێتەوە ماڵ.

مەمەد گوتی: هیچ دەرەتانێکی ترمان نییە باوکەکەی باوکم .

حەسۆک: ئێمە بۆخۆشمان لە گشت چەم و خەمی ئەولا شارەزاین برای شیرین، بەڵام چ دەروویەکی بەخێری ترمان نییە و ڕێ بە چ دەروایێکی ڕووندا نابەین.

یۆسف ناڵاندی و گوتی: هەر ئەوانەی کە شارەزای چوکورۆڤان، باش دەزانن دەرد و مەراق و

مەینەتیی وێندەرێ چۆنە و چەندە. ئەز دەزانم چوکورۆڤا چییە... لەوێ ئاگربارانە. هەردی ژێرپێی مرۆڤ پڕی مافەتەیە و دایک گەرای ناسازی لێیە. هەواکەی پڕی پەخشە و تەپۆی خوێنخۆرن. حاندی ئێواران مێشوولە هەر وەک هەور بۆت دێن و بەسەرت دەکشێن؛ یەک بە ئاسمان دێن و بەسەرت وەردەبن. پەخشەکانی پەخشە نین، هەر یەکەی گورگێکی خۆێنخۆرن... بەهەزاران و هەزاران هوروژم دێنن و لە چاوترووکانێکدا دڵۆپێک تەڕایی لە جەستەی ژینەوەر دا ناهێڵن... برادەرینە چوکورۆڤا بڵێسەی لێ هەڵدەستێ. وەرن دەست هەڵگرن و مەچن. لە من و لە دەرد و ئازارەکانی من بڕوانن یاران! من وێنەیەکی تەواو زیندووم لە مەرگی هێوری دەشتی چوکورۆڤا. ئاوەکەی تاوگەزە و پڕی خۆرەیە و، لیچق و شیلەوتینە هەر وەک خوێن... مەچن برادەرینە. من برایانە پێتانی دەڵێم و باوکانە نزاتان لێدەکەم مەچن... حاڵی ژار و پەرێشانی من ببینن... وەرن تۆ خوداکەتان مەچن، تەنانەت ئەگەر لە برسانیش هەوەک خەزەڵ هەڵبوەرێن، لێرە مەبزوون. ڕاستە لە وێندەرێ ئیش و کار دەست دەکەوێت، ڕاستە پارەی تێدایە و ڕاستە لە شیری مەل و مێرولەوە بیگرە هەتا

دەگاتە گیانی ئادەمیزاد، هەرچی بیخوازی و بتهەوێ هەر هەمووی تێدایە، بەڵام سەردانان و تێداچوونیشی هەیە. لەش بەباری و ڕەشە نۆبەتێ و دیق و زەردووییشی تێدایە. حالی بەلەنگازی من بەچاوی سەرتان ببینن تاوەکو بۆتان دەرکەوێ کە چوکورۆڤا چییە. چوکورۆڤا بلێیسەی لێ هەڵدەستێ برادەرینە... وەرن بە ئەشقی پیرتان لەم چوونە واز بهێنن و مەچن برادەرینە...

حەسۆک گوتی: چارمان ناچارە برای شیرین، ئەشێ هەر بچین. مردن لە ڕێدایە و، گەر هات و لە وێندەرێ مردین، چش با بمرین .

مەمەد: دەچین !

حەسۆک: مردن هەزاران شانازی و شەرەفی بەسەر هەژاریدا هەیە. پەتا و ئازاری نۆبەتێ لە نەداری باشترە. دەردە باریکەش لە دەسبەتاڵی و لادەسی گەلێک قازاخترە.

مەمەد: دەچین !

یۆسف نووزویەکی هاتێ و بە کڕوزانەوە گوتی: ڕۆژ و ڕۆژگارەکەی من بە چاوی سەرتان ببینن و بزانن من لە دەست ئەم ئازارە دزێوە چی دەکێشم. من لەگەڵتان نیم و نایەم... بێتو جارێکی دیکەش هەتاوی دەشتی چوکورۆڤا بە سەرم بکشێت، ئیتر بۆ

هەتا هەتایە هیچ سێبەرێکم بەسەردا ناکشێت و نانی زیندووان ناخۆم... دەڵێم خودا بە کەسی ڕەوا نەبینێ! ئیتر بەشی من بەسە، من چڵ و چڕۆی دار و دەوەن دەخۆم و توێلکی درەختان دەکرۆسمەوە و نانی چوکورۆڤا ناخۆم !...

مەمەد: دەچین !

حەسۆک وتی: مردن هەزار شەرەفی بەسەر هەژاریدا هەیە... ئێمە دەچین !

یۆسف گوتی: ڕەنگی زەردم ببینن و حاڵی پەرێشانم تەماشا بکەن برادەرینە، سا ئەوەدەم بێژن دەچین.

یۆسف بە دەم قسەکردنەوە، جار جار، ورگی خۆی پەنجە نیشان دەکرد. ورگی یۆسف هەر بە چەشنی ورگی ئافرەتی دووگیان، تۆلاو تۆل لێهاتبوو. ملی باریکی چەشنی داوە دەزوو، زۆر بە زەحمەت سەر و سەکوتەکەی ڕاگرتبوو. ڕەنگی ڕوخساری لەبەر کەم خوێنێ، چەشنی ڕووەکی ژێر بەردی پەنا سێبەران ڕەنگێکی زەردی زەعفەرانی و کاڵ و کەمڕەنگی لێ نیشتبوو. توێخ و توێژاڵی ژێر قاچ و قولانی بەهۆی هێندە پێ پەتی بوون و بەپێخاوسی ڕۆیشتنی، هەر وەک لاستیقی تایەری ترۆمبێلان،

کونجر کونجر و توێ توێ بەسەر یەکدا چەمیبوونەوە و ڕەق و تەق هەڵاتبوون.
حەسۆک گوتی: مردن لە ڕێگاشمان دابێ، دەڕۆین و پاشگەزبوونەوەمان نابێ !
یۆسف : من برایانە پێتانی دەڵێم ، مەچن!... پەخشە و تەپۆکانی هەر یەکەی...
حەسۆک لێی تووڕەبوو. بەسەریدا گرماند و گوتی: تۆ خواکەت یۆسف بەسکە و بێبڕەوە باوکەکەی باوکم!... بەسە وازمان لێ بێنەو لێمان بەوە !...
یۆسف دەمی بەسەر یەکدا تەپی و ئیتر بێدەنگ مایەوە.

✿✿✿

له دەرەوەی گوندەکەیان، له سووچێکی بەرمالاندا ڕاوەستابوون و چاوەڕوانی هاتنی مەمەد بوون کە بێت و پێکەوە وەڕێ کەون. پێخەفە داپێچراوەکانیان بەکۆڵ دادابوو. داسەکانیان بە لاکەلەکێیەوە هەڵواسیبوو و ئامادە ڕۆیشتن بوون.

مەمەد لەگەڵ خێزانی خەریکی ئاخر وتووێژانی بوو، کە سەرەنجام و ئاخر پەیام گوتی: بە خودێم ئەسپاردن و، لە ماڵ هاتەدەر. ژنەکەی مەمەد لەبری وەرامی مالاوایی، گازی کرد: دەنک و دانی تووی زەوی و زارمان سەرپاکی گنخاوە!

بوولێڵی بەیان هەروا دەهات و لێلایی شەوەکیی وەژێر خۆی دەدا؛ دەهات بەیان بنگەوێت و ولات ڕووناکایی تێکەوێت. بە پەلە کەتنەڕێ و گوندیان جێ هێشت. هەتا ئەو دەمەی کە دیوارو سەربانە کورتەڵە بۆزەڵەکانی گوندیان لە هەتەری چاوان دابوو، پەسا پەسا سەریان بۆ وەردەچەرخاندەوە و بەحەسرەتەوە سەیری دیمەنی هەژارانەی زێد و نیشتمانەکەی خۆیانیان دەکرد. هەروا دەڕۆیشتن و لە دێ دوور دەکەوتنەوە، هەر ئەوەندەش توند و بە هەڕەمە دەڕۆیشتن، کە تەپ و تۆزی خۆڵە پۆتەی پاش سەریان بە حەوا دا دەدا.

لە دواوە دەنگێکیان بە گوێ گەیشت. ڕاوەستان و سەیریان کرد و دیتیان کە یۆسفە بە هەلینگدان بۆیان دێت. دڵنیگەران بوون. هاواریان کردێ: خێرە یۆسف!!... چییە... چ باسە ؟
یۆسف گوتی: خێرە...
گەیشتە لایان و لە سەر بەردێک دانیشت. سنگی هەروەک مووشەدەمەی بادەمێنی کورەی ئاسنگەران دەهەژا. بەدەم هەناسەسوارییەوە گوتی: سەبرێکم لێ بگرەن با پشوویەکم بێتەوەبەر... هەر لە گوندەوە هەتا ئێرە یەک پشوو بە دواتاندا هەڵاتووم.
لە ژوور سەری یۆسف ڕاوەستان و ئیستێکیان گرت. یۆسف دوای چەند پشوو کێشانێکی دوور و درێژ، هەناسەی تازە کردەوە و لە جێ هەستا و گوتی: دانیشتم و بیرم لێکردەوە و دوای خۆ ساغ کردنەوەم بە دواتاندا هاتم. کورد گوتەنی: مردن جارێک و شین و شەپۆڕ بۆکردنەیشی جارێک... مردن جارێک و... دەسا با بڕۆین برادەرینە !
ئەمسەر تا ئەو پەڕی ئاسمانی بان سەریان ساماڵە ساوێکی پاکی بێ هەور و هێڵ بوو. دەشتی ئەو سەر نادیاری ژێر پێیشیان شێوەرد و گێڵگە و زەوی و زارێکی داچێندراوی بێ شیناوەرد بوو.

مەزراکان ڕەنگێکی بۆزی خۆڵەمێشی خەمبارانەیان بەسەر کشابوو. هەر ئەودەم کە بەلاشانی کێڵگەیەکدا تێدەپەڕین، حەسۆک داهاتەوە و خۆڵی زەوییەکەی پشکنی و گوتی: بە کەڵک نایە و چی لێ چێ نابێ ...
مەمەد گوتی: ئەوە گرتمان، گرتیشی!... هەتا بستێکی لێ بژار دەکەیت، نە پەنجەت بە پەنجە دەمێنن و نە نینۆکەکانیشت بە نینۆک. چەرەمەسەری و گیان لە بۆ تواندوەکەیشی بە پای فیلانە و بەر و بەرهەمەکەیشی هەر دوو لاوێچی نەپوختەیە و چیتر...
حەسۆک گوتی: دەبا ئەو دوو مشتەشم هەر نەبێ کاکە!... وەڵلاهی من ئەو نانەم نەگەرەکە بەم مەراڕەتە دێتە بەر دەستم ... نایخوازم !
یۆسف: لە خودێ دەخوازم چوکورۆڤا خاپوور و نوقمەسار بێت.
گشتیان پێکەنین.
گەیشتنە(کانێ سپی). دانیشتن و پشوویەکیان تازە کردەوە. دەست و پەلێکیان شورد و ئاوێکیان خواردەوە. لە دانیشتن و پشوودان دابوون کە لە پڕ حەمەدۆک، شوانەکەی ماڵی«کەکێ»خان هاتە

لایان و لە بەرامبەریاندا چەقی. حەسۆک پرسیاری تێگرت : ئۆغر بێ حەمەدۆک !

حەمەدۆک گوتی: خولیای چوونی چوکورۆڤا بووم و بیستبووم و دەمزانی ئێوەیش ڕێگای وێندەرێتان لەبەرە. هەربۆیە دوو ڕۆژە لەم گاز و گوزەرەدا چاوەڕوانیتان دەکەم. من بەنیاز بووم هەر هەنووکە ڕێگە بگرم و بڕۆم ، بەڵام باش بوو دە ئێوە هەڵەنگوتم... دەتو خودا لێبگەڕێن با ئەربابەکەم بەشوێن شوانێکی لێهاتووی وەکی خۆمدا سەر و خواران بتەقێنێتەوە. من سەری خۆم هەڵدەگرم و لە دەستانی ڕادەکەم و دەڕۆم... ئیتر بەشی من بەسە و نایخوازم !

حەمەدۆک کوڕێک بوو لەڕ و بارێک. دەست و پەلی خەپلە و ئەستووری دەگەڵ قەڵافەتی کز و باریک و وردیلانەی نەدەهاتنەوە؛ هەر دەتگوت دەستی پیاوێکی باڵابەرزی بە لابار وەرگرتووە.

ئاشق عەلی گوتی: کاری بەجێ هەر ئەوەیە کردووتە حەمەدۆک؛ لەوەتەی بیرم بڕ دەکات و دێتەوە بیرم، تۆ هەر بەشی سەربەشیماڵی کەکێ خانەکان بوویت.

حەسۆک: شوانی بێ ماف و دەسڕەنج و مزە.. وەلۆیە حەمەدۆک؟

حەمەدۆک گوتی: ئیتر بەسە!.. دڵم لەم چەشنە بەڕێچوونە گیراوە و چیتر هەڵی ناگرم.
حەسۆک : ڕۆژ لە نوێ و بیرازکردنیشت لە نوێ بوو...
ئاشقعلی : هەر وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوی حەمەدۆک !
حەمەدۆک : بڵێی لە چوکوروا مافی خۆم لە مستم بنێن و لێمی نەستێنن؟!
ئاشقعلی گوتی: چوکورواش بە مڵکایەتی هەر بەشی کەکێ خانەکانە.
حەسۆک: با بزانین چیمان دێتە ڕێ!
حەمەدۆک: مافەکەم...
مەمەد: مەترسە.
حەمەدۆک: جووتە گایەک دەکڕم شاخەکانیان کەوانی بێ ...
یۆسف: یا خوا چوکورۆڤا زرێبار بێ.
ئاشقعلی گوتی: براکەم نایخوازی وەگەڕێ!
یۆسف گوتی: کێ بەردی بناغەکەیی دانا، کوێر و گۆج و داماو و دەستەشکاو بێ.
مەمەد: من هەر لەو چوکورۆڤایەدا دادەیەکم هەیە، چ دادە! ئەگەر هەموو موڵکی ئەم ئەم دنیایەی پێبدەیت، دەی هێنێ و هێشتا نیوە قیمەتێتی..

ڕوحەکەم پێتان بێژێ کە دادەی من بە بەرد و بە تەرازوو شەشدانگی هەر چوارپارچەی ئەم چوکورۆڤایە دێنێ. ئێوە کوا دەزانن کە دادەم چەندە و چیها ئەمنی خۆش گەرەکە.. لێم یەقینە هەرکە پێڵاومان بگاتە چوکورۆڤا، ئێوەیش دادەی من بە چاوی خۆتان دەبینن و دەستم بۆ لە مل دەدەن و دەڵێن کە دادەت لە هەر شەش دانگی چوکورۆڤا دا هاوتای پەیدا نابێت.. لێم سوور و عەیانە هەرکە بگەینە لای ئەو، هەتا قەوسی پاییزان ئیش و کارمان بە بارە و بەختمان چابوک سوارە..

کەووتنەڕێ. شەوێک لەگوندی«چەرمەلۆ» خەوتن. کاتێک کە دەگەڵ خەڵکی چەرمەلۆ ماڵاواییان دەکرد، گوتیان کە گوندی چەرمەلۆ گوڵی سەرتۆپی زەوییە و لە دنیا دا تای خۆی دەست ناکەوێ.. لە غەریبگری و غەوارەنەوازی دا بێ وێنەیە...

بە دەشتی کاکی بە کاکیی وەک لەپی دەست دا ڕابواردن. لە تەپۆڵکە و گردولکە و بەرزە هەردەکان وەسەر کەوتن و بە لێژاییەکاندا داگەڕانە خوار. لە دەم کانیاوی زوڵاڵی داوێن پڕ لە زیخە سپیلکەکاندا دانیشتن و نان و پەنیر و

پنجاریان خوارد. بۆن و بەرامەی خاسە پونگەی دەم دەراوان، زنەی چێژی لە دەمدا دەتەقاندنەوە. لە هەر مەنزڵێکدا، لە باوەشی مێرگی بە پۆی سێوەڕە چندراو دا ڕاکشان و ژان و برکی ڕێگایان لە جەستە داماڵی. جگەرەیان هەڵپێچا و دووکەڵیان بە با کرد... دانیشتن، ڕازان، هەستان و ڕۆیشتن...

بەرزاییەکانی«مازقاچ»یان گرتە بەر؛ مازقاچ بەگوڵە زەرد خەملابوو. دار و دەوەنی لێڕەوارەکەی بەدەم شنەی شەماڵەوە دەشنایەوە و دارستان هاژەی دەهات. لە داوێنی هاوینەهەواری گردی گولاندا ڕەشماڵی خێلاتییەکان شان بە شان هەڵدرا بوون. کیژگەلی عێلاتی بە قۆڵچاغەی سووری گوڵ گوڵینەوە خەریکی هاوێر و مەشکە ژاندن بوون .

لە ڕێگای سێرین قاچ ، لە کوردێکی ناشکوای ڕووتەڵەی پێخاوس هەڵەنگووتن. گوێدرێژێک لەپێشەوەی و ژنێک و پێنج منداڵی سەروپێچکەیشیان لە دواوە دەهاتن. کوردە، خۆی و ژن و هەر پێنج منداڵی هەر ئەوەندە لەڕ و کز و ڕووت و چڵکن بوون، کە هەر دەتگوت مرۆڤی سەردەمی ئەشکەوتن و وەک پاشەرۆک ماونەتەوە. سەر و سیماو ئەندام و جلکی بەریشیان

حەکایەتێک بوو لە نەهامەتی و هەژاری و نەداری و بەلەنگازی... ڕۆژباشێکیان لێکردن و ڕابواردن.

دوو ڕۆژ بە ڕێگا و باناندا هاتن و ڕۆژی سێیەم گەیشتنە چوکورۆڤا. ئاوەکەی چەمی «ساڤرون» بە هەڵپە و هەڕەمە و هاوار و هەڕەشەوە خۆی بە کەند و لەندان دادەدا و ڕێگای دەبڕی. کەمێک ئەولاتری گوندی «دیکەرلی»، بۆ حەسانەوە دانیشتن و لە ژێر سێبەری تاکەدارێکدا لێی ڕازان و خەوتن. بەربەری ئێوارێ لە خەو خەبەریان بۆوە. حەمەدۆک بە چاوی خەواڵوویەوە سەیرێکی مەمدی کرد. ئارام بۆ لای خزی و بە چرپەیەکی ئاسپا لێی پرسی: مامەگیان تۆ بڵێی لێرە مافەکەم لێ نەخۆن؟

مەمەد وڵامی دایەوە: مەترسە!

حەمەدۆک بە دەم بزەی شادمانییەوە پرسی: هەر بە ڕاست لەم چوکورۆایەدا پیاو بە ماف دەگا؟!

مەمەد : مەترسە !

حەمەدۆک گوتی جووتە گایەک دەکڕم شاخەکانیان ڕاست و تیژ و بەرز و بڵیند بن... مامە گیان لەمەودوا ئەوەندەی هان و هەناسەم لەبەر دایە، لە چوکورۆڤا ئیش دەکەم و هەتا بە کاوی دڵ شاد نەبم، سرەوتم نابێت..

مەمەد: دەت دەم بە دادەی خۆم و لە ژێر دەستی ئەودا ئیش بکەی باشە...
حەمەدۆک : مافەکەم !...
مەمەد: مەترسە!.. شوێنێکی کە دادەی منی لێ بێ، پێشێلکەری ماف، سەری بە گۆم داکراوە...
پێخەفەکانیان بە شەپکی شانان دادا. ئەشقەلی تەموورە گوڵینگەدارەکەی لە ژێر باخەڵی گرت و کەوتنە ڕێ.
مەمەد گوتی: مەزراکەی ماڵی دادەم لەو ژێرەوەیە و هەر بڵێی یەک و دوو دەیگەینێ... برادەرینە هەرکە دادەم چاوی پێم بکەویت، لە خۆشیان گەشکە دەبێ و بەرەو پیرمەوە دێت!... لە چۆنی و چەندیی منداڵەکانم دەپرسێت و لە تەندروستیی خێزانم پرسیار دەکات. چەند ساڵ لەمەو بەر، هەر ئەو دادەیەم دوو کراسی نەشۆراوی پێشکەشی خێزانم کرد، کە هیشتایش خێزانم هەر ئەو دوو خەڵاتانە ئاڵوگۆڕ دەکات. چاکەتێکی شانزیشی خەڵاتی بەری من کرد... هەنووکەیش ئەوەندە بەسە، کە بەکەلێن چاوی پێم بکەوێت؛ گورجێک دێت و دەستم دەگرێت و بەخێرهاتنم دەکاتەوە... باشترین ئیشی مەزرام پێ دەسپێرێت... من دەزانم

هەتا لای قەوسی پاییزێ کار و ئیشی گشتمان لە لای دادەمەوە تەختە...

حەسۆک: ئەگەر وایە، ماڵم قەبرە کە دادەی تۆ شەشدانگی چوکورۆڤا دەهێنێت و لە هەموو ئەم دنیایەشدا بێ وێنەیە...

مەمەد خێرا وەڵامی داوە: بەربینگ بە ئاغا دەگرێت و ناچاری دەکات کە بۆ هەر یەک لە ئێمە، هێندەو نیوی دەسڕەنجی کرێکاری دیکەمان ماف و مزە بۆ ببڕێتەوە. دادەم پێی دەڵی کە ئەوانە یاران و برادەرانی مەمەدی منن...

ئەشقەلی: خودا بکا وەلۆ بێ !

مەمەد خێرا وەرامی ئەشقەلی داوە و گوتی: کەس نابێتە دادەی من.. ئێوەیش هەر ئێستێ دەی بینن. هەرکە بگەینە لای دادەم ، هەر دەم فەرمان دەدات کە کەوڵی پڕ لە نان و خوانمان بۆ ڕابخرێت...

حەمەدۆک: مافەکەم !...

مەمەد: مەترسە !

حەمەدۆک: بە شاخی تیز و قیت و بەرزەوە..

مەمەد گوتی: گیانەکەم بە فیدای دادەی خۆم دەکەم دەبا ئەگەر بەگلەری دێ بە زیبکە و گوندار، مافی ڕەنجبەرێک پێشێل بکات کە دادەم خێرا و لە چاوترووکانێکدا دەگاتە سەری و دەبێژێت: « دەبڕۆ

شەرمێک لە خودێ بکە مردوت مرێ! پیاو چلۆن دڵی هەڵدەگرێ مافی ئەم داماوانە بخوات؟»' ئیتر بەگلەر خۆی پێ ڕاناگیرێت و هەر بڵیی یەک و دوو، ماف و دەسڕەنجی یەکایەکی کرێکاران لە مستیان دەنێت...

ئەشقەلی گوتی: کەواتە دەبێ بێژم کە دەسەر سەری ئەوێ دادەیەت گەڕێم مەمەد!

حەمەدۆک: بە شاخی قیت و بەرز و تیژەوە..

حەسۆک تووڕە بوو: هەتیو بەسکە!.. بەس بڵێ بەشاخی تیژەوە.. هەی شاخەکانیان بە...! ئەوە چ شاخ شاخێکتە ؟!

مەمەد: مەی ڕەنجێنە... لەوەتەی چاوی پشکوتووە، بەشی هەر بە سەربەشی ماڵانەوە بووە و قەت ئاهێکی خۆشی بە دڵدا نەگەڕاوە !

ئەشقەلی: دەخڵت بەسەر ئەم کوڕێژگەوە نەدابێ حەسۆک !

مەمەد گوتی: هەر ئەو دادەیەم، جووتە گایەکی پێ ئەسپاردبووم کە لە چاوەکانم پتر نیگام دەداشتن. دادەم دەیگوت کە لەناو جەماعەتی کاردارو سەپان و غوڵاماندا کەس وەکی مەمەدی من بەم جووتە گایانە ڕاناگا.. بەڵی ئەوە قسەی دەمی دادەم بوو. کاتێکیش کە شەرتم پەڕی و لە دەمی

ماڵاواییم دا بەرەو ماڵ دەبوومەوە، گا زەرد ملی لار کردەوە و بۆم گریا...

ئەشقەلی گوتی: نەبیندراوە گا بۆ کەس بگری... با بیبینین و بڵێین وایە مەمەد!

مەمەد گوتی: یا خودا خێر و خۆشی لە زارۆکانم نەبینم ئەشقەلی ئەگەر درۆم کردبێ... کاتی شەرت پەڕین و ڕۆیشتنم، گا زەرد بۆم گریا... درۆ ناکەم و هەر ئێستێ ئێوەیش بە دوو چاوی سەرتان ئەمە دەبینن... دەبینن هەرکە گا زەرد چاوی پێم بکەوێت، یەک بە دۆڵ دەهۆڕێنی... ئێوەیش هەمووتان بە چاو دەی بینن!

ئەشقەلی : خوا بکا وەلۆ بێ مەمەد !

مەمەد: هەر تەنێ دادەم... لە سای سەری دادەمەوە کارمان تەختەو یارمان بەختە!

حەمەدۆک: منیش جووتە گایەک دەکڕم هەروەک گازەردەکەی مامەم، حەزیان پێم بێت.

حەسۆک: دەیکڕی؟!!.. ئەی نایکڕی!!

ئەشقەلی بەتووڕەیی گوتی: دەخڵت بەسەر ئەو کوڕیژگەوە نەدابێ حەسۆک!.. لەوەتەی چاوی پشکووتووە، ڕۆژی خۆشی بە چاوانی نەدیتووە. ئێستێش هەر زارۆکە و بۆنی شیری خاوی لە دەم دێت.

حەسۆک: ئێ... ! دەسا با ئێمە دەخڵمان بەسەریەوە نەبێت بزانین چی لێ چێ دەبێت!
مەمەد: ڕەنجبەرەکانی دیکەیماڵی دادەم ، ساڵ دوازدەی مانگ بە خواردنی شلە بڕوێش ورگیان بای دەکرد، کەچی من لەسای خۆشەویستیی دادەمەوە پێخۆرم ڕۆنی بەرەمەشکە بوو.. ئەی کە دادەم چەندەی ڕێز لێ دەگرتم و چلۆن بە دەورەمدا دەهات خودایە!
گەیشتنە مەزراکە. حەوشەی پان و بەرینی ماڵی ئاغا لە هەمە چەشنە تڕاکتۆری سور و زەرد و شین و ڕەش، لە کامباینی جۆراوجۆر، گاریێی یەک ئەسپە و دوو ئەسپە و ترومبێلی بارهەڵگر و ماشێنی جێپ ئاخندرابوو. مەکینەکان لە بەر تیشکی هەتاو دا ترووسکە و بریقەیان دەهات. مارک و مۆدێلی تراکتۆرەکان لە چەشنی "فەرگۆسن" ، "مەسی هەریسۆن"ەکان بوون. چەند کاردار بە بەرگی چەور و بۆرەوە خەریکی خاوێن کردنەوە و چەورکردنیان بوون.
مەمەد هاوارێکی کرد و گوتی: ئەوەتا!.. ئەوە دادەکەی منە.
مەمەد بۆلای چوو. ژنە ئافرەتێک بوو ئاماڵ خڕ و خۆڵی بە سمت و ساتان. دوولنگەیەکی ڕەشی

دەبەر دابوو. بازنەی زێڕی هەر دووک باسکەکانی، لە مەچەکەوە هەتا سەر زەندی دەستی، دەگەڵ هەر دەست و باسک ڕاوەشاندنێک جرینگە و خرینگەیان دەهات. لە نێو پۆلی کاردار و خزمەتکاراندا دەهات و فەرمانی پێ دەدان و ئەمری پێ دەکردن.

مەمەد بۆلای چوو. لێی نزیک کەوتەوە و شان بە شانی ڕاوەستا. بەڵام ژنە هەر وەکوو قەتی نەدیتبێت، سووکە ئاوڕێکیشی لێ نەدایەوە. مەمەد زیاتر لێی نزیک کەوتەوە. مەمەد زەردەخەندەی لە دەم نەدەکەوت و چاویشی لێ نەدەترووکاند. بەڵام ژنە هیچ نرخ و بایەخێکی پێ نەدەدا. مەمەد لە سەر جێگا وشک هەڵاتبوو، بەڵام زەردەخەندەی مردووی هەر بە ڕوخساریەوە دیار بوو. چوار هاوڕێکانیشی مەودایەک دوورتر لەوان سەرگەرمی ڕوانینیان بوون. شەشدانگی هەست و هەناسەی هەر هەموویان کەوتبوویە سەر دوو خاڵان؛ چاوێک لە مەمەد و نیگایەک لە ڕێی بەزەیی بزووتنی دادەی مەمەد.

مەمەد چیدیکە خۆی پێ ڕانەگیرا. بەنیوە نووزەیەکی هیدیانە بانگی کرد: دادە! ... دادە من مەمەدم! هەر ئەو کرێکارەی جاری جارانتانم...

ئەوەی کە شێوەردی بۆ دەبڕین و گازەردی بەخێو دەکرد... من مەمەدم... هاتووینەوە لاتان بۆ ڕەنجبەری... من مەمەدم دادە!

ژنە سەرێکی بۆ وەرچەرخاند و ڕووی کردە نان پێژەکە و گوتی: نانێکی بدەرێ با بڕوات!

ئافرەتەکە نانێکی لە مستی مەمەد نا. مەمەد نان بە دەستەوە لە سەر جێگا وشک هەڵاتبوو. هەر وەک لە بەر لووزەوی ئاوی سارد و تزیدا ڕاگیرابێ، خوێنی دەمارەکانی مەیی و لە جووڵە کەوت. ڕەنگی سەر و سیماکەی زەرد هەڵگەڕا... لە زەردی سپی بۆوە و ڕەنگێکی بۆزی چلکنی لێ نیشت. لە ژێر لێوانەوە دەیگوت و دەیگوتەوە: دادە!... دادە من مەمەدم.. مەمەدی ڕەنجبەر.. مەمەدی ماڵوێران... گا زەرد... هەر ئەو مەمەدەم کە پار بەکاتی ماڵاواییم گا زەرد بۆم گریا... ئەدی گا زەرد لە کوێیە؟

ژنە بەبێ ڕوانین و ئاوڕلێدانەوە، بە پێپیلکەکانی ماڵی ئاغا دا وەسەر کەوت و ڕۆیی. مەمەدی داماوی دەستەوەستانی شێواوەحاڵ، نان بە دەستەوە، بە لۆژە لۆژ بۆ لای هاوڕێیانی داگەڕایەوە. گشتیان سەرچاوەی ئاخافتنیان وشک ببوو. چەندێکی خایاند، ئینجا ئەشقەلی گوتی:

گوێی مەدەرێ مەمەد گیان! ئێرە چوکوروڤایە باوکەکەی باوکم. ئێمە خۆمان لێی شارەزاین و دەزانین چۆنە و چ خەبەرە... گوێی مەدەرێ. بەڵام سەدخۆزگە بۆت کرابایە جارێکی تریش مانگا زەردەکەت بە چاو بدیتبایەوە. خودا بزانێ گای بەستەزمان چیهای تاسەت کردبێت...

لە حەوشەی ماڵی ئاغا وەدەرکەوتن. لەو دیوی حەوشە لە ژێر سێبەری دیوارێک دانیشتن.

حەسۆک پیاوێک بوو درشت هەڵکەوتەی خاوەن بەژن و باڵا؛ لەش و لاری بە بارستایی دوو پیاوی دەستە دەهاتەوە. ئەشقەلی لەڕ و باریک و کەمێک چەماوەوە و مەمەدیش باڵابەرزێکی چوارشانە بوو.

گشتیان بێدەنگ دانیشتبوون و هەر بەس چاویان بە دەور و بەر دا دەگەڕا. لە بەرامبەریانەوە کوڕێکی قژکاڵی سەر و بەرگ چەوراوی وەدەرکەوت. کوڕیژگەکە بە تەمەن لە نێوان حەڤدە و هەژدەدا بوو. کوڕەکە لێیان نزیک کەوتەوە و هەر کە چاوی بە مەمەد کەوت، گەشکەی شادمانی و بە باوەشی ئاواڵەوە بۆ لایان هات و بە دەم دانیشتنەوە گوتی: هەی هەی مامە گیان ڕەبی بەخێر بێی سەر دوو چاوەکانی من... ئەی کە چەندە و چیهام بیر دەکردی و ئارەزوومەندی

دیدارت بووم مامە گیان! زۆر جاران بەلای خۆمەوە دەمگوت، دەبێ ئەو مامەی من لە کوێ بێت و ڕووی لە کوێ کردبێت!... لە خوای بەزیاد بێ کە ئەوا نەمردم و جارێکی دیکەش بە دیدارت شاد بوومەوە... لە دڵم دەرنەدەچووی و هەر لە بەر چاوانمدا دەهاتیت و دەچوویت. بە دڵم دادەهات کە هەر ئەم سەروبەندانە سەردانمان دەکەیتەوە... ڕەبی بەخێر بێیتەوە...

مەمەد قسەی لێ هەستاندەوە و گوتی: پێم بڵی ساری گیان!... پێم بڵی بزانم ئاخۆ ئەم دادەیەی من چی لێ بەسەرهاتووە کە لەنزیکەوە بۆ سڵاوی چووم، بەڵام ئەو نەیناسیمەوە... تۆ نازانی کە دادەم چی بەسەر هێنام؟... قەت بڕوام نەدەکرد دادەم ئیوهام لێ بەسەر بێنێت. نەیناسیمەوە ساری!... سەرو سەردەمێک سەپان و خوڵامەکانی بەردەستی ئەم دادەیەم بەخواردنی شلەبڕوێشی هەموو جەمانیان نیوە تێر دەبوون، بەڵام پارووی دەمی منی لە ڕۆنی بەرەمەشکەدا دەخنکاند...

سەرێکی بۆ بادا و درێژەی پێدا: قەت بڕوام نەدەکرد ساری!.. بەخەونیش ئەمەم دیتبایە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد. هەرچی سەر دێنم و

دەیبەم براگیان سەرم لەم هەیت و هووتە دەرنابەم... گێژ بووم گێژ !...
ساری لە وڵامدا گوتی: مەپرسە مامە گیان... هەر نەپرسی باشە. ئەگەر بزانی چ قەوماوە و چی ڕووی داوە، هەر نەک سەرت سەتحی دەمێنێت، بەڵکوو بە تەواوی دەشێوێی. دادەی ئیمرۆ، ئەو دادەی جاری جاران نەماوە. لە هەموو ئەم مەزرا پان و بەرینەدا هەر تەنێ من وەک کرێکار ماومەتەوە و بەس. مەزرای ئاوەدان و پڕ لە ژاوەی جاران ئێستێ پەپووی تێدا دەخوێنێ... کەس نەماوە؛ دادەت خڕی ڕادان و دەری فرتاندن.
مەمەد گوتی: پێم وانەبوو ئیوهای لێ بەسەر دێت... قەت قەت بڕوام نەدەکرد... نەیناسیمەوە!...
ساری گوتی: هەر ئەم دادەیەت هەموو هەندە هەندی بەیانان، شەوەکی لە خەو ڕادەپەڕێت، ستڵێک ئاو و قالبێک سابوون بە دەستەوە و دەکەوێتە سەر جەستەی هەرچی مەکینەگەلی کە وا لەم حەوشە گەورەیەدا مۆڵ دراون؛ بە دەستوبردەوە تۆپەکانیان دەشوا، ژێرەکانیان ڕادەماڵی و سەرپشتیان بە دەسرۆکە دادەماڵێت. پەڵەیەکی بچووکی غەوری و چەوری لە هەر شوێنێکی مەکینەدا بێت، یان نیسکە تۆز و تەم و

غوبارێک  لە کام کەلێندا ببینێت، دادە پردی قیامەتی لێ دەپسێت و دینی لەلای نامێنێت؛ دەگاتە سەریان و بە کەفاوی سابوون و دەسماڵی دەستی خاوێنیان دەکاتەوە. هەرچی ڕۆژی کە خودێ دایناوە، شوردن و خاوێن کردنەوەی مەکینەگەل کار و کرداری ئەو ئافرەتەیە. بیستوومە دەڵێن دادەت بە داوی ئەڤینی مەکینە گیرۆدە بووە و هەر تەنێ بە مەکینە بازە و بەس.

مەمەد بە دەنگێکی کپەوە هاواری لێ هەستا: وەی دادە... وەیش!

ئەشقەلی گوتی: ئەشق کارێکی دژوارە؛ خوا کەس بەم دەردە گرانە گیرۆدە نەکات؛ ئەڤینداری ژانێکی بەسۆیە وماڵوێرانکەرەیە.

ساری: هەر لەودەمەوە کە مەکینەی بێ دین شەقڵی ڕێگە و بانی ئەم مەڵبەندەی شکاندووە، ئیتر دادەی تۆ نە زستانی زستانە و نەهاوینی هاوین. لە تەنیشت مەکینەوانەکەی دادەنیشێت و مەزرا بگرە و هاتم... هەرچی ڕۆژی کە خودێ دایناوە ئەمە کار و کرگاری دادەی تۆیە مامە گیان.

مەمەد گوتی: نەیناسیمەوە!... دادەی داماو نەیناسیمەوە... کەوایە ئەوەی کە ئەڤینی پێدەڵێن

ئەمەیە؟!... چ دەردێکی دژوار و چ بەسەرهاتێکی تاڵ و نالەبارە دەگیانی دادەی من بەربووە!

ساری گوتی: دادەی تۆ هەر ئەو دادەی جاری جارانە، بەڵام شێت و شەیدا و مەست و دێوانەی مەکینەیە و ئەشقی ئەم ئاسنەواڵە گەوادە لە کەللەی داوە. ئەگینا چلۆن دەکرێ ئەتۆی لەبیر چووبێتەوە؟!

مەمەد گوتی: نەخێر نەیناسیمەوە... دادەی دوێنێ کرێکاری پارساڵی خۆی نەناسییەوە. من قەت بڕوام نەدەکرد کە ڕۆژێک لەڕۆژان من بێمەوە لای و ئەو بمبینێت و نەمناسێتەوە. بەڵی وا دیارە مشوورەکەی هەر لەسەر جێی خۆیەتی، بەڵام ئەڤین سووڕاندوویەتی و گەلێک شتی لێ گۆڕیوە... ئای لەو دەردە گرانەی کە دەگیانی دادەی من بەربووە... خودا بە کەسی نەنوێنێت!...

ساری گوتی: گەر بزانی چ کارەساتێک ڕووی داوە مامە گیان؛ گەر بزانیت سەرت لێ دەشێوێ و باوەڕت بەهیچ نامێنێ. ڕۆژ نییە سەدان کرێکار بە شوێن کار دا نەیەنە ئەم هەرێمە و داوای کار نەکەن و دەستبەتاڵ نەگەڕێنەوە. کرێکار هەر بە چەشنی زیخی بیابان بەو مەزرایانەدا دەگەڕێن، هەر بەڵکە پەنجە نانێکی لێ بچننەوە، بەڵام

پەرێشان و وێرانە ماڵ سەر هەڵدەگرن و دەڕۆن. کار کەوتۆتە سەر پشتی شێران و شێر بە پیاوی ڕووتەن دانایە. دادەش خۆی تاساوە و هەر بەس پێی دەکرێ بە نان پێژەکان بێژێت: نانیان بدەنێ با ڕێگایەکی تر بگرنە بەر.

ئەشقەلی وتی: کەواتە وەلۆیە...

ساری پشووی تازەکردەوە و گوتی: مامەگیان بەداخەوە تۆ خەبەرت لە"قووچەلی" و "دورسۆن" و ئەوانی دیکە نییە کە چ پەندێکیان بەسەر هاتووە و چلۆن دەریان فرتاندوون.

مەمەد گوتی: پێم بڵێ بزانم قووچەلی چی لێ بەسەرهاتووە... لە کوێیە؟!

ساری گوتی: مەپرسە چی لێ بەسەر هاتووە؛ ئەوەی کە نە دەبوو ببێت، لێی قەوما و تێداچوو.

مەمەد لە ناخی دەروونەوە بڵێسەی دەرد و داخی هەڵڕشت و بە ئەو پەڕی پەژارە و خەمەوە گوتی: لە کار کردندا هەرگیز سرەوتی نەبوو. لە ڕەنجبەریدا کەس پێی وانەبوو داکەوتەیە. هەر بەچەشنی تازە لاوێکی بیست ساڵانی سەرەی کار لە کوێ بوایە سەری ئەویش هەر لەو شوێنە دا دەگەڕا.

ساری وتی: هەر نەک قوچەلی داماو، بگرە دادەی تۆ سەرجەم ڕەنجبەری ئەم  مەزرا مەزنەی بە خڕی دەرکرد و مەڵبەندی پڕ لە ژاوەیان کردە چۆلگەیەک و بایەقوش تێیدا دەخوێنێت... خۆزگە ئەم ڕۆژگارەی ئێستاکەم قەت قەت بە دوو چاوی سەر نەدیتبایە. هەموو ڕۆژێک دەرگا مەزنەکانی باخچەی ڕەنگین بە دەستی دادەی تۆ و بە ڕووی تراکتۆر، کامباین، ماشێنی لۆری دا کرێتەوە و مەکینە جێی دەستی کرێکاری گرتۆتەوە و ماڵی ڕەنجبەرانی خاپوور کردووە. ئەو ڕۆژەی کە ئاغای ئەم گۆندە پڕ کرێکارە، گشت کرێکاری لەم حەوشە پان و بەرینەدا کۆ کردەوە و بە دەنگ و سەدایەکی تووڕەی گەلێک ناشیرین نەڕاندی بە سەریانیدا و گوتی: ــ ئێمە هیچ کارێکمان بە ئێوە نەماوە، یاڵا یاڵا بۆ دەرەوە؛ کرێکار بەم دەنگە و بەم شێوە ڕەفتارە خەجلان و سەریان لێ شێوا و هەرکە ئەو فەرمانە دڵ تەزێنەیان بە گوێ گەیشت، هەر وەک شەیتانیان بەچاوی سەر دیتبێت، پاکی بار و بارگنەیان تێکنا و هەر یەک بەرەو هەندەرێکی نادیار ڕۆیشتن. لە نێو ئاپۆڕای لارەمل دا هەر تەنێ قووچەلی بوو کە بوێرانە سنگ بە سنگی ئاغا ڕاوەستا و بە سەری داهاتەوە. قوچەلی دەنگی

لێ بەرز کردەوە و شریخاندی بە سەریدا و گوتی: ئەی خانی بێ چاو و ڕوو! تۆ شەرمێک لە خۆت بکە و بیخەرەوە بیرت کە ئەوا چل و پێنج ساڵی ڕەبەقە کاردار و خزمەتکاری ژێر دەستی تۆ بووم. من ئەم سەر و ڕیشەم لە ماڵی تۆ دا سپی کرد و دەست و پەنجە و نینۆکەکانم لە کاری گرانی ماڵ و مەزرای تۆ دا هەڵوەراندووە. پشتم لە ژێر باری گرانی تەویلە خاوێن کردنەوە و بارە دەغڵی مەزرای تۆ دا چەماندۆتەوە. ئاخر کەی ڕەوایە بەم دەست کورتی و بێدەسەڵاتییەی کە تۆ بەسەر من و ئەوانی ترت داهێناوە، ئاوارە و دەربەدەری هەندەرانمان بکەیت.. ئاخر چ یاسایەک ئەمە هەڵدەگرێت زاڵم؟!... تۆ سەیرێکی گورستانی ئەم گوندەی خۆت بکە و بزانە کە دایک و ژن و سێ بەرخی نێرم تێیدا خەوتوون... ئەی خانی لە خۆ ڕازی تۆ ترسێکت لە خەم و پێچی ئەم ڕۆژگار هەبێت کە هاکا ڕۆژگار سووڕا و تۆیشی بە دەردی ئێمە دا برد...

قووچەلی دەنگی بەرزتر کرد و گوتی: ئەی خانی خودا نەناس شەرمێکت لە خودا بێ و بیخەرەوە بیرت کە من تۆم لە هەمێزی خۆمدا پەروەردە کرد. بە وردە ورینگە و نارە ناری من دەخەو چووی و لە

باوەشی مندا چاوت پشکووت... هێستایش کە هێستایە شوێنەواری زەردایی گووی قونگی پیست لە ژێر نینۆکەکانی مندا هەر ماوە. ئاخر پاش ئەم گشتە دەرد و مەینەت و کوێرەوەرییەی کە بۆ تۆ و لە ڕێی تۆ دا کێشاوەمە، بۆ کوێ بچم و ڕوو لە کوێ بکەم؟...

بەڵێ مامەگیان هەر گریا و هاواری کرد. تووکی لێکرد و جوێنی پێدا. دوو شەو و دوو ڕۆژان هەر لە سەر ئەو تاشەبەردەی بەرامبەرمان دانیشت و سەبری گرت. بەرۆکی دادڕی و قژی سەر و ڕیشی ڕنینەوە و هاواری کرد، بەڵام هیچ پاڕانەوە و تووک و جوێنی ئەو هەژارە، لەدڵی بەردینی خان دا کاریگەر نەبوون و دڵیان نەرم نەکرد. ئاخر سەر و لە ڕووی ناچاریان ڕۆیشت و چەشنی بەردی تەرکی گۆماوان بزر بوو؛ هەتا ئەم هەلەی کە ئێمە پێکەوەین و قسان دەکەین، هیچ هەواڵێکی چاک و خراپمان لەو نەگەیشتۆتە گوێچە ؛ ڕۆیشت کە ڕۆیشت.

مەمەد لێی پرسی: ئەدی "دورسۆن" چی لێ بەسەرهات و ئەو ڕووی لە کوێ کرد؟

ساری گوتی: دورسۆن کاری کەوتە بەندیخانە و هەر ئێستێ لە زیندان دایە.

مەمەد بە سەرسووڕماوی گوتی:" دورسۆن و بەندیخانە؟! ئاخر دورسۆن لە هەموو ژیانیدا هەڵەیەکی لێ نەبیندراوە کە چارەی کەوتبێتە بەندیخانێ!...

ساری وەرامی داوە: هەر ئەو ڕۆژەی کە ئاغاگوند گشت ڕەنجبەرانی کۆ کردەوە و فەرمانی دەرکردنی گشتیان ڕاگەیاند و گوتی کە ئێوە لەم گوندەدا هیچ ئەرک و کار و کردەوەیەکتان نەماوە و مەزرا حەوجێیی بە بوونی ئێوە نییە؛ بە ئەوپەڕی نامەردی گوتی کە هەتا ئەم دەمە ئێوە لە کیسەی ئێمەتان خواردووە، ئیتر تەواو! ئێوە شڕ و شەپیتەی خۆتان کۆ کەنەوە و لەم مەزرایە دەرکەون. بەڵێ کرێکاری داماو سەریان داخست و بەبێ هیچ ئای و ئۆیەک بەشوێن یەکتر دا لە مەزرا وەدەرکەوتن. دورسۆنیش وەکی یارانی بەبێدەنگی ڕۆیشت، بەڵام هیشتا دوو مانگ لە ڕۆیشتنیان تێپەڕ نەببوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوار هەستا کە مەکینەی(مەسی هەری سۆن) موتوڕەکەی داگیراوە و مەکینەی بێ سەر وەک مرۆڤی بێ سەر، گیانی دەبەردا نەماوە. ئەم دەنگە چەشنی بۆمبا، مەزرای لەرزاندەوە. ئاغای گوند چەشنی ورچی بریندار هەدادانی لێهەڵگیرا. بە دەنگی هاوار و هەڕەشەی ئاغا،

مەزرا بێدەنگەی لێ نیشت و کەس وزەی ڕادەربڕینی نەما. ئەغا ئەمەی بە ئەتک و سووکایەتی زانی و لێی سوور بوو کە کرێکار ئەم شورەیییەیان پێکردووە. ئاغا بۆ دۆزینەوە موتۆڕی مەکینەی مەسی هەریسۆن فەرمانی بە گزیرەکەی خۆی دا کە بە هەموو شوێناندا بگەڕێت و سەر و سۆراغێک لە موتور و موتور دزەکە وەدەست بێنێت. گزیر بە فەرمانی ئاغا بە هەموو شوێنێکدا گەڕا و هیچ کەند و لەند و دۆڵ و دەرەیەک نەما نەیی پشکنێت، بەڵام چی نەکەوتە دەست و دەستبەتاڵ گەڕایەوە. ئاغا وەک شێت و هاران دەمێک داوێنی حکومەتی بادا و جارێک خۆی بە ماڵی سەرۆک دەسەڵاتانی دوور و نزیک داکرد و داوای دۆزینەوەی سەبەب کاری ئەم ئەتکە و سووکایەتییەی لێکردن. لەهەر سەردانێکیشدا کەلێنی گیرفانی نیشان دەدان و بە پارە و دراو دەمی چەور و شیرین دەکردن. بەڵام هەر لەم جەنگەیەشدا کە چاوەکانی ئاغا لە جێی فرمێسک خوێنی لێدەباری، دورسۆنە شەلەی ماڵ کاول لەلای چەند کەسێکی دەم چەپڵەی دەم بە هاوار خۆی هەڵدابۆوە کە بەڵێ ئەوە من بووم موتوری مەکینەی ئاغا گوندم هەڵقەندووە و خستوومەتە ناو گێژ و

تەندوراوەکانی چەمی(جەیحان)ـەوە؛ جا ئەگەر ئاغا پیاوە و دەخۆی ڕادەبینێت، بچێ لە خڕ و زەنگۆڵەکانی مەڵبەندی"ئەنەورزە"دا بیدۆزێتەوە... بەڵی ئەوە منم کە کوڵی دڵم بەم کارە بەجێیە دامرکاندووە. ئیتر ئاغای زاڵم چی لە دەست دێت و چیم بەسەر دێنێت، چش با بیکات و دەست نەگێڕێتەوە."

بەڵێ دوای ئەم خۆ هەڵدانەوەی دورسۆن، زلحۆلەکانی حکومەت دەگەنە سەری و ڕەپێچەکی دەدەن و هەر ئێستێ دورسۆن لە شاری "ئەدەنە" و لە بەندیخانە دا لێی خەوتووە. دورسۆن لە بەندیخانە و، خاوەنی مەزراش سەر و ژێری چەمی جەیحان بست بە بست پشکنی بەڵام جگە لە کوێرەوەری بە هیچ ئاکامێک نەگەییشت.

مەمەد بە دڵێکی کەیل خەمناکەوە گوتی: ئای کە مرۆڤ چ گیاندرێکی سەیر و سەمەرەیە! سەردەمی خۆی هەر ئەو دورسۆنە مێشی لەبەر دەمی هەڵنەدەفڕی و هەمیشە و بەردەوام سەری دە کار و کوێرەوەریدا گەرم بوو؛ مەنگ و بێدەنگ و مات بەدایم نوقمی بیر و خەیاڵاتێکی نادیار بوو.

ساری گوتی: مەزرا لە کرێکار چۆڵ کراوە و هەر تەنێ من ماومەتەوە؛ منیش لە سەر ڕۆیشتن بووم

کە وەستاکارەکەم داوای لە سەرپەرشتی مەکینەی مەزرا کرد کە گۆیا من بەباشی بە کارەکان ڕاهاتووم و تێیاندا بوومەتە وەستا و مانەوەم لە ڕۆیشتنم بەخێرترە بۆ مەزرا. لەسەر داخوازیی وەستاکارەکەمدا لە سەر ئیشی خۆم ماومەتەوە. منیش خەریکم زۆرتر لە مەکینەکان نزیکتر ببمەوە و لە ئاژواندن و میکانیکی ماشێن زانستی پتر ودەست بێنم و ببمە مەکینەوانێکی شارەزا و لێرە بڕۆم و ڕوو لە هەندەرێکی تر بکەم.

مەمەد لێی پرسی: تۆ نەتگوت مانگا زەرد چی لێهاتووە، کە لە مەزرا دا نەهاتە بەرچاوم !

ساری گوتی: مامەگیان تۆ باسی مانگا زەرد دەکەیت، بەڵام لەم مەزرا پان و بەرینەدا زیندەوەری ناو تەویلەکان تاقی نەماوە؛ خان کۆی کردنەوە و گشتیانی لە بازاڕدا فرۆشت و ئەم مەکینەگەلەی پێ کڕین؛ مانگا زەردەکەی تۆ و گا بۆر، هەر دووکیان لەم حەوشەیە و لە بەر پێی مەکینەگەلی تازە کڕدراو دا کرانە گاوگەردوونی مەکینە... مەکینە جێگەی زیندەوەری گرتۆتەوە و تەویلەکان بوونەتە گاراجی مەکینەگەل؛ تۆ لەم مەکینەی بەرامبەری خۆت بڕوانە؛ ئەمەیان ناوی کامباینە(Combine)؛ هەر ئەم کامبایەی کە

دەیبینی هەم درووێنە دەکا، هەم گێرە دەکا، هەم شەن و کەو دەکا و هەمیش بۆت لە فەردە دەکا و بە پوخت و پاکژی و بەبێ گورگە و نووسەنەکە و کا و کۆت لە بازاڕدا دەبێتە پارە و دەکەوێتە گیرفانی ئاغا. جێیەکی کە ئەمەی لێبێت، ئیتر کوا ئیش بۆ کرێکاری ئیشکەر دەمێنێت! جێی داخە کە لە ڕۆژدا دەیان و سەتان پۆل کرێکار بە شوێن کار دا دێن و دەستبەتاڵ و لارە مل دەگەڕێنەوە. پیاوی بەدەمار لە دیتنی ئەم شانۆ دڵتەزێنەدا جەرگی سەت پارە دەبێ و لە حەسرەتان دەتوێتەوە... وەستاکارەکەی من هەر ئەوەندە دەرخەمی هێزی شێواوی کرێکاری داماوە، کە مەپرسە. هەندە جارێک دەڵێ: هەناسە ساردیی کرێکار لە ژێر سەری ئەم مەکینەگەلە گەوادانە دایە؛ جارجار بە تووڕەیی دەڵی: هاتوومەتە سەر ئەم بڕیارە کە قۆڵیان لێ هەڵماڵم و گشتیان تێک بشکێنم و بە توونی ئاگریان دا بکەم و خۆم بە مرەدی دورسۆن بەرم... مامە گیان من کەسم وەک ئەم پیاوە نەبینیوە کە ئەوەندە دەرخەمی کرێکاری ماڵ شێواو بێت.

ئەشقەلی گوتی: وەستاکارەکەتان لە بەرەی پیاوخاسانە. ڕێز و حورمەت گرتن لە پیاوی دارا

گەلێک سووک و هاسانە. بە بڕوای من پیاو ئەو کەسەیە کە ئەڤینی هەژارانی لە دڵدا هەبێ.
ساری وەک شتێکی بیر کەوتبێتەوە، گورجێک رابوو و گوتی: من دەزانم ئێوە شەکەت و برسین و دەبێ من دەست و بردێک بکەم و خواردەمەنیتان بۆ بێنم.
ساری ڕۆیشت و زۆری نەخایاند کە بە جامێکی پڕی شلەبڕوێش و حەوت هەشت گردەنان گەڕایەوە و گوتی: بەداخەوە دەستیاری چێشت لێنانەکەمان لە گۆڕێ دانەبوو، ئەگینا هەڵوام بۆ ساز دەکردن.
بە تێکڕا گوتیان: ماڵت ئاوەدان و خوا بتپارێزێ ساری؛ پێمان وایە چێشتی سەر بە ڕۆنت بۆ هێناوین.
نانیان خوارد و لە مەرزراکە چوونە دەرێ. لە سەر گردێک پێخەفەکانیان ڕاخست و هەر بڵێی یەک و دوو لێی خەوتن. سبەی بەیانیش ساری بە دستی پڕی نان و شلە بڕوێشەوە هاتەوە لایان و گوتی: مامە مەمەد من گەلێکم هەوڵ دا کە ئیشێکتان بۆ بدۆزمەوە. من لەبەر وەستاکارەکەم پاڕامەوە کە لەم بوارەدا یاریکارم بێت و لە مەزرادا کارێکتان بۆ بدۆزینەوە، بەڵام وەستاکەم هەرچی سەری هێنا و بردی و ئەوەندەی بیری

لێکردەوە، هیچ سەرە پەتێک نەبوو کە بکرێ دەستێکی لێ بەند بکات؛ ئیش بە تەواوی وشکاوی هاتووە.

مەمەد گوتی: خودا بت پارێزێ ساری گیان. ئێمە بێکار دانانیشین و هەرجۆرێک بێ ئیشێک هەر دەدۆزینەوە.

ساری بە ئەو پەڕی خەفەتەوە گوتی: بەهیوای خودا!

هەتاو لە گوێن کۆگایەکی ئاگری دەماو، گڕ و گەرمای بەسەر هەردی سووتاو دا دەباراند. لە جادەکاندا، کاروانی دوور و درێژی مەکینە زەبەللاحەکان و تراکتۆەکان کە ژوورۆچکەی نایلۆنیی ڕەنگاوەڕەنگیان لەسەر هەڵدرابوون و داشقە و عەرەبانەی ئەسپ کێش، کامباینەکان، ماشێنە جیبەکان و ترۆمبێلە تازە مۆدێلەکان، گشتیان و گشتیان یەک بە شوێن یەکدا دەهاتن و دەڕۆیشتن. هەر شان بە شانی هێڵی ئەوسەر نادیاری مەکینەگەلی سەرسنگی جادە، دەیان و سەتان پۆلی پچووکی کرێکاری شان و مل داچەکاوی وەڕەز و ماندوو، بە لاشانی جادەکاندا دەهاتن و بەرەو شوێنی نادیار دەڕۆیشتن. مەزرا و جادەکان بێ جیاوازی خۆڵە پۆرەیان لەسەر نیشتبوو؛ خۆڵە پۆرە ڕەنگی سروشتیی ئەم هەرێمەیان شێواندبوو و دەنگی کەللەتاسێنی مەکینەگەل دەنگی مەل و بولبولانیان قووت دابوو. جاری جاران ئەو ڕەنگ و ئەم دەنگە لەم هەرێمە نەدەبیندرا و نەدەبیسترا.

کرێکاری ماندوو، بە دەستبەتاڵی دەڕۆیشتن و سێبەرە درێژەکانیان بە شوێنیاندا دەهاتن. لە مەزرایەکی لاشانی ڕاستی جادەکەدا ژنێکیان لە

سەر مەزرایەکدا بینی کە سەروسەکۆت و ڕوخساری بە کۆنە ڕووبەندێکی شڕۆڵ بۆیە داپۆشیبوو، کە نەوەک پیاوی حەرامزادە چاوبرسی چاوی بەحەرامی تێ ببڕیت و لە ڕۆژی هەستانەوەی قیامەت دا ببێتە تاوان بۆ ئەشکەنجەی فەرمانی خودایی. ژنەکە بارگینێکی لەڕ و لاوازی لە جەنجەڕ کردبوو و ئارام بە سەرسنگی خەرمانە بچکۆلانەکەیدا سووڕی پێدەدا و خۆیانی پێ ورد دەکرد. لە جێ خەرمانەکەیدا نە سێبەری کەپر و سایەبانێک هەبوو کە هومێدی فێنکایییەکی لێبکرێت و نە کۆخ و چیخێکیش کە بە کاتی پشوودانی، جێی حەسانەوەی بێت.

تەپ و تۆزێکی تۆخ، خێوەتێکی ئەستووری بە سەر مەزرا و جادەدا کێشابوو. ڕێبوارەکان بە جادەدا دەهاتن و تێپەڕ دەبوون. خۆڵەپۆتەی ورد و نەرمی جادە هەتا بەرەوەی ڕەفیچکەیانی قووت دەدا. قاچەکانیان بە کوڵ و گەرمای خۆڵەمڕە دەبرژایەوە. گشتیان لەم هەل و مەرجە نابەسامانە قەڵس و توورە و بێزار بوون. لە ڕۆیشتندا هەر جوێن و تووک و نزا بوو وەک پلار حەواڵەی دەشتی چوکورۆڤایان دەکرد.

یۆسف هیچ تین و توانایەکی لە جەستەدا نەمابوو. لەپڕ هاواری کرد و گوتی: دەک نوقمەسار بی ئەی چوکورۆڤای بێ ئایین !

ئەوان دەڕۆیشتن و سێبەری بەژنەکانیان کورت و کورت تر دەبۆوە. توونیایەتی و شەکەتی و ئازار هێرشی بۆ هێنابوون و لە زمانی خستبوون. گەلێک بەشوێن سێبەر و بەدوای ئاو دا گەڕان، بەڵام لە گەرمە گەرمی هاوینانی دەشتی چوکورۆڤادا سێبەر لەکوێ و ئاو لەکوێ! لە تونیایەتی و لەبەر شەکەتییان زمانیان بە میچی مەڵاشوویانەوە نووسابوو. بەڵام هەر بەهیوای بە ئاوگەیشتن، ڕۆیشتن و ڕۆیشتن، بەڵام ڕۆیشتنێکی بێ ئاکام؛ نە ئاو دیار و نە ئاوەدانی. دەیان پۆلی کرێکاری ماڵوێرانیش بە شان وشەپیلکی داچۆڕاویانەوە دەهاتن و بە پەنایاندا تێپەڕ دەبوون. ئەوان خویان و، ئەوانی تریش بە تەنیشتی یەکتردا دەهاتن و تێپەڕ دەبوون و بەتیکڕایی شەکەت و شێواوەحاڵ و پەرێشان بوون؛ بەتێکڕایی پشتیان هەر وک کەمەی گۆچان چەمابۆوەوە. شان و شەپیلکی داچۆڕاو و ڕەنگی ڕووخساریان زۆرتر لە ڕواڵەتی مردوو دەچوو. هەر تەنێ تررووسکەی چاوەکانیان و ددانە سپییکەکانیان لە ناو قۆڵکەی دەمیاندا بۆرە

ڕەنگێکی ژینی پێوە دیاربوو. بەتێکڕایان لە تەوقی سەرەوە هەتا بەندی گۆریە حەوت ڕەنگیلەی قاچ و قولیان لە تەپ و تۆزدا گوم ببوون؛ گشتیان دەهاتن و ڕۆژباشێکیان لە یەکتر دەکرد و ڕادەبردن و دەڕۆیشتن.

خۆر، لە چەقی ئاسماندا بەهەموو بڕستەوە تین و گەرمای بە سەر زەویدا دەباراند. ئەوان مێشکیان لە کوڵین دابوو؛ وڕ و کاس و گێژ و وێژ بوون. توونیایەتی لە لایەک و لە بەرێکی ترەوە شەکەتی و لە هەر چوار کەناریانەوە پەژارەی هەژاری و بێ ئەنوایی تەنگی پێ هەڵچنیبوون و فرزەی لێ بڕیبوون.

لەپڕ لە دوورەوە، کەمێک دوورتر لە مەڵبەندی پڕ لە دەنگی کەللەتاسێنی مەکینەکانەوە، ڕەشایی پیاوێکیان بینی کە سەرگەرمی گێرەی خەرمانەکەیەتی. ئەشقەلی گوتی: واباشە سەرێک لەو برادەرە هەڵبێنینەوە و بزانین خەریکی چییە؛ ئەیش بەشکەم ئاوێکی لەلابێ و بتوانێ توونایەتیمان بشکێنێت.

هەموویان بەبێ هیچ ئای و ئۆیەک بەشوێن یەکتر و بەنێو پەرێزێکی تازە دورواوی پڕ لە درووی داڵدا ڕۆیشتن. پەرێزەکە شوێنی تۆپی کامباینی بە

سەرەوە دیار بوو. کامباینەکە قەسەڵ و ساقەتی هەنجن هەنجنکراوی بە سەر پەڕێزەکەدا بڵاو کردبۆوە. پووشی وشکی سەر مەزراکە بە چەشنێک لە بەر تیشکی خۆرەتاو دەدروشایەوە کە چاوی مرۆڤ یارای ڕوانینی نەبوو کە تێی بڕوانێت.

ئەوان بێ هەست و ئارام ڕۆیشتن و گەیشتنە سەر مەزراکە. کابرای وەرزێر دەگەڵ خێزانی و دوو کەنیشکی دە دوانزدە ساڵانەی لە سەر خەرمانەکەیان گەرمی کار بوون و جەنسەتی لەش و لاریان لە ژێر نوایەک تۆز و غوباری کاو کۆت داپۆشرا بوو. خاوەنی خەرمانەکە بەبێ کراسی لە جێی ڕەقێنی خەرمانەکەدا ئارام و لە سەرەخۆ شەنی پڕ لە خۆیانی هەڵداویشت و بەبای دەکرد و کەنیشکەکانیشی لە بەرێکەوە سەرگەرمی هەڵوەژاردن بوون. لە لاشانی خەرمانەکەیان دوو ئەسپ بەسترابوونەوە. ئەسپەکان لمبۆزیان بە ناو کاو کۆت دا دەگێڕا و بەدەم پڕمەی جار بە جاریان، بە قرمە قرم خەریکی کرۆشتنی کا و دەنکی گەنمی تێکەڵ بە کایەکە بوون.

هەرکە کابرای وەرزێر چاوی بە میوانان کەوت، شەنی لە مەڵۆ چەقاند و بۆ لایان چوو. تیسکی سەرسنگی پیاوەکە بە تەواوی سپی ببوون. دەماری

شان و باڵ وباسکی لە ژێر نوای تەپ و تۆزی خەرمان، هەر وەک چڵ و پۆی پیرە دار و درەخت دەبیندران. بە پشتی دەستی ئارەقی تەوێڵی ئەسڕییەوە.

ئەشقەلی گوتی: توونین برا گیان!

کابرای وەرزێر دەفرێکی دە بەرمیلی پڕ لە ئاوی سەر عارەبانەکە هەڵدا و دایە دەستی. ئاو خواردنەوەکەیان ماوەیەکی درێژی خایاند.

دوای ئاو خواردنەوەیەکی تێر و تەسەل، ئەشقەلی گوتی: لە توونیایەتیدا دەهاتین وشک هەڵبێین، بەڵام بە هەموو توونیایەتیشمان بە لامانەوە شوورەیی بوو کە دەستی نیاز بۆ لای ساماندارانی خاوەن مەکینەکان درێژ بکەین. ئەوان لە بەرەیەکی سەیرن؛ هەر دەڵێی بەرەی ئێمەیان وەها لەبەر چاو کەوتووە کە بە چاوی سەریش ناخوازن چاوێکمان لێبکەن.

وەرزێرەکە گوتی: کەرەم کەن و ڕۆنیشن !

ئەشقەلی گوتی: مردووەکانتان وەبەر ڕەحمەتی خودا کەون.

حەسۆک گوتی: کەرەم کە و ناوی خۆتمان پێ بڵێ!

جووتبەندەکە گوتی : ناوم خەلیل ــە.

حەسۆک گوتی: ناوی ئەمەیان مەمەد، ئەمەشیان حەمەدۆک، ئەوی تریشیان
یۆسف و منیش حەسوک ـ م ناوە.
خەلیل وتی: ئیش دەست ناکەوێت.
ئەشقەلی گوتی: ئێمە تازە هاتووینەتە چوکورۆڤا و بە شوێن ئیش دا دەگەڕێین.
مەمەد گوتی: خودا یار و پشتیوانمان بێ ، بە شوێن ئیش دا دەخولێینەوە.
خەلیل گوتی: گزیری خان لە لای دەرەبەگەوە خەبەری بۆ هێناوین کە هەتا ئێستا لە سەر خوانی ئەواندا نان و نیعمەتمان چنیوەتەوە و بە نانی ئەوان بەخێو کراوین و ئیتر بەسە! بە هەڕەشە فەرمانی پێداین کە ئەوا ماوەی سی و یەک ساڵی ڕەبەقە زەوی و زاری ئەو دەکێڵین و لە مڵکی ئەو دا نان دەچنینەوە... ئیتر بەسە و دەبێ وازمان لێ بێنن. گزیر لە زمانی دەرەبەگەوە بە تووڕەیی فەرمانی پێداین کە دەبێ خڕکەینەوە و بڕۆین؛ خۆ مڵکی باوباپیرانتان نییە کە لێی بخۆن و تێیدا بخەون. دەبێ وازمان لێ بینن و دەست لە بەرۆکمان بەردەن...
بەڵی ئیتر ئێمەیش هەرچی دەرواە ڕوونکەیەکی کە ئاهێکی دەشکاندین، لێمان قەتیس کراوە و هەر

تەنێ ڕیگەیەکی کە لە بەر پێماندا ماوەتەوە، دەبێ بەرد و کوچکان لە ئەستۆمان ببەستین و خۆمان بە ئەوکی گۆم و چۆماندا بکەین و خۆمان بخنکێنین.

ئەشقەلی گوتی: مرۆ لە کارەساتی ئەم سەردەمە سەری سوور دەمێنێت...

خەلیل گوتی: ئەوە سی و یەک ساڵی ڕەبەقە خاک و خۆڵی ئەم مەزرایە بە نووکی گاسنی ئێمە دەکێڵدرێت ؛ بست بە بستی ئەم خاکەی کە وا لەبەر چاوی ئێوە دایە، هەر لاوێچەی دەیان مشتە ئارەقی ناوچاوانی من و خیزانی بەلەنگازی منی تێڕژاوە و من پێم وابووە کە ئەم بستە خاکە هەر بە من و ماڵباتی من دەمێنێت و هەر ئێمە بۆمان هەیە ئارەقی لەسەر بڕێژین و بەرهەمەکەشی پەنجا - پەنجا دەگەڵ خان دابەش بکەین. دەچرووساینەوە و دەست و پەل و ئازای ئەندامەمان توێخی لێ هەڵدەبوو، بەڵام هەر پێی دەچاراین و دڵمان پێی خۆش بوو. بەڵام خانی زۆردار دەستمان لە یەخە ناکاتەوە و دەخوازێ گیانیشمان لێ بستێنێ. من ئەم بستە خاکەم لە کیس بچێت، چی بکەم و هاوار بۆ کێ بەرم!... جگە لە مردن ڕێگە

بەهیچ شوێن و مەکانێکدا نابەم... غەدرە... زوڵمە... زۆردارییە...

ئەشقەلی گوتی: غەدەر و زەداری لە ئاست ئەم ستەمەدا وتەیەکی چرووک و بچووکە؛ ئەوپەڕی ستەمگەرییە و پرسەی مرۆڤایەتییە.

خەلیل گوتی: پرسەی نەمانی گشتمانە... سبەی بەیانی مەکینە سوورەی ئاغا دێتە سەرمان و لە گیانی ئەم خاکەی بەردەدەن کە هەر تۆزێکی بینایی چاومانە... ئەم خاک و ئاوە لەمێژ ساڵە ئاشنای ئێمەیە و پێی ژیاوین و دەیان جامی لیپاولیپی ئارەقی تەوێڵمانی تێڕژاو.

ئەشقەلی گوتی: ڕاست دەبێژی براکەم... تاڵترە لە مردنە.

خەلیل گوتی: ئاخۆ لەمەو بەدوا چیم لە چنگ هەڵدەوەرێت؟... ئاخر بۆچ پێم ناڵێن کە ئەگەر دەستم لەم خاکە ببرێت، ئەی چ خاکێک وەسەر خۆم بکەم؟!... زۆردارییە... ئێوە لە وڵاتی خۆتاندا هیچ نەبێ بستە زەوی و پارچە مەزرایەک شک دەبەن، تەنانەت ئەگەر بەر و بەرهەمیشی کەم بێت، هەر باشە. هیچ نەبێ چاوە هۆدە و بەربێڵایەک شک دەبەن کە عەیبەی خۆتانی تێدا

وەشێرن و لە سای سێبەرەکەیدا ئارەقی تەوێڵ وشک بکەنەوە...

ئەشقەلی گوتی: بەڵی هەمانە !

حەسۆک بە توورەیی هەڵیدایە و گوتی: دەک بەزیاد نەبێ وخودا ئەم بەشەشمان لێ بستێنێت... سەت خۆزگە هەر نامان بوویایە...

ئەشقەلی بەتوورەیی گوتی: دەمت داخە حەسۆک... وا مەڵێ بەرخم... هەمانە، بوون لە نەبوون باشترە.

خەلیل بە ئەوپەڕی بێ هیوایی سەرێکی ڕاتلەکاند و گوتی: خۆزگە و بریا منیش چواردیوارێک و بستە زەوی و چارداخێکی هاوینانەم هەبوایە؛ سا ئەودەم با لە برسان مردبایەم... بەڵام ئێستێ بەم گشتە نەداری و نەهامەتییەی کە هەمانە، ڕوو لە کوێ بکەم و پەنا بۆ کوێ بەرم... مەرگەساتی ئێمە هەمووی تاوانی ئەو ئەمریکاییە بێ ویژدان و بێ مەسلەکەیە کە ئەم گشتە مەکینە مارشاڵە حیزەیە بۆی بە دیاری ناردووین؛ دەستی ئێمەی بەستووە و دەسەڵاتی بەگ و بەگلەرانی بە سەرماندا زاڵ کردووە... زۆردارییە، زۆرداری!...

ئەشقەلی بەهێوری گوتی: وامەڵی براکەم!... ئەگەر دەرگایەکمان بە ڕوو دا بخات، بێ شک دەرگایەکی دیکەمان بە ڕوو دا دەکاتەوە... ئەمریکای حیز چ دەتوانێ دەرگای ڕزق و ڕۆزیمان لەسەر دابخات؟!

خەلیل تووڕە بوو و بە توندی گوتی: چ دەرگایەک باوکەکەی باوکم! بۆچی مەگەر ماڵیکمان دەمێنێت کە دەرگایەکمان بە ڕووودا بکاتەوە؟! نەخێر هەرچی دەرگایە و هەرچی خێر و بێر و بەرەکەتە، گشتی قەپات کراوە و ناکرێنەوە و ناکرێنەوە و تەواو!

ئەشقەلی گوتی: وا نییە براکەم، ئەو خۆی دەیکاتەوە.

خەلیل گوتی: ئێوە بەم ڕێگایەدا هاتوون، بێ شک ژنێکتان بە سەر پەڵە مەزرایەکی بچووکەوە بینیوە کە یەک تەنە خەریکی گێڕەی خەرمانەکەیەتی؟...

ئەشقەلی گوتی: بەڵێ دیتمان و چاومان پێی کەوت...

خەلیل گوتی: سێ ساڵ لەمەوبەر مەکینەی ئاغا قاچی مێردەکەی هەنجنی و خانەنشینی کرد. هەر ئەو ژنەی کە ئێوە چاوتان پێی کەوتووە، خۆی و سێ زارۆکی ڕووتەڵەی نۆبەتێداری کەوتوونەتە ژێر

هەرەسی هەژاری و نەخۆشی و دەردەداری. بەم حاڵەشەوە فەرمانی ناپیرۆزی ئاغا هەڕەشەی لێکردوون کە دەبێ باربکەن. ئەوان بە هەر جۆرێک بوو، بە سەمەرگی دەژیان و دەنگیان لێ دەرنەدەهات. بەڵام خودای ئەوگوندەی کە ئەو ژنە داماوەی کە پەلە زەوییەکەی دەکێڵێت، هەر بە چەشنی ئاغا گوندەکەی ئێمە فەرمانی لێ ڕاسپاردوون کە ئەشی هەرچی زووتر و بەدەست و بردێکی خێراوە لە ماڵ و حاڵ و زەوی و زار دەست هەڵبگرێت و لێرە و لەم هەرێمە بچێتە دەر... ئاخر بۆچ پێم ناڵێی کە من و ئەو ژنە بەلەنگازە ڕوو دە کوێ بکەین و هاوار بۆ کێ بەرین؟! ئێوە بۆچ پێم ناڵێن ئاخۆ هیچ دەرگایەک ماوە کە خودا بە ڕووی ئەم خەڵکە بەلەنگازەی دابکاتەوە؟!

ئەشقەلی گوتی: چ بێژم براگیان... گوتوویانە کە ئەوەی دەم و زاری خواردنی پێداوین، دەبێ خورد و خوراکیشمان بداتێ.

خەلیل گوتی :کامە دەم و کێهە خواردن؟!

ئەشقەلی هێچی پێ نەما کە وڵامێکی خێردەرەوە بە خەلیل بدات و دڵی ئارام بکاتەوە. بە ناچار ڕووی کردە هەواڵانی و گوتی: کوڕینە بەرزەوە بن با کەمە هەورەوەزێک بکەین و تۆزە

زەحمەتێک لە سەر شانی خەلیلی برامان کەم کەینەوە.
جگە لە یۆسف، بەتێکڕا لە جێ بزووتن و لە ماوەی کاتژمێرێکدا خەرمانەکەیان بۆ بە بادا و سووره دەغڵیان لە کا و کۆت بۆ جیا کردەوە و دوای کۆتایی کار، هاتن و لە سەر جیگای خۆیان دانیشتنەوە.
خەلیل گوتی: دەستەکانتان خۆش برادەرینە!
خێزانی خەلیل لەجێ هەستا و لە ماستی دۆدانەیەک کە بە ژێر میچی تاوڵەکەیاندا هەڵوەسرا بوو، ماستاوێکی خەستی بۆ گرتنەوە. ئەوانیش بە نۆرە بە جامی پڕ لە ماستاو دانووسان و خواردیانەوە. کاتی ڕۆیشتن و ماڵاوایی کردنیان خەلیل گوتی: خودا بتان پارێزێ برادەرینە... بەهیوای خودا بەسەر ئیش و کارێکی باشدا بکەون و ڕەنجەڕۆ نەبن.

✿✿✿

نزیک بەسەعاتێک دەبوو مەزراکەی (خەلیل)یان جێ هێشتبوو. هەتاو بەرەو ڕۆژئاوا ڕادەکشا، بەڵام تین و تاوی دەشتی بەرینی چوکۆرۆڤا ئاگری لێدەباری. لە تەنیشت جادە، دارە توویەکی کۆنەساڵ چڵوپۆپی کردبۆوە و گەڵا و لقی ساوای دارەکە نوایەکیان نەرمە خۆڵی جادە بە سەردا وەریبوو. تراکتۆرێکی تۆزاوی لە ژێر سێبەری درەختی تۆزاویدا ڕاگیرابوو. لە بەشی پێشەوەی تاکتۆرەکە ژوورۆچکەیەکی نایلۆنی، وەک سایەبان بۆ شۆفێرەکە سازکراوبوو. لە دەر و ژوورەوەی تراکتۆرەکە هیچ دەنگێک نەبوو کە بکرێ هەستی کەسێکی لێ بکرێت. ئەوان سەیرێکی تراکتۆرەکەیان کرد و بە دەوریدا گەڕان و بە وردی سەیریان کرد، بەڵام نە لە ژوور و نە لە دەرەوەی تاکتۆرەکە، جگە لە خۆیان هیچ گیانلەبەرێک بەدیارەوە نەبوو. بەبێ ترس و تەقێ یەک یەکیان لێی نزیک بوونەوە و لە بەرامبەریدا ڕاوەستان. حەسۆک بە نیازی دەست لێوەشاندن بەشوێن کوچک و بەردێکدا گەڕا و خۆی لێ چەپ و چیڕ کرد کە دایپڵۆسێت؛ ، بەڵام ئەشقەلی تێی ڕاخوڕی و

گازی کرد: نەکەی حەسۆک! ئەقڵی خۆت بگرەوە و شێت مەبە... ئیشت پێی نەدابێ باوکەکەی باوکم.
یەک بەدوای یەکدا لە تراکتۆرەکە نزیک بوونەوە و بە چوار دەوریدا گەڕان. سەیری سەر و ژێر و ژووریان کرد و هەر کەس بە دیدی خۆیەوە حەکایەتێکی بۆ ساز کرد و هەر کەسەش بە جانەوەریکی شوبهاند.
حەمەدۆک گوتی: سەیری ئەم دەم و چاوەی بکەن چەندە ناشیرینە. ئەگەرچی لە خەویش دایە، بەڵام چاوەکانی هەر ترووسکەیان دێت و زەق دەچنەوە.
حەسۆک گوتی: خودا بیکووژێت و لە سەر دنیایەی نەهێڵێت... بەڵایە بەڵا !
ئەشقەلی گرماندی: تف لەم سەر و ڕووخسارەت بەدفەڕ!... خودێ فەوت و فەنات کا. دوایەش پڕ بە دەم تفی بە نێوچاوانی تۆزاویی تڕاکتۆرەکەدا کرد. بڵقی تفی ئەشقەلی بەسەر نێوچاوانی ماتۆرخانەی تڕاکتۆرەکەدا خزی و هێڵێکی سووری لە ژێر تەپ و تۆز دەرخست.
یۆسف بە دەنگی کز و لەرزۆکی گوتی: لە خودی دەخوازم چوکورۆڤا نوقمەسار و سەرەو ژێڕ بێت...

هیواخوازم هەرچی مەکینەیە بە دەردی من گیرۆدە بێت... تف !
مەمەد گوتی: لە خودێ دەخوازم مەکینەی زاڵم هەپروون بە هەپروون بێت و هەر لەتک و کوتێکی لە شار و دیارێکدابڵاو ببێتەوە... تف !
حەمەدۆک دوای کەمێک ڕۆیشتن بۆی گەڕایەوە و گوتی: خەبەری مەرگت بە هەموو شار و دیارێکدا بگەڕێت و دیمەنت وەژێر گڵ کەوێ... تف!
کەوتنەوە ڕێ. لە دەمی ڕۆیشتندا تووشی پیاوێکی کزی کەساسی پەرێشانحال بوون. پیاوکە دوو لنگەیەکی ئەستووری پینەکراوی دەبەر دابوو. بەکاتی ڕۆیشتن و دەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا دەلینگە فشەکانی لە قاچ و قولی دەهاڵان؛ پێخاوسیش بوو. دەسرۆکەیەکی کۆنی لەسەر هاڵاندبوو. شان و ملی لە ژێر قورسایی پێخەفی سەر شان و کۆڵی، وەک کەمەی گۆچان داهاتبوون. لە هەنگاونان و پێکوتەیدا، وەک تۆ بڵێی پێ لە سەر سکڵی ئاگر دادەنێت؛ دڵی پێی بە سەر سنگی خۆڵەپۆتە دا دەدا و بە پەلە هەڵی دەگرتەوە. ڕۆیشتنەکەی لە ئەوپەڕی ناچاریدا بوو. کە گەیشتە لایان و بە لاشانیاندا تێپەڕی، حەسۆک

پرسیاری تێگرت و گوتی: ئۆغر بێ برا گیان، ئەوا بۆ کوێ دەچی براکەم؟

کابرا وەک لە خەستە خەوێکی گران خەبەر کرابێتەوە، شەکەت و بێزراو وەڵامی داوە : بۆ جەهەندەم دەچم و ڕێگەی جەهەندەمم لەبەرە...

حەسۆک گوتی: ڕێگای وێندەرێت باش دۆزیوەتەوە و هەر ئەو ڕێگەیە ڕاستەو ڕاست بۆ چەقی جەهەندەمت دەبات...

کابرا قسەی حەیسۆکی بەگوێ گەیشت یان نا، بەڵام بەبێدەنگی کلی کرد و بە نێو خۆڵە مڕەدا ڕێگای گرت و ڕۆییشت.

ئەشەقلی گوتی: تۆ دەگەڵ ئەم دەردەدارانە باش نابزوویەوە حەسۆک؛ ئەم ڕەفتارو کردارەت باش نییە باوکەکەی باوکم. تۆ نابێ لێیان بگری و قسەی ساردیان پێ بڵێیت؛ گەر بەم جۆرە مرۆیانی بێژی گیانەکەم، لەوانەیە لەبەر دەردی هەژاری و خاکەساریی خۆیان وەرامی باشت نەدەنەوە؛ تۆ نابێ لێیان بگری و ڕوویان لێ گرژ بکەیت. ئەوانە و ئێمە بە بێ جیاوازی دەستی ڕۆژگاری ئەم سەردەمە لێی داوین ، تۆ نابێ بە هیچ چەشنە ڕەفتار و کرداری ئەوان دەرهەڵ ببی و...

هەر لەو دەمەدا لە پاش سەریانەوە تراکتۆرێک بە گرمە و ناڵە هات و کۆگایەکی تەپ و تۆز بە سەر دا کردن و بەخێرایی بە بەردەمیاندا تێپەڕی.
حەسۆک لە پاش سەری تراکتۆرەکە بە قەو هاوری کردێ: بڕۆ نانی خەڵکان ببڕە هەی نان بڕ!... بڕۆ ماڵی هەژاران کاول بکە هەی ماڵە خاوەنت کاول بێ!
مەمەد گوتی: بە هیوای خودا ئیش و کارێکی باشمان لە سەر ڕێگەیە و لە بەری دەحەسێینەوە... من بە دڵمدا هاتووە و لە دڵم چەقیوە کە هەر وا هەردانگەڕی بێ نەوا نامێنینەوە... رزق و ڕۆزی نەکەوتۆتە ژێڕ بەرد و ئەشی ئێمەیش بە ئاکامی باش شاد ببین.
یۆسف مەودا ڕێیەکی زۆریان لەپاش سەردا جێمابوو. مەمەد وەرچەرخایەوە و سەیرێکی(یۆسف)ی کرد. یۆسف بە تەواو مانەوە لە پەڕ و پۆ کەوتبوو؛ داچۆڕابۆوە و جووتی ئەژنۆکانی لە نەرمانی خۆڵی جادەکە داکوتابوو. جارجار، هەر وەک لە حاڵی نوێژ دابێ، بالابەژنی ڕاست دەکردەوە و سەرلەنوێ کووڕ دەبۆوەوە و دەچەمایەوە.

مەمەد بانگی کرد: چییە یۆسف ، چیتە براگیان؟... هەستە بۆ ڕاست نابیتەوە؟...

ئەشقەلی گوتی: داماوە گیانی دەبەردا نەماوە... سەدخۆزگە لەم سەفەرەدا ڕەگەڵمان نەکەوتایە و لە ماڵی خۆی و بەلای ماڵ و منداڵەکانیدا داسەکنابایە.

حەسۆک بە تووڕەیی هاواری کردێ : پیاو ئاوا دەدەردار و ناساز بێ، چلۆن ڕوو لە چوکورۆڤا دەکات؟... دە تۆ خودا لێگەڕێن با بیچێژێت!... باب ناپیاوی خانە خەراپ لە بەر دەرگای ماڵەکەماندا هەرچی تووک و جوێن بوو حەواڵەی چوکورۆڤای کرد؛ دەی کە تۆ بەمجۆرە(چوکورۆڤا)ت دەناسی، بۆچی ڕووت تێکرد و بۆچی لێمان بوویتە داسی ڕمانە و سەرباری هەموو خەم و خەفەت و کۆڵەواریمان ئەتویش ئیوها...

ئەشقەلی گوتی: دەست لەم قسانەت هەڵگرە براگیان!... یۆسف چ بکات براکەم؟ خاک و خۆڵی کامە دەرگا بە سەر خۆیدا بکات براگیان؟ ئەویش هەر وەکی ئێمە هەژار و نەدار و برسی و بێ ئاسۆیە و لە نان بۆ منداڵانی دەگەڕێت. ئەو پێی وابوو ئەگەر دەگەڵ ئێمە بکەوێ و هاوسەفەرمان بێ، لەوانەیە دەستی لە شتێک گیر ببێت و بۆ ماڵ

و مندالّه برسی و ڕووتەڵەکانی ببێتە هیوا. ئەگەر ئەو بیزانیبایە گشتمان بەم دەردە دەچین، پێت وانییە وازی لەم کەتە کاروانە دەهێنا و لەماڵی خۆیدا دەمایەوە؟!
حەسۆک بە تووڕەیی گوتی: سەگی کوڕی سەگ نەدەبوایە ڕەگەڵمان بکەوێت...
گشتیان بۆ یۆسف گەڕانەوە. ئەشقەلی ژێر باڵی گرت و گوتی: هەستە براگیان... چییە و بۆچی خۆت بەم خۆڵە پۆلە گەرمە داداوە؟ بۆچ نابزووی برا گیان؟!
یۆسف ناڵاندی و گوتی: ئەوەی هێز و توانایی بێ لە ئەژنۆکانمدا نەماوە... ناتوانم پێ لەبەر پێ بنێم و هەنگاو هەڵێنمەوە... دڵم ئەوتۆ لێدەدا کە مەپرسە...
ئەشقەلی ژێرباڵی گرت و بە ئەهوەنی پێی گوت: بەرزەوە بە براگیان! هێندە خۆت مەتوڵێنەوە کەسەکەم !
یوسف گوتی: شتێک نییە. گەلێک جاران ئێوهام لێ بەسەر هاتووە... پیاو بە دایم ساغ و لە سەرپێ نابێ، نەخۆشی و سەرئێشی دێت و دەڕوا...
پاشی ئیستێک حەسانەوە، بەتێکڕا هەستان و کەوتنەوە ڕێ. بەربەری تاوپەڕانان بوو، هەتاو

دەهات لە پشت کەوانەی ئاسمانی دوورەدەستی بەرامبەریانەوە ئاوا ببێت. لە بەری ڕۆژئاواوە کۆمەڵە هەورێکی سووری بە ڕەنگی خوێن، بەژنی ژێرووی ئاسمانی داگیر کردبوو. مەودایەکی ئەولاتری جادە، سەوزایی مەزرایەکی برنج لە بەر چاویاندا دیار بوو. لە کەناری مەزرەکەدا چەند پۆلە لەقلەقی دندووک درێژ، لە سەر یەک قاچ چەقیبوون و وەک بڵێی نوقمی بیر و خەیاڵێکی قووڵ بن، بێ هەست و خۆست ڕاوەستابوون. شتڵی شلک و سەوزی برنجەکان بە قەدرایە پەنجەیەک بەژنیان بەرەو سەر کێشابوو. لەژێر پێی شتڵە برنجەکانەوە زەرداوێکی خەست بەرەو لێژایی مەزراکە دەهات و بەرەو چاڵی کەنار زەوییەکە دەڕۆییشت.

حەسۆک لە تەنیشت چاڵی پڕ لە زەرداوی زەلکەکە ڕاکشا و قورتم قورتم ئاوی لێ خواردەوە. یۆسف هاواری کردێ: کوڕە دەستم بە داوێنت حەسۆک مەیخۆرەوە کاکە، ئەمە ئاو نییەو ژەهراوی کوشندیە، مەیخۆرەوە بابەکەی بابی من! بێتوو بیخۆیتەوە، دەستبەجێ دەمری. منیش هەر بەم ژاراوە ئەم دەردەم گرت و کاری لێکردم...

حەسۆک وەک هیچی بەگوێ نەگەیشتبێ، هەتا مەشکی زگی بردی زەرداوی خواردەوە و دوای ئەو، ئەشقەلی خۆی پێ ڕانەگیرا و لەسەر زگ تخێڵ بوو و بە زەرداوەکەدا نووسا. دوای ئەشقەلی مەمەد هات و حەمەدۆکیش بە دوای دا و گشتیان خۆیان تێڕئاو کرد. یۆسف پەیتا پەیتا دەکرووزایەوە و هاواری دەکردنێ و دەپاڕایەوە و دەیگوت: ژاراوە!... ئاوی مردنە!... مەیخۆنەوە برا گیان! ئێمە ژن و منداڵمان چاوەڕێی گەڕانەوەمانن.

یۆسف هەر هاواری کرد، بەڵام کەس گوێی نەدایە و خواردیانەوە. دوای تێرئاو بوون، گشتیان پشت بە چاڵی پڕ لە زەل و زێروو دانیشتن. یۆسف خۆی پێ ڕانەگیرا و هات و لە سەر سنگ درێژ بوو و دەمی پێوەنا و هەتا توانی خواردییەوە.

حەسۆک ڕووی کردە یۆسف و گوتی: ئەی کە ئەمە ئاو نییە و ژاراوی ڕەبەقە، تۆ بۆچ دەیخۆیتەوە؟!

ئەشقەلی بە تووڕەیی گوتی: لێی گەڕێ براگیان، ئیشت پێی نەدابێ حەسۆک... وازی لێ بێنە برا گیان !

مەمەد گوتی: بە هەویای خودا بەسەر ئیشێکی باشدا دەکەوین... بە دڵم داهاتووە کە ئیشێک

دەدۆزینەوە و لەم گەڕانە بێهوودەیە ڕزگاریمان دێت.
حەسۆک گوتی: ئیش؟!... خەونت بینیوە یان لە هەورانەوە بەگوێچەکەکانت دا خوێندراوە ؟!
مەمەد گوتی: بەڵی بە دڵمدا هاتووە.
حەمەدۆک: منیش جووتە گایەک دەکرم شاخەکانیان کەوانی بێ ...
حەسۆک تێی ڕاخوڕی: وست بە کوڕی سەگ... بێدەنگ!...
ئەشقەلی هێدیانە گوتی: دەخڵت بەسەر ئەم کوڕیژگەوە نەدابێت حەسۆک!
حەسۆک گوتی: لە دین دەهریم دەکات ئاشق... ئێمە نانە وشکەمان نییە بۆ خواردن، ئەو تووتەڵە سەگە هەر باسی جووتە گایەک دەکات...
ئەشقەلی بە هێوری گوتی: خاو و هەرزەکارە و فام و مشوورەکەی هەر ئەوەندە بڕ دەکات... ئاخر تۆش سەردەمانێک کاڵ و گەنج بووی و ...
- بەڵێ بووم، بەڵام لە هەموو تەمەنم دا قەت ئارەزووی گا و گاجوتانم نەکردووە و تەنانەت خولیای گوێرەکەیش نەبووم.

ـ هەر کەسە ئارەزوویەکی دە دڵدایە باوکەکەم... حەمەدۆک خەون بە جووتە گایەکەوە دەبینێت و یەکی تر بە کۆشک و سەرسەرایەکەوە...
حەسۆک بە توورەیی گوتی: ئاشق دەکرێ تۆیش واز بێنی باوان !
ئاشق بە دەنگێکی کزەوە گوتی: کەواتە...

٭٭٭

شەویان لێداهات. تاریکایی باڵی ڕەشی بەسەر هەرد و هەوا دا کێشا. فەڕشی بەرینی ئاسمان وەک تۆ بڵێی بەپۆی ئەستێرە چندرابێت، بە دەریایەکی پڕ لە زیتە و زریوەی ئەستێرەکان زەردەی پێکەنینی پێدا گەڕا. قڕبۆقەکانی باوەشی نوێنی قوڕینی زەلکاوەکان یەکجێ دەستیان بە وڕقە وڕقی قڕین کرد و پێکەوە ئاهەنگێکی خۆشنەوایان ساز کرد. چەقەڵ و ڕێوی چۆلگەکانیش دەنگی نووزە و کڕووزانەوەی خۆیان لەم هەوایە هاڵاند و بەتێکڕا بۆ شەو زیندەدارانی چۆلگەی کاکی بە کاکی بەزمێکی خۆش هەوایان گێڕا. ئەوانیش پێخەفەکانیان کردەوە و ڕاکشان و زۆر زوو خەویان لێکەوەت. بەڵام لەپڕ هێرشی لەشکری پەخشە هەر وەک هەور بە سەریان کشان و هوروژمیان بۆ هێنان و بەسەریان وەربوون. لە سەر جلک و کراسەوە دەرێشووکەی تیژیان لێ بەتاقی کردنەوە و ئۆقریان لێ ئەستاندن. ئەوان لەم تەنیشت بۆ ئەو تەنیشت هەڵگەڕانەوە و بە دەست و قاچ و لینگەفرتەیان کرد و تەپۆیان لە خۆیان تاراند، بەڵام هەزارەزیلی مێشوولە بە بۆن و بەرامەی خوێنەوە هاتبوون و دەستبەرداریان نەبوون.

یۆسف گوتی: گویٚ بگرن کوڕینە با پێتان بڵێم کە مێشوولەی دەشتی چوکورۆڤا بەمجۆرە ناپرینگێنەوە و دەست لە ئێخەمان ناکەنەوە؛ ئەگەر ئێمە دەست بەردەینەوە و کارێک نەکەین، دڵنیابن کە دڵۆپە خوێنێکمان لە جەستەدا ناهێڵن. ئەوانە مێشەکوێرەی دەشتی چوکورۆڤایان پێدەڵێن و لە سەگی یانیگر بەدفەڕتر و دڕتر و هارترن. بێتوو ئاگرێک نەکەینەوە و دووکەڵێک بەبا نەکەین، هەتا ڕۆژمان لێدادێت کەوڵمان لە حاجەت دەخەن؛ مێشەکوێرەی چوکورۆڤا هەر بەس ئاگر و دووکەڵ حەریفیانە و بەس.

حەسۆک گوتی: قسەی یۆسف ڕاستە و منیش ساڵێک لە چوکورۆڤا ماومەتەوە و ئەم دەردەم بەسەر هاتووە.

حەسۆک بە گورجی باوەشێکی دڕک و داڵ و چڕ و چیلکە کۆکردەوە و لە نێوان خۆیاندا گڕی تێبەردا. پووش و پەڵاش و چڕ و چیلکە ئاگریان گرت و گڕ بڵێسەی بەست. بە شەبەنگی گڕی ئاگر، کوێرە ڕێگەی بەرامبەریان وەک ڕایەڵێکی سپیواش ترووسکەی پێداگەڕا و ئاوی زەلکەکەش شەبەقی زەرد و سووری تێکەوت.

لەژێر ڕووناکی گڕی ئاگردا سەیرێکی سەرو ڕوخساری یۆسف ـ یان کرد و لێی ترسان. ڕوخساری یۆسف ڕەنگێکی زەردی زەعفەرانی لێ نیشتبوو. نمای دەموچاوی وشک و بێ گیانی و ئێسقانی شەویلکە و کاژەڵەی زەق دەرپەڕیوی لە سەمای ئاگر و دووکەڵدا مەردی ئازای دەترساند. کوڵمە و چەناگە و ملی باریکی هەربەس چەند ڕیشاڵە ڕەک و پێستێک نەبێ، هەر هیچی پێوە نەمابوو؛ دەمی کرابۆوە و تۆز و تەمی مردووانی لێ نیشتبوو.

حەسۆک گوتی: پەخشە لە ئاگر دەسڵەمێنەوە و خۆ لە جەستەی زیندەوەر نادەن و دەپرینگێنەوە. هەتا گزنگ دەکەوێ و بەیانمان لێدادێت، ئاگرمان نابێ لە گڕ بکەوێ.

ئەشقەلی گوتی: ئاگرمان لە گڕ ناکەوێ یاران!

حەسۆک گوتی: پەخشەی چوکورۆڤا !...

ئەشقەلی: ئەز دەزانم... ڕۆژێک بوو ، ڕۆژگارێک بوو ... کوڕە هەژارێک بوو ...

حەسۆک لەبەر ئاشق پاڕایەوە و گوتی: دەسا بە عیشقی پیرت دەنگت بێ... دەنگ هەڵبڕە و زرینەی سازەکەت لە دەنگت بهاڵێنە... لەوەتەی ڕوومان کردۆتە ئەم چوکورۆڤا وێرانەیە، نە زرینگەی خۆش نەوای تەموورەکەتمان بە گوێ

گەیشتووە و نە دەنگە دڵبلاوێنەکەشت جەستەی خەستە و بەلەنگازی بووژاندووینەتەوە.
ئەشقەلی: ڕاستە حەسۆک... ڕاستە براکەم !
یۆسف نالآندی : وای لە من... وای ...
ئەشقەلی گوتی: بە هیوای خودا ئەم دەرد و ئازارەت لە کۆڵ دەبێتەوە یۆسف.
حەسۆک باوەشێکی دیکەی چڕ و چیلکە بەسەر ئاگر داکرد. بە گەرمای شەوی هاوینی دەشتی چوکورۆڤا و بڵێسەی تینداری ئاگر، ئارەق زەنگوڵ زەنگوڵ بە سەر و ڕووی گشتیاندا تکایەوە.
حەسۆک دەستێکی خۆشەویستانەی هاویشتە سەر شان و ملی ئەشقەلی و گوتی: ئاشق!... برای شیرین... دەنگت بێ ... بۆمانی بڵێ !
ئەشقەلی دەستی کێشا و تارەکەی لە باوەش گرت و بۆ هێنانە سەر هەوا تەلەکانی کۆک کردن و ئینجا بە چیرۆکەکەدا هات و گوتی: لە بەری گوندەکانی خۆمانەوە کوڕە هەژارێک بەداوی ئەشقی کچە دەوڵەمەندیک گرفتار دەبێ و کچەش یەک دڵ نا، بگرە سەت جار دڵ دەنێتە ئەڤینی کوڕەکە و ڕایەڵی خۆشەویستی ئەم دووە لێک دەهاڵێن و پیکەوە دەبنە شێت و شەیدا و بێقەرای یەکتر. بەڵام هەرکە باوکی کچە ئەم

خەبەرە دەزانێ، لێیان دەبێتە دڕووی مەم و زینان و لە کوڕە ڕادەسپێرێ کە خوێنی کچم بۆ شووکردن دوو هەزار لیرەیە و هەرکەسێک ئەم شیربایییە دەخۆی ڕاببینێت، کچە ماڵ و مڵکی خۆیەتی و تەواو!

کوڕەی داماوە لە ڕۆژدا کرێکاری دەکرد و زۆرشەوان بەبێ نانی سەری دەکرد سەر سەرین. بەم گرانجانییەی کە باوکی کچەکە پێی ڕاگەییاند بوو، دەماری هەست و مشووری تەزین. باوکی کچەش بۆ فرۆشتنی کچەکەی، ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ نرخ و بایەخی بۆیە دەبردەسەر کە سەوداکە بەکەس هەڵنەسووڕێت. ماوەیەک خوازبێنی کوڕ و کچەکە بێدەنگی بە سەر داهات، بەڵام ئەوان ئەگەر بە ڕۆژ چاویان بە یەکتر نەکەوتبایە، شەو ژوانەکەیان تێر و تەسەل و ڕاز و نیازەکەیان شەو بە دوای شەودا خەست و خۆشتر دەبوو. شەوێک لەو شەوان، دڵدار دەستی دلبەرەکەی گرت و پێی گوت: من کوڕە هەژارم و باوکت تۆ بە من نادا، وەرە با پێکەوە سەری خۆمان هەڵگرین و ڕوو لە چۆلگەی چوکورۆڤا بکەین، بەشکەم خێرمان بێتە ڕێ و پێک ببڕێین.

دوو ئەڤیندار دەستی یەکتر دەگرن و ڕوو دەکەنە چۆلگەی ئەوسەر نادیاری چوکورۆڤا. کوڕەکە لاوێکی هەرزەکاری کاڵ و کرچی دەبێ و بێ ئەزموون. لە ترسی بەدکاران و لە دەستی کاربەدەستانی دەوڵەت، لە ڕۆژدا کچە دەشارێتەوە و بە شەو ڕێگەی نادیاری چۆلگە دەگرنەبەر و دەڕۆن. ڕۆژێک لە ڕۆژان کوڕەکە بە نیازی وەرگرتنی نان و پێخۆر ڕوو دەکاتە ئاواییەک و خۆشەویستەکەی لە ئاودڕگەیەکی تەنیشت مەزرای برینج دا دەشارێتەوە. لە گەڕانەوەیدا شەو بەسەر دادێت و ڕێگەی لێ دەگۆڕێت. بەدەنگی بەرز یار بانگ دەکات، بەڵام هاوارەکەی بێ وەڵام دەمێنێتەوە. کوڕە هەراسان و شێواوەحاڵ بست بە بستی ئەو شوێنە دەگەڕێت، بەڵام هیچ سەر و سۆراغێک لە یار نابینێتەوە. بە دەنگێکی بەرز هاواری یار دەکات، بەڵام جگە لە دەنگی جانەوەرانی شەوگەرد هیچ دەنگێکی تری بە گوێ ناگات. بەرەبەرەی تاریک و ڕوونی بەربەیانی دەگاتە حەشارگەی یار، بەڵام بەسەر هەواری خاڵیدا دەکەوێت... دەسا با من بە برایانی خۆم بێژم کە منیش لە خەڵکانم بیستوومە و ئەوان دەڵێن کە کوڕەی ماڵوێران لە ناو چاڵەکەدا بە سەر

کۆگایەک ئێسقانە سپیلکەی تازە کرۆسراوە دا دەکەوێت و لە بەرێکی تریشەوە جووتێک پرچ و زولفی یار و بەرگ و بەری دەبینێتەوە کە دڕبەدڕ کرابوون؛ بەم دیتنە هۆش لە کەللەیدا نامێنێت. دەگێڕنەوە و دەڵێن کە گۆیا پەخشەی دەشتی چوکورۆڤا ئەم دەردەیان بە سەر جووتەی دڵداران دا هێناوە... وەباڵی قسە لە ئەستۆی ئەو کەسەی کە لێم بیستووە.

حەسۆک گوتی: بەڵی ڕاستە! ئێمەیش هەر ئێستێ لە سای گڕ و دووکەڵی ئەم ئاگرە دا ماوین، ئەگینا ئێمەیش کەوڵمان لە حەجەت کەوتبوو.

مەمەد: بەڵێ ئێمەیش بەزیندوویی کەوڵ دەکراین و هەر تۆزقاڵە ئێسک و پرووسکێکمان لێ بەجێ دەما.

ئەشقەلی دەنگی تەنبوورەکەی کزکرد و گوتی: بەڵێ دڵدار لە تەنیشت ئێسقانە سپیلکەکانی یار دادەنیشێت و پرچی لوول هۆندراوەوەی یار دەگرێتە دەست و پێی هەڵدەڵێ.

حەسۆک: دەسەر سەرت گەڕێم ئاشق دەنگ هەڵبڕە... دەی !

ئاشق کووپی تارەکەی بەسنگەوە پەسپاندو تۆزکاڵێک خۆی بەسەر دا لارکردەوە و پەنجەی بە

سەر تەلی تەمموورەکەی داکێشا. تار هاتە زمان و هاواری کرد. دەگەڵ شەپۆلی زرینگەی بە سۆزی تار، دەنگی بەسۆز و خەمناکانەی ئەشقەلی بە چۆلگە و بیاباندا گەڕا. ئەشقلی بە سۆز خوێندی. دەنگ و سەداکەی دەنگ و سەدای "ئاشق فەیسەڵ"ی دەخستەوە بیری گوێدێرانەوە.

ئەشقەلی بە هەوا داهات و ئەوانی تریش بوون بە هەست و لە خەرمانەی تێک بەزیوی دەنگی زوڵاڵی ئاشق و دەنگی تارەکەیدا توانەوە. دەنگی ئاشق و نەوای تارەکەی ئاگری لە گیانی پیاوی خاوەن هەرست بەردەدا.

لاوک کۆتایی پێهات. ئەشقەلی گوتی: ئەوسا ئاشقی شەیدای لە یار هەڵبڕاو پرچی هۆنراوەوەی خۆشەویستەکەی گرتە دەست و بە ئاواییەکانی چوکورۆڤادا هات و گوند بە گوند گەڕا و جێگە و ڕێگە نەما ڕووی تێنەکا و هەواڵی یاری خۆی لە خەڵکان وەرنەگرێت. هەر جییەک و هەر دێیەکی کە پەنای بۆ دەبرد، چیرۆکی خەمبارانەی خۆی و یاری ئازیزی بۆ دەگێڕانەوە و کەس نەبوو دەگەڵ گەرمەشینی ئاشق شینگێڕ هاودەنگ نەبێ و بە ماتەمینی دانەنیشێت... من دەڵێم خودا ئەم دەردە گرانە بە سەر کەس نەهێنێت.

ئەشقەلی هەروەک لە سەر زەوی نەمابێ، خۆی و دەنگی خەمناکی و گریانی سازەکەی تێکەڵی یەک بوون و دەگەڵ هیوا بە بەردەرگای هەژاراندا گەڕان و لە ناخەوە خرۆشین. تەنبوورەکەی هەر وەکوو کۆرپەیەکی ئازیز بەسەر سنگەوە کوشی و هەر هێندە خۆی بەسەردا لار کردەوە؛ کە دەگەڵ یەک بوون بە یەک. ئەشقەلی وەک پۆی لێهات و لە تەلی تارەکەی هالا و شینی گێڕا. پەنجەی بەخێراییەکی باوەڕنەکراو بە سەر پەردەکانی سازەکەیدا دەهات و دەچوو؛ تارەکەی دەگریاند و ئاشق بە سەر گریانی تەموورەکەیدا دەیخوێند. دەنگ و سەدای ئەمجارەی ئاشق خەمێکی تر و پاڕانەوە و سکاڵایەکی دیکەی لێدەباری و هەموو دەشتی چوکورۆڤاش شەپۆلی ئەو خەمە نادیارەی پێدادەهات. هەوای دەنگی ئاشق و پاڕانەوەی تارەکەی باسی خەمێکی نوێیان دەکرد. بەرز تێهەڵدەبۆوە و نەرم نەرم دادەکشایەوە و دەگریا. باسی ڕەنجی ڕەنجبەرانی دەکرد. لە ئەشق و ئەڤین، لە هەژاری و دەسبەتاڵی، لە ئازاری بێ ئامانی دەردە باریکە و دەردی بی دەرمانی ڕەشە نۆبەتێ و لە هەناسە ساردی و دەربەدەری و ئاوارەبوونی خێڵی بێ سنووری کرێکاران دەدوا. بۆ

مندالّی بەرمەمکانەکانی دایکە بێ شیرەکان و بە سەر پیاوی ڕەبەنی بێ ماڵ و حاڵی ماڵ بەکۆڵەوەی هەڵدەگوت و بۆیان دەگریا. لە هاتوچوونی بێ پسانەوەی چەمی«سەیحان و جەیحان»و «قزڵ ئەیرماق» دەدوا. باسی دەشتی ئەوسەر نادیاری چوکورۆڤای دەکرد و لە دەست هوروژمی بێ ئامانی پەخشە و لە چنگ لافاوی مەکینەی بێ ئایین و لە عازاب و دەردی هەژاران دەیباراند. بە سەر هەموو ئەو لووتکە چیا بەزانەی هەڵدەگوت کە بەفری نوێیان بە سەر بەفری کۆندا دەبارێت و هەر بەهارێک داوێن و قەدپاڵەکانیان بە مێرگ و گوڵ و سەوزەلان دەڕازێننەوە. بە ئاسکە سیاچەمانەکانی هەڵگوت کە لە هەمێزی زنوێری چیاکاندا نەرم و سووک و بێ خەیاڵ دێن و دەچن؛ لە گەڵ خاک دەدوا و لە غەدری بێ سنووری و لە داگیرکاریی داگیرکەران هاواری دەکرد.

ئاشق هەتا بەرەبەرەی گزنگدانان خوێندی. ئاسمان لە بەری ڕۆژهەلاتەوە سوورایی پێداگەڕا و شنەی بەیان بزووت، ئاشق تارەکەی دانا و بێدەنگ بوو. سەر و سیماکەی ئەهوەنی و ئارامی و ڕەزامەندی لێدەباری.

بەتێکڕا گوتیان: ئاشق دەمت گەرم و پەنجەکانت هەر خۆش و سڵامەت بن. بەهیواین قەت قەت بەردی سارد و گەرمت نەیەتە بەر پێ و قەت ڕەنگی هەژاری و لێوبەباری نەبینی. لە خودێ دەخوازین دەست بۆ هەڕ شتێک ببەیت ئاڵتوون و گەوهەرت بە دەستەوە بێ!

هەستان و خۆیان کۆکردەوە و مەنزڵگەکەیان جێ هێشت. لە شووێنی دانیشتنی شەوانەیان زۆر دوور نەکەوتبوونەوە ؛ ئاوڕێکیان لە پاش سەریان دایەوە و دیتیان لە پاش سەریانەوە زمانەی تیژ و باریکی دووکەڵی ئاگری دوێنێ شەو، بە شێنەیی بەرەو سەر هەڵدەکشێت. گەیشتنە گوندێک کە«ئاخ کۆ»ی ناو بوو. کەوێڵ و کۆختەی ماڵەکانی گوند، وردو وێران و نیوە خاپوورکراو بوون. دار و دیوارەکانی بە تەپاڵە سواغ درابوون و هەڵەش و پووش و قامیشی سەربان و ژێڕ پەلەسوانەکانیان لەبەریەک ڕوییوونەوە و بە هوروژمی با، بڵاوی پەنا و پەسیوان کرابوون. ئاغ کۆ گوندێک بوو بە دوایێنی گردێکی ڕووتەنەوە هەڵوەسرابوو. ئەوان بە کۆڵانە وێرانەکانیدا دەهاتن و ڕەوەیەک سەگی دێ بە چەق و لوورەوە دەگەڵیان دەڕۆیشتن.

به تەنیشتی یەکەمین کۆڵاندا ڕادەبردن کە پیرە پیاوێکی پشت چەماوەوە لە بەر دەرگاکەی خۆیدا ڕاوەستابوون و سەیری دەکردن. دیار بوو پیرەپیاوکە چاوەکانی ناسازن و بەردەوام بە لەپی دەست چاوکانی دادەماڵێن. هەرکە بە چاوە ناسازەکانی ڕێبوارە نەناسراوەکانی بینی، بە هەناسەی سواری و بەدەنگێکی کپەوە گوتی: ڕۆژتان باش برادەرینە!.

وەرامیان داوە: ڕۆژی خۆت باش مامەگیان!

ـ ئەوە بوکوێ بەخێر!

مەمەد گوتی: لە «ئورووم»ەوە هاتووین و بە شوێن کار دا دەگەڕێین.

ـ ئیش لە پشتی شێران بەستراوە... ئەگەر پیاوی برۆ بەرەگەی شێران ببەستە و لێیان بستێنە!

مەمەد گوتی: بە هیوای خودا شێر و پلینگان دەگرین و بەشی خۆمانیان لە دەمیان دەردێنین .

پیرەپیاوەکە گوتی: ئیتر ئەم چوکورڤایە، چوکورڤای جاری جاران نەماوە براکانم. تراکتۆر و مەکینە شەشدانگی وڵاتیان داگیرکردووە و بۆ کرێکاری ئیشکەری بێچارە، کار کەوتۆتە سەر پشتی شێران و شێر بە ئێمەمانان دانایەن.

ئیشقەلی گوتی: خودا بۆ خۆی دادی هەژاران دەستێنێت.
پیرە پیاوەکە گوتی: خودا لە دەمت بڕوانێ باوکەی باوکم و خودا باڵی بەزەیی بەسەر گشتماندا بکێشێت.
مەمەد بۆ ڕزگاربوون لە دەست پیرە پیاوەکە، گازی کردێ و گوتی: دەجا لای ئێوەمان خۆش برا گیان.
پیرەپیاوەکە خێرا بۆ لایان هات و گوتی: کوڕێکم هەیە ناوی «وەلی»یە. وەلی مەزرایەکی هەیە و بە گەنم دایچاندووە. گەنمەکە بە باڵای پیاوێک بەرز ببۆوە بەڵام لە نەهامەتییانمان گەنم یەکجێ وەها بەسەریەکدا تەپی کە ڕێگە بە مەکینە نادا هەڵی گرینەوە. بەڵام ئێوە کوێستانین و لە دروونەوەی شارەزان... دەڵێن چی؟
مەمەد گوتی: ئێمە بۆ ڕۆژی گران سازکراوین و دروونەوەی ئێمە گەلێک لە مەکینە وردتر و ساکارترە و ...
حەسۆک: دەغلەکەتان بە ئارەزووی ئێوە دەدروویینەوە.
حەمەدۆک: منیش کەرەنتوو کێشم... شاخەکانی کەوانی بێ هەر بە چەشنی قاشی مانگی نوێ!

ئەشقەلی: بەڵی حەمەدۆک تۆیش مەڵەغان کێشێکی کارجوانی و لە کاری وەرزێریدا لە ئێمە نامێنیتەوە.

پیرەپیاوکە منداڵێکی شارەزای ڕەگەڵ کرێکارەکان خست. کوڕیژگەکە زۆر ئازا و بە دەستوبرد وەپێش جەماعەت کەوت و هەرکە گەیشتنە بەر دەرگاکەیان، وەلی لە ماڵ هاتەدەر و کوڕیژگەکە گوتی: کاکە وەلی ئەمانە درویێنەوانن... باوکت دەیگوت ئەمانە کویستانین و لە مەکینە نامێننەوە...

وەلی گوتی: گەلێک بەخێر بێن برادەرینە... دەغڵەکەم تێکهالاوە و بەسەر یەکدا کەوتووە؛ سا نازانم ئێوە دەرەقەتی دێن یان نا؟!

مەمەد گوتی: ئێمە بە ئارەزووی خۆت دەی درویینەوە...

ـ چۆنم بۆ دەدروونەوە؟ چەندەم لێ دەستێنن؟

ئەشقەلی گوتی: برا گیان ماسی لە دەریادا نافرۆشرێت؛ لێبگەڕی با مەزراکەت ببینین و چاوێک بەدۆخی دەغڵەکەت دابخشێنین جا ئەودەم دێینە سەر سەودا و قسەی خۆمانت دەگەڵ دەبڕینەوە .

سەرەو چەند قومێکیان ئاو خوراد‌ەوە و بە تێکڕا چوونە سوێی مەزراکەی وەلی. مەزراکە بیست دوینۆم[1] دەبوو. دەغڵەکە هەر وەک حەسیر بە سەر یەکدا تەپیبوو؛ بە جۆرێک کە تەنانەت ساقەتێکیشی بە سەر پێوە نەمابوو.

ئەشقەلی گوتی: سەت حەیف و هەزار خەسار بۆ ئەوێ دەغڵە باشەی کە ئیوهای لێ بەسەر هاتووە.

ولی گوتی: ئەگەر خودا نەیدا، نابێ... باوەڕ بکەن دەغڵێک بوو کە شێری لێڕەوار نەیدەتوانی پێیدا تێپەڕ ببێت، قەفی ساقەتەکانی بەبارستایی قامکی پیاوێک ئەستوور و گیاندار بوو... بەشی ئێمەیش ئاوا درابوو کە دەی بینین... دەغلی ماڵکاول لە بەختی خاوەنی یەکجێ بەسەر یەکدا تەپی... بەڵام باش بوو ئێوە بە فریامەوە هاتن برادەرینە.

دانیشتن و سەودایان دەست پێکرد و زۆر بە هاسانی مەزرای بیست دۆینۆمی کاکە وەلی بەبیست لیرە قسەی لەسەر کراو هەر بڵێی یەک و

---

[1] هەر دۆینۆمێک دەبێتە هەزار مەتری چوارگوش.

دوو ساویان بە داسەکانیان داهێنا و دەستیان بە درووونەوەی کرد.

مەمەد بە دەم داس وەشاندنەوە دەیگوت و دەیگوتەوە: نەمگوت!... نەمگوت بە دلمدا هاتووە ئیشمان دەست دەکەوێت!... ئێوە لەم چوکورۆڤایە بڕوانن و سەیری کێڵگە و مووچێ و مەزراکان و چۆلەوانییەکانی بکەن و بزانن کە چیها بەرینە و چەندە پڕپیت و بەرەکەتە! بۆ مەگەر دەکرێت لەم هەردە بەرین و شیرینەدا ئیش دەست نەکەوێت؟! بەڵێ برادەرینە پیاوی کرێکار هەتاسەر بێکار نامێنێت.

گشتیان خۆشحاڵی کار، سەرگەرمی کەرەنتو گێشان بوون و هەر تەنێ یۆسف بوو کە لە سەر تاشەبەردێکدا و لە ئەوپەڕی پەرێشانی هەڵکرووژما بوو. حەمەدۆک بە داسی یۆسف درووێنەی دەکرد.

کاتێک کە وەلی بە نیازی هێنانی خواردەمەنی بەرەو ماڵ دەچۆوە، حەمەدۆک زۆر بە ئەسپایی خۆی لێ نزیک کردەوە و پاش دەم و لیچ پان کردنەوەیەک و ئاوی دەم و زار قووت دا و بە ئاسپایی گوتی: ئەرێ مامە منیش وەکی ئەوانی

دیکە دەسڕەنجم هەیە و پێی خەنی دەبم؟... جووتە گایەک دەکڕم شاخەکانیان کەوانی...

وەلی سەیرێکی کرد و بە سەرسووڕماوی ڕووی کردە ئەوانی دیکە و گوتی: ئەرێ برادەرینە ئەم کوریژگەیە تەواوە؟!... من لەم حەلەق مەلەق گوتنەی ئەو هیچ تێنەگەیشتم.

ئەشقەلی گوتی: گوێی مەدەرێ باوکەکەم... زارۆکە و دونیا نەدیدەیە و ساویلکە و ساکارە...

حەسۆک نەڕاندی بە سەریدا و گوتی: ئەوە لێرە و بەلای کاکە وەلی چیت گووت سەگی کوڕی سەگ... لێرەشدا خۆت ئاشکرا کرد کە...

ئەشقەلی گوتی: تووڕە مەبە حەسۆک... پێت وایە حەمەدۆک چی بە کاکە وەلی گوت، کە کاکە وەلی بۆ تێگەیشتنی ڕووی دە ئێمە کرد... لەوانەیە لێی پرسیبێت لەم چوکورۆڤایەدا سەرجەم چەند تراکتۆری تێدایە... دادەی حەمەدۆک وەلۆیە باوکم؟

حەمەدۆک: بەڵی وەلۆیە مامە گیان.

بێدەنگی بە سەر وڵاتدا باڵی کردەوە و کرێکارەکان بە هەموو تین و توانای خۆیانەوە خەریکی دروێنە بوون. بەبێ سەرهەڵبڕین و بەبێ پشت ڕاست کردنەوە هەتا بەرەبەری پاش نیوەڕۆیە، یەک بین و یەک چین درووویانەوە.

هەتاویش بە هەموو تین و تاوەوە دەیچرۆقاندن و دەیسوتاندن. گەرما و تینی هەتاو لە بەرێک و ڕەنج و ئازاری درووونەوەی دەغڵی خەوتووش لە بەرێکی ترەوە لەش و گیانیانی دەتواندەوە و فرزەی لێدەبڕین. بەڵام سەریان بەکارو کوێرەوەری گەرم و بە هومێدی دەسکەوت و داهات دڵیان خۆش بوو.

لای پاش نیوەڕۆیە کاکە وەلی بە ستڵێکی پڕی شلەبروێش گەیشتەوە لایان و بانگهێشتی خواردنی کردن. کرێکارانی شەکەت و برسی، جگە لە یۆسف، گشتیان هاتن و تامەزرۆیانە هەتا گنجییان لێبڕا و قاپ و کەوچکیان لێس دا، نانی ڕەش و برۆێشە شلەیان لێس دا و لە سەر سفرە کشانەوە.

هەرکە دەستیان لە نان خواردن هەڵگرت، بەبێ چاوترووکاندن، خۆیان بە ئیش دادایەوە و دروێنەیان دەست پێکردوە. هەر هێندە بە گەرم و گوڕی و هەر ئەوەندە بە چالاکی کەوتنەوە کار، کە مەکینەش تۆزی پاش سەریانی بۆ نەدەشکا. بەرەبەری تاوپەڕانان بوو کە یۆسف بە پڕتاو لە جێ هەستا و بە تووڕیی کەرەنتووی لە چنگ حەمەدۆک دەرکێشا و ملی لە دروێنە نا، بەڵام دەگەڵ هەر گەوزێکی کە لێی دەدا، هەر بە

چەشنی مێژۆکە هەڵدەلەرزی و چی پێ نەچوو بەلاداهات و کەوتە سەر زەوی. خۆ ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە داوایان لێکردبوو کە خۆی لە دروێنە نەدات و تەنانەت لە دەمی ڕابوون و داس بەدەستەوە گرتنیشیدا  بە تووڕەیی قاویان کرد: مەکە برا گیان! یۆسف مەکە باوان ئەتۆ ناسازی و دروێنە کاری تۆ نییە. براگیان کارێک مەکە هێندەی تریش لەش بەبار و خانە خەراو ببی. لەم چۆل و دەشت و بێروونەدا دەمێنیتەوە کاکە!... وازبێنە و دەخلْت بەسەر ئیشەوە نەبێ مامە گیان... ئێمە دەزانین ناسازی و بۆ ئیش نابی باوکە گیان... خۆ ئێمە کەر و گوێلپار نین. ئێمەیش فام و مشوورێکمان هەیە و لە کار دا ناهێڵین دەست بۆ داس بەریت و لە دەسکەوتیشدا شەریک و برابەشمانی.

بەڵام هاوار و پاڕانەوەی یاران بە گوێی یۆسف دا نەچوو و دیسان کەرەنتووی گرتە دەست و بەبێ وەستان و سەر هەڵێنان، بەڵام بە هانکەهانک و بە لەرزین و خزین دەستی هەڵنەگرت و درووی‌یەوە. چی پێ نەچوو کەرەنتووی لە دەستی کەوت و خۆیشی بەلادا هات.

ئەشقەلی خێرا گەیشتە سەری و باوەشی پێداگرت و فڕاندی. لە ژێر سێبەر دا داینا و گوتی: براگیان تۆ ناسازی... نەخۆشی نەخۆش! دەست هەڵگرە و تووشی چارەڕەشیی زۆرتر و زیاترمان مەکە!

بەڵام پاڕانەوەی ئەشقەلی و تکای هاوڕێیان بە گوێی یۆسف دانەچوو. لەپڕ دەستی دایە داسەکەی و گەڕایەوە بۆ دروونەوە. ئەشقەلی بە پڕتاو گەیشتە سەری و دیسان باوەشی پێداگرت و بردییەوە سەر جێگاکەی خۆی. حەسۆک تووڕە بوو. گوڕاندی و جوێنی پێدا و گوتی: ئەم لرخنە چلمنە هەدا نادا و لە خۆڕایی خۆی لە ئیش و کاران وەردەدا... هەتا ئەمن ئەم ئاکارانەی پێوە دەبینم، پێم خۆشە کاژەڵەی سەری بە داس دابێنم و لە کۆڵ ئەم دنیایەی بکەمەوە. ئاخر سەگی کوڕی سەگ ئەتۆ کە هیچت پێوە نەماوە و هاکا ڕووحت بەسەر خودا دا کردەوە، بۆچی لە ماڵ و حاڵی خۆت و دەگەڵ ژن و منداڵەکانت نەدەمایتەوە و لە ئێمە بوویتە بەڵا؟! بۆچی لە سەر پەت و سنگی خۆت دانەمەزرای و خۆت لە ماڵ و منداڵەکانت تەوەلا کرد... کێ پێی گوتی خۆت بەسەرماند ساغ

بکەیتەوە و لێمان ببیتە داسی ڕمانە؟ هەی فلانی فیسار لێکراو... ئێمە خۆمان...

ئەشقەلی بە تووڕەیی گوتی: حەسۆک بەسە!... تۆ چیت لە گیانی ئەم داماوە دەوێ؟ بە نان و ئاوی ئێمە بەڕێ دەچێت؟! بە جلوبەرگی ئێمە پۆشتە دەکرێ؟! تۆ بۆچ دەست لە بەرۆکی ئەم ناسازە چارەڕەشە ناکەیتەوە بەرخەکەی باوکم؟ ئەتۆ بۆخۆت بە چاو دەیبینی کە فەلەک لێیداوە؛ ئەرێ کەی ڕەوایە کە ئێمەیش لێی بدەین حەسۆک؟!

حەسۆک گوتی: دەسا ئەتۆش پێی بڵێ وەک توخمی بنیادەم لە جێگای خۆی دابمەزرێت و بەم نەقە نەق و جڕە جڕە دەست بۆ ئیش نەبات... ئاخر مەگەر ئەوە هەر ئەو یۆسفە نەبوو کە بەربینگی پێ گرتبووین و بەرۆکی بەر نەدەداین کە ڕێی چوکورۆڤا نەگرینە بەر؟... بەڵام ئێستێ چی؟!

هەتا ئێوارەی نزیک بە تاوپەڕان یەک پشوو درووویانەوە، بەڵام بە هەموو هەوڵ و خەباتێکی کە بە تێکڕا کردیان، لێی نەبوونەوە و نەیانتوانی سەر و بەری مەزراکە پێک بێنن. داسەکانیان لە بەر پشتێند چەقاند و گەڕانەوە ماڵ. هەر ئەودەمیش لە بەری ڕۆژئاواوە گژە بایەکی بەهێز هەڵیکردێ. لە سەر سەکۆی ماڵی وەلی دانیشتن. لە

بەرامبەریانەوە مانگایەکی قەشان دەمی بە نێو باقە گیادا دەگێڕا و گوێرەکە ساواکەشی مژی لە گوانی دایکی دەدا و بە ملّچە ملّچ شیری دەمژی. بەرامەی شینکەی تازە دوروواو بە حەوشە و حەسارەکەدا دەهات و دەچوو.

وەلی جامێکی گەورەی لیپاولیپی شلە بڕوێش بۆ هێنان و لە سەر سفرەی دانا. شلە بڕوێشەکە بەبێ ڕۆن و تام لێندرابوو و هەر بۆنی بڕوێشی کولّیوی لێدەهات و بەس. زەحمەتکێشەکان گوێیان نەدایە و بە گوندە پارووی زل و قاپووچکەی پان وەری گەڕانێ و هەتا تەڕایی لە جامەکە نەبڕا، دەستیان لێ هەڵنەگرت.

ژنەکەی وەلی چەند ڕۆژێک پێشتر منداڵی ببوو، لە ژوورەکەیاندا و لە ناو نوێن و بانی زەیستانیدا لێی ڕازابوو. ساواکەشی لە تەنیشت دایکی و لە ناو(هێڵەگ)دا خەواند بوویان. جگە لە زارۆکە ساواکە، وەلی سێ منداڵی سەروپێچکەی تریشی هەبوون کە تووشی نۆبەتێ و کۆخەڕەشە هاتبوون و هەر سێکیان لە پەنای دایکیان لێی ڕازابوون و هەڵدەلەرزین.

یۆسف بەبێ خواردنی شێو لە سووچێک ڕاکشابوو. دەم و شەویلکەکانی بەجۆرێک دەلەرزین

و ددانەکانی بە چەشنێک تەقە تەقیان دانابۆوە، هەر دەتگوت سمکوتی چوارەی ئەسپی تازە نالْکراوە و بە سەر تەقتەقە بەرداندا چوارە دەکا. جار جارا دەینالآند و ئاخ و ئۆفەکەشی نەدەبڕایەوە.

حەسۆک گوتی: ئەرێ ئێوە بۆچ بە من نالْێن کە من لە چنگ ئەم کابرایە چبکەم و چ خاکێک وەسەر خۆم کەم؟ لە دین و ئیمانی وەرگەڕاندووم و خەریکم دەهری دەبم. دەشتی چوکورۆڤا ئاوا کاکی بە کاکی و کار و پیشەمان ئەوتۆ کەساس و نەخۆشی سەر دستیشمان ئاوا بە هات و هاوار و نالآندن و...

ئەشقەلی بە ئاسپایی گوتی: ڕەوڕەوەی چارەنووسە دێت و دەڕوا و بەری پێ ناگیرێت. ئەوەی کە دەبێ ببێت، هەر دەبێت و پێشی پێ ناگیرێت و بە کەس ناگەڕێتەوە. بەڵام ئەوە ئێمەین کە دەبێ تۆزە سەبر و سێبووری و لێبوردیەکمان هەبێت و نەختێ لە خۆ بوردوو بین؛ چیترمان لە دەست نایە براگیان.

وەلی نوێن و بانی خێزان و منداڵەکانی هێنایە دەر و لەسەر سەکۆ و لە سووچێکدا بۆی ڕاخستن.

تووندە بای ڕۆژئاوایی خاک و خۆڵ و زیبکە بەردی وەردی لە سەربانان ڕادەماشت و لە حەوشە و حەساراندا خولی پێدەدان و بە سەر نوێن و بانی خەوتوانی دا دەڕشتن. کرێکارەکانیش پێخەفەکانیان کردەوە و تێیدا ڕاکشان. جگە لە ئەشقەلی و وەلی، ئەوانی دیکە چی پێ نەچوو پرخەیان تێکەڵی یەکتر کرد. وەلی و ئەشقەلە نزیکی یەکتر ڕازابوون. وەلی بە وردە چرپەیەکی هێدیانە ئەشقەلی دەدواند و دیگوت: لێبگەڕی با ئاغا هەڵکوتێتە سەرم و ئەم پەڵە زەوییەم لە چنگ دەربێنێت و ئاسوودەم بکات... وەرە تۆ خوداکەت بۆم لێک بدەوە ئاشق؛ پێم بڵی بزانم کەی ڕەوایە و چ دین و ئایینێک ڕێگە بەم تاوانکارییە دەدات کە بەشی ئێمە هەر کوێرەوەری و دەرد و زووخاو بێت. نە پەنجەکانمان پەنجە ماون و نە نینۆکەکانمان نینۆک؛ هەرهەموو سواون و سەد پینەیان پێوە دیارە. بەم حاڵەشەوە سەرجەمی داهات و دەستکەوتەکەمان بە فەرمانی کەسێک نیوە بە نیوە دەکرێت کە نە قەت تالاوی بە ئەوکدا چووە و نە هەرگیز هیچ گەزەندەو ئازارێک قالبەندی ترساندووە... چ خاوەن ویژدانێک ئەمە بە ڕەوا دەزانێ گەلۆ!... کوا ئەمە بەڕێچوونە

کە ئێمەی پێ بەڕێدەچین. جارجارە بۆخۆم بە خۆم دەڵێم کە مرۆ هەر ڕووت و مافنگی بێ و هەر هیچی نەبێ لەم ژیانە کۆڵەمەرگییە باشترە. لە برسان مردن بەخێر و بێرترە؛ دەسا با بەگلەری بێ ویژدان بێت و هەرچی کۆم کردۆتەوە لە دەستمی بستێنێت و خۆی پێ خەنی بکات...

ئەشقەلی هێدیانە گوتی: وا مەڵی برا گیان، هەبوون لە نەبوون باشترە. مەزرا و خاک شتێکی ترە و نەبوون و مافنگی بوون شتێکی تر.

وەلی: بە مەرجێک کە خاک هی خۆت بێ نەک هی ئاغا؛ ئاغا و کوێخا لە بانی سەرمەوە وەستاون و بە ئارەزووی خۆیان دەمرەتێنن و بەرهەمی ڕەنجم نیوە بە نیوە بەش دەکەن و مایەباش دێمە دەرێ براگیان؟ من دەبمە تۆزی بانان و بە هەوا دا دەچم... چەند ساڵە ئەمن لە سەر ئەم موچێ و مەزرایە جەستە و گیانم دەتوێنمەوە، کە نانێکی لێ وەدەست بێنم؛ ئەوتا بڕوانە و حاڵ و گوزەرانی من و منداڵەکانم ببینە برا گیان. ئەری پێت وا هەیە لەم بار و دۆخەی کە تێی کەوتووین تاڵ و تاریکتریش هەبێت؟... لێبگەڕی با خان بێت و فەرمانی دەرکردنم بدات. دەزانم لەوەتی ئەم مەکینە داڵک حیزانە بوونەتە بڕبڕەی پشتی

دەرەبەگەکانی چوکورۆڤا، ئیتر خێر و خۆشی لەم هەرێمە دا باری کردووە. هەرچی وەرزێری ئەم مەڵبەندەدا بوون، سەرپاکی ڕادران و دەرکران؛ هەر تەنێ من مابوومەوە. دەسا سبەی با دەرەبەگ و گزیرەکەی بێن و فەرمانی دەرکردن بە گوێمدا بخوێنن.

وەلی هەر گوتی و هەر جوێنی دا و هەر گەڤ و هەڕەشەی کرد. بەڵام ئەشقەلی کە جەستە خەستی کاری ڕۆژانەی بوو، وشەیەکیشی بە گوێ نەگەیشت، چونکە لەمێژ بوو خەوی لێکەوتبوو.

ڕۆژی دوایی، بەرەبەری دوای نیوەڕۆیە سەر و بەری مەزراکەیان ساف ساف درووبەوە و کۆتاییان بە کێشەی مەزرای وەلی هێنا. دەسڕەنجەکەیان برایانە لە نێو خۆیاندا دابەش کرد. لە دابەش کردندا یۆسف وازی لە بەشە پارەی خۆی هێنا و سوێندی خوارد کە بەشی بە سەر ئەم دەسڕەنجەدا نییە و نای خوازێت. بەڵام ئەشقەلی بانگی کرد و پاش نیوسەعات شێرو ڕێوی هێنانەوەو من بمرم و تۆ نەمری، ئەخرسەر ئەشقەلی دڵی یۆسفی نەرم کرد و بەشە پارەکەی دە جۆرکی خزاند.

حەمەدۆک لە بینینی پارە حەجمانی لێ هەڵگیرابوو. پارەی لە ناو پەنجەکانیدا ئەم دەست

و ئەو دەست دەگێڕان. دەباخەڵی دەنان و دەری دەهێنانەوە. تەنانەت لە باخەڵیشدا دەستێکی هەر بە سەریەوە بوو. دەیدا بە مەمەد بۆی هەڵبگرێت بەڵام چەند هەنگاوی تر لێی وەردەگرتەوە. لەم باخەڵ بۆ ئەوی تر و دیسان شاردنەوەی لە جۆڕکیدا؛ هاتە لای مەمەد و گوتی: مامە گیان جووتە گایەکیان پێدەکڕم بە بەژن و باهۆ بن. وەپێش خۆمیان دەدەم و بەرەو گوندەکەی خۆمان ڕایان دەدەم و ...

حەسۆک لەم هەڵبەز دابەزەی حەمەدۆک دەهری ببوو. دەیهەویست بیگرێت و دەژێرچۆکی خۆی بنێت و بیرازی بکات، بەڵام لە ترسی زمانی ئەشقەلی نەیدەوێرایە.

ئەشقەلی ڕووی کردە حەمەدۆک و گوتی: دەکرێ تۆیش هێندە سەرسواڵکەر نەبی ڕۆڵە؟!

لەولاشەوە مەمەد هەر دەیگوتەوە و دەیگوتەوە: نەمگوت!.. پێم نەگوتن کە ئیش و کارێکی باش دەدۆزینەوە و لە دەست ئەم دەستبەتاڵییە ڕزگاریمان دەبێت؟... ئیمساڵ پوڵ و پارەیەکی باش کۆ دەکەینەوە و زستانەکەمان بە پەرداخاخی تێپەڕ دەکەین... بە دڵمدا هاتووە یاران !...

ئەگەرچی مەمەد پەیتا پەیتا ئەم بەیت و بالۆرەی بە دەم دادەهات، بەڵام بۆ دەمێکیش ژن و منداڵ، بەتایبەت فرۆشتنی بزنە قەشانی لە بیر نەدەکرد؛ بەدایم لە ئاوێنەی خەیاڵیدا ئەم شانۆ تاڵەی لە ڕۆژ دا چەندین جار لێ دووپاتە دەبوویە.

دوای ئەو ڕۆژەی کە دەغلی خەوتووی کاکە ولی کۆتایی پێهات، ئەم سەر تا ئەوپەڕی چوکۆرڤا گەڕان و بە هەموو شوێنێکیدا هاتن و ڕابوردن. گەلێک شتیان چاوپێکەوت و زۆر کارەساتیان بەسەرهات. هیچ گوند و ئاوایی، تەنانەت تاقەماڵیش نەما کە ڕووی تێنەکەن و هیچ خاوەن و خودان کارێکیش نەما داوای کاری لێنەکەن ، بەڵام کار کەوتبوویە سەر پشتی شێران؛ بەناچاری ڕێگەی ماڵیان گرتەبەر و بەبێ وەستان و ڕاوەستان بەرەو گوندەکەی خۆیان تینیان پێدا.

ڕۆژێک لە ڕۆژان بە نێو مێرگ و زەمەندێکدا ڕادەبوردن کە تووشیان وەتووشی زەلکەیەک هات و بە قووڕ دا چوونە خوار. چی نەمابوو زەلکە قووتیان بدات، کە شۆفێری تراکتۆرێک بە هانایانەوە هات و لە باوەشی زەلکاوەکەی دەرهێنانەوە. هەر ئەودەم تێگەیشتن کە تووشی چ بەڵایاک هاتوون و لە زاری مردن گەراونەتەوە.

ڕێگەیان گرتەوەبەر و ئەوانیش هەر بەچەشنی دەیان پۆلی ڕەنجبەری دەستەوەستانی سەرگەردان، ملیان داخست و ڕێگەیان گرتەبەر. ئەوانیش چەشنی ئەوانی دیکە ئاوارە و سەرگردان بوون و لە باری ئەندام و جل و بەرگ و شێوە ڕۆیشتن و کردار و هەڵسوکەوتەکانیشیانەوە هاوچەشن و یەکسان بوون. هیچ کامیان لەوی تر کۆک و پۆشتەتر و تێر و تەسەلتر نەبوو. سەربەسەریان ڕووت و برسی و ماڵ بەکۆڵەوە بوون و گشتیان پەشۆکاوی یەک شت بوون؛ بێکاری و ڕەنج بەخەساری. نەرمە خۆڵەپۆتەی گەرمی سەرجادەکان، قاچی گشتیانی هەتا سەرپشتی پێ قوم دەکرد. مەکینەکانی دەشتی چوکورۆڤا بە جادەدا دەهاتن و خاک و خۆڵی گەرمی ڕیگەیان بە سەر دا دەپاشین. ڕەنگی ڕاستەقینەی جلکی گشتیان بەهۆی خۆڵ پرژاندنی تۆپ و تەگەری کامباین و تراکتۆری دەرەبەگان، یەک چەشن و یەکرەنگیان دەنواند؛ سەرپشتی مەکینەکان و نمای بەرگ و بەری هەژارەکان یەک ڕەنگ دەهاتنەوە.

خەڵکی هەژاری چوکورۆڤا بە تێکڕا کەساس و ماڵوێران بوون. ڕەنگی ڕوخساریان زەرد بوو. گژ و گیاکەیان بێ تین و تاو و وشک هەڵاتوو بوو. دار و

درەختەکانیان قرژ و ژاکاو و کەم گەڵا و بێ بەر و بار و ڕووتاوەوە بوون. بە کورتی هەردی بەرینی چوکورۆڤا و خەڵکە هەژارەکەی کراسێکی زەردی زەعفەرانییان پۆشیبوو.

تەرمی بێ گیان و سارده بووی ڕەنجبەرانیان لێرە و لەوێ بە چاوی سەر دەبینی کە نەرمەخۆڵی داوەریوی بیابان بەرگی بیرچوونەوەی دەبەر کردبوون. ئێوارەیەک لە دەمی تاو پەڕاناندا بە سەر تەرمی بێگیانی غەوارەیەک داکەوتن کە لە ژێر نوایەک خۆڵدا بە خەوێکی بەبێ هەستانەوە لێی ڕازابوو.. قاچ و بەلەکی ڕووت و ڕەق هەڵاتووی لە ژێر خۆڵ و خاک دەرکەوتبۆوە و ئەون بە نەرمە خۆڵ دایان پۆشی.

هاتنی مەکینە بۆ ئەم وڵاتە و جێگیربوونەکەیان، ئاڵوگۆڕیکی پڕ مەزنیان لە باری چێنایەتییەوە ىڕ دابوو؛ چینی کرێکاری زەحمەتکێش وەک تۆزی بانان و دەربەگیش وەک خانی خانان دوو بەرەی ئینسانی لە یەکتر دابڕی. بەرەی دەرەبەگ دەوڵەمەندتر بوون و چینی کرێکار و ڕەنجبەریش لە هەژاری و بێ دەستەڵاتیدا نوقوم بوون. خانی دەست ڕۆیشتوو بە کاوی دڵ شاد بوون و دارایی و توانایەکەیان دەیان قات بەرەوسەر

هەڵکشا. بەڵام تۆزی بانان سەتان قات لە جارانیش بێ ئەنواتر و بێ هیواتر مانەوە. ڕەنجبەر هەر نەک شێوەی خەبات و بەربەرەکانیی دژی بەگ و دەرەبەگی لەبیر کرد، بگرە مەکینە و ئاغاوات و زۆردارانی هەتا پلەی خودایی لێ زل بوونەوە. مەکینە و خاوەنەکەنیان لەبەر چاوی کرێکاران بەجۆرێک بەرز هەڵکشان، کە لە ئاستی ئەوانەوە کرێکار خۆی وەک بوونەوەرێکی بچووک و چرووک و بوودەڵە هاتە بەرچاو. لە ڕێگە و ڕێبازاندا هەرکە بەپەنای یەکتردا ڕادەبواردن، بەگ و بەگلەر چاوی دیتن و مەیلی ڕوانینی ئەوانیان نەبوو. گەلێک جاران کە بەلاشانی یەکتردا ڕادەبواردن، بە پێچەوانەی جارانیان، لە ترسان و لە شەرمان سڵاو و مەرحەبایی و سەباخێری و کەڕنۆشیان لە مێشکدا نەمابوو.

لە گەشت و گەڕانی بێهوودەیاندا ڕۆژێک بەو هومێدەوە سەریان بە گوندێکدا گرد کە بەشکەم نانێکی تێدا بێت و لەبرسان پێڕانەیەن؛ بەڵام لەپڕ و یەکجێ تووشیان وەتووشی ڕووتەڵە ئاغایەک هات. ڕووتەڵە ئاغاکە لە بینینی کرێکاری هەژار، خۆی سەد هێندە زلتر و داراتر و بە دەسەڵات تر هاتە بەرچاو. بە بینینی ئەوان، دنیای لێ تاریک

بوو. بەبێ هیچ هۆ و سەبەبێک تفی بە ڕووو داکردن و جوێنی پێدان و ڕەنجبەری کوێستانەکانی بە گەوج و گەمژە و نەفام و خوێڕی ناو برد. جوێنی پێدان و قسەی سووک و کاڵی پێگوتن. حەسۆک لێی دەرهەڵبوو و بۆی چوو. هاتبا ئەشقەلی باوەشی بە حەسۆک دانەگرتبایە، بێ شک حەسۆک بە خەنجەر ورگی ئاغای دادێنا و دەیکردە سفرە.

ئەو ڕۆژە، حەسۆک لەبەر کەم دەسەڵاتی و لە حەیبەتی غەدری ڕووت و ئاشکرای ڕووتەڵە ئاغاوەتێک، کەللەی لە بەژنی دارەتووی لاشانی جادەکە کوتا و بەهەموو توانای هەناوی، هەرچی جوێنی کە لە دەم و دەروونی دابوو حەواڵەی چوکورۆڤای کرد

سەری زیندوو گەلێک بەسەرهاتان دەبینێ و ئەوانیش زۆر شتیان بینی و گەلێک بەسەرهاتی نالەباریان بەسەر دا باری. برسیایەتی دەستی ماچ دەکردن و گەلێک جاران بە ڕۆژێک و دووان برسی دەمانەوە و، ئەگەر ئەشقەلی هاوڕێیان نەبوایە، ڕۆژگارەکەیان گەلێ گەلێ تاڵتر دەبوو. ئاشق لە گوندەکاندا تەنبورەکەی دەخستە هاوار و نانی پێ دەچنییەوە. هاتبا و گوندییەکان هەر وەک جاری جاران بوانایە، پێڵاوی ئاشقەکانیان لەبانی سەر و

چاو دادەنا. بەڵام گوندییەکانیش بەم گۆڕانەوە، گۆڕا بوون. تەنانەت گەلێ جارانیش هەڵدەکەوت کە دەنگی بەسۆزی تار و سەدای گەرم و دڵبلاوێنی ئاشقیشیان بەبای گوێدا نەدەچوو. جاران وا نەبوون، جاران خولیای بیستنی ستران و ئارەزوومەندی بیستنی گریانی تاری ئاشق بوون و لەبەر ئاشقەکان دەپاڕانەوە و نازیان دەکێشان کە ئاشق ستران بچڕێت و سازیان بۆ لێدا. بەڵام ئەوان لە ڕۆژ دا شەتڵانی ئارەق دەبوون و ئارەقی لەشیان ئاوێتەی تۆز و غوباری ڕێگە دەبوو و کەس بە هێندی نەدەگرتن؛ بە چەشنێک کە هەر دەتگوت بەزەیی دل دڵی مرۆڤ دا نەماوە.

لە هەر مەنزڵگەیەکی ژیانی کۆچەریدا ئەوەی کە نەیان بینی بوو، دیتیان و چاویان پێی کەوت. ئەوەی کە قەت بەسەریان نەهاتبوو، بەسەریان هات. هەمووی ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانەش بۆ ئاشق ببوون بە مایە و هەڵقوڵینی سەرچاوەی بەستە و مەقامات. ئاشق ستران و لاوکۆی لێ ساز دەکردن. لاوکۆ دەبوو بە چریکە و لە سنگی تەنبوورەکەیدا دەنگیان دەدایەوە.

ڕەنجی بێهوودە و خاکەسارییەکانیان لە بەرێک، جادەی لە تۆز مردووی دەشتی چوکورۆڤاش لە

بەرێکی ترەوە و بینینی خان و بەگلەری بەدفەڕی یانیگری داوێن پیس و، هوروژمی بێ ئامانی پەخشە و گەلێک کۆسپی خەمبارانەی دیکەشی بێتە سەرێ، هەمووی و هەمووی دەبوون بە هەوێنی بەیت و لاوکۆی ئاشق. دەنگی تار و دەنگی ئاشق سۆزێکی تریان لێ هالاّبوو؛ سۆزێک کە بیستنەکەی خەمی خەمبارانی پێ دەکرایەوە و جەرگی گوێگرانی دەهەژاند.

بەڵام دەربارەی چۆنییەتیی حاڵی یۆسف، وا باشە نە لەلای منەوە دەنگێک بێت و نە لەلای ئێوەشەوە بیستنێک؛ دڵی مرۆڤ ئەگەر لە کوچک و بەردی چیاش ڕەقتر و ساردتر بوایە، لە بینینی مەرگی سەرپێیی پیاوێکی وەک یۆسف دەژان دەچوو.

یۆسف ماوەی دوو حەوتووان بەهەموو نەخۆشی و ئازار و کەفتەکارییەکانییەوە بە شوێن یارانیدا بە ڕەکێش ڕەکیش و پێ بە پێ ئەوان دەگەڵیان ڕۆیشت. زۆرجاران گەرمای نۆبەتێ بەندبەندی ئازای لەشی دادەگرت و دەیسووتاند و دەی چرۆقاند. تاو تاویش تەزووی ساردو سڕی بەنێو دەمار و ئێسقانەکانیدا دەهاتن و چەق و چۆی دەهاتێ. دوای دوو هەفتە، هێرشی دەرد و ئازاری

توندو زۆرتری بە سەری وەربوون و ئیتر قەڵەمی قاچەکانی هێزی ڕۆیشتنیان لێبڕا و لەپێ کەوت. لە دەم و ژەمی خواردندا، لە بری خواردن، هەتا دەیتوانی و هەتا مەشکەی زگی هەڵیدەگرت لە ئاوی چوکورۆڤا کە هەر وەک خوێن گەرم و لیچق بوو، دەیخواردەوە. سەرانپای لەش و لارەکەی ئێسقانێک بوو کە هەر بەس توێژە چەرمێکی زەردەبۆری بەسەر کشابوو. لەڕێگە ڕۆیشتندا هاوڕێیان بەنۆرە لەکۆڵیان دەکرد کە بەشی حەسۆک لە هەموویان زۆرتر بوو؛ حەسۆک لە گشتیان توند و تۆڵ و بەتواناتر و گورج و گۆڵتر بوو.

یۆسف لەبەریان دەپاڕایەوە و دەیگووت: دامنێنە خوار و جێم بهێڵن! من بوومەتە سەرباری هەموو دەردو ئازار و خەمی ئێوەیش... لێم گەڕین با هەر وەک تەرمەکەی لاشانی جادە، تۆز و غوباری بیرچوونەوە قووتم بدات و لە خۆڵ و خاکی بیاباندا گوم و گۆڕ ببم...

✿✿✿

بەرلە هەموویان، حەسۆک لە خەو هەستا. بەقامکەکانی دوو دەستانەکانی پیلووی چاوەکانی هەڵکوشین و بە مشتە قورسەکانی چەند جارانی لە سنگی خۆی کوتا. بەند بەندی لەش و لاری تەزووی ژانی پێدا دەگەڕا. دوای ئەو، ئەشقەلی و مەمەدیش لە خەو خەبەریان بۆوە. یۆسف لە سەری شەوەوە هەتا بەیانی یەکچین و بەبێ پشوودان ناڵاندبووی. دەنگی نکەنک و کۆخین و ناڵاندن و هاوارکردنەکەی لەسەری شەوەوە هەتا ئەو دەمەی کە یارانی لە خەو هەستان، بەردەوام و بێ پسانەوە لە ئارا دا بوو. لەولاتریشەوە حەمەدۆک دەستی ڕاستی توونە و توونتر لە سەر باخەڵ و لە سەر دراوەکانی خزاندبوو و سەرەڕای ئەم پاسەوانییەش، چەشنی منداڵێک هەر هێندە بە ئەرخەیانی لێی خەوتبوو، کە دەتگوت منداڵێکی وردیلانەیە و لە باوەش دایەنەکەیدا خەو بردوویەتەوە.

ئاونگی شەوانە دەشتی چوکورۆڤا تۆزکاڵێک تەڕ کردبوو. پێخەف و بەرگ و بەری ئەوانیش بەئاونگی نیوە شەوانەی دەشتی چوکورۆڤا نمێکی لێ نیشتبوو. چوکورۆڤا دەهات شەو بە ڕۆژ

بگەیەنێت و چوکورۆڤایی دەهاتن لە خەو هەڵسن. لە ئاواییەکی نزیکەکەوە دەنگی قوولەی کەڵەشیر بەولات داگەڕا و چی پێ نەچوو هاڕەهاڕی کەللەتاسێنی مەکینەکانیش تەشقی بێدەنگیی دەشتی چوکورۆڤایان شکاند. لە پاشان غەڵەبایی دەنگی ئادمیزادە و دەنگی ئاژەڵ و پەلەوەریش لەم هەرایە هالان و هەڵسوران و چالاکی دەستی پێکردەوە. زۆری نەخایاند خێوەتی تەپ و تۆز و دووکەڵی مەکینەگەلیش بوو بە گرژی و ئالۆزیی هەوای دەورە بەر و جادەکانیان داگرت. لە دوو بەری جادەشەوە، دەگەڵ ئەنگوتنی یەکەمین تاڵەتیشکی زێڕینی خۆر، پەل و پووشی وشکی خەزەڵ و گژ و گیای مەزراکانیش ترووسکەی هەتاویان پێدا گەڕا. لە دوورە دەستانەوە و لەو دیوی چیای «گاور»ەوە تیشکی خۆر یەک بە باوەشی ئاسۆ، سەری هێنایە دەر.

مەڵبەندی «یوری یەری» لەبناری چیای گاور دا مەڵبەندێکی بەخێر و بێر پڕ بەرەکەتە. سەرتانسەری زەوی و زارەکەی ئەوەندە خۆش بەرهەمە، کە هەر دەڵێی ئەندامی ئافرەتی جحێڵی تازە پێگەیشتوویە و گەرم و نەرم و لە دەستان خۆش. لە ناو خەڵکەکەدا باوە دەڵێن کە « ئەگەر

له مەزراکانی یوری یەریدا کوچک و بەرد بچێندرێت، کوێره ناکات و بەرهەمی باشی لێ چی دەبێت. لەو مەڵبەندەدا و لەو خاکە پڕ پیت و بەرەکەتە دا، بەرهەم و بەر و بوویەک سەر لە زەوی دەردەێنێت کە پلینگی تەلانان یارا و توانای بڕێن و پێشێل کردنی نییە و نابیێت. لە هەر دەنکە توویەک، سی و چل و پەنجا دەنک بەرهەم دێنێتە بار. کاتێک کە لەو مەبەندەدا و لە وەرزی پاییزان، گوڵ پەمبۆ دەم دەکەنەوە، سەرتانسەری مەڵبەندی یوری یەری چەشنی زیوترووسکەی پێدا دەگەڕێت.»

حەسۆک بە نووکی پەنجەی پێ لە پشتی حەمەدۆکی دا و ڕای تلەکاند: هەستە کوڕی سەگ! وا دیارە فێری چێشتە خەوانیش بووگی... ئێستا لێمان بۆیتە کەکیک خان و ...

ئەشقەلی بەدەمی داهاتەوە و تێی ڕاخوڕی: حەسۆک هەموو ڕەوشتەکانت باش و پەسندن، خۆزگە هەر ئەمەت نەبوایە و هێندە ئەو کوڕیژگەیەت ئازار نەدابایە!... حەسۆک گوتی: ئاخر لە دەوری سەرت گەڕێم ئاشق دە ئەتۆش بڕوانە و ببینە چلۆنی لێ خەوتووە و چلۆن دەستی ناوەتە سەر پووڵ و پارەی گیرفانی؛ هەر دەڵێی

سەت تەڕیدە و دز و ڕێگر خۆیان لە پارەی باخەڵی ئەو ئامادە کردووە... پێی وایە زێر و گەنجی قاڕوونی لە باخەڵدایە...

ئاشق قسەی لە دەمی حەسۆک ئەستاندەوە و گوتی: هەموو ڕەوشتەکانت باش و پەسندن حەسۆک... هەر بەس لەمە تێنەگەیشتووی کە حەمەدۆک قەت قەتی پارە بەخۆیەوە نەبینیوە... لەوانەیە ئەمە یەکەم پارە بێ کە لە ڕەنجی باسکی خۆی دیویەتی... برا گیان قەت چاوی بە پارە و پووڵ نەکەوتووە... بە زۆرەملی ئێش ناچێتە پێش براکەم!

جگە لە مەمەد، ئەوانی دیکە بە گشتی لەم گەڕان و خولانەوە بێ بەرهەمە تووڕە و ماندوو بوون و بەتێکڕایان ئامادە و لەسەرپێ بوون بۆ دەرچووون لە چوکورۆڤا و گەڕانەوەی نێو ماڵ و منداڵەکەیان، بەڵام هەر تەنێ مەمەد بوو کە نەیدەویست دەستبەرداری چوکورۆڤا ببێت و بە دەسبەتاڵی بگەڕیتەوە ناو ماڵ و منداڵانی.

زۆر جاران بە تێکڕایی ڕێگەی ماڵیان دەگرتەبەر، بەڵام مەمەد پێی دادەگرت و دەگەڵیان نەدەکەوت. ئەو ڕۆژەش گشتیان خۆیان تێکنابوو بەرەو وڵات بگەڕێنەوە، هەر ئەودەمیش مەمەد پێی چەقاند و گوتی: برادەرینە ئەگەر ئێوە لەسەر گەڕانەوەن و دەخوازن چوکورۆڤا جێ بهێڵن، منیش دەگەڵتانم بەڵام ئێوە سەیرێکی ئەو گوندەش بکەن کە یەکجار زنوێر و پڕ سەوزەڵانییە و زۆریش دوور نییە؛ با ئەو گوندەش بە تاقی کەینەوە و ئەگەر لەویش دەستبەتاڵ گەڕاینەوە، ئەوا بەرو ماڵ دەبینەوە.

ئەوان ئەو ڕۆژە هاتبوونە سەر ئەم قەناعەتە کە ئیتر دەرگای ماڵی هیچ چوکورۆڤاییەک نەتەقێننەوە و ئیدی چیدی دەستی نیاز لەبەر ئەم

دەرگە و ئەو دەرگایە ڕانەگرن. بەتێکڕا هاتبوونە سەر ئەم ڕا و بۆچوونە کە  کار و ئیش وشکاوی هاتووە و خولانەوەی دەشتی چوکورۆڤا بێ کەڵکە و تەواو !

یۆسف بە ڕوودا کەوتبوو، دەینالآند و جار جار دەکڕووزایەوە و هاواری دەکرد. حەسۆک هاتە سەر جەستەی و تێی ڕۆهات کە بە کۆڵی دا بدات، بەڵام یۆسف بە لینگەفرتە و چنگە پرچەیەکی هەر ئەوەندە توند و تیژ، کە لە ناسازێکی کەساسی مردەلۆخەی وەک یۆسف نەدەوەشایەوە، بەدەم ناڵین و هاوارێکی شەڕانیەوە گوتی: وازم لێ بێنن!... لێم گەڕێن و چیدیکەم بە شان و کۆل و باوەشان هەڵمەگرن. من خۆم لە خۆم بێزراوم و بوومەتە چل و فلی سەر شان و شەپیلکی ئێوەش... بەسە ئیدی چیتر ناخوازم... وازم لێ بێنن. من خۆم دەتوانم بەڕێگەدا بڕۆم... دامبەزێنە... ئەگەر دەستم لێ هەڵنەگری دەمردم و گیانم دەردەچێت.

ئەشقەلی لە بەری پارایەوە و گوتی: مەکە برا گیان! تۆ نەخۆشی و توانای ڕێگە ڕۆیشتنت نییە.... بەسە براگیان... دەبینی کە ئەوا ئێمە بەرەو ماڵین و خۆمان بۆ ڕۆیشتنەوەی ماڵ تێکناوە.

دڵدانەوەی ئاشق لەسەرتادا چاوترووکانێک دڵی یۆسفی نەرم کرد، بەڵام لەپڕدا لەسەر کۆڵی حەسۆک خۆی ڕاپسکاند و ویستی وا بنوێنێت کە بە توانایە و دەتوانێ بەپێی خۆی بەڕێگەدا بڕوات. حەسۆک لێی دەرهەڵبوو و لە کۆڵی خۆی داڕنی و بە هەردی دادا.

مەمەد لە لایەک و ئەشقەلی لە بەرێکی ترەوە ژێر باڵی یۆسفیان گرت و بەشوێن حەسۆک دا وەڕێ کەوتن. قاچەکانی یۆسف تێکدەهاڵان و لەژێر لەش و لاریدا دەنووشتانەوە. ماوەیەکی کورت هەر بەم نەزم و جۆرە ڕێگایان بڕی. بەڵام لەپڕدا هەر دووک ئەژنۆی یۆسف کەوتنە سەر زەوی و ئەگەر ئاشق و مەمەد یاریکاری نەبوانایە و ژێر باڵیان نەگرتبایە، بە ڕوو دادەکەوت. مەمەد تێی ڕۆهات و بە کۆڵی دادا.

حەمەدۆک وەدەنگ هات و گوتی: ئەگەر لەت لەتم کەن و خاشەکێشم بکەن دەرگای مای کەکیک خانەکان بە ڕوووی خۆمدا ناکەمەوە. لێمگەڕێن با لە دەشتی چکورۆڤادا لە برسان و لە تونییایەتی بمرم و ڕەق هەڵیم، بەڵام سێبەری پیس و دوژمنکارانەی ئەو خانەدانەم بەسەردا نەکشێتەوە... تۆ ڕات چۆنە ئاشق گیان؟

ئەشقەلی گوتی: گەر منیش لەجێی حەمەدۆک دا بوامایە، هەر وەک تۆ چەپەرم بەلایانەوە دەنا و قەتم ڕوو تێنەدەکردنەوە. بەڵام ئاخر منیش بە سەد جێگە بریندارم و خاوەنی کۆشێک خێزانم و بە حەفتا جێگە بەند و بریندارم...

حەمەدۆک گوتی: مزە و مافی دەستڕەنجم پێنادەن کە هیچ، بیراز و ئەشکەنجە و لێدان و کوتانی گشت ڕۆژانیشم لەبیر ناکرێت.

مەمەد بە ئەو پەڕی پەرێشانییەوە گوتی: ئەدی من چبکەم و چۆن بە گیرفانی بەتاڵەوە بەرەو ماڵ و منداڵانم بچمەوە؟ چلۆن چاوم لەبەریان هەڵبێت و وەڵامی ویست و داخوازیەکانیان چلۆن بدەمەوە؟!

ئاشق گوتی: ئەوە چییە مەمەد؟!... ئەوە دیسان چ خەونێکت بینیوە و هەوای چ سەوادیەکت لە کەللەدا پەروەردە کردووە و خەریکی بەرەو کوێمان بەریت؟

حەسۆک بە تووڕەیی گوتی: ئەگەر هەر ئیستێ و لە بەر دەمم کانگای ئیش و کار بە لێشاو هەڵبقوڵێت و پێم بڵێن کەڕەم کە حەسۆک ئەمەش کار، شەرت بێ بە شەرتی پیاوان خۆمی لە قەرە نەدەم و ڕووی تێنەکەم. ئیتر بۆ حەوت پشتم بەسە. خودا لەو سەرەوە ئاگادارە کە من ڕێگە دەگرم و

دەڕۆم و ناگەڕیمەوە؛ تەنانەت بۆ دەمژمێریێکیش لەم چوکورۆڤا کاول بووە نامێنمەوە... هەموو چوکورۆڤام بە مەکینە قەدەم نابەخێرەکانیشەوە بدەنێ نامهەوێ نای خوازم و دەڕۆمەوە...

ئاشق و حەسۆک شان بە شانی یەکتر دەڕۆیشتن. مەمەیش، یۆسف بەکۆڵەوە چەند هەنگاو لەوان دواتر بەڕیگاوە بوو. یۆسف سیس و داچۆڕاو، ملی بە لایەکدا شۆڕ ببۆوەوە و هیچ دەنگ و سەدایەکی لێوە نەدەهات. ئاشق گەڕایەوە و لێی نزیک کەوتەوە و سەیرێکی سەر و ڕوخساری کرد و ڕوو بە حەسۆک، بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: یۆسف زۆر ناساز و پەرێشانە و ملی بەلاداکەوتووە... خودا خۆی زانا و دانایە کە... خۆزگە دەگەیشتەوە زێد و نیشتمانەکەی خۆی و لەلای ژن و منداڵەکانی ...

حەسۆک گوتی: من دەستم لێ شوردووە و ئەقڵ پێم دەڵی کە زیندووبوونەوەی زەحمەتە و ناگاتەوە گوندەکەمان و دەمرێ... بەڵام دڵیشم هەڵیناگرێ کە لە دەشتی چوکورۆڤادا جێی بهێڵین و بڕۆین...

ئاشق بە خەم و خەسارێکی زۆرەوە گوتی: دەردێکی گرانە!

حەسۆک بە تووڕەیی گوتی: دەردی گران هەر ئەودەمەیە کە دەگەڕێینەوەی ماڵ؛ ئەو دەمەی کە

ژنگەل بە پێشوازمانەوە دێن و، ژن و منداڵی یۆسف سەر و سۆراغی مێردەکەیمان لێدەکەن؛ کە منداڵەکانی لە دەور و بەرمان کۆ دەبنەوە و لە باوکیان دەپرسن کە چی لێ بەسەر هاتووە. ئەودەم چ خالێک بەسەر خۆمان بکەین و چی بێ جوابمان؟... خۆزگە یۆسف ئەوەندە خۆی ڕاگرتبایە کە بەماڵ و حاڵ و ژن و منداڵەکانی خۆی گەیشتبایەوە... خێرمان لەسەرە یۆسف بە زیندوویی بگاتەوە ماڵ.

ڕۆژ بەرەو تاوپەڕان کلی دەکرد، بەڵام ئەوان حەوجێ بە خۆر ئاوابوون و شەو بەسەرداهاتن نەبوون. هەنگاوەکانیان بەرەو ماڵ خێراتر و بەتواناتر و بوێرانەتر بوو. گەیشتنە مەزرایەکی پان و بەرین کە ئەوسەر تا ئەو پەڕی بە پەمبۆ داچێندرابوو. دێڕاوەکان شان بە شانی یەک و زۆر ڕێک و پێک هەڵچندرابوون. ئەم نەزم و میزانە نیشانی دەدا کە مەکینە شەقڵی شکاندبێ و تۆمی پەمۆی تێدا چاند بێت. چڵ و تولی شلک و ساوای لۆکە بەژنی ناسکیان بەرز کردبۆوە و ئاسۆ تا ئاسۆ بە دەم شنەی ئێوارەدەمان دەلەرانەوە و ڕادەژان.

مەمەد لە سەر خۆڵی نەرمی شانی جادەکە دا، زۆر بە ئاسپایی یۆسفی بێ حاڵی لە کۆڵ دابەزاند

و زۆر بە شێنەیی لە سەر پشت ڕایکشاند. ئاشق باڵاپۆشەکەی خۆی خستە ژێر جەستەی و گوتی: هیچ نەبێ با ڕایەخێکی بە ژێرەوە بێت و لە سەر خاک و خۆڵ گیان نەدات.

یۆسف بێ هۆش و گۆش لە بێحاڵیدا بوو. جارجارە قاچی لەبەریەک دەکێشاوە، دەلەرزی، وڕێنەی دەکردو سەرلەنوێ قاچی هەڵدەکێشایدەوە. ڕەشکێنەی چاوەکانی لەژێر پیلووی چاودانیدا ون ببوون و هەربەس سپێنەی چاوەکانی دەبیندران.

مەمەد گوتی: ئاشق دەنگت بێ باوان گیان... ئاهێک، نزوولەیەک، دۆعایەک و پاڕانەوەیەکی بەرەو بارەگای یەزادان بنێرە ئەگینا لەوانەیە لە دین و ئایینەکەش بێ بەری ببێت و بەبێ ئیمانی ئەم کاولە دونیایە جێ بهێڵێت...

ئاشق بە گوێی مەمەدی کرد و دەستی کرد بە دۆعا خوێندن و پاڕانەوە.

ئەو شەوەش ئاگریان کردەوە و بەبێ چاوگەرم کردن و خەوتن هەتا ڕۆژ لە ژوور سەرینی یۆسف دیدەوان و هەستیار دانیشتن.

بەیانی زۆر زوو یۆسف چاوەکانی کردنەوە. دیار بوو تۆزکاڵێکیش هاتۆتەوە جێ و چاوان دەگێڕێت. حەسۆک خێرا لە جێ هەستا و یۆسفی بە کۆڵ دادا

و گوتی: به هیوای خودێ به کۆڵی منەوە دەرد و ئازاری لە کۆڵ دەبنەوە و بە پێی خۆی بەرەو ژن و منداڵەکانی دادەگەڕێتەوە.

بەڵام هەر ئەو ڕۆژەش بەکاتی نیوەڕۆیە یاو و تێیەکی گەلێک قورستر دایگرتەوە. پەرێشانتر لە جاران هەڵدەلەرزی. تەقەتەقی ددانەکانی یەکدەم نەدەسروتن.

حەسۆک گوتی: لە کۆڵمی دانابەزێنم؛ ئەگەر هی مردنە لێبگەڕین با بە کۆڵی منەوە بمرێت. دەڕۆین و مەودا ڕێیەکی ئەوتۆشمان نەماوە کە لە دەشتی چوکورۆڤا بچینە دەرێ. هەرکە چوکورۆڤا جێ بهێڵین و شنەی خاوێنی چیاکانی لای خۆمان بە لووتی یۆسف دا هەڵبکشێ، دڵنیام کە زیندوو دەبێتەوە و بەپێی خۆی بەرەو ماڵ هەلینگ دەدات.

لە بەری ڕاستیانەوە و بە ماوەی سەعاتە ڕێیەک ئەولاتری جاددە، لە نێو دارستانێکی سەر سەوز دا گوندێکیان هاتە بەر چاو. مەمەد بە پڕتاو خۆی گەیاندە ئەشقەلی و باسکی گرت و گوتی: ئاشق تکایە تۆ گوێ مەدەرە ئەم حەسۆکە شێتە، یۆسف بەکۆڵی ئەو گەوجە پیاگەوە دەمرێت و خوێنی ئەومان دەکەوێتە ئەستۆ. دڵنیام و دەزانم کە ئەتۆش چاوت بەرایی نادات کە تەرمی یۆسف لە

کرِاڵ و چۆلگەی وڵاتێکی نامۆی وەک چوکورۆڤادا تەسلیم بە خاک بکرێت. تۆ گوێ مەدەرە قسەی حەسۆک... تۆ پێیان بڵێ با سەرێک لەو گوندە هەڵبێنینەوە.

ئەشقەلی گوتی: نەء... نەخێر... نابێ! ئەگەر یۆسف لە مردنە و فەرمانی مردنی دراوە، با بە کۆڵی حەسۆکەوە گیان بدات...

ـ مەردی خودای بە ئاشق! یۆسف دەمرێ و لە دەستمان دەچێت. لێبگەڕی با لەو گوندە و لەنێو ئاوەدانیدا بمرێ و لە گۆڕستانی ئەو گوندە خنجیلانەیەدا بنێژرێت... تۆ سەیری کە... سەیری ئەو گوندە بکە و ببینە چەندە ڕازاوە و خۆش دیمەنە. ئێمە بۆیە هاتووینەتە چووکورۆڤا کە شتێک پەیدا بکەین. ئێرە گوندێکی ئاوەدانە و ...

ئەشقەلی گوتی: پیاو کە مرد، لەشی ساردەوە بووی لە ئاودانی بنێژرێت یان لە چۆلگە، هیچ جیاوازیی تێدا نییە و مردوو هەست بە جێگا و مەکان ناکا و بۆی هەر یەکە...

مەمەد بە هاوارەوە گوتی: گوندییەکان تەرمەکەی هەڵدەگرن و شۆرین بە ڕەسم و یاسای ئایینەکەمان دەی شۆرێت و خەڵات پێچی دەکەن و لە گۆڕستانەکەی خۆیان تەسلیم بە خاکی دەکەن.

ئەشقەلی وەرامی دایەوە و گوتی: هیچ بڕوام پێیان نییە. ئێرە چوکورۆڤایە و ئەوانە چوکورۆڤایین. خەڵکی ئاران تەرمی زۆزانییەکان وەخۆ ناگرن لالۆ!

مەمەد بە هەوا دەنگێکی پاڕانەوە گوتی: ئاخر ئاشق بۆچ پێمی نالێی کە ئەمە چ گەڕانەوەیەکە؛ بە دەست بەتاڵی و مافنگی و ڕوووت و برسی بەرەو ماڵ گەڕانەوە چ واتایەک دەبەخشێت؟!... ئەرێ تۆ بەمە دەڵێی گەڕانەوە؟! چۆن چۆنی جوابی خەڵکی گوندەکەمان بدەینەوە؟ چلۆن چاومان لەبەر ژن و منداڵانمان هەڵبێنین؟...

ـ چ کەردەن برا گیان؟ ئەرێ ئێمە هیچ دەسکەوت و داهاتێکمان وەدەست هێناوە کە لە قومار دا دۆڕاندبێتمان و سەرشۆڕ و ملەکەچی دەرو جیران و ژن و منداڵانمان ببین؟!

مەمەد گوتی: ئاشق گیان! برای شیرین ! دەستەکانت ڕادەمووسم و قاچەکانت ماچ دەکەم تۆ چاوێک هەڵێنەو سەیرێکی ئەم گوندە قشپیلانەیە بکە... پڕی دار و درەختە و سەوزەڵانییە. لەوەتی چوکورۆڤامان بست بە بست پشکنیوە، ئەرێ هەتا ئێستاکە قەت گوندێکی ئەوتۆ پڕ دار و درەخت و خۆش دیمەنت بینیوە؟! من بە دڵم داهاتووە کە ئەم

گونده ناهومێدمان ناکات... ئەگەر ئیشمان دەست نەکەوت، ملم بۆ تۆ ئازادە و لە ملم بدە.
حەسۆک وەرچەرایەوە و بە تووڕەیی گرماندی: ئەوە دیسان بۆچی گڕنەت گرتووە و خەریکی ئاشق لە خشتە ببیەیت هەی حووجی درێژداهۆڵی داردۆژەنگ؟... وەڵاهی قاچم کل ناکەم و هەنگاوێک بەرەو هیچ گوندێک هەڵناهێنمەوە. من نایەم! هەرچی بەسەر ئێمە هاتووە و هەرچی کێشاومانە هەر هەمووی لە ئاکامی پێداگرتنە بێ کەڵک و بێ ئاکامەکانی تۆ بووە مەمەدە حووجە... ئێوە بڕۆن، من نایەم!
مەمەد باسکی حەسۆکی گرت و نزاخوازانە لەبەری پاڕایەوە: گوێ بگرە برا گیان... ئەم چارە ڕەشەی بە کۆڵت داداوە خەریکی گیاندانە و دەمرێت؛ لێبگەڕێ هیچ نەبێ با لەم گوندەدا قاچ ڕابکێشێ و بەئاسودەیی گیان بدات. یۆسف فەقیر و هەژارە، با لە گۆڕستانێکدا گۆڕێک پڕ کاتەوە و گڵکۆیەکی هەبێ... خودا هەڵناگرێ کە ئەم داماوە بەکۆڵی تۆوە بمرێ حەسۆک! ئەتۆ سەیرێکی ئەو گوندە سەرسەوزی بکە حەسۆک... تۆ پێم بێژە هەتا ئێستا و لە سەرتانسەری چوکوروۆڤا دا گوندێکی ئاوا زنوێر و سەرسەوز و پڕی دارو درەختت بینیوە؟...

سەرسەوزە و  پری دار و درەختە و خۆش دیمەن؛ بێ شک لەو دێیەدا ئیشێکمان دەست دەکەوێت حەسۆک. ئەگەر ئیشمان دەست نەکەوت خوێنم حەڵالت بێ.

ئەمجار ڕووی دەمی دە ئاشق کرد و هاواری بۆ ئەو برد و گوتی: ئاشق گیان تۆ گوێ مەدەرە قسەی ئەم پیاوە شێتە... من بە دڵم داهاتووە کە لەم گوندەدا بە سەر ئیشێکی باشدا دەکەوین و تۆڵەی دەستبەتاڵیمان دەکەینەوە. تۆ لێی بڕوانە و ببینە چەندە سەر سەوز و چیها پڕی دار و درەختە!

ئاشق گوتی: چ بزانم براگیان... بڵێم چی مەمەد!... خۆزگە گوێی کار و ئیشێکمان دەکەوتە دەست...

حەسۆک گرماندی و بەتوڕەیی گوتی: ئەوە لە خشتەی بردی ئاشق گیان؟!... ئەو دیسان فریوی ئەو گێلەپیاوەت خوارد و دیسان دەتەوەی لەم چوکورۆڤایەدا ئاوارە و سەرگەردانمان بکەیت ؟!

مەمەد پاڕایەوە و گوتی: دە دەوری سەرت گەڕێم حەسۆک تۆ سەیرێکی ئەم بەهەشتە بکەو ببینە چەندە سەرسەوز و خۆش کەشم و دڵگرە، هەردەڵێی پارچەیەک لە بەهەشتە... دڵنیابە لێرە ئیشمان

دەست دەکەوێت و تۆڵەی ڕەنج بەخەساریمان دەکەینەوە.
حەسۆک شریخاندی: من نایەم و ئێوە دەچن ئارەزووی خۆتانە و بچن... من نایەم.
حەسۆک کەوتەوە ڕێ و ئەوانیش بە شوێنیدا ڕۆیشتن و هەر تەنێ حەمەدۆک جێما. مەمەد لێی وەرسووڕایەوە و شریخاندی بە سەریدا: گورج بە... هەڕاکە ...
حەمەدۆک بە پڕتاو خۆی گەیاندە مەمەد و تامەزرۆیانە چاوەڕێی فەرمانی مەمەد شان بە شانی ئەو ڕێگای گرتەبەر.
مەمەد گوتی: من دەگەڵ ئێوەمە و پێتان دەڵێم کە لەو گوندەدا ئیش چاوەڕێمانە. گوندێکی ئاوا تەڕ و تەمیز و پڕی دار و درەخت، جێگەی حەسانەوەیە و لەوانەیە یۆسف ئاهێکی خۆشی بێتەوەبەر و زیندوو بێتەوە. ئەگەر لە مردنیش بێت، با بە ئارامی گیان بدات و لەم هەڵتەک هەڵتەکەی سەر پشتی حەسۆکە شیتیش دەبێتەوە.
مەمەد دەگەڵ پاڕانەوەی و کەم کەمە بۆغز گەرووی گرت و گوتنەکەی هەوای گریانی دەدا. وەک ئەوەی کە کوڵی گریانێکی گەرمی لە ئەوکدایە و دەخوازێت یەک بە چۆلگە و پڕ بەدڵ

بە سەر یۆسف دا بگری. لە ژێر لێوانەوە و بە ئەسپایی گوتی: بۆچی ڕەحمێک بەو هەناسە سارده ناکەن. ئاخر مەگەر ئەویش لە ڕەگەزی خۆمان و هاو دێیی خۆمان نییە؟! بۆچ مەگەر نان و نمەکی یەکترمان نەکردووە و لە خەم و خۆشی یەکتردا شەرێک و برابەش نەبووینە؛ ئەی کوا بەزەییتان؟!... دە وەرن با سەرێک لەو گوندە هەڵبێنینەوە و هیچ نەبێ لەژێر سێبەری فێنکی دار و درەختەکەیدا پشوویەک تازە بکەینەوە و نەختێک بحەسێینەوە... بەچی دیارە کە مزگەوتێک و کانیاوێکی چەشنی کانیاوەکەی«مەریەم چێڵ»ی شفابەخشی لێ هەبێت و شفابەخشی نەخۆش و کەلەلایانیش بێت.

هەتاو زۆر بە هێوری لە پانتایی ئاسماندا ڕێغەی دەبڕی. سوورەتاو بە هەموو توانایی خۆیەوە لە بانی سەریانەوە گەرمای بەسەر دا دەباراندن. ئەوانیش دەڕۆیشتن و بەرەبەرە لە گوندە پڕلە شینکە و سەوزەڵانییەکە دوور دەکەوتنەوە. مەمەد لە داخان هەر بە چەشنی ئەسپەندەری سەر ئاگرنراو هەڵبەز دابەزی بوو. بەڵام زۆر بە ناچاری و بە نابەدڵیش بە دوایاندا دەڕۆییشت. بەدەم ڕۆیشتنەوە، وەک چۆن مەلا و مجێور بانگ دەدەن،

ئەویش دەنگی بەرز و نزم دەکردەوە و دەیگووت: وەیش ش ش یۆسفی داماو، وەیش!... وەیش کە چەندە پیاوێکی ڕووح سووک و لەبەردڵان بووی براگیان!... ئەرێ هاوڕێیان ئێوە و خوداکەتان ئەمە دەردی سەردڵان نییە کە بەم سوورە هەتاوە ڕێگەی ئەم وشکە هەردە سووتاوەتان گرتۆتە بەر و سەیرێکی ئەم بەهەشتەی ژێروو ناکەن؟!... ئەرێ ئەگەر یۆسف لە ڕێدا گیان بدات، چلۆن ئەم هاوڕێیەتان لەم سەرزەمینە سووتاوەدا دەنێژن و جێی دەهێلن؟ ئەم زەردەگەرمایەی کە وەک تیژاو دار و بەرد دەسووتێنێت، چلۆن نایگۆڕنەوە بە گوندێکی فێنکی پڕ ئاوی ساردی کەللە تەزێن؟ ... سەد داخ و هەزار خەم و حەسرەت بۆ تۆ یۆسف ...

حەسۆک هاواری کرد و گرماندی و گوتی: بە کافری بمرم و لە دین وەرگەڕێم، مەمەد ئەتۆ بۆ یۆسف ناگری! بەڵام با منیش دڵنیات بکەم کە یۆسف لە کۆڵی خۆم دانابەزێنم و دەیگەیەنمەوە کوێستانەکانی بەری خۆمان؛ جا چ بەزیندوویی چ بە مردوویی... دەیگەیەنمەوە دەم کانیاوە ڕوون و زوڵاڵەکانی بەر نیساری دۆڵ و دەرە و داوێنی چیاکانی بەری خۆمان. هەرکە گەیشتینەوە وێندەرێ، سا دەیبینین کە بۆنی خاسە پنگەی دەم

دەراوی کانیاوەکانمان و بەرامەی گوڵی وەنەوشەی دوو بەری جۆگەلەی جۆباری کوێستانەکانمان چلۆن یۆسف زیندوو دەکەنەوە !

ئاشق ڕووی کردە مەمەدو گوتی: گوێ بگرە برای شیرینم مەمەد گیان! ئێمە دەشتی چوکورۆڤامان بست بە بست تەقاندۆتەوە و بە بەردەرگای گەلێک ماڵاندا، هەر تەنیا بۆ لەتکە نانێک، گەڕواین و سواڵمان کردووە. بەڵام خۆت باش دەزانی کە ئێمە ئەم کاولگەیە بە ماندوویی و دەسبەتاڵی و شەرمەزاری جێی دەهێڵین و بەبێ هیچ دەسکەوتێک دەگەڕێینەوە ماڵ ...

مەمەد بە کوڵی گیانەوە گوتی: بەڵام ئەو گوندە گەلێک سەر سەوز و پڕ دار و درەختە...

ئاشق لە وڵامدا گوتی: ئێ باشە برا گیان با پڕ دار و درەخت بێ... با بەهەشتی بەرینی دەشتی پەروەردگار بێ ... ئاخر نانی تێدا نییە باوکەکەی باوکم...

مەمەد لە سەر جێگای خۆی ڕاوەستا و ڕووی کردە هاوڕێیان و بە دەنگێکی بەرز گرماندی: حەسۆک بڕوانە... ئاشق بڕوانە... بڕوانە حەمەدۆک... گوێت لێ بێ یۆسف.

گشتیان ڕاوەستان و گوێچکەیان بۆ گوتاری مەمەد شل کرد. مەمەد بە ڕاوەستانی ئەوان و شل کردنی گوێچکەیان بۆ گوتارەکەی، دەمی بۆ قسەکردن خۆش کرد، بەڵام هەر لە سەرەتای گوتندا، قسەی لێ ئاڵۆز بوو و دەمی لە گوتن کەوت. ماوەیەکی کورت، نە لە مەمەد دەنگێک و نە لە یارانی قسەیەک .

دەور و بەریان کڕاڵ و چۆڵەوانی و بێرون و بیابانێکی کاکی بە کاکی بوو. داوێنی دەشتی ئەوسەر نادیاری بەردەمیان هەتا ڕوخی دەریای سپی، لەبەر سوورەتاو ترووسکە و تروایلکەیەکی گووشراوی خەستی هەبوو. هەتا چاو هەتەری دیتنی هەبوو هەر ساکە دەشتێکی ڕەقێنی تاوسووت بوو کە هەر بۆز دەچۆوە. لە دوورە دەستانیشەوە، لەبەری ئاسۆی بان سەری دەریای سپییەوە، بۆرە شینایییەکی کاڵی کەم ڕەنگ دەهاتە بەر چاو. لە خوارووی ئەو ڕەنگە شینە کاڵە دا لێڵایی سفرە مژێکی لۆکەیی بە سەر هەردی دوورەدەستاندا پان ببۆوەوە.

مەمەد ملی درێژی بۆ لای حەسۆک وەرسووڕاندەوە و بە ئارامی گوتی: وای دابنێ کە گەیشتووینەوە گوندەکەی خۆمان و هەر ئێستێ لە

گردەکەی بەرماڵاندا خەریکین بەرەو ئاوایی شۆڕ دەبینەوە؛ ژن و ژاڵ و منداڵ گوندەکەمان بەتێکڕایی بە پێشوازمانەوە دێن...

حەسۆک گوتی : بەڵی دەمان بیین و بۆمان دێن.

مەمەد گوتی: ئەدی چی بێ جوابمان و چۆن چیرۆکی دەستبەتاڵیی خۆمانیان بۆ بگێرینەوە؟!

حەسۆک وەڵامی داوە: دەڵێین چووکورۆڤا خاپوور و نوقمەسار بوو و ئێمەیش دەستبەتاڵ و مافنگی هاتینەدەر.

مەمەد نەک لێبڕاوانە، بەڵکە بە گاڵتەجاری و بە پێکەنینەوە گوتی: هەر ڕەپ و ڕاست ئەوتۆیان پێ دەبێژی حەسۆک ؟!

ئەشقەلی: باشتر نییە ڕاستیەکەیان پێ بێژین باوان گیان!

مەمەد: ئەدی منداڵەکان چی... جوابی ویستی منداڵەکان چلۆن بدەینەوە؟!

ئاشق گوتی: دەڵێین زەوی قەڵەشی و چوکورۆڤای قووت دا .

مەمەد گوتی: من چلۆن چاوم هەڵبێت لە دەمی گەیشتینەوەمان و تۆقە دەگەڵ ماڵ منداڵ، بە دەستبەتاڵی لە هەمێزیان بگرم و هیچم پێ نەبێ پێشکەشیان بکەم؟!

حەسۆک، یۆسف بە کۆڵەوە بە دەنگێکی کڕ و تووڕەوە گرماندی: هەرکەس ژن و منداڵەکەی خۆی لە هەموو کەس باشتر دەناسێت و دەزانێ چلۆنیان تێبگەیەنێت... دەزانێ و دەتوانێ پێیان بڵێ کە کاروانەکەیان بە باری بێ خێریدا کەوتووە و هیچ دەسکەوتێکی لێ هەڵنەوەریوە و تەواو!

مەمەد لە پاش سەریانەوە هاواری کردێ و گوتی: بڕۆ! ... بڕۆ جەهەندەمت پێ پڕ بێت! بڕۆ با ژن و منداڵە هەناسە ساردەکەت لە سای سەری تۆوە و بە درێژایی ساڵ ، با هەر بە ڕەش و ڕووتی و هەژاری ساڵ بەرنە سەرێ.

مەمە لە نێوەڕاستی جادەی پڕ لە نەرمە خۆڵدا چەقی و بە تووڕەیی دەستەکانی بەرەو هەیسۆک ڕاوەشاند و گرماندی بەسەری دا: ئۆهۆی حەسۆک ڕاوەستە و گوێ بگرە با پێتی بڵێم کە ئەوە ئەتۆی یۆسف بە دەستی زۆر بەرەو نەمان دەبەیت؛ خوێنی یۆسف دەکەوێتە ئەستۆت... ئەو گوندە جێی حەسانەوەیە و لەوانەیە پیر، وەجاغزادەیەک، مەلایەک، پیاوچاکێکی تێدا هەڵکەوێت و نووشتەیەکی شفابەخش بۆ یۆسف بنووسێت و خوداش ڕەحمێکی پێ بکات و زیندووی بکاتەوە. بەچی دیارە هەر خەڵکی گوندەکە ڕێگایەکمان بۆ

دەست نیشان نەکەن کە دەرمانی دەردی یۆسفی لێ بێت و بۆمان ساغ بکەنەوە. ئێمە بەچی بزانین کە شنەی گیان بووژێنی ژێر سپیدار و قەزوان و پۆلە شیلانانەکانی ئەو گوندە دەرمانی دەردان نەبێت و هەرچی ئازارە لە کۆڵمانی نەکەنەوە... تۆ بڕوانە شیناورد و سەرسەوزیی ئەم پارچە بەهەشتە بەخەونیش نەبیندراوە. لەوانەیە لەباوەش ئەم پەڵک و سپیدارانە دا زنەی ساردو دەغەزپەڕێن، جۆگەلەی بەنێو سەوزەڵانییەکاندا کردبێتەوە. چ بزانین کە ئەگەر یۆسف لاوێچە ئاوێکیان لێ بخواتەوە، هەر بەچەشنی ئێمە هەستێتە سەر پێ و لە کار و خەبات دا هاودەستمان بێت.

هەرچی مەمە گوتی و هەر هاوارێکی کە کردی، کوورەی تووڕەیی حەسۆکی زیاتر دەماند.

کوڵی گەرما و قورسایی لەشی نیوەگیانی یۆسف لەلایەک و هات و هاوار و هەڕەشەی مەمەدیش لە بەرێکی ترەوە، تەنووری دەماوی حەسۆکیان پتر نێڵ دەدا.

ئەوان بە تێکڕا دەڕۆیشتن و مەمەدیش زۆر بە بێدڵی و زۆر بە زەحمەت لە پاش سەریانەوە خۆی بۆ ڕەکێش دەکرا. لە ژێر لێوانیشیەوە هەر ورتەی دەهات و هاوڕێیانی خۆی بەڕەفیقی نیوەڕێ ناو

دەبرد. حەسۆکیش لە ژێرباری قورسی یۆسفی نیوەزیندوودا تەواوێک داهاتبوو. ئەویش بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕا  کە یۆسف لە کۆڵی خۆی دابڕنێت و پشوویەک تازەبکاتەوە و تۆزێک بحەسێتەوە.
 سێبەری پەڵە هەورێکی پان و بەرینیان بەسەر کشا، بەڵام سایە و سێبەری پەڵە هەورەکە کاتی و دەمەکی بوو و هەرکە سێبەر لە بان سەریان کل بوو، وەک بە دەفرێکی مەزنی ئاگر بەسەریاندا بارببێت، مێشکی ناو کەللەیان گەرم داهات. یۆسف هەر وا مەنگ و مات بەسەر کۆڵی حەسۆکەوە ملی داچەمابوو. ئەوەی نووزە و دەنگێک بێ لێی نەدەهات. قاچەکانی داچۆڕابوون و لە ڕێگە ڕۆیشتنی حەسۆک دا دوو نووکی پەنجەکانی پێی بەسەر خۆڵەمڕەی جادەدا، دوو هێڵی باریک و درێژیان لە پاش سەر جێ دەهێشت.
 شەبەقی توند و تیژی هەتاو، ئاوی چاوی پیاویان دەبرد. چاوەکانیان بە تیشکی توندی هەتاو وەها ترسابوو کە هیچیان یارای سەرهەڵبڕین و توانای چاو هەڵێنانیان نەبوو. جەنسەتی لەشیان لە ئارەقەدا شەڵاڵ ببوو. توونیایەتی هێرشی بۆ هێنابوون و لە گەرمان و لە

توونایەتیی زمانیان بە میچی مەڵاشوویانەوە نووسابوو.
لە دورەوەی مەزراکانی لاشانی جادەکان دا، لەقلەقە قاچ درێژەکان بە ڕاژە ڕاژ و لۆنگە لۆنگ دەهاتن و دەچوون و خەریکی ملەقوتەی ڕاوە مار و بۆقی ناو کەنار ئاوی مەزرا برینجەکان بوون. ڕووبەڕوویان، تراکتۆرێک بە جەنجەڕی پاش سەریەوە هات. هەر دوا بە دوای تراکتۆرەکە تاقمە سی ـ چل کەسەی کرێکاری ئاوارەی پێ پەتی، ڕوو بەڕوویان هاتن و بەرەو شوێنێکی نادیار ڕۆیشتن. کریکارەکان هەر وەک بڵێی لە دەراوی چەم دەپڕنەوە، دەلینگی پانتۆڵەکانیان هەتاسەر ئەژنۆکانیان هەڵکێشابوو. گشتیان شەکەت بوون و بەتێکڕایان شکاو و شەمزاوی بێکاری.
لە لاشانی جادەدا ئیستێکیان گرت و کرێکارەکان بە بەردەمیاندا هاتن و تێپەڕ بوون. دەنگ لە دار و بەرد هات و لەوان نەهات. ئەوانیش دوای دانیشتن و پشوو تازە کەونەوەیەکی کورت، خەریک بوون ببزوون و وەڕێ کەونەوە. مەمەد بە دەنگێکی کزۆڵەوە گوتی: پڕ لە دار و درەختە و فینک و پڕ ئاوە... لە ئەم چۆلگە قاقڕەی کە ئێمە گرتوومانەتە بەر و دەخوازین پێیدا تێپەڕ ببین، نە ئاوێک هەیە

و نە سێبەرێک و نە شنەبایەک کە بەرەو ڕوومان بێت و مزگێنیی زیندوو بوونەوەمان بداتێ. لەم کراڵ و چۆڵەوانییەدا ئەگەر لە تووونیاتییان نەمرین، بیابانەکە پڕی جانەوەری زیندەخۆر و پڕی قەل و داڵ و خەرتەلە ؛ پاشی مردنمان تێمان دەوەرووکێن و گوشتی لەشمان دەخۆن و ئێسقانەکانیشمان دەکرۆسنەوە. ئەودەم هەر تەنێ مشتێ ئێسقانە سپیلکانەمان لێ جێ دەمێنێت .

حەسۆک بە هێوری گوتی: بەڵێ هەر ئێسقانەکانمان لێ جێ دەمێنێت!

هەوای دەنگی حەسۆک تۆزقاڵەیەک هێدی و ئارام و لە سەرەخۆ بوو.

مەمەد گوتی: ئەوەتا، سەیری کەن و ببینن! هەر لەو نزیکانەدا گوندێکی ڕازاوەی سەرسەوزمان لێ نزیکە... کانیاوە فێنکەکانی بەرامەی نمێکی گیان بلاوێنیان بە دەمەوەیە... بڕوانن چیها دار درەختی شەنگ و شیرین و جوانی تێدایە... ناکرێ لەم جۆرە شوێنانەدا ئیش دەست نەکەوێت. ئێوە سەیری بکەن و ببینن کە هەموو شتێکی تێدا دەست دەکەوێت. دەسا با نەهێڵین یۆسف لە ڕێگا دا بمرێت. لەوانەیە هەرکە بەو گوندە بگەین ، دەرمانێک، دۆعایەک، پیاوچاکێک پەیدا ببێت و

یۆسف لە خەم و ئازارە گران و گیان پرووکێنە دەرباز بکات.
حەمەدۆک گینگڵی دەدا و دیار بوو دەیەوێت شتێک بڵێ، بەڵام ترس لە حەسۆک بەری دەمی گرت. سەرەنجام دەخۆی نووسا و دەمی کردەوە و گوتی:
منیش دێم لە توونیان پێ ڕابێم و بمرم... ئەو گوندە پڕ لە شینکە و باغاتە و پڕ لە کانی و ئاوە... گوندی ئاوا کاری تێدا دەست دەکەوێت...
ئەشقەلی: بەڵی منیش پێم وایە تێیدا دەست دەکەوێت... ئاخر چلۆن گوندێکی ئەوتۆ زنوێری، سەرسەوزی پڕ لە بەر و بەرهەم کار و ئاوی تێدا نەبێت؟!... نەخێر سەرتۆپی هەموو چوکورۆقایە و جێ هەموو بەرەکەتێکە... منیش لە توونییایەتی هاکا پێڕاهاتم و زمانم بە میچی مەڵاشووومەوە نووسا و تەواو !
مەمەد لە بەرەوەی ئەشقەلە دەڕۆیشت، هەرکە ئەم قسانەی ئاشقی بە گوێ گەیشت، بۆی ڕاوەستا و وەرچەرخایەوە و بە ناباوەڕی سەیرێکی ئاشقی کرد. ئاشق گوتی: چیە مەمەد... ئەوە لۆ چاوەکانت لێ دەرپەڕاندووم بەرخم؟ خۆ من چی خەراپم

نەگووتووە و هەر گوتوومە لە توونیایەتی هێندەم نەماوە وشک هەڵێم و پێ ڕابێم.
لەولاترەوە حەسۆک هاواری لێ هەستا: هەی داد منیش توانای هەنگاو هەڵێنانم نەماوە و هاکا پێراهاتم و لە زمان کەوتم. هەر دوا بەدوای ئەم وتەیە، حەسۆک ڕێگەی لارکردەوە و بەرەو چەند پۆلە گوڵ هێرۆی کەناری جادە داگەڕایەوە و هەر لەوێ چۆکی دادا و یۆسفی بێ سەر و زمانیشی وەکی تۆپەڵێک قوور هەڵڕشت.
بەژنی گوڵ هێرۆکان بەبارستایی بەژنی پیاوێکی دەستە تێهەڵچووبوونەوە. ڕەنگی گوڵەکان ئاڵێکی کەمڕەنگ بوون و بە بارستایی لەپی دەستی شۆڕە ژنێک بەرەو هەتاو خۆیان ڕاگرتبوو، بەڵام لە ژێر نوایەکی ئەستووری تەپ و تۆز دا شاردرابوونەوە و هەر تەنێ هێور هێور ڕادەژان. گشتیان هاتن و لە ژێر سێبەری گوڵ هێرۆکاندا دانیشتن. پەڵەهەورەکان لە بەرزاییەوە سێبەرێکیان بە سەردا دەهێنان و گورج تێپەڕ دەبوون و دەڕۆیشتن. لە دەور و بەر و لە هیچ ئاقارێکەوە شنەیەکی کەزێ بزوێن نەدەهات کە ئارەقی سەر و روخساریان وشک بکاتەوە. زەوی هەروا دەهات گەرم و گەرمتر دەبوو. دەشتی کاکی بە کاکیی

ئەوسەر نادیاریش هەر بەچەشنی ئاسنی سوورەوەبوو بڵێسەی لێ هەڵدەستا. ئەوانیش بەتێکڕا کز و شەکەت و لاواز و شێواوەحاڵ، شان بە شانی یەکتر دانیشتبوون و هیچ کامێکیان نووزەیان لێوە نەدەهات. لەپڕ دوو چاوەکانی مەمەد پەپوولەیەکی ڕەنگ شینی گەلێک درشتی لە سەر گوڵ هێرۆیەکدا بینی و سەری سووڕ ما. بەڵام سەیرەکەی هەر لەمەدا بوو کە پەپوولەکە هیچ جووڵە و بزووتنێکی پێوە دیار نەبوو. مەمەد بە لای خۆیەوە گوتی: سەیرە!... زۆر سەیرە، کە لەم کوڵەکوڵی گەرمای گەزۆبارینەی کە دڵۆپە ئاوێک بۆ دەرمان دەست ناکەوێت، ئەم پەپوولەیە لێرە چی دەکات و لە چی دەگەڕێت؟

حەسۆک نوقورچێکی دە ئەشقەلی کوتاو گوتی: ئاشق تۆ بۆچی ناڕوانیتە ئەم پەپوولە داماوە!... لەم جێگە و مەکانە گەرم و ئاگرینەدا، کە بوونەوەر بەتێکڕایی بەرەو توانەوە دەچن، ئەمە لێرە چی دەکا و خەریکی چییە؟!

ئەشقەلی گوتی: هەی باوکە ڕۆ!... چ پەپوولەیەک، ئەویش ئاوا زل و بە گۆشت و گیان! هەردەڵێی چڕگە... هەر خودا بۆ خۆی دەزانێت کە

توونده بای کامه وڵات بۆ ئەم هەرێمەی فڕاندووە. سەری منی لێ گێژە و نازانم چییە و چلۆنە...

حەسۆک گوتی: سەیرە!.. زۆر سەیرە!... لە گەرمەی مانگی گەلاوێژی دەشتی چوکورۆڤا دا و پەپوولە؟! ئەویش ئاوا زل و بەگۆشت و گیان! خۆ جووڵەیەکیش ناکات کە بزانین ماوە یان ڕەق هەڵاتووە!.. ئەرێ بڵێی مابێت؟!

لە پڕ یۆسف هاواری لێ هەستا و گوتی: نا... نەخێر نەمردووە و زیندووە. ئێوە ورد سەیری بکەن و ببینن کە باڵەکانی ورد ورد دەبزێوێت... نەخێر مەڵێن مردووە!

یوسف دەستی پێکرد کرد و گوتی: هەندێک ئەولاتر، لە ژێرەوە و لە داوێنی کلّش و ڕەوەزە بەردەکانی کوێستانی«ئەنە وەرزە»دا گۆلاو و زەلکاوێکی لێیە کە لە وەرزێکدا دەبێتە کانگای پەپوولە؛ پەپوولەکانیش سەتان ڕەنگیان هەیە...

حەمەدۆک هەڵیدایە و گوتی: منیش ئەو شوێنەم بینیوە. لە وێندەری و لە کاتی خۆیدا پەپوولە بەچەشنی هەور بە سەر وڵات دا بڵاو دەبنەوە؛ زەردن، شینن، کەسک و سوورن و هەمە ڕەنگن.

ئاشق: هەر وەک پەڵەهەورێکی کەوەیی چندراو بە پۆی ئەستێرە، پەپوولە دەهاتن بە سەرمدا...

باڵەکانیان شەبەقیان دەدایەوە و ترووسکەیان دەهات هەر وەکی زیوی قاڵ کراوی بەرتیشکی خۆرەتاو... دەهاتن و بەسەر تاوێرە بەردەکانی «ئەنەوەرزە»دا چەرخ و خولێکیان لێدەدا و دەسووڕانەوە. تاشە بەردەکانیش هەر لەگوێن ئاوێنەی بالأنوێن، ڕەنگێکی کەوەیی بریقەداریان بە هەرد و هەوا دا بڵاودەکردەوە. بە ڕەنگ و نیگاری ئەوانەوە هەر هەموو چەرخ و گەردوون ڕەنگێکی شەنگیان بە خۆیانەوە دەگرت... پەپوولەکان هەمە ڕەنگە بوون؛ لیمۆیی بوون، سەوز بوون و زەردی زێڕین بوون..

حەسۆک بە دەنگێکی بەرز گوتی : ئەم پەپوولەیە مردووە!

هەموویان بە وردی سەیری پەپوولەکەیان کرد؛ دەگەڵ ئەم سەیر و ڕووانینانەیان سەرنجی چاویان کەوتە سەر پەپوولەیەی ڕەنگ شینی گەورەتری باوەشی گوڵپەڕی گوڵ هێرۆکە. گشتیان مەنگ و مات، گەرم و سەرگەرمی سەیر و تەماشای جووتەی پەپوولەکان بوون.

سێبەری چەند پەڵە هەوریان بەسەر دا هات و تیژ تێپەڕین. ئەوان چاویان لە دوو پەپوولەکان

هەڵنەدەگرت و هەر وا خەریکی سەیر و ڕوانینیان بوون.
حەمەدۆک هەڵیدایە و گوتی: هیواخوازم لە خودی ئەم پەپوولانە نەمردبن و زیندوو مابن!
مەمەد هەناسەیەکی خەمبارانەی لە قووڵایی سینەی هەڵکێشا و گوتی: بە هیوای خودا.
ئەشقەلی : بە هیوای خودا.
حەسۆک و یۆسفیش هەر ئەمەیان دوو پات کردەوە، بەڵام بە مێشکی هیچکامیاندا نەدەهات کە هەستن و ببزوون و بۆلای بچن و بزانن ئاخۆ ماون یان مردوون. لەوانەیە بە مێشکیاندا هاتبێت، بەڵام زات و وزەیەکی ئەوتۆیان نەبوو کە هەستن و تاقی بکەنەوە و لە شک و گومان بێنەدەرێ.
سێبەرێکی فێنکی پەڵە هەورێکیان بەسەرکشا. ترومبێلێک بە بەردەمیاندا تێپەڕی و تەپ و تۆزێکی زۆری بەسەردا ماڵین. هەر ئەودەم گەڵا و لکە باریکەکانی گوول هێرۆکان جووڵەیەکیان تێکەوت و دوو پەپوولە شینە ماتەکانیش بە ڕاژانی گوڵەکان جووڵەیەکیان تێکەوت، بەڵام لە جێ نەجمین.
حەمەدۆک لە جێ هەستا و هاواری کرد: خەوتوون و من خەبەریان دەکەمەوە.

حەمەدۆک زۆر بەهێوری بۆلایان چوو، لێیان نزیک کەوتەوەو بە شینەیی دەستێکی بۆلای پەپوولە زلەکە برد، بەڵام دەنگی هاواری یەکێکیان جووڵەی لە جومگەی حەمەدۆک بڕی؛ دەنگەکە دەنگی یۆسف بوو؛ هەر بە دەنگی هاواری یۆسف جووتی پەپوولەکان جووڵەیان تێکەوت. بەبزووتنی پەپوولەکان ئەوانیش گەشانەوە و جووڵەیەکیان تێکەوت و بە دەم پێکەنینەوە لە جێ ڕابوون. یۆسف پاشی چەند ڕۆژ مەنگ و بێدەنگی، بە پێکەنینەوە گوتی : پەپوولەکان فڕین!

ئەوانی دیکەش بە تێکڕا گوتیان: فڕین!

مەمەد بە دەنگێکی کێشدارەوە گوتی: ئەو گوندە پڕی دار و درەختە و سەوزەڵانیە و گیان بووژێنەرە...

حەسۆک گوتی: ئەو گوندە قنجە پڕی دار و درەختە و لەوانەیە ئیش و کارێکیشمان دەست کەوێ تێیدا.

هەموویان بە تێکڕا گوتیان: دەستمان دەکەوێت.

بە پەلە هەستان و خۆیان تێکنا و کەوتنەوە ڕێ .

حەمەدۆک بەر لە هەموویان کەوتە ڕێ و بە مڵ و مۆ کردن و چاوگێڕانی سەر و ژێران، سنگی جادەی

گرتەبەر. لەپڕ ڕاوەستا و وەرچەرخایەوە و گوتی: ئیشمان دەست دەکەویت و ماف و مزەکەم...

حەسۆک شریخاندی بە سەریدا: ئەستۆت بشکی و ملت ورد بێ ...

مەمەد بە پێکەنینەوە ڕووی کردە حەسۆک و گوتی: تووڕە مەبە براگیان، تۆ لە یۆسف بڕوانە کە چلۆن زیندوو بۆتەوە ؟

حەسۆک گوتی: منیش سەرم لێی سووڕ ماوە و نازانم چلۆن ئەو پیاوە ناسازە لەپڕ گیانی هاتۆتەوە بەر؟!

ئاشق گوتی: لەسەر سەبران بن، بە هیوای خودی گشت دەرد و ئازارەکانی لە کۆڵ دەبنەوە.

مەمەد گوتی: خودامان پشت و پەنا بێت!

لە بەری باکوورەوە پەڵە هەورەکان هەودایەک هەورازتر لە بەژنی سپیدارێک و لە حاستی ڕۆخی دەریای سپی دا ئارام بەرەو نادیار لە سەفەر دابوون. شنە بایەکی کەزێ بزوێن لە بەری دەریاوە دەگەڵ بۆرە نمێکی فێنکەوە بۆ لایان دەهات و شەکەتی و شێواوی پێشینی لەبیر دەبردنەوە. بە جادەدا دەهاتن و خۆڵە پۆلەی گەرما تێمردووش هەتا قولاپەی پێیان هەورازتر دەچوو. کاڵە و پێتاوەکانیان پڕی خۆڵی گەرم ببوون و لە هەر

هەنگاو هەڵێنانێکدا دەتگوت پێ لەسەر سکڵی ئاگر دادەنێن.

پاشی نیوەڕۆیە گەیشتنە نێو دێ. برسی و شەکەت و لەش کوتراوەوە بوون. لە نێواڕاستی ئاواییدا لک و پۆی سێ دارە توویەکی مەزن، مەڵبەندێکی گەورەیان داگرتبوو. تروومپایەکی باڵا بڵێندی سووریش لە ژێر دارەتووی نێوەڕاست دا و لە سەر چاڵاوێک دامەزرێندرا بوو. لە چووار سووچی تروومپاکەشدا چوار حەوزی بچووکی لەبەرد داتاشراو، زۆر بە ڕێک و پێکی داڕێژرابوون. دەور و بەری حەوزەکانیش بە گوڵ و ڕیحانە ڕازێندرابوونەوە. پۆلە گوکەباخێک لە بەرەوەی یەکێک لە حەوزەکاندا پەلک و چڕۆی کردبۆوە و سەرتوولەکانیشی بە گوڵی ئاڵی گەش داپۆشرابوون. ژێر دارەتووەکان ئاوپڕژێن کرابوون و دەوراندەوریشیان کورسی و چووارپایە و مێزی بچوکیان لێ داندرابوو.

سێبەری ژێر دارە تووەکان فێنک و لەش بلاوێن بوو. کاتێک کە هاتن و لە ژێر دارەکان دانیشتن، شەکەت و بێحاڵ بوون هەر هانکەیان دەهات. پاش تاوێک دانیشتن و کەمێک حەسانەوە، مەمەد هەستا و دەسکی تروومپاکەی گرت و بە ئیشتیا

ئاوی هەڵێنجا. هەرکە ئاو بە لووزەوە لە زارکی تروومپاکە هاتە دەر، مەمەد گازی کرد و گوتی: یۆسف وەرە سەرت بگرە ژێر ئەم ئاوە فێنکە با گیانێکت بێتەوە بەر.

یۆسف گوتی: چەلێ لێمگەڕێ با چەند قومێک ئاو بخۆمەوە... تینووم و خەریکم لە توونیان وشک دەبم.

ـ نا... نەخێر نەکەی یۆسف... تاوێک پشوو بدە و بحەسییەوە، هەتا ئارەقەی لەشت وشک دەبێتەوە و شەکەتی لەشت دادەمرکێ، جا ئەودەم خۆت تێر ئاو بکە... ئێستێ باش نییە و لەوانەیە لێت ببێتە ژان و برک... چەلێ سەرت بگرە ژێر لووزەوەی ئاو و کەمێک بحەسیەوە.

یۆسف لە ژێر پلووسکی تروپاکەدا داهاتەوە و ملی باریک و کزی خستە ژێر ڕێژەوی ئاوی ترومپاکەوە. هەر جارەی کە مەمەد دەسکی ترومپاکەی دادەگرت، کانیاوێکی دەوڵەمەندی کوێستانی چلۆن ئاو بەخوڕ دەداتەدەر، وەتۆش پڕ بە زارکی پلووسکی ترومپاکە ئاو بە سەر گوێلاکی یۆسف دا دەڕژا. یۆسف لە ژێر ئاوی فێنک دا هەستی بە حەسانەوە و بووژانەوەیەکی ئارام دەکرد. یۆسف کەیفی دەکرد و هیچ شوێنەوارێک لە

نۆبەتێ و لەرزینی پێوە دیار نەبوو؛ هەستی دەکرد تین و تاقەتێکی هاتۆتەوە بەر و هیچ ئازارێکی نەماوە. پاش یۆسف، حەسۆک و دوای ئەو ئاشق و پاشانیش حەمەدۆک بە نۆرە هاتن و سەریان گرتە بەر ئاوی ساردی کوێستانی؛ دوایەش قاچ و قولی خۆیان شورد و ئاهێکیان هاتەوە بەر. ئەمجار دوو لەپی دەستیان لەبەر ئاوی سارد ڕاگرت و هەتا مەشکی زگیان بردی، بە ئیشتیا ئاویان خواردەوە. ئاویان خواردەوە و تێر ئاوبوون و ئەمجار هاتن و لە ژێر سێبەری دارەکاندا تاوێک دانیشتن. هەندێک حەسانەوە و ئەمجار چاویان بەدەور و بەری خۆیاندا گێڕا ؛ ئەو دەم دیتیان کە چوار پیرە پیاوی بەساڵاچوو کەمێک ئەولاتر، لە سەر کورسی دانیشتوون و خەریکی وەنەوزدانن. پیرە پیاوەکان بە دەم وێژینگدانەوە و بەبێ حاڵی، جارجارە دەستێکیان بە بەر دەموچاویاندا ڕادەتڵەکاند و میش و مەگەسیان لە بەر دەم و لووتیان دەتاراند. کەمێک ئاولاتریان پێنج شەش منداڵی ڕووتەڵە لەنێو خاک و خۆڵدا خەریکی ماتین بوون و زیقە و زریکە و شەڕە چەقەیان نەدەبڕایەوە.

کەمێک ئەولاتریان ماڵ و هۆدە و حەوش و حەساری گوندەکەیان لێ دیار بوو. دەرگاکانیان

قفڵ و قەپات کرابوون. لە لاشانی هەندە ماڵانێکدا و لە ژێر سێبەری تراکتۆرە سوور و زەرد و شینەکاندا مامر و کەڵەشێر خەریکی چینە بوون و جووجەڵە خڕکەڵە تۆپنەکانیشیان  بە دوایاندا دەهاتن و دەچوون. قەلەموونەیەکی خەرتیش لە سەر بانیژەیەکدا باڵ و پەڕی کردبۆوە و چەتری هەڵدابوو و بە دەوری خۆیدا خولی دەداوە.

هەتا ئەو کاتەی کە شنەی فێنک و شێداری لای دەریای سپی بەرەو ڕۆخ و کەنارەکانی نەبزووتبوو، ئەوانیش مانگ و مات، لە ژێر سێبەری دەرختەکان دانیشتبوون و سەیری هاتو چوونی بێ پسانەوەی مەکینە و تراکتۆرەکانیان دەکرد. هیچ زیندەورێکی دوو پێی چالاکیان نەدەدیت کە هەواڵێکی بەخێری لێوەرگرن و ببێتە مایەی سوکنایی دڵی پەرێشانیان. ئەوەی کە لێیان دیار بوو و بە چاوی سەر دەیان دیتنن، هەر مەکینە بوو و هەر مەکینەگەل. ترۆمبێل و تراکتۆرەکان یەک بە دوای یەکدا دەهاتن و خاک و خۆڵیان بە هەوا دا دەدا و دەڕۆیشتن. گوند بە هەموو ماڵ و هۆدە و ژوور و نێومال و بەربێلاکانیان مەنگ و مات و بێدەنگ بوون. هەر دەتگوت ژیان لە هەمێزی بێ هەستی دا تلیساوەتەوە و بە قووڵاییدا ڕۆ چووە. بەڵام هەر کە

شنەی نمدار و فێنکی ئێوارە دەمان بەرەو بەحراوان بزووت و کوڵ و کۆی گەرمای زەوی دامرکا، گوند جووڵەی تێکەوت. پێشەکی چەند ژنی گۆزە لەسەر شان هاتن و گۆزەکانیان لە ئاوی ترومپاکە پڕ کرد و بەبێ هیچ ئای و ئۆی و سڵاو و چاکوچۆنییەک، گۆزەکانیان بە شەپکی شانیان دادا و ڕۆیشتن.

هەتاو هێدی هێدی بەرەو ڕۆژئاوا کلی دەکرد. لە حەوش و حەساری ڕێزەماڵەکانی بەرامبەریانەوە، گوڵە بەڕۆژەکان هەر وەک کەشەفی زەردی زێڕین بە دەم شنەی ئێوارەدەمان دەلەرانەوە و وێڕای کل بوونی هەتاو، ئەوانیش ڕوویان بەرەو ڕۆژائاوا ڕاگرت و خەوتن.

یۆسف دیسان بە دەم تا و تویێی نەخۆشێنەکەی هەڵدەلەرزی و هاواری دەکرد و دەیناڵاند و دەیگوت: ئەی هاوار برادەرینە بگەنە فریام... ڕەق بوومەوە... ئەی هاوار سەرما کوشتمی... بە دەنگم بگەن... ئەی هاوار ...

یۆسف ناڵاندی و تلی دا و لە سەر سەکۆکەوە خزی و کەوتە خوار و لە خۆڵ و خاکدا گەوزی و هاواری کرد: کوڕە بگەنە فریام برادەرینە، ڕەق بوومەوە...

بەند بەندی جەستەم دێت لەبەر یەک هەڵوەشێت و بڵاو ببێ...

حەسۆک بۆی چوو. لە ژوور سەری دانیشت و پەنجە تێک بەزیوەکانی یۆسفی گرت و نەرم نەم گوشینی و بە ئاسپایی بە گوێچکەیدا گوتی: ئارام بەوە یۆسف... ئارام بە براگیان... ئەم هات و هاوارەی پێناوێ کاکی خۆم... عەیبەیە وامەکە، خەڵکمان لێ کۆمەکەوە. تۆ بۆچێ وات لێ هات؟... ئیستێک لەمەو بەر هیچ عەلەمانت لێ نەبوو... یەکجێ بۆچی وات لێهاتەوە؟ بەسییەتی کاکە و بەسمان دەرد و داخ و تاڵاو بە ئەوکێ دابکە یۆسف!... بەسە برا گیان هەی قوڕ بە سەری ئێمە یۆسف!...

حەسۆک سەرێکی هەڵبڕی و سەیرێکی هاوڕێیانی کرد و چاوێکیشی بە دەور و بەر دا خشاند و هەر وەک بیهەوێت بەزەی بەزەداران ببزوێنێ، سەیری هەموو لایەکی کرد و دیسان ڕووی دەمی کردەوە یۆسف و گوتی: وەرە سەر بخەرە ژێر ڕێژنەی ئەم ئاوە فێنکە، بەڵکوو بە ئاو باشتر ببیت... وەرە کاکە!...

یۆسف هاواری کرد: تۆ لەچی دای و من لەچی دام! من ئەوە سەرمان ڕەق هەڵدێم و تۆیش بەزت دەکولێ... ئەوە دەمرم حەسۆک... ئاوی چی ؟!

حەسۆک تووڕە بوو و نەڕاندی بە سەریدا: دەمریٚ؟!... دەی بمرە با جەهەندەمت پێ پڕ بێ و هەر دووک چاوەکانت دەرپەڕن... تۆ بەم حاڵە پەرێشانەوتەوە و چوکورۆڤا بەم بێ سامانییە، کوا یەکتر دەخوێننەوە... بۆچی لێمان بووی بە مار و لە ئەستۆمان هالاّی؟ دەسا بمرە با جەحەندەمت پێ پڕببێت! جەحەندەم گەرمە و جێگای پیاوی سەرمابردوویە...

ــ ڕەق بوومەوە برادەرینە... ئای مردم خەڵکینە... ئەی هاوار سووتام...

حەسۆک بەتووڕەیی دەسکی ترومپاکەی گرت و بە هەموو توانایەوە ئاوی هەڵێنجا. ئاو بە لووزەو بە زارکی ترومپاکەدا فڕکەی دەکردو دەڕژایە ناو حەوز و لەوێوە بە جۆگەیەکدا بەرەو بیستانەکانی خوارەوی گوند دەچوو. بەلاّم زۆری نەخایاند کە حەسۆک لە پشوو کەوت و لە تەنیشت مەمەد، بەلاّم بە زوێری و پشت بە یۆسف دانیشت. هات و هاواری یۆسف و دەنگی ترومپالێدانی حەسۆک، پیرە پیاوەکانی وررووژاند. پیرە پیاوەکان خۆیان گەیاندە

ژوور سەری یۆسف؛ یەکێک لەوان ڕووی کردە حەسۆک و گوتی: وا دیارە ئەو برادەرەش هەر بە دەردی جارانی من گیرۆدە بووە و هەر وەکوو نالینی جارانی من دەنالێنێت، بەڵام دەردەکەی دەرمانی هەیە... ئەی ئێوە بۆچی ناچن چارەی بکەن؟!.. بەڵی خودا دەردی داناوە و دەرمانیشی بۆ داناوە. بەڵی لە دەمی نەخۆشی مندا، خودا «گوێدە مستۆ»ی بە هانامەوە نارد و ئەو گوێدە مستۆیە چارەسەری منی کرد. هەر ئەو گوێدە مستۆیە چازانی گەلێک دەرد و ئاهۆ و ئازارانە؛ دەستی بەدەرمانی هەیە و هەمیش دەستی بە ودم و دۆعا. ئەگەر دەردەدارێک بە دەرمان چاری نەیە، نووشتەی بۆ دەنووسێت و بە دۆعا چارەسەری دەکات. ئەو دەرمانەی کە دەرخواردی نەخۆشانی دەدات، «کنین»ی پێدەڵێن. بێتوو بە کنین چارەسەر نەکرێت، ئەو دەم دوو دێڕە دۆعایەکی بۆ دەنووسێت؛ بە کنین و دۆعاش چاری نەیە، ڕەوانەی وێندەرێی دەکات...

پیرە پیاوەکە دەمی گەرم داهاتبوو و بەردەوام هەر گوێدە مستۆ و دەرمان و دۆعا و وشەی «وێندەرێ»ی دەگوتەوە، بەڵام نەیدەگوت کە ئاخۆ ئەو وێندەرە لە کوێندەرە و ئەو گوێدە مستۆیە

کێیه و له کوێیه !... پیره پیاوەکەی دیکه ئامارژەیەکی به یۆسف کرد و گوتی: ئەو پیاوه له مردنه... به بڕوای من زیندوو بوونەوەی هەیهاتی گەرەکه.

حەسۆک هەروا بەبێدەنگی گوێچکەی له دەمی پیره پیاوەکان ڕاگرتبوو و چاوەڕێی دەرفەتێک بوو که بۆی هەڵکەوێت و بزانێ ئاخۆ ئەم وێندەره له چ هەندەرەێکه بۆ بۆی بچن و دەرمانی دەردی یۆسفی لێ وەدەست بێنن. هەروا دەهات و خەڵک دەهاتن و له دەور و بەریان کۆ دەبوونەوە. ئیتر حەسۆک بۆی نەکرا پرسیارێک له پیره پیاوەکه بکات که ئاخۆ دەرمانی دەردی یۆسف له کوێ دەست دەکەوێت!

گەوره کچ و دەسته ژن و دایه پیرەکانیش هاتن و لەم بەزمەدا بەشدار بوون. چی پێ نەچوو، ئەمجار گەنج و لاو و دوایەش منداڵه ورتکەش پێوەربوون. بۆ دەرمانی دەردی یۆسف ئەم ژن شتێکی دەگوت و ئەوی تریان شتێکی دیکه. ژنێک دیگوت و ئەوی دیکه بۆی دەگێڕایەوە. بەڵام گوتەی هەموو ژنەکان هەر ئەمه بوو: ـ وەیش که خەڵکی کۆێستانان به نۆبەتێیەکی ساکار چلۆن دەتولێنەوە! ئێمەی دەشتەکی له تەمەنی حەوتساڵیمانەوە هەتا دەگەینه حەفتا ساڵی، ڕۆژێ حەفتا جاران به چەق

و چۆی ئەم ئازارە دزێوە دەمرین و دەژێینەوە و نووزەشمان لێ نایە... کوێستانیەکان زۆر شلە پەتە و بێ تین و تاقەتن و بەرگەی هیچ دەرد و ئازارێک ناگرن ...

لەو لاترەوە ژنێکی جوان و چەلەنگ، کە بسک و کەزێی هۆنراوەوە و سەرپێچی ڕیشووداری دەینواند کە نەوبووکی تازەی چەند شەوەیە، گوتی: دووساڵی ڕەبەقە ئەم ڕەنجەڕۆیانە بە گوندەکەی ئێمە فێڕ بوون. ئەوان لە زۆزانەوە دێنە چوکورۆڤا و بە دەستبەتاڵی دەگەڕێنەوە کە هیچ، لاڵاییم گاتێ یا خوا، بە کۆڵێک دەرد و ئازاریشەوە دەگەڕێنەوە ماڵێ خۆیان...

ژنێکی دیکە بە جامێکی پڕی ئاو هاتە سوێی یۆسف و گوتی: هابگرە ئەم سێ دەنکە حەبە قووت بدە، ئەمانە حەبی «کنین»یان پێدەڵێن. هەر ئەم حەبانە دەتوانن چەق و چۆی سەرما لە جەستە مرۆڤ دا خاو کەنەوە...

ژنێکی بە ساڵاچوویان لێ نزیک بۆوە و بە ئەسپایی گوتی: ڕۆڵەکانم وا باشە برادەرەکەتان بەرنە وێندەرێ!...

حەسۆک لێی نزیک بۆوە و لێی پرسی: دادەگیان ئەو وێندەروە لە کوێندەرە؟ تکایە پێمانی بڵێ!

ژنە بە وردی سەیرێکی حەسۆکی کرد و لێی پرسی: ئەم نەخۆشە برادەری تۆیە؟!

ـ بەڵی لەوەتەی پێکەوە هاتووینەتە ئەم چۆکورۆڤایە، هەر بە شان و پیل و کۆڵی خۆم بە شوێن کار دا گەڕاندوومە. نەخۆش و کەلەلایە و ئەتۆیش دەی بینی کە لە چ حاڵ و هەوایەک دایە.

ژنە باڵی حەسۆکی گرت و کێشایە پەنایەک و گوتی: ئەو شوێنە پیرۆزە جێگەی نەخۆش و دەردەدار و هەژاران و دڵشکاوانە... جاری جاران هەموو نەخۆش و دەردەدار و ناشکوا و شکستەکانیان دەبردە وێندەرێ و دەست بە دامێنی دەرگاکەی دەبوون و ...

ـ باشە دایە گیان گوێیە ئەو جێگایە؟ پێمانی بڵێ با بچینە خزمەتی ...

ـ سەبرەت بێ کوڕەکەم!.. پەلەت نەبێ باوکەکەم... لە وێندەرێ کانیاوێکی لێیە... سەبرت بێ، پەلە مەکە...

هەر لەو دەمەدا کیژۆڵەیەک هاتە لایان و بە پەلە گوتی: ژێر دارهەنارەکەی سەر گردێ ...

ژنە شالاوی بۆ برد و بەسەری دا شریخاند: کوێر و زەلیل بی یاخودا... دەمت گرێدە سەڵیتە... تەمەن کورت بی یاخوا بابان وێران! مەگە دەکرێ لە هەر

جێیەک و لە هەر شوێنێکدا ناوی پیرۆزی وێندەرێ بە دەمدا بینی؟!

ژنە گوتی: بەڵی کوری خۆم، ژێر سێبەری ئەو دارە پیرۆزە جێ و مەکۆی چل سوارەی غەیبێ یە. ئێوە شەوەکی و نزیک بە بەیانی و ئەو دەمەی کە هیشتا هەتاو سەری لە ئاسۆ نەهێناوەتەدەر و ئەستێرە هەر بە عاسمانەوەن، وەرنەماڵەکەی من با پێتانی بڵێم ئەو شوێنە پیرۆزە لەکوێیە. لێم روونە هەرکە پێتان بگاتە وێندەرێ، خودای بانی سەر بەخاتری چل سوارەی غەیبێ، گشت دەرد و ئازاری نەخۆشەکەتان لە ئەستۆی دادەڕنێت و ...

ژنە، شوێنی ماڵەکەی خۆی بۆ حەسۆک پەنجە نیشان کرد و ڕۆیشت. بەڵام چی پێ نەچوو بە دەستی پڕەوە بۆیان گەڕایەوە. کەوڵێکی پڕی نان و قابڵەمەیەکی پڕی برِوێش پڵاوی سەر بە ڕۆن و گۆزەیەکی لیپاو لیپ لە دۆی خەستی بۆ هێنان و لە بەردەمیانی دانا و گوتی: چوکورۆڤایی لەدین وەرگەڕاون. ئەگەرچی لە ڕابوردووشدا مرۆڤایەتیی لەلایان هەر کز و کەم ڕەنگ بووە، بەڵام ئیتر ئیمڕۆ باوەڕ و بەزەیی لە لای ئەواندا بەیەکجاری مردووە و گیانی دەبەردا نەماوە... براینە منیش ئێرەیی

نیم و هەر وەکی خۆتان خەڵکی وڵاتی کوێستانانم...

وەرچەرخایەوە و پەنجەی بۆ دوورە دەستان و بۆلای تەپۆڵکە سەرسەوزەکانی داوێنی چیای بەرزو شکۆمەندی(دڵدڵ) ڕاداشت و گوتی: من خەڵکی ئەوێ کوێستانە بەرز و بڵیندانەم؛ دەسەر سەریان گەڕێم و گیانم بە فیدایان بێت؛ گیانی من پەپوولەی ئارەزوومەندی شنەی کوێستانەکانە و بۆ گەڕانەوەیان و دەهەمێز گرتنیان دڵم هەر لە لایانە. دۆڵ و داوێنی هەزار بە هەزاریان و شاخ و گەوە و تەلان و نواڵەی پری کانیاون؛ ئەو شوێنانەماڵی خەون و خەیاڵی منن. کانیاوە زوڵاڵەکانیان بە سەر پانکەڵە زیخی ڕەنگاوڕەنگدا شۆڕ دەبنەوە و لە خوار دۆڵ و دەرەکاندا یەک دەگرنەوە. بەرامەی گیابەند و خاو و خاسە پونگەی دەم دەرروای جۆباران و وەنەوشە ڕەنگیڵەکانی هەزاران، گیان ماندوو دەحەسێننەوە... دەوەرن کەڕەم کەن ڕۆڵەکانم... وەرن چێشتەکەتان نۆشی گیان بکەن؛ هەر خودا بۆ خۆی دەزانێ کە چەند ڕۆژە چێژتان لە تامی هیچ چێشت و پڵاوێک نەکردبێت!.. خۆزگە کەمێکمان بەفر و سەهۆڵ وەدەست کەوتبایە و

دۆیەکەمان پێ سارد کردبایەن... بەڵام ئەم نەخۆشە بەستەزمانە...
کچۆڵەیەکی تازە پێگەیشتووی جوانکیلە گوتی: ئێوە ئیستێکی بگرن من دەچمەوە ماڵ و سەهۆڵتان بۆ دێنم. کیژەکە ڕۆیشت و هەر بڵێی یەک و دوو بە جامێکی مسینی پڕی سەهۆڵ گەڕایەوە و گوتی: فەرموون ئەمەش سەهۆڵ.
لەسەر سەکۆی لاشانی تروومپاکە سفرەیان ڕاخست. قابڵەمەکەیان لە نێوەڕاستی سفرەکە دانا. نان و کەوچکەکانیان لەچەند جێگای سفرەکەدا چنی. پەرداخەکانیان پڕی دۆ کرد و بۆ هەر پەرداخەش لەتکە سەهۆڵێکیان تێهاویشت. ئەو گوندیانەی کە لە دەور و بەریان هالابوون، گوتیان: فەرموون نانەکەتان نۆشی گیان بکەن!" و ڕۆیشتن
ئەوانیش هەستان و یۆسف ـ یان لە باوەشی خۆڵ و خاک هێنایەدەرێ و بەرگ و بەرەکەیان تەکاند و ئاوێکیشیان بە دەست و سەر و دەم و چاویدا کرد و ئینجا هێنایان و لەدەم سفرەکەیان ڕۆنا. نۆبەتێ و لەرزین و چەقوچۆی یۆسف کەمووسکەیە ئەهوەن ببوونەوە. هەرکە یۆسف لە پەنای سفرەکە دانیشت، بەر لە هەر شتێک دەستی کێشا و پەرداخە دۆیەکەی هەڵگرت و بە سەریەوە نا و چۆڕەبڕ

تەڕایی لێبڕی. بەتێکڕا دانیشتن و نانیان خواردو دوای تەواو بوون، دەستێکیان بە سەر و سمێڵان داهێنا و (خوداشوکر)ێکیان گوت و چاوەڕێ دانیشن.

زۆری نەخایاند خەڵک دیسان هاتن و لە دەور و بەریان کۆبوونەوە. نەرمە بای ئێوارە دەمانیش بەرەبەرە تەوژمی بەقەوتر دەکرد و هەر جارەی خاک و خۆڵی کۆڵانەکانی بەرەو لایەک هەڵدەسووڕاند. وشکە گەڵای دارەتووکان و گژ و گیای مەزراکان و پنجی دڕک و داڵی دەور و بەری هەڵدەگرت و لە شوێنی چاڵ و قۆڵدا جێی دەهێشتن.

خەڵکەکە بێدەنگ و ئەوانیش لە خەڵکەکە بێدەنگتر بوون. لە پڕێکی مەمەد لە جێ هەستا و ڕوو بە خەڵک ڕاوەستا. مەمەد سەری داخستبوو و ڕوو بە ئاپۆڕاکە دەمی بۆ قسەکردن کردەوە و گوتی: ئێمە بۆیە هاتووینە گوندەکەی ئێوە و بۆیە ڕوومان لە ئێوە کردووە، کە بەڵکوو لەم گوندە و بەلای ئێوەوە ئیش و کارێکمان دەست کەوێت. هاتووینە لاتان چونکینێ گوندەکەتان پڕی دار و درەخت و سەرسەوز و سەوزەڵانییە... ئاوی کانی و چاڵاوەکەشتان یەکجار زۆر سارد و سووکە...

مەمەد سەری بەرز کردەوە کە بزانێ قسەکانی هەتا چەند و هەتاکوێ کاریگەر بووە و چلۆن پێشوازی لێدەکەن. بەڵام هیچ دەنگێک و هیچ سرتە و چرپەیەک لەهیچ سوێ و سوقاقێکەوە نەهات. مەمەد وەک بەشوێن هومێد و دەراوە ڕوونکەیەکی هیوابەخشدا بگەڕێت، یەکایەکی حەشیمەتەکەی با چاو دەرزی ئاژن کرد و تاوێکیش بێدەنگ، چاوەڕوانی دەنگێکی بەخێر ڕاوەستا. بەڵام چرکەی زەمان بە پەلە ڕۆیشت و دەنگ لە بەرد هات و لە حەشیمەتەکە نەهات. ماوەی بێدەنگیی مەمەد چەندە و چلۆن بوو، بۆ کەس لێک نادرێتەوە مەگەر بۆ مەمەد نەبێ! مەمەد لەم کورتە ماوەیەدا چاوێک لەم و نیگایەک لەو، سەیری جووڵەی ئاپۆڕاکەی کرد و بەچاوی سەر دیتی کە خەڵکەکە یەک یەک و دوو دوو ، پۆل پۆل و دەستە دەستە سەریان دە قەڵان کردووە و هەرکەسە بە لایەکدا بڵاوە دەکەن. چەند چرکەیەک پتری نەخایاند کە دەرو و بەریان پەپووی تێدا دەخوێند و جگە لە خۆیان، جووڵەوەری تێدا نەما. هەرکە مەمەد مەیدانی بە چۆلی بینی، وەک درەختێکی گەندەڵ، کە لە ڕەگ و ڕیشە هەڵقرتابێت، بەلا داهات و لە سەر سەکۆکەوە گلۆر بۆوە و بە دەم ناڵاندنەوە

هاواری کرد: « لە نێو ئەم گشتە دار و درەختە و ئەم حەشیمەتە زۆر و زەبەنە و ئەم مەزرا پان و بەرینانەدا هەر ئێمە تەنیاین و هەر تەنیا ئێمەین... »

هەتا بەرە بەری تەنگی بانگی شێوانێکی درەنگ، هەر لەژێر دارە تووەکاندا لێی کەوتن و لەجێ نەجمین. هەرکە تاریکی داهات، مێشە کوێرەش وەک هەور و مژێکی چڕ و پڕ بەسەریان کشان و هەر بەچەشنی گورگی برسی تێیان بەربوون و پڕیان پێدا گرتن.

حەسۆک گوتی: لێرە و لەژێر ئەم درەختانەدا خەومان بە چاواندا نایە و دەبێ بۆ خەوتن و بۆ ئاگرکردنەوە شوێنێکی بەجێ و باشتر بدۆزینەوە.

مەمەدگوتی: ئاشق بخوێنەو دەنگ هەڵبڕە! هەتا ئەودەمەی کە ڕمبی تیژی هەتاو، خێوەتی شەوگار هەڵدەدڕێت، بچریکێنە و بخوێنە و خەم لە دالاّندا بڕەوێنە!

لادێییەکان پێشەکی و بەرلە هێرش هێنانی پەخشە، چیغ و چەپەریان لەسەر بانەکانیان ڕائەنگاوتبوو. پەخشە بەندکانیشیان، کە لەمپەری دژبە مێشوولە بوون، هەر بنەماڵەیەک لە دەور و بەری خۆی هەڵیدابوو. تۆڕی ئاوریشمینی گەردەی

سپیی سەربانی سەرجەم بنەماڵەکان، لەژێر پرشنگی هەیڤی ئاسماندا بە دەم نەرمە شنەبای سەری شەوانە دەلەرانەوە و شەپۆلی هەستان و نیشتنەوەییان تێدەکەوت.

ئەشقەلی بە دەنگێکی کپی پڕی دەرد و کولەوە گوتی: کوا ئێستێ کاتی چریکە هەڵبڕینە مەمەد گیان؟!

مەمەد گوتی: بۆچ نابێ ئاشق؟... لەوانەیە...

ـ هیچ هومێدێکی تێدا بەستە نییە و نایبینم مەمەد گیان! لە هەموو گوندەکانی ئەم هەرێمەدا ئیش وشکاوی هاتووە و ئیش بۆ دەرمانی چاوانیش دەست ناکەوێ ... دەبا بەرزەوە بین و شوێنێکی باشتر پەیدا بکەین!

ـ ئەدی کەلوپەلی ئەو دادەیە چی لێبکەین؟... جێیان بهێڵین و برۆین، بڵێی لێمان دڵمەند نەبێت؟... هەق وانییە و دوور لە کەڕامەتە کە سفرەی ڕەنگین بخەنە بەردەمت و تویش پاشی خواردن، خوڵ بەسەر سفرەکەیدا بکەیت... دەڵێم با لێرە بمێنینەوە هەتا بۆخۆی دێت ... ئەیش بەشکەم!...

ئەشقەلی گوتی: نەخێر دەفر و کەلوپەلی ئەو دادەیە لێرە و لەژێر ئەم درەختانە جێ دەهێڵین و

سبەی زوو بەیانی بۆیان دەگەڕێینەوە و بە سپاسەوە ڕادەستی دادەی خۆمانی دەکەینەوە... بەڵام ئیمشەو لێرە بمێنینەوە پەخشە کەوڵمان لە حاجەت دەخەن.

مەمەد دیسان گوتی : لەوانەیە!

حەسۆکیش گوتی : لەوانەیە !

یۆسف گوتی: سەرلەبەیانی و هەرکە کازیوە ئەنگوت دادەگەڕێینەوە و لە ژێر سێبەری ئەم دار و دەرختانەدا بۆی دادەنیشین ، لەوانەیە ...

لەجێ هەستان و کەلوپەلیان تێکەوە پێچاو لە دێ وەدەر کەوتن. لە تەپۆڵکەیەکی بەرماڵان، بەرەو سەر هەڵکشان و کەوتنە گۆڕایی سەر پشتی گردەکە. پرشنگی مانگەشەوی چواردە، سەرتانسەری سەرپشتی گردەکە و دەور و بەری ڕووناک کردبوو. هەر لەوێ خستیان و بەر لەهەر شتێک پووش و پاڵاشێکی زۆریان کۆ کردەوە و بە چەخماخی بەرد و ئەستێ و پووشوو، گڕیان تێبەردا. گڕی ئاگر خولیدا و پێچی خوارد و مێشوولەی لە دەور و بەریان تاراند.

یۆسف ناڵاندی و گوتی: من بوومەتە داسی ڕمانە و لە دەلینگی ئێوە هاڵاوم برادەرینە!... ئێوە خۆتان هەر یەکەتان هەزاران دەرد و و خەم و خەسارتان

هەیە و هەژاریش بەپای فیلان. سەرەڕای ئەمانە، ئەوا منیش بوومەتە دەردی سەرباری هەموو دەردەکانتان... خۆزگە سبەینێ ئام ئازارە دزێوەم لەکۆڵ دەبۆوە و چیتر ئابرا حەسۆک بە دەستانمەوە ئازارکێش نەدەبوو!...

حەسۆک گوتی: سبەی بەیانی ڕێگەی کوێستانان دەگرمەبەر و دەڕۆم... سبەی بەیانی و بەر لە تاوهەڵاتان... خۆ دیارە کە ئەم گوندە پڕی دار و درەختە، بەڵام بۆن و بەرامەی هیچ کار و ئیشێکی لێنایە... ئێوەیش کێ بەنیازی مانەوەیە با بمێنێتەوە... ئێوە بڕوانن و ببینن کە لە دوورەوە منارەی بەرزی مزگەوتمان لێدیارە و لەوانەیە لەو گوندەدا ئیش و کارێکتان دەست بکەوێ.

حەمەدۆک گوتی: بەڵی کار دەست دەکەوێت. گوندێکی کە مزگەوتی هەبێ و مزگەوتەکەشی بورج و منارە و گوڵدەستەی بە سەرەوە بێ، چلۆن کاری تێدا دەست ناکەوێت؟!

مەمەد گوتی: ئەم کورێژگەمان ڕاست دەبێژێت. ئەگینا خۆ خەڵکی ئەم گوندە شێت و خوودار نەبوونە کە زەحمەتی بورج و منارەی بەرز بۆ مزگەوت ساز بکەن!... ئەویش نەخوازا منارەی ئەوتۆ بەرز و سپی...

حەمەدۆک: بەرز و بڵیند بەرەو سەر تێهەڵچۆتەوە یەک بە عاسمانان. لە تاریکی شەویشدا ترووسکەی دێ دەبیندرێت هەر وەکی زیو.

حەسۆک: ئەگەر شەشدانگی چوکورۆڤام بە خەڵات بدەنێ و بەناوی حەسۆک تاپۆی بکەن، شەرتە بە شەرتی پیاوان وەری ناگرم و لەم شەوە زیاتر لێی نامێنمەوە... سبەینێ دەگەڵ خۆرهەڵاتان وەڕی دەکەوم و دەڕۆمەوە...

هەر دوابەدوای گوتەکەی حەسۆک، یۆسفیش گوتی منیش هاوسەفەرتنم حەسۆک... سبەی بەیانی بەر لە خۆرهەڵاتان منیش ڕەگەڵت دەکەوم هاوسەفەرم دەگەڵت... بەڵام داخی بە جەرگم، خۆزگە ئەم دەرد و ئازارە دزێوە بەرۆکمی بەردابایە و لێی گەڕابایەم وەکی پیاوێکی ئازا و بێ وەی هاوسەفەرت بوامایە !...

هەژگەڵ و چر و چیلکەکە گڕ و دووکەڵیان لە کەمێیدا و دووکەڵ بەرەو کزی ڕۆیشت؛ هەر لەو کورتە دەمەشدا مێشوولە هاتن و بە چەشنی ڕێژنەی بارانی بەهاران بە سەریاندا بارین و لە گوێن گورگی برسی شاڵاویان بۆ بردن.

ئەشقەلی گوتی: ئەگەر پەخشەی ماڵ کاول بەم چەشنە و بەم شێوەیەمان دەگەڵ بکەن، ئێمەیش

بە دەردی یۆسف گیرۆدە دەبین... ئەشی بەری بەیانی خۆمان بە چیاکانمان دابکەینەوە.

مەمەد: ئاشق... ئای یای ئاشق !...

ئاشق وەڵامی داوە: بەڵی کاکی برا چ دەبێژی باوکەکەی باوکم ؟

مەمەد: پێت وایە شەشدەری دەرگای چارەمان بەستراوە و هیچ دەرەتانێکی دیکە شک نابەین برا گیان ؟!

ئاشق بە پێکەنینەوە گوتی: نا... نەخێر هیچ دەرەتانێک شک نابەین مەمەد.

ئاشق تەموورەکەی دەست دایە و لە باوەشی گرت و کەمووسکەیەک بە سەریدا شۆڕ بۆوە. پەنجەیەکی بە سەر تەلەکانیدا کێشا و دەنگی تەلی تەموورەکە و دەنگی ئاشق تێکەڵی یەک بوون و سنگی شەوەزەنگیان دڕی. ئاشق بە لاوکۆی «ساردە کانیاوەکانی هەمێزی گیاسارمەی کوێستانەکان»دا هات. لە هەژاری و لە غەدر و زۆرداریی بێ سنووری دەرەبەگ سکاڵای کرد. بەو مرۆیانەی هەڵکووت کە ماڵ بەکۆڵ و هەردانگەڕی بی سوودن ... کە ڕۆژ لە دەردی گەڕۆکی و شەو لە چنگ پەخشەی بێ ئامان سروەتیان نییە. لە ئاوازەکەیدا بە گلەو گازەندەوە هاواری کرد: ئەی

ئەو خودایەی کە یۆسف پەیغەمبەرت لە چنگ چاڵی ڕەشی ڕۆژگاران ڕزگار کرد و بە ڕووناکاییت شادکردەوە، ئەدی بۆچی ڕووی بەزەییت لەخێڵی هەژاران وەرگێڕاوەتەوە و ڕوویان تێناکەی؟! ... ئاپۆڕای هەژاری بەلەنگاز، جەستە خەستی ڕێگە بڕینی بێ سوودن لە دەشتی چوکورۆڤا دا و دەستیان بە هیچ ڕاناگا. بۆچ ناڕوانی و سەیری ناکەی کە پۆل پۆل لە ڕێگەدا دەمرن و ئێسقانە سپیکەکانیان لە چولگەی چوکورۆڤادا گوم و گۆڕ دەبێ و تاکە یار و خۆشەویستێکیش هەڵناکەوێت لە ژوور سەرینیاندا چەمەرەی شین و گریانیان بۆ ببەستێت... ئێسقانەکانیان وەکی پێشەی ئاژەڵی تۆپیو لەچۆڵگەو چیای هەندەراندا دەمێنێتەوە و کەس پێ نازانێت... لە دوورە دەستاندا، لەسەر ترۆپکی گردێک دەڵێن دارهەنارێکی شۆخ و شەنگ و شیرین شێوە هەیە کە بەژنی بەرزی بەرەوئاسمان کێشاوە... ئەو دارهەنارە لەمێژینەیە و هێستایش هەر لە سەر پێ ماوە و هەموو دار و دەوەنی ئەو هەرد و بوومە، بە ودمی پیرۆزی ئەو دارهەنارە مەبارەکە لەسەر پێ ماون و هەر دەمێنن. ئەوانیش لە بەرەکەتی جیرانەتیی دارهەناری پیرۆز، بۆ سارێژ کردنەوەی برین و ئازاران یەکاویەکن و

دەغەز پەڕێنن... لە درێژی ڕۆژگارانی گەلێک کۆنەوە ئەم دار هەنارە هەر لەسەر گردەکەی خۆی ماوە... لە باوەشی ئەو دار هەنارەدا کانیاوێک هەڵدەقوڵێ کە سەرچاوەی نوورە و دەرواى ساغی و سلامەتییە... »

هەتا شەو بەیانی بەردا و تیشکی نادیاری خۆرەتاو خێوەتی ڕەشی شەوگاری دڕی، ئاشق پەنجەی لە سەر تەلی تەمورەکەی لانەبرد و دەمی لە خوێندن هەڵنەگرت. گەلێک لاوکۆی هێشتا نەبیستراوی خوێند و بە چریکە بە سەر دارهەنارە پیرۆزەکەی سەر گردێی هەڵگووت.

مەمەد لێی پرسی: ئاشق ئەتۆ ئەو دارهەنارەت بە چاوی سەر بینیوە؟!

ئاشق: نەخێر من قەت نەچوومە وێندەرێ کە دار هەنار بە چاوی سەر ببینم . ئەم شتانەی کە من لەم بەیت و ئاوازانەم دا دەیڵێمەوە، سەرجەمیان لە دەم و زاری ئەو کەسانەی کە ئێوەیش بینیویانە.

ـ باشە ئەو هەموو بەستە و لاوکۆیانە لە کوێ دەهێنی ئاشق؟

ـ من نایان هێنم لالۆ... هەق دەیان هێنێت و من دەیڵێمەوە.

ـ تۆ بڵێی ئەو دارهەنارە، چیرۆکی ئەفسانەیی نەبێت ئاشق؟... بێتو دار هەنارەکە هەر قسە نەبێت و ئێمە دەستمان پێی ڕابگات، هەم دەردی یۆسف بنەبڕ دەبێت و هەمیش ئێمە بە نان و نەوایەک دەگەین.

حەسۆک لە مەمەد تووڕە بوو و گرماندی بەسەریدا و گوتی: من پەکم بە دارهەنار و قسە و باسی دار هەنار ناکەوێ و هەر ئێستێ خۆم تێک دەنێم و ڕێگەی کوێستانەکان دەگرمەر بەر و دەڕۆم.

ئەشقەلی گوتی: سەبرت بێ حەسۆک... پەلە مەکە باوکەکەی باوکم... سەبرت بێ! ئاشق دیسان تەمورەکەی گرتە ئامێز و و بە سەریدا لار بۆوە و لاوکۆیەکی نوێی بەسەر دارهەناری پیرۆز دا هەڵگووت.

یۆسف گوتی: لە شەشدانگی هەموو چوکورۆڤادا کەس نییە لە ودمی ئەو دارە پیرۆزە شتێک نەزانێت. دەستی منت بە داوێن حەسۆک کەمێک ئارام بگرەوە برا گیان. ئەوە حەوت ساڵی ڕەبەقە ئەم ئازارە دزێوە دەگیانی من بەربووە ... لێبگەڕێ باوکەمەم بەشکەم بەو دارە پیرۆزە شاد ببین و دەرد و ئازارەکەم کۆتایی پێ بێت برا گیان!

مەمە لە کانگای بڕوایەکی تەواوەوە، لێبڕاوانە گوتی: گەلێک دار و درەخت هەنە کە جێگەی نەزر و نیازن و ودمی شفای دەرد و ئازاریان پێ خەڵات کراوە.

حەمەدۆک: باوە گەورەشم هەر ئەمەی دەگوت؛ ئەو دەیگوت کە هەندێک لەو دار درەختانە ودمی پیرۆزیان پێ خەڵات کراوە؛ لەوانەیە هەر ئەو دارهەنارەش یەکێک لەو دارە پیرۆزانە بێت کە ئەوا ئێمەیش بە دەرگای بارەگاکەی شاد دەبین.

یۆسف: ئەو دار و درەختانەی کە کەوتوونەتە ژێر ڕەحمەتی خودێ و کەڕامەتیان پێ خەڵات کراوە، ئەوەندە بەحوکم و بەتوانان کە هیچ پەخشە و مێش و مڵۆزمەیەک یارای لێ نزیک بوونەوەیانی نییە و نایان بێت. گەر ئێمەیش بەو دارە پیرۆزە شاد ببین، سەرەڕای وەرگرتنی هەزاران خێر و بەرەکەت، دەتوانین شەوێک بە ئەرخەیانی لەژێر سێبەری پەلک و گەڵاکانیدا خۆش بخەوین.

حەسۆک تووڕەتر گرماندی: ئێوە بڕۆن... ئێوە بڕۆن و بە دارهەنارەکەتان شاد بن و بزانن مێشە کوێرەی دەشتی چوکورۆڤا بە دار هەنارەکەتان دەوەستێت یان نا !

مەمەد بە شلەژاوی بە سەری دا هاتەوە و بە تووڕییی گوتی: بەسکە حەسۆک! بڵێ تۆبە حەسۆک..دەی گورج داوای لێبوردن بکە حەسۆک! نەکەی لە ئاستی دارهەناری پیرۆزدا هیچ ئای و ئۆیەک لە دەمت بێتەدەرێ حەسۆک!... کارێک مەکە ئێمەی داماو ئەوەندەی تر شکستە باڵ و وێرانەماڵ تر ببین... یۆسف بۆ حەوت پشتمان بەسە ؛ خوانەکا ئەگەر تۆیش دەردێک بگریت و لە پێ بکەویت، ئەودەم ئێمە چی بکەین و چلۆن دەربەرین. تۆ بی و خوداکەت حەسۆک بەسە...

ئاشق ڕووی کردە حەسۆک و گوتی: تۆ نابێ لە ئاستی خۆشەویستانی خودێ دا زمانت بە خەڕاپی بگەڕێت... لەوانەیە خودێ...

ئەمەی گوت و لەجێ هەستا و گوتی: ڕیبوار دەبێ هەر لە ڕێدا بێت... با سەرێکی گوندەکە بدەین و بزانین چیمان دێتە ڕی و چێمان پێ دەبڕێت.. لەوانەیە خودێ بۆ خۆی...

گشتیان هەستان و بەبێ هیچ ئای و ئۆیەک بەشوێن ئەشقەلی دا ڕۆیشتن. لە ڕێگەدا شنەی بەربەیان گیانی تازەی پێدەدانەوە. حەسۆک ئاخر کەس بوو گەیشتە ناو دێ.

لە دێ دا دەنگ بە دەنگ ڕانەدەگەیشت و گوند بە دەنگ دەهەژا. کۆڕژن و حیلکەی ئەسپ و بارگینان، هۆڕەی مانگا و باڵەی بزن و پەز و کار و بەرخان، گرمەی تراکتۆر و کامباین و ترۆمبیلان، هەمووی و هەمووی تێکەڵی دەنگ و سەدای ئادەمیزادەکان ببوون و غەڵەباییەکی سەیریان پێک هانی بوو. کەڵەشیرەکان دەیان قووڵاند، سەگەلی دێ یەکجێ و بەعام چەق و لووریان بوو. لە دوورەدەستانیشەوە دەنگی تەم گرتووی بانگ بێژی مزگەوتێک جار بە جار دەگەیشتە گوێ.

ئەوانیش ماوەیەک لە سەر سەکۆی ژێر دارە تووەکان دانیشتن. مەمەد گوتی: من پێموایە ئەو خوشکەی کە خەڵکی داوێنی چیای دڵدڵە، دەبێ هەر ئەو باش بزانێ کە دارهەناری پیرۆز ماڵی لە کوێیە.

ئەشقەلی: ڕاستە!... هەر ئەو جێ و شوێنی دارهەنارەکە باش دەزانێت و بەس.

یۆسف گوتی: لە چوکورۆڤا دا کەس نییە باشتر لەو دادەیە بە ماڵی دارهەناری پیرۆز بزانێت.

بەرەبەرە خەڵکی دێ جووڵەیان تێکەوت و لە ماڵ هاتنەدەر. پۆلی کامباین و تراکتۆر، گارێ و ترۆمبیلەکانیش لە دێ وەدەر کەوتن و چی پێ

نەچوو گوندەکە هاژەی لێ بڕا و هەر تەنێ پیرو پاتاڵ و زارۆکی تێدا جێما. پیرەپیاوەکانی دوێنی بە کۆمەکۆم و بە گۆچان لێدان هاتن و ڕاست هەر لەو شوێنە دانیشتن کە دوێنێ لێی دانیشتبوون. دانیشتن و گۆچان بەژێر چەناگەیان و وەنەوزانیان پێکەوە بوو. چەند ژن و کچێکیش هاتن و گۆزەیان لە ئاو پڕکرد و ڕۆیشتن.

ئاشق گوتی: کوڕینە دەبێ ماڵی ئەو دادەیەمان لە کوێ بێت؟!

مەمەد: هیچ کامێکمان بە ماڵەکەی نازانین و هیچ پێویست نییە بە شوێنیدا بچین، چونکە تاوێکی دیکە خۆی دێتەوە لامان...

یۆسف گوتی: نەخێر ئێمە دەبێ بەرەو ئەو بچین... هەر ئێستێ ئەو لە ماڵ دانێشتوە و چاوەڕێی چونی ئێمەیە. ئەو خۆی دەزانێ کە ئێمە گەلێک پرسیارمان هەیە و هەر ئەویش بە دڵ فرەوانی وەڵامی پرسیارەکانمان دەداتەوە... دوێنی خۆیشی پێی گوتین کە بچینە لای .. ئەو خۆی باش دەزانێ کە ئەو لە کوێیە...

حەسۆک گوتی: بەڵی هەر خۆی باش دەزانێ .

ئاشق: دەی یاڵڵا گورج بن با هەستین و بەرەو ئەو بچێن.

هەستان و ڕاخەر و سفرە و قاب و پەراخەکانیان کۆ کردەوە بەرەو ماڵەکانی گوند وەڕێ کەوتن.
حەسۆک گوتی: خۆزگە تووشی ڕێبوارێک بووینایە و شوێنی ماڵی ئەو دادە میهرەبانەمان لێ پرسیبایە... بەڵام ئەوە هاتو کەسێکیشمان تووش هات، بڵێین ماڵی کێمان گەرەکە... بڵێین ماڵی ئەو دادەیە کە ماڵی لە چیای دڵدڵە؟!
حەمەدۆک : ماڵی ئەو ژنە دڵسۆزە.
هیچ کەسێک بە دەرەوە نەبوو کە پرسیارێکی لێ بکەن؛ بە کۆڵانەکاندا دەهاتن و دەڕۆیشتن.
لە دوورە دەستانەوە زەردەی تیشکی هەتاوی نادیار ترۆپکی چیای«گاوور»ی ئەنگاوتبوو. لەنێو دێدا و لە هەندە ماڵانێکەوە شینە دووکەڵێکی خەست لە ڕۆچنەی ماڵەکانەوە بەرەو سەر تێهەڵدەچۆوە. مژێکی ڕوون و کاڵیش بەچەشنی تاوڵ و سایەبان بەسەر دارستان و مەزراکانی دەور و بەری دێدا کشابوو. گوندەکە چۆڵ و بێدەنگ و بێ هامووشۆکەر مابۆوە و لە هیچ گاز و گوزەرێکەوە ڕیبوارێک نەبوو کە پرسیارێکی تێبگرن و ڕێیەکی لێ بپرسن.
یەکیکیان گوتی: دەبوایە ناونیشانی ماڵی ئەو خوشکەمان لە پیرەپیاوەکان پرسی بایە.

حەسۆک گوتی: تڕحێو!... پیرەپیاوەکان بەرپێی خۆیان بۆ نابیندرێت چ بگا بەمە ناونیشانی مالانیان لێ بپرسین !

ئەوان لەم وتووێژانەدا بوون کە دادە لە سیلەی کۆلانێکەوە وەدەرکەوت. بە دیتنی دادە گشتیان گەشانەوە و بەرەو پیری چوون.

دادە گوتی: وەرن کوڕەکانم... وەرن چاییم بۆ دەم کردوون... نانی گەرمی ساج و ڕۆنی بەرەمەشکەم بۆ ئامادە کردوون... کەڕەم کەن با بچینەوە ماڵ.

چەند کۆلانێکیان خستە پاش سەر و گەیشتە مالی دادە. لە گۆشەیەکی پڕچیمەنی سەر سەوزی بەر بێلاکەیدا سفرەی پان کردبۆوە. کچێکی چواردە سالانەش لە پەنای سفرەکە ڕاوستابوو. ئەوانیش بەهێوری هاتن و دانیشتن. لە ئیستکانی نێو قەد باریکدا چاییان بۆ هات و خواردیانەوە. پاش خواردنەوەی چەند چایی، بە ئارامی دەستیان بۆ نان برد و خواردیان؛ خواردیان و خواردیانەوە. ئەودەم کە تێری تێر بوون، مەمەد سەری هەڵبڕی و گوتی: دادەگیان سەر و ژێری چوکورۆڤامان بست بە بست پشکنیوە، دێ نەماوە ڕووی تێنەکەین و دەرگاش نەبوو کە پەنامان بۆ نەبردبێت، بەلام دەسبەتاڵ ماینەوەو کەس ئاوڕێکی بەخێری

لێنەداینەوە... دادەگیان ئەرێ چوکورۆڤا بۆچ ئیوهای لێ بەسەر هاتووە؟!

ـ چ بزانم برا گیان!... چ بزانم کاکی خۆم کە ئەم دەور و دوکانە بۆچ ئەوتۆ گۆراوە و بۆچی ئیوهای لێ بەسەرهاتووە...

مەمەد: بەڵێ دادەگیان چوکورۆڤا سەیر گۆڕاوە و لەم هەرێمەدا هیچکەس کەس وەخۆ ناگرێت و هیچ ناسیارێک دۆست و خزم و کەس و کاری خۆی ناناسێتەوە؛ هەر دەڵێی خۆشەویستی وشکاوی هاتووە و میهرەبانی وەجاخی کوێر بۆتەوە. من جاران و هەر لەم چوکورڤایەدا دادەیەکەم هەبوو کە لە دنیای مندا تای خۆی دەست نەدەکەوت ، بەڵام ئیمساڵ کە چووینە لای هەر ئەو دادەیەم بۆ کارکردن، هەر وەک قەت قەتی نەدیتبم، نەیناسیمەوە و تەنانەت چاوێکی بەخێریشی لێنەکردم... نەخێر ئیتر لەم وڵاتەدا خێر و بەرەکەت و میهرەبانی باری کردووە و مرۆڤایەتی وشکاوی هاتووە. سێ ساڵی ڕەبەق، بە ئارەقی نێوچاوان و ڕەنجی باسکم شێوەردم بۆ بڕین و تووم بۆ داچاندند و سەپانی و دروێنەم بۆ کردن، بەڵام کوا مرۆڤایەتی؟! گا زەردێکیان هەبوو کە ئۆگرم بووبوو و منیش لە دوو چاوەکانی خۆم خۆشترم

دەویست. کاتێک ئاخرجار شەرتم پەڕی و بەرەو ماڵ بوومەوە، گا زەرد بۆم گریا.

دادە گوتی: بەڵی گا جووتەکان لە دەمی خەمگینیدا دەگرین.

حەسۆک سەبر و تاقەتی لێ بڕا و کەمێک بە تووڕەیی گوتی: لە کوێیە دادە؟... پێمان بڵێ بزانین ئەو جێگە هومێدە لە کوێیە؟

دادە بە سەرسوڕماوی گوتی: باوکەکەی باوکم چی لە کوێیە ؟ مەبەستت!...

ـ شوێن و جێگە و مەکانی ئەو دارهەنارەم مەبەستە دادەگیان... دە توبی و خودا پێمان بێژە و با ئێمە بەشوێنیدا بگەڕێین و دەرمانی دەردی خۆمانی لێبخوازین؛ ئەیش بەشکەم دارهەنار دەردێکمان لە سەر دەردان هەڵگرێت... نازانم، بەڵام وەکی دەڵێن هەندە دارێک دەکەونە بەر بەزەیی خودێ و دەردەدارانیان پێ چارەسەر دەکرێت و تەنانەت شێت و فێدارانیش ئاقڵ دەکەنەوە...

دادە بە ئەرخەیانی وەلامی داوە: بەڵێ... بەڵێ ئەوەی تۆ دەیبێژی ڕاست وەلۆیە و پێیان خەڵات دەکرێت؛ هەر ئەو جۆرەی کە پیاوانی خودایی زۆر شتیان لەدەست دێ و گەلێک ودم و دەرمانی دەردی

دەردارانیان پێیە؛ دارهەنارەکەی سەرگردیش هەر ئەو کەرامەتەی هەیە و هەر پێی دەمێنێت...

مەمەد دەنگی لێ بەرز کرد و گوتی: درەختە نەزر پێکراوەکان هەر دەمێنن و لە گشت گازندە و ئازاران بە دوورن و هیچ گەردەلوولێک ڕەگ و ڕیشەیان نەبزوێنێت خودێ لە حەوت خانی خەتەر دەیان پارێزێت. کەس نەکارێ بەنیازی لک و پۆپ لێکردنەوە و ڕنینەوەی بار و بەری دارەکە دەست بەرز بکاتەوە، کە دەستی هەق دەگاتە سەری و دەستەکانی ڕەق دەکات. تەنانەت باڵندەکانیش وزەی ئەوەیان نییە هێلانە لە باوەش چڵ و پۆی دارەکەدا بکەنەوە و هێلکەی تێدا هەڵێنن. پەخشە و مێش و مار و مێرووش بۆیان نییە بەلای مەکانە پیرۆزەکەیەوە بێن. خوا نەکا کەسێک دەستێک درێژ بکات و گەڵایەک لە چڵووکێکی بکاتەوە، کە دەست بەجێ دەستی ڕەق دەبێت و ماڵی کاول دەکرێت.

دادە گوتی: هەندە دەنگۆیک پڕۆپاگاندەی ئاوا بە گوێی ساکارەکان دادەخوێنن کە گۆیا دارهەنارەکەی سەر گردێ لە چنگ غەدر و زۆرداریی مرۆڤی یانیگری تۆراوە و شەوێک لە شەوان وەک هێڵێکی نووری سوور لە زەوی بەرز

بۆتەوە و بەرەو گەردوون و بۆ باوەشی هەسێرەکان هەڵکشاوەتەوە...

مەمەد قسەی دادەی بڕی و گوتی: نەخێر دارهەنار بۆی نییە لێمان بتۆرێت... خودا بۆیە بە سیلەی چاوی ڕەحمەتەوە دارهەناری لە سەر ئەو گردە ڕواندووە و بۆیە دەرمانی شفای هەژارو بەلەنگازانی پێ کەرەم کردووە، کە لە ڕۆژی تەنگانەدا بە هانای هەژاران و دەردەدارانەوە بێت. خودای باڵای سەرمان بۆیە مان و بوونی ئەو ئەو دارە پیرۆزانەی لە دەستی بەتوانای خۆیدا ڕاگرتووە، کە مەکانە پیرۆزەکان بە ئێمەی لانەواز ڕابگەن و بمان بووژێنێتەوە. ئەوان بە ئەمری خودا بوونەتە هۆکاری مانەوەی بەرەی ئینسان. ئەگەر ئەو نەزەرکردانەی خودا لە سەر زەوی نەمێنن، ئەدی دەردەدار و نەخۆش و کەلەلاکان خاکی کوێ وەسەر خۆ بکەن؟! دەستبەتاڵان و لە کار تەرەکراوەکانی وەکی ئێمە بۆ دۆزینەوەی کار، بەرۆکی کێ بگرن و دادی خۆیان بەلای چ مەزنە چاک و پیرێکەوە هەڵڕێژن؟!

دادە گوتی: تۆراوە...

حەیسۆک بەتووریی گوتی: تۆ شوێنەکەمان پێ بڵێ دادە، ئێمە هەر چۆنێک بێ دەیدۆزینەوە و

دەچێنە زیارەتی. بە مان و نەمان و تەنانەت ئەگەر کۆتەرەکەیشی پووخا بێت و ڕەگ و ڕیشەکەشیان دەرکێشابێت، چ خەم نینە. ئێمە ڕووی نیاز و پاڕانەوەی خۆمان بەرەو هەوارگە وێڕانەکەی دەگرین و ڕاز و نیاز و ویست و داخوازییەکانمان لە تەپۆڵکە خۆڵە جێماوەکەی دەخوازین... هەر ئەوەندەمان بەسە بە گردە وێڕانەکەی بگەین و تەواو!

مەمەد: بگرە ئەگەر ڕەنجا بووبێت و بەرەو هەسێرەکانیش کۆچی کردبێ، هەر ئەوەندەی لەبەر دەپاڕێینەوە کە ناچار ببێت و بۆمان وەگەڕێتەوە و بە دەرد و مەرگمان ڕابگات؛ دوایەش خۆی سەربەستە کە ئاخۆ دەمێنێتەوە یان کۆچ دەکات و بەرەو هەسێرەکانی ئاسمان هەڵدەفڕیتەوە... ئەو خۆی سەربەستە.

حەسۆک: دەگەڕێتەوە... تەنانەت ئەگەر ڕەنجابێت و زوێریش بووبێت، پاڕانەوەی ئێمە ئاخرسەر دەیگەڕێنێتەوە لامان.

حەمەدۆک: دەگەڕێتەوە... تەنانەت ئەگەر زوێریش بووبێت هەر دەگەڕێتەوە.

یۆسف بەدەم هانکە هانک و ناڵێنەوە گوتی: بەهیوام بگەڕێتەوە لامان و لەم ناسازی و دەستبەتاڵییە ڕزگاریمان بکات ...

ئەشقەلی گوتی: هەر گیاندارێک کە بەزەیی خوداوەندی پێ خەڵات کرابێت، دەبێ شانی یاریکاری بنێتە ژێر باری هەناسەساردەکانی سەر زەوی...

حەسۆک: دادە گیان تۆ خوداکەت ڕێگەی چوونی گردەکە پیرۆۆزەکەمان بۆ دەست نیشان بکە ... وابزانە چوویتە بەهەشتی پەروەردگار.

گشتیان لە جێ هەستان و لە ماڵ وەدەر کەوتن. لە دەروەی دێدا، دادە پەنجەی بەرەو دورە دەستان ڕاداشت و شوێنەکەی بۆ دەست نیشان کردن.

کوێستانی «ئەنەورزە» لە دوور دوورەوە دیار بوو. دەشتی بەر ڕوانگەیان بۆ پێداڕۆیشتن، چۆلگەیەکی کاکی بە کاکی و ئەوسەر نادیار بوو. دەشتاییەکە چۆڵ و بێ ئاوەدانی و تاوەسووت و وشک و بێ ئاو بوو. بۆرە مژێکی کاڵ و کەمڕەنگ بە چەشنی سایەبانێکی مەندی بێ جوولە بەسەردەشتەکەدا لەنگەری گرتبوو. خوارتر، زۆر خوارووتری چۆلەدەشتی کاکی بە کاکی، ڕەشایی تەپک و هەوراز و لێژاییەکی بژوێنی پڕ دار و درەختی لێ

دیار بوو. دادە پەنجەی بەرەو ئەو ڕەشاییە ڕاداشت و گوتی: گویّ بگرن و تێی بڕوانن باوکەکانم... لەو دیوی ئەو تەم و مژەی کە لەبەر چاوتان دایە، چەمی جەیحان بە هێوری لە ڕەوت و ڕۆ دایە. دەرواێ پەڕینەوەی چەمەکە دەدۆزنەوە و لە چەم دەدەن و دەکەونە جادەیەکی قیرەتاوکراوی پان و بەرین؛ لە جادەکە دەپەڕنەوە و دەگەنە گوندێک. بە سنوورەی سەرەوەی گوندەکەدا هەڵدەکشێن و بە دۆڵ و دەرەی چیای «ئەنەوەرزە»دا دەگەنە خڕ و دۆڵێک و تووشی ڕەوەز و تاشەبەردی بە نەخش و نیگار ڕینگاو دەبن. لەوێوە باریکە ڕێگەیەک بەرەو مەڵبەندی پیرۆزی دارهەنارەکەتان دەبات. هەر کە گەیشتنە وێندەریّ، دەبێ سەبر بگرن هەتا زەردەی هەتاو لە کەل وەدەردەکەوێت؛ هەرکە زەردەی هەتاو نوچکە و دوندی شاخەکانی ئەنگاوت و شەو بەسەر چوو، ئەودەم ئێوە هەڵدەستن و بە دڵی پڕ لە ئاوات و ئارەزووی خۆتانەوە بەرەو پیری بارەگای دارهەناری پیرۆز دەچن و نیازی دڵتانی لێ دەخوازن... بەشکەم دارهەناری پیرۆز ڕێگە و دەروایێکی بەخێرتان بۆ بکاتەوە و لە تەنگانەی ئەم ڕۆژگارتان ڕزگار بکات... دەباشە کوڕەکانم ئێستێ با بەرەو ماڵ ببینەوە.

داده لە بەرەوە و ئەوانیش بەشوێنیدا گەیشتنەوە ماڵ. کە گەیشتنەوە ماڵ، دادە بوخچەیەکی گەورەی بۆ هێنان و گوتی: هانێ بگرن براکانم، ئەمە کەمێک نان و پەنیر و تەڕە پیازی تازەیە. لە ڕێگادا هەنگاوی مرۆڤی برسی شل و بێ هێزە... چوکورۆڤا وێرانەیە و خاپوورەوڵاتە و کاولگەیەکی بێ هەست و بێ بەزەییە براکانم...

مەمەد دەستی برد و بوخچەکەی لێ وەرگرت و گوتی: خودا لە تەنگانەدا یار و یاوەرت بێ دادە گیان... بە کاوی دڵ بگەیت و قەت داماو نەبی خوشکە گیان !

حەمەدۆک بە دەم زەردی پێکەنینەوە گوتی: شەرتە ئەگەر نەمرم و بەو مەنزڵگە پیرۆزە بگەم، بەر لە هەر شتێک دەپاڕێمەوە کە دەستم بگرێت و ماف و دەسڕەنجی لێخوراو و لە کیس چووم بداتەوە، بەشکەم منیش بتوانم جووتەگایەک بکڕم کە شاخەکانیان کەونی بێت...

ئەشقەلی بە پێکەنینەوە لێی پرسی: شاخەکانیان کەوانی نەبێت نای خوازی ؟!

ـ کەوانی بێ خاسترە و لەبەر چاوان شیرینترە، بەڵام کەوانیش نەبێ چ خەم نینە و هەر بە زیاد بن...

مەمەد گوتی: دادەی خۆشەویست ئێمە ئەوە سەر هەڵدەگرین و دەڕۆین، بەڵام نەمانزانی دادەی شیرینمان ناوی چییە... ئەگەر بکرێت ناوکەی خۆتانمان پێ بڵێن، دڵمان بە ناوەکەت دەکرێتەوە.

ـ ناوم «جەننەت»ە براکانم... جەننەت!

ـ ماڵاوا دادە جەننەت! ماڵت سەد جار ئاوەدان بێ خوشکی ئازیز!

ئەمجار هەموویان یەکجێ گوتیان: ماڵاوا دادەی خۆشەویست... ماڵاوا خوشکە جەننەت!

دوای ماڵاوایی لێکردن لە دادە جەننەت، پشتیان کردە ئاوەدانی و ڕوویان لە چۆلگە کرد و بەرەو کوێستانی« ئەنەوەرزە» ڕێیان گرتەبەر. بە نێو دۆڵ و دەرەی شاخەکاندا هەڵکشان.

بەگەرم و گوری بەڕێگەدا دەڕۆیشتن و بەرە بەرە لە ئاوەدانی دوور دەکەوتنەوە. هەتاو لە ئاسماندا کەوتبوویە تاقی حەوتەوانان و دنیا تەواوێک گەرم داهاتبوو. لە کەمەرەی شاخەکانەوە بەرەو دەشتایی داکشان و دوای تێپەڕاندنی دەشتاییەکان ، گەیشتنە ڕۆخی چەمی جەیحان. لە دەم چەمەکەدا دانیشتن و بۆ دۆزینەوەی بواری پەڕینەوە، کەوتنە ڕاوێژان.

مەمەد گوتی: کە لەم بوارە پەڕینەوە و گەیشینە ئەو بەری چەم...

حەسۆک قسەی مەمەدی بڕی و گوتی: ئێ!... کە لەم بوارە پەڕینەوە، دوایە چی؟! ئەوا دیسان چ بەزم و چ سەودایەک کەللەی گەرم داهێناوی مەمەدە حووجە؟!

مەمەد گوتی: بڕوانە حەسۆک!... تۆ لەم گوندە بڕوانە کە چەندە مەزن و چیها ئاوەدان و بەربڵاوە؛ لە هەموو چوکورۆڤادا گوندی هێندە گەورە و ئاوەدانت نەبینیوە... گوندەکە لەبەر پێ و لەسەر ڕێگامانە... لەوانەیە ئیش و کارێکی تێدا دەست بکەوێت...

حەمەدۆک گوتی: سەیری ئەم قەڵەمستان و سپیدارە بەژن بەرزانە بکەن. وێنەی ئەم سپیدارانە لە هیچ شوێنێکی ئەم هەرێمانە نەبیندراوە...

ئەشەقلی گوتی: نەخێر نەبیندراون !

مەمەد: دەسا با سەرێکی لێ هەڵێنینەوە و خۆیەکی تێدا بەتاقی بکەینەوە. ئێمە بەنیازی چوونی سەر چاک و پیرانین و ئارەزوومەندی دیداری دارهەناری پیرۆزین... بەشکەم ئەوە خودا و

ڕاستان دەستیان گرتین و تیرەکەمان گرتی و کارێکی بە دڵی خۆمانمان پێدرا...

حەسۆک : گرتمان گرتی...

گشتیان سەیری حەسۆکیان کرد و سەریان لێی سوورڕما .

حەسۆک گوتی: دەسا با سەرێکیش لەم گوندە هەڵبێنینەوە و بەختی خۆمانی تێدا بەتاقی بکەینەوە.. بەچی دیارە ئەو خودایە کە یۆسف پێغەمبەری لە چاڵی قووڵی تاریک و تنووکدا ڕزگار کرد ... ئێمەیش...

یۆسف گوتی: بەچی دیارە کە ئێمەیش ڕزگار نەکا؟!

یۆسف ڕەنگی ڕوخسارەکەی لە جاران زەردتر هەڵگەڕا بوو؛ ڕەنگی مردووی گۆڕستانانی لێ نیشتبوو. چاوەکانی لەناو چاودانیدا ڕۆچووبوون و ئێسقانی لاشەویلکە و ڕوومەت و کاژەڵەی سەری زەق و زۆپ دەرپەڕیبوون. یاو تێی هاتبوویە و هەڵدەلەزی. جارجاریش بە گەرمای گەندەتێ دڵۆپ دڵۆپ ئارەقی دەڕشت و هەندە جارێکیش تەزویی ساردی نۆبەتێداری دایدەگرت و هەدادانی لێ هەڵدەگیرا.

هاتنە بەر ڕۆخی چۆمەکە و چاوەڕوانی گەڕانەوەی لۆتکە(کەڵەک) ڕاوەستان. زۆری نەخایاند کەڵەک بەباری قەببە و قورسەوە لەو بەری چەمەوە دەرکەوت. چەند تراکتۆر و ترۆمبیلی بارکێش و گاریێ و چەند کەسێکیش چاوەڕێی گەڕانەوەی ڕاوەستا بوون. لەمبە و ئەو بەری ڕووبارەکە چەند کەسێکی تایبەت بە ڕاکێشانی کەڵەک بە بارەوە، کاریان دەکرد. ئەو تەلەی کە لە دوو سەرانەوە لۆتکەکەیان پێ ڕادەکێشرا، سیمێکی تایبەت بوون و جێی دڵنیایی.

کەڵەک گەیشتێ و بار و بنە و ئاژەڵ و پاتاڵ و مەکینە و مرۆڤی سوار کرد. لەو بەری چۆمەکەشەوە چەند کەسێک تەلی گەمێیەکەیان ڕاکێشا و کەڵەک سنگی ئاوی بڕی و پەڕینەوە. لە دابەزیندا دەستیان بۆ گیرفانان برد کە کرێ پارەی بدەنێ، بەڵام کەڵەکوان دەستی دراوی ئەوانی بەرپەرچ دایەوە و پارەی لێ وەرنەگرتن و گوتی: پارەی پێویست نییە برادەرینە؛ من شەرم دەمگرێ پارە لە ئێوە بستێنم. "

ئەمجار پڕ بە دەم و تفی زاری دە ڕووبارەکە کرد و هەرچی جوێنی کە دەیزانی حەواڵەی چوکورۆڤا نشینانی کرد و گوتی: داڵک و خۆشکی ئەو

چوکورۆڤاییانە وا لێدەکەم کە هیچ پیاوەتییان لە ڕەگ و دەمارد دا نەماوە. ئێویش برادەرینە هەتا لەم چۆڵەوانی و بیابانە ڕووتەنانە گۆڕ نەکراون، خۆتان نەجات بدەن کە چوکورۆڤاییەکان جێگەی بەقا نین و وەفایان بۆ کەس نییە.
حەسۆک گوتی: بەڵی ئەوەی تۆ دەیبێژی، بەتەواوی ڕاستەو بەسەرماندا هاتووە. چوکورۆڤایی بێ خێر و بێرن و هیچیان لێ هەڵناوەڕێت... سپاس بۆ پیاوەتی و کەرامەتت برا گیان، سپاس!
ئەوان کەڵەک و کەڵەکوانەکانیان جێ هێشت و بەرەو ئاوایی ڕۆیشتن. نیوەی ڕێگای گوندەکە ڕۆیشتبوون کە یەکجێ و لەپڕ یۆسف کەوتە لەرزین و بە دەم هاوارەوە گوتی: ئێوە خۆتان شلوێ مەکەن و گوێ مەدەنە دەرد و ئازاری من برادەرینە... ئێوە بڕۆن... ئێمە نیازی چوونی بارەگای پیرۆزمان لەبەرە... بە دەرد و ئازاری من دڵتەنگ مەبن و گوێی مەدەنێ... ڕێگایەکی زۆر دوورمان نەماوە کە بەم گوندە ژیکەڵانە پڕ دار و درەختە بگەین. لە وێندەرێ پشوو دەدەین و دەحەسێینەوە. خوا بکا گوێچکەی کارێکمان دەست بکەوێت و، ئیتر ئەودەم منیش زیندوو دەبمەوە و هیچ ئازارێک لەقالبەندمدا نامێنێت. من و ئەم ئازارە لەمێژە

بووینەتە دەستەبرا... ئەگەر ئێشێکمان دەست کەوێت، سفت و سوێم لێ دەبڕێت.

حەسۆک چەند جاران ویستی تێیێ ڕۆبێت بەکۆڵی دابدات، بەڵام هەموو جارێک یۆسف دەستی بەسنگەوەی دەناو و دەیگوت: نا... حەسۆک مەکە بابەکەم... من ناخوازم بە دایم بە کوڵ و باوەشی تۆوە سەفەر بکەم... من دەتوانم بەپێی خۆم بەڕێگەدا بڕۆم... خۆم توانای ڕێگە ڕۆیشتنم هەیە برادەرینە...

بە نیازی ژێر باڵگرتنی یۆسف و ئەرخەیان بوون لە ڕۆیشتنی، حەسۆک بۆی چوو کە شان بە شانی یەکتر بە ڕێگەدا بڕۆن، بەڵام یۆسف دەستی بە سنگی حەسۆکەوە ناو و تێی ڕاخوڕی و گوتی: مەکە حەسۆک... مەکە من خۆم دەتوانم بە ڕێگەدا بڕۆم ... من توانای ڕێگە ڕۆیشتنم هەیە و دەتوانم بە پێی خۆم بە ڕێگەدا بڕۆم... وازم لێ بێنە باوکەکەم ...

پاش تاوێکی تر، ئەمجار حەمەدۆک بۆی چوو کە خۆی بخاتر ژێر باڵی و یاریکاری بێت، بەڵام یۆسف دەستی بەسنگی(حەمەدۆک)یشەوە نا و وەک پێشقەراوڵ لە بەرەوەی هەموویان ڕێگەی گرتەبەر.

حەسۆک تێی ڕاخوڕی و بانگی کرد: یۆسف بوێستە براگیان! لێبگەڕی با حەمەدۆک ژێر باڵت بگرێت و پێ بە پێی یەکتر بڕۆن... تۆ ناسازی و یاریکارێکت گەرەکە برا گیان!... دەستی یارکاران بەرپەرچ مەدەوە، ئێمە هەموومان هاوڕێی یەکترین باوان!

بە نۆرە چوونە ژێرباڵی یۆسف و هێدی هێدی بەرەو دێ ڕۆیشتن. بەکاتی نیوەڕۆیە گەیشتنە دێ. لە بەری ڕۆژئاواوە تووندە بایەکی پیاوڕفێن بە کۆڵانەکاندا دەهات و تۆز و خۆڵی بە هەموو لایەکدا دەماشت. قانگەلاشک و پووش و پەڵاش بە دەم گژەباوە لە چەرخ و خولْ دابوون. گەردەلوول لە کۆڵانەکانی گوندەکەدا گێژەڵووکەی سازکردبوو، گێژەڵووکە خاک و خۆڵی بەر ماڵانی هەڵدەگرت و بەرەو قەڵای دۆمەلۆی دەبرد.

دار و درەخت خۆڵاوی بوو، دیوار تۆزاوی بوو و هەرچی لە دێدا بوو، هەر هەموو نوایەکی خۆڵە مڕە لەسەر نیشتبوو. ئەوانیش لەو خاک و خۆڵە بێبەری نەبوون. لە ژێر تەپ و تۆزەوە بە نێو گوندەکەدا هاتن و گەیشتنە ژێر سپیدارەکەی نێو دێ. لە ژێر سێبەری سپیدارەکەدا تروومپایەکی سوور لەسەر بیرێک دامەزرێندرا بوو. هەرکە هاتن و دانیشتن، یۆسف یەک بە مەیدان لێی کەوت و

خۆی دە خاک و خۆڵ گەوزاندو هاواری کرد: بیکەن بە خاتری برایەتیتان ئازادم بکەن برادەرینە... ئەوا گیانم لە ڕێی دەرچوونە... ئای مردم بابەڕۆ...

ئەوانیش دانیشتن و سەیری گەوزین و هات و هاوارەی یۆسفیان کرد و بێدەنگ مانەوە. لە بەرامبەریانەوە باخچەیەکی بچووک بە ڕەشەرەیحانەو گوڵی زەرد و سپی و سوور ڕازێندرابۆوە. گوڵەکان بە ڕەوتی با ڕادەژان. لە بەر زارکی ترومپاکەدا حەوزێکی لە بەرد داتاشراوی زۆر مەزن داندرابوو. بەردی حەوزەکە ڕەگەی کەسک و شینی لەسەر ڕاستە تەختەیەوە دەبیندرا. نەخش و نیگاری بەردەکە نمایەکی جوانی تێدا دەبیندرا. حەوزەکە ئەوەندە مەزن بوو، کە دەکرا دە کەس بە ڕاحەتی تێیدا دانیشن. تاوێک لە دەم حەوزەکە ڕۆنیشتن و هەندێک حەسانەوە. تووندەبای سەر لە ئێواران بەرەبەرە تەوژمی تووندتر و بەسامتر کرد. تووندەبا، تەپ و تۆزی کوچە و کۆڵانی گوندەکەی ڕەپێچەک دەدا و وەک گێژەڵووکە چەرخ و خولی پێدەدا و خاک و خۆڵی بە سەر دار و دیواراندا دەماشت. چاو چاوی نەدەدیت و هەموو جێ و شوێنێک لێڵ و تاریک و تەماوی بوو. حەسۆک لەجێ هەستا و بۆ دەم و چاو

شوردنێک بەرەو تروومپاکە چوو. بەڵام ئەشقەلی گوتی: دەست و پەل شوردن بێ کەڵکە برا گیان... هەر ئێستێ بیشۆی، لەولا تۆزت لێ دەنیشێت و دەبێتە قوڕ... هەر وازی لێ بێنی باشترە.

ماوەیەک دانیشتن؛ بای ئێوارەدەمان بەرە بەرە هێدی و هێدی تر دەبۆوە. وا دیار بوو کە تووندەبا بەرەو سوکنایی دەڕوات. ئەوانیش بەتێکڕا هەستان و دەست و پەلێکیان شورد و چەند قومەئاوێکیشیان خواردەوە. دوایەش هەر لەوێ هاتن و چوون و دانیشتن و هەستانەوە و وڵاتیان ڕوانی، بەڵام ئەوەی گیاندار بێ، لە گوندەکەدا نەدەبیندرا؛ هەر وەک بڵێی دێ وێرانەیەکە و جووقەواری تێدا نەماوە؛ کپ و بێدەنگ و بێ هەست و هەرا بوو.

مەمەد گوتی: ئەم گوندە چی بەسەردا هاتووە کە هەر دەڵێی حەفتا چەتە دەستیان پێدا گێڕاوە و خاپووریان کردووە؛ پشووکێشی تێدا نابیندرێت.

حەسۆک گوتی: چ بزانین... لەوانەیە بەتێکڕای ماڵباتەکان چووبنە هاوینە هەواران و گوندەکەیان جێ هێشتووە؛ ئەگینا ...

ئەشقەلی گوتی: نەخێر وانییە، خەڵکی ئەم ئاواییە خاوەنی موچێ و مەزران و سەرگەرمی کاری وەرزێڕین تێیاندا... سەبرێک بگرن، هەر

ئیستێکی دیکە لەم دێیە بڕوانە و ژاوەی هەرایان گوێ بدەنێ !

ڕاست وابوو. زۆری نەخایاند، بەرەبەرە گوندەکە بەدەنگ وەجووڵە کەوت. کاروانی دوور و درێژی تراکتۆرەکان، لۆریی بارکێش، گارێ و داشقە، ڕەوەی پاتاڵ و ئاژەڵ و زیندەوەر، خەلکی سوارە و پیادە و سەڵتە و پیر و ڕەبەن بە دێ وەربوونەوە و گوند جووڵە تێکەوت و ژاوەی هات.

ترومبیلێک بە بەردەمیان هات تێپەڕ ببێت، بەڵام ترۆمبێلەکە چەند هەنگاو دووتر لەوان ڕاوەستا. ئیستێک پێچوو پیاوێکی باڵابەرزی لێ دابەزی و ڕاست بۆیان هات. کابرا بە بەرگ و پیتاکەوە و شەپکەی سەریەوە، گەلێک کۆک و پۆشتە دەهاتە بەرچاو. جزمەی لاسک درێژی هەتا نزیکی بەلەکی هەڵکێشابوو. کڵاوی پووشینەی لێوار پانیشی هەتا نزیک ئەبرۆکانی داکێشا بوو. قامچی ناو دەستی ڕاستەی وەک ڕەشمار دەجووڵاندەوە. لە هاتن و چووندا بەسەری پەنجەی سووک سووک بۆلایان دەهات و لە ڕۆیشتندا وەک سەما بکات، بە خۆبادان و بەهەوا بەرێگەدا دەڕۆییشت. بە لەنجە و لار بۆلایان هات و لە بەرامبەریاندا چەقی.

ئەوانیش بە گورجی خۆیان کۆ کردەوە و بە پڕتاو هەستان و بە خەت ڕاوەستان.
پرسیاری تێگرتن: هۆی!... ئێوە کوێستانیگەلن؟
- بەڵی خەڵکی کوێستانین و لەوێوە هاتووین.
- کرێکارن؟!
- بەڵی هەین.
- چ کارێکتان لە دەست دێت؟
- هەر کار و ئیشێکی کە دەست بدات، دەیکەین.
- مزەی ڕۆژانەتان چەندێکە؟
- چەندێکی پێمان بدەن دەست ناگێڕنەوە.
لە پرسیار و ئاخافتنەکەی کابرای دەوڵەمەند دا بەئاشکرا دیار بوو کە تووڕەیە و خەریکی شەڕ فرۆشتنە. چەند جاران قامچییەکەی لە هەوادا سووڕاند و بە دەنگ و گوتنێکی مزر و گرژ و ناشێرینانەوە گوتی: کرێکاری وەکی ئێوە بە کەڵکی من نایەن... ئێوە سەگ نەخۆری گورگ نەبەرەن و بۆ سووتانیش نابن... کەسێکی کە بە هەموو نرخ و بایەخێک رازی بێت و دەست نەگێڕێتەوە، سیپاڵێکی بێ کەڵکە... لە جەستە و قەڵافەت و سەر و سیماکەشتاندا دیارە کە هیچتان لێ هەڵناوەرێت و بۆ هیچ نابن. درۆزەگەری و سواڵکەریتان پێوە دیارە و سەر و سیماتان چەشنی

سەگی گڕوێی کرووزە و، خەریکی توێخ هاویشتن و توولەک دەرکردنن و هاکا پێڕا هاتنن و...

ئەوانیش توورە بوون و دڵشکاو. توورەیی و دڵشکاویشیان بەبێ گوتنی یەک وشە، هەر لە هەناوێدا جمەی دەهات و خۆیان دەخواردەوە.

کابرا هەنگاوێکی تریان لێ نزیک بۆوە و چەند جاران شەللاقی دەستی لە بەر دەمیاندا هەڵسوڕاند. دەنگی گڤەو گزژەی قامچی بەژێر گوێچکەکانیاندا دەهات و ڕادەبورد.

ئاغا دەستێکی بە سمێڵانی داهێنا و بە گەپجاڕی و قەشمەرپێکردن گوتی:

ـ وەیش!... وەی لە من ، کە وادیارە ئاغاکان لە قسە و هەڵوێستکەم ڕەنجاون...

چەند هانگاوێکی تریان لێ نزیک کەوتەوە و سنگ بە سنگی ئەشقەلی ڕاوەستا. دەستی درێژ کرد و پەنجەیەکی بە سەر تەلی تەموورەکەی داهێنا. لەرزانەوەی تەلی تەموورەکە زرینگەیەکی کێشداری لە هەوادا بڵاو کردەوە؛ پرسیاری لێکرد:

ـ تۆ دەبێ لە ئاشقەکان بی... وەلۆیە؟!

ـ ئەگەر خودا ئەم بەرەکەتەم پێ ببەخشێت، بەڵی هەوم ... بەڵی لە ئاشقەکانم.

ئاغالەکە بە خۆڕانانێکی حیزانەیەوە گوتی:

ـ لەنێو جەماعەتەکەتاندا هەر تەنێ ئەتۆ بە کەڵکی من دێیت و ستران و دەنگی تەموورەکەت دەتوانن کرێکارەکانم لە دەمی کارکردن و ئارەقە ڕشتندا سەرخۆش بکەن... لە کاتی کار دا ڕەنجبەرەکانی من بە دەنگی تۆ و تەموورەکەت خرۆشیان تێدەکەوێت و ڕادەی کارکردنیان بەرز تێهەڵدەچێتەوە و منیش لەبری ئەو خزمەتەی تۆ دا نانێک و برە پارەیەکت دەدەمێ... تێگەیشتی بەڕێز؟!

بەئاشکرا دیار بوو کە قسەکانی هەر هەمووی تەوس و پلارن و سووکایەتی پێکردنن. ئاشق لە سووکایەتیی ئەو سووکەڵە پیاگەدا دڵی دەژان چوو. لە وەرامدا هەر بەس توانی بڵێ: پارە و سامان و دەوڵەتەکەت پێشکەشی خۆت بێ و من نانی ڕەنجبەری دەخۆم و نانی تۆ ناخوازم.

ـ کەواتە دڵت لێم ڕەنجاوە گەورەم ؟!

ـ دڵی من هەر ڕەنجاوە... ڕەنجان و زویر بوونی دڵی من هی هەنووکە و دوێنێ نییە...

ـ دڵت لەچی دەڕەنجێ هەتیوە سوڵکەرەی پێخاوسەی ڕووتەڵەی برسی؟... ڕۆژ نییە دە و بیستی وەکی تۆ لەبەر دەرگاکەمدا وەکی سەگی

برسی لێی نەکەون و لە برسانا دڵیان دەبوورەوە نەچێت...

مەمەد بە دەرهەڵبووی بە سەری داهاتەوە و گوتی: بێدەنگ بە!... تۆ بزانە دەگەڵ کێ قسە دەکەیت!! ئەمە ئاشقی ناوە... ئاشقە و کوڕی ئاشق حسێنی کوڕی ئاشق خەلیلە و بنچەکەیان دەگاتەوە سەر«دادالّ»ی مەزن... مەگەر ناو و ناوبانگی خانەدانەکەیانت بە گوێ نەگەیشتووە؟... ناوبانگی خانەدانەکەیان لە کوێستان و پێدەشتەکاندا لەسەر زمانی ورد و درشتی خەڵکی ئەو هەرێمانەیە دا دەگەڕێت و کەس نییە نەیان ناسێت. مەزن هۆزی عەشیرەتی هەوشار بە گشتی هۆگر و ئاشقی خانەدانەکەیانن... تۆ بەبێ ئەوەی کە بزانیت ئاشق کێیە، دڵی گەورەی ئەم گەورە پیاوەت شکاند...

ئاغالەکە، قسەی لە دەمی مەمەد ئەستاندەوە و گوتی: نەکا نەمزانیبێت کە ئەو بابایە لە بنەچەی عوسمانلییەکانە؟!... ئەرێ بڵێی لە زار و زیچی مستەفا کەمال پاشا نەبێ؟!... هەی پیاگی پێخاوسی لاپرەسەنی کێوەی! بەس ئەم ڕووتەڵە پیاگە بەرز بکەرەوە... هێندەی با تێ مەکە،

چونکینی بە باتێکردن هەر سەری زل دەبێتەوە و ...

ـ من پێم وتی کە ئاشق کێیە و چ کەسێکە... نە لەبەرەی عوسمانلییەکانە و نە کوڕەزای مستەفا کەمال پاشای تۆیشە.. لە بنەچەی دادالی مەزنە و تەواو!

ـ چیۆ؟!... گوتت لە چ بەرەیەکە؟!

ـ لە بەرەی دادالی مەزن...

ـ دادالی مەزن؟!... دادالی مەزن دەبێ کێ بێت کە منی چارە ڕەش ئەو ناوە گەورەیەم بەگوێ نەگەیشتووە؟!... ئەها!... ڕەنگە قەرەچی یان دۆمێکی پێخاوەسی تەمموورەژەنی برسی بووبێت کە دەرگا بە دەرگا بە شوێن لەتکە نانێکدا گەڕابێت...

بوغز لە ئەوکی ئاشق دا ڕێگەی هەناسەکێشانی لێگرتبوو. لەپڕ بوغزی تەقی و بە شڵەژاوی ڕوو بە مەمەد گرماندی و گوتی: مەمەد بەسە!... قسەکردن دەگەڵ ئەمە هیچ کەڵکی نییە.

کابرای دەوڵەمەند تووڕەتر لە پێشوو شریخاندی:

ـ سوڵکەرانی گەڕۆکی لەبرسان مردوو، ئێوە واتان لێهاتووە کە لە بەرامبەری مندا دەوستن و دەم دەبزێون...

هەر لەوکاتەشدا بوو کە چەند کەسی گوندەکە هاتنە لایان و یەکێک لەوان بۆ کوژاندنەوەی شەڕ و ناخۆشی، هاتە نێوانیان و ڕووی کردە بەگەلەرەکە و گوتی:

ـ ئیستێک بگرە گەورەم... سەبرێکت بێ خانی گەورە! ئەمانە چ بزانن کە ئێوەی خاوەن شکۆ کێن و چ کارە و چ کەسن! من لێم سوورە کە ئەگەر ئەم داماوانە زانیبایان کە ئێوەی ڕێزدار چ کارە و چ کەسن، مەگەر زمانی قسەکردن و خۆ هەڵدانەوە و بەخۆ هەڵگونیان لە دەمدا دەگەڕا؟!... نەخێر قەت ئەوە ڕووی نەدەدا...

خان بە تووڕەیی ڕووی دەمی تێکرد و گوتی: دەی دەسا ئێوەی ئەهلی ئاوەدانی مێشکی ئەو نەفامانە زاخاو بدەن و خەبەرداریان بکەن کە من کێم و چ کەسم... دەبا ئەم دادەڵە ڕووتەڵانە چیتر بەلای منەوە خۆیان هەڵنەدەنەوە... ئەگەر ئەوانە کەسێک بوانایە، لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا دادەنیشتن و بۆ سواڵ و سەدەقە نەدەبونە گەڕۆکی پێخاوسی گوند و بیابانان...

مەمەد گوتی: بەرەی مرۆڤ هەتا لە سەر ئەم دنیایەدا بمێنێت، تووشی هەزاران کۆسپ و تەگەرە و کەوتن و هەستانەوە دێت. تەنانەت دارا و

دەوڵەمەندە و دەست ڕۆیشتووەکانیش کاتێک دادێت کە باریان لار بێتەوە و تووشی کەساسی و هەژاری بن و بکەونە کووچە و کۆڵانان بۆ سواڵ و سەدەقە وەرگرتن. ئێمە فەقیرین، بەڵام پیاوی کار و کوێرەوەرین و بەئارەقی تەوێڵمان نانی ماڵ و منداڵمان لە بەرد دەردێنین... دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە...

خانی لەخۆ ڕازی گرماندی بەسەر نۆکەراکانیدا و گوتی:

ـ ئەو بەڕێزە خاوەن عێل و عەشیرەتانە لە بەردەرگای من چی دەکەن؟

دەگەڵ شات و شووت و کەف هەڵخڕاندنێکی شێتانەیەوە، دیسان ڕووی دەمی دە ژێردەستەکانی کرد و بە هاوارێکی سامناکەوە تێیان ڕاخوڕی:

ـ هەر ئێستێ کلکیان بگرن و لەم دێیە دەریان فرتێنن و لەمەو دواش ڕێگە بەهیچ کوێستانییەک مەدەن کە پێ بنێنە گوندەکانی من... هەر بژی تڕاکتۆر ... ئافەرین کامباین... ئیتر چیدی چاوەڕێی هاتنی ئەم بەروپشت ئەتڵەسانە ناکەین کە پێ بنێنە گوندەکەمان و بەبۆگەنی لەشی چڵکنیان تووشی ژانەسەرمان بکەن... هەر بژی تڕاکتۆری مارشاڵ... هەر بژی مارشاڵ... بە هاتو هاوارەوە

سواری ترۆمبیلەکەی بوو، بەڵام بەر لە ڕۆیشتنی، ڕووی کردە گوندییەکانی و پێی گوتن:

ـ گورج لە دێ دەریان فرتێنن... بێتوو ئەم شەو لەم گوندەدا بمێننەوە، دەست بە ماڵاندا دەگێڕن و زاخاومان دەکەن... ئەوانە چەتەن... چەتە! ئۆهۆی بۆرە پیاگینە، خودا بەقوربانی ئەم ئیشە بەپەلەی منتان بکات کە کارم زۆرە و ناتوانم ژۆڵە چەرم لە کاژەڵەی سەرتان داماڵم... نەکەن لەم هەرێمان بتان بینمەوە، بتان بمینمەوە، شەرتە دەردێکتان بەسەر دەهێنم کە هەنگوین لە دەمتان تامی ژەقنەمووت بدات...

ئەو ڕۆیشت و، لادییەکان هاتن و دەستیان کرد بە دڵداری و گوتیان:

ـ برادەرینە خودا ڕەحمی پێکردن کە بەگ ئیشی بەپەلەی هەبوو، ئەگینا لە ژێر دار و کوتەک و شەللاقدا شەلاڵی خوێنی دەکردن. هەر ئێمە ئەو کابرایە باش دەناسین و دەزانین کە بە سروشت پیاوێکی خەراپ نییە، بەڵام هەرکە لە کەسێک تۆرا و لێی درەهەڵبوو، ئیتر هاوار بەحاڵی... ئێوە پێتان وانەبێت کە فەرامۆشی بکات... ئامان سەد ئامان هەتا نەگەڕاوەتەوە، ئێرە بەجێ بهێڵن و خۆتان دەرباز بکەن. لە دەرچوونیشدا بەجادەی

ماشێن دا مەڕۆن و هەتا دەتوانن بە لاڕێگە و سەڵتە ڕێبواران دا تێپەڕ ببن...

مەمەد بەنیاز بوو دەم بکاتەوە، بەڵام ئەشقەلی دەستی بەدەمیدا گرت و بێدەنگی کرد. مەمەد بێدەنگ و دڵشکاو ژێر پیلی یۆسفیان گرت و کەوتنە ڕێ. لە ڕێگەدا گشتیان کەیل و مات و خەمگین بوون. حەسۆک لە هەژمەتان لێوی خۆی دەکرۆشت. ئەشقەلی ڕووی تێکردن و گوتی: دەسابا لە جادە واز بێنین و بە سەڵتەڕێگاکاندا بڕۆین باشترە... پیاوی ژێر کەسێکە خۆی لە سەگی یانیگر بپارێزێت.

حەسۆک بە تووڕەیی گوتی: من جادەی پان و ڕاست و بێ کەند و کلۆ بەرنادەم. خوا دەکا بەگلەر بە شوێنماندا دێت و ئامبازم دەبێت، سا ئەودەم دەبینن چلۆن دەم و کاکیلکەم پڕی خوێن کردووە و تامی زاری دەدەمەوە...

مەمەد: چەکمان پێ نییە و بێ چەکین... خۆزگە دەمانچۆکێکمان پێ بوایە سا ئەودەم ...

ئەشقەلی: ئەو باشتر کە چەکمان پێ نەبوو؛ چەک بەڵایە!

حەسۆک: من خەنجەرم لەبەر پشتوێند دایە... خەنجەری دەببانە و موو دادێنێت. ئەشقەلی گوتی:

حەسۆک دەستی منت بە داوێن براگیان مەکە...
کەللە شەقی و توندی و تیژی بەسە باوکەی باوکم.
ئێمە لەهەر چوارلاوە تووشی نەهامەتی هاتووتن و
ئەتۆیش ...

دەنگی ئاشق هەر ئەوەندە داماوانە و بێ هیوا
لە دەمی هاتەدەر، کە حەسۆک جەرگی پێی تەزی
و بێدەنگەی لێکرد. ڕێگای ڕۆیشتنەکەیان گۆڕی و
ڕوویان کردە تیژە ڕێگایەکی کە بە نێوان پەرێز و
مەزراکاندا هەوراز دەڕۆییشت. حەسۆک لەبەر پێی
یۆسف چۆکی دادا و گوتی: یۆسف ورەو کۆڵم
باوکەکەم با زووتر ئەم تیژە ڕیگەیە ببڕین. ئەم
ڕێگەیە بۆ ڕۆیشتنی تۆ لەبار نییە...

حەسۆک یۆسف بە کۆڵەوە ، مات و بێدەنگ
دەڕۆییشت، بەڵام لە ناوەوە ئاگرێکی وەهای لە
دەروونیدا داگیرسابوو، کە دەیهەویست وشک و تەڕ
پێکەوە بسووتێنێ. بوغز لە ئەوکیدا چەشنی شەوە
گەروو دەگوشی و پێیی خۆش بوو وشک و تەڕ
پێکەوە بسووتێنێ. بیری لەم هەناساردییە
دەکردەوە و لە دەرووندا خۆی بۆ تۆڵەسەندنەوە
ئامادە دەکرد.

ماویەک، یەک بەشوێن ئەوی تر و بەسەر
تیژەڕێگەکەدا ڕۆیشتن و گەیشتنە مەزرایەکی

سەرسەوزی برنج. لەلاشانی مەزراکەدا جۆگەلە ئاوێک بەرەو ژێروو دەڕۆییشت. کەمێک هەورازتر، تاکەدارێکی بناو لەدەم جۆگەلەوە دەبیندرا. هەموویان بەبێ پرس و ڕا، ڕێگەیان کل کرد و لە دەم جۆگەکەدا بۆی درێژ بوون و بە ئاودا نووسان و هەتا مەشکی زگیان بردی، ئاویان خواردەوە.

مانگ بەهێوری بەسەر سنگی لووسی ئاسماندا دەخوشی. ئەستێرە بەرزەکانیش لە باوەشی تاریکیدا بەزریوە خۆیان دەنواند. چیای ئەنەوەرزە بە کڵش و چڕ و هەڵدێرەکانییەوە شۆقی مەنگە شەویان بەسەر کشابوو. چیا هەروەک پەلەوەرێکی سامناکی ئەفسانەیی لەژێر ڕۆناکایی هەیف دا ماتەی هەڵگرتبوو. دەنگ، هەر بەس چەق و لووری سەگی گوندەکانی دەور و بەر بوون کە خەبەری ئاوەدانیان بەگوێ دەگەیاندن. زۆری نەکێشا، لە جادەکانی بەرامبەریانەوە سەرەی دوور و درێژی ترۆمبێل، تراکتۆر، کامباین و بارکێشە زلەکانیان بینی کە بەرەو گوندەکەیان ڕێگەیان گرتبوویەبەر. ئەودەم کە گەیشتنە ژێر تاکەدارەکە، گشتیان شەکەت و پەرێشانحاڵ بوون. هەرکە گەیشتنە وێندەرێ، وەک درەختی لە ڕەگ و ڕیشە هەلکەندراو، بەلا داهاتن و کەوتنە سەر خاکی ژێر

دارەکە. کەس سریوەی لێنەهات. تەنانەت(یۆسف)یش کە بەردەوام دەینالاندو دەکڕووزایەوە، هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات. ئاشق ئارەزووی بەبا کردنی جگەرەی لە دڵدا بوو. لەوەتی هەنگاویان نابوویە دەشتی چوکورۆڤا، ئەوە یەکەمین ئیشتیا و ئارەزوو بوو کە ئەو دەیکرد. بە دڵ پێی خۆش بوو جگەرەیەک لە ناو قامکەکانی دابوایە و چەند مژی گەرووگری لێدابایە، بەڵام نەبوو. بەتێکڕاش برسی بوون، بەڵام خەو ئیشتیهای خواردنی لێ بڕیبوون. هەر کە بۆخەوتن تخێڵ بوون، هەزارە زیلی پەخشە وەک هەور بە سەریاندا کشان، بەڵام هیچیان واز و تین و تاقەتی ئاگر کردنەوەیان نەبوو. هەموویان خەو لە دیدە شکاو، چاوەکانیان پڕی خەو بوو. بەڵام هەتا بەرە بەری خۆرهەڵاتان هەر تەنێ شەڕی پەخشەو تەپۆیان بوو دەیانکرد؛ خەو بە چاوی هیچ کامێکیاندا نەهات. گشتیان لەسەر پشت و ڕوو بە ئاسمان چاویان لە زیتە و زریوەی هەسێرەکاندا وێڵ بوو. هەموویان بەچاوی خەوتێشکاویاندا یەکەمین کۆچی پۆلی پەلەوەرە کۆچەرەکانیان بە ئاسمانەوە بینی کە هاتن و ڕۆیشتن و لەبەر چاوان نەدیوو بوون. هەمووشیان یەکەمین تاڵەتیشکی زێڕینی خۆریان

بەسەر ترۆپکی چیای گاورەوە بینی کە وەک کۆشکی پەرداخکراو لە شووشە بلووری کریستاڵ بە چاو دەبیندرا و لە بەرامبەری تیشک و شۆقی هەتاو دا ترووسکەی دەهات.

مەمەد بەژنی بەرزی لە هەمێزی خاک و خەوتن ئەستاندەوە و بە لەپی دەستی چاوەکانی ڕامالْین. ئەوسا هەستاو بەرەو جۆگەلە ئاوەکەی لاشانی مەزراکە ڕۆیشت. لە دەم جۆگەلەکەدا لە سەر سنگ ڕاکشا و دەست و دەم و چاوی شوردن؛ یاران و دۆستانیشی بە دوای ئەودا هاتن و هەرچی ئەو کردبووی ئەوانیش کردیان. پاش دەست و دەم و چاو شوردن، تاوێک لە ناو گوڵە پرچنەکاندا هاتن و چوون. لەپڕ وەرچەرخانەوە و سەیرێکی چیای «دڵدڵ»یان کرد. دوندی لووسی چیای دڵدڵ بە چەشنی ئەستێرە تروسکەی دەهات و دەدروشایەوە.

یۆسف تەواوێک هاتبۆوە جێ؛ نە بەسەرمای بەیانان یاو تێی هاتێ و نە لە گەرمای نێوەڕۆیانیشدا بەنۆبەتێ هەڵ لەرزی.هەموویان نزیک بە یەک ڕاوەستابوون ، بەڵام کەس دەمی بۆ گوتن نەدەجووڵایەوە و هیچکامیان مەیلی ڕوانین و سەری سوحبەتی یەکتریان نەبوو. تەنانەت

حەمەدۆکیش کە قۆشمە و بزۆز و زۆە بڵێی بوو، لە هەموویان سەرکز و پەرێشانحاڵتر دیار بوو.

حەمەدۆک لە کۆشی هەژاری و بێ ئەنواییدا گەورە بووبوو. هەموو ساڵانی تەمەنی هەر سپانی و شوانی و خاکەساری و ژێردەستەیی بوو. چەوساندبوویانەوە، شکاندبوویانەوە، سووکایەتییان پێکردبوو و ماف و دەسڕەنجەکیشیان لێ خواردبوو. ئەوەندەی کە بیری بڕی دەکرد، پشک و بەشەکەی هەر نانێک و سەد جوێن و چەند پەیاغ و گەلێک سووکایەتی بوو کە بە بەژنی بڕا بوو. ڕابوردووی تاڵ لەبەر چاوی خەیاڵی گوم و گۆڕ نەدەبوو. بەڵام قەت قەت لەبیری نەدەکرد کە بەگی بەدفەڕی زۆردار چەندەی زوڵم و زۆرداری لێکردووە و چەندەهای شەقی تێهەڵداوە.

ئەوانی دیکەش هەر یەکەی تۆماری خەم و خەساری خۆیان بەچەشنی زنجیر، ئەلقە بە ئاڵقە و بەند بە بەند دەهێنایەوە بیر؛ ئەودەم کە کەوتنە بەر شات و شووت و هەڕەشەی خانی بەدفەڕ و، مەمەد لەبەر حەیای پیاوەتی هەر وەک مۆم دەهات بتاوێتەوە... حەسۆک لەبەر بێدەستی و کەم دەسەڵاتیی دەهات بسووتێ و نەمێنێ... ئاشق لە غەدری ئاشکرای سووکەڵە پیاوێکی سەرخۆش

دەهات ببێتە دڵۆپە ئاوێک و نوقومی زەوی ببێت... یۆسفی داکەوتەی دەستی نەخۆشی لە چنگ زۆرداریی ئاشکرای دەربەگێک وجوودی ببوو بەهاوارێکی مرۆڤ تاوێن و ئاشق لە هەموویان کۆڵەوارتر، بە سووکایەتییەکانی زڕتەئاغایەک ڕۆژی ڕووناکی لێ بووبوو بە شەوە زەنگ و پێی خۆش بوو سەر هەڵبگرێت و بچێتە سەر بەرزترینی ترۆپکی چیای ئەنەوەرزە و هەتا دەتوانێ بە سەر چارەنووسی سەر ئیمڕۆکەی و ڕابوردیدا شین بگێڕێت. حەمەدۆک شەوی دینێ خەو بە چاوانی دانەهاتبوو. ئەوەی کە دیتبووی و ئەوەی لە دەرەبەگ بینی بووی، جارێک نا، بەڵکە سەتان جار هێنایەوە بەر چاوی و خۆی پێ سەرکۆنە کردبوو. زۆرجاران لە نیوەی شەودا دەیەویست بە ئاسپایی هەستێت و بگەڕێتەوە هەر ئەو گوندەکەی ئەو ئاغا بەدفەڕە و ماڵ و مڵکەکەی ئاگر تێبەربدات و هەست و نست و ویشک و تەڕی بکاتە قوربانی دەنکە شقارتەیەک.

حەمەدۆک بێدەنگ و ئارام دەگەڵ هەوالانی لە نێو مێرگۆڵەی دەشتی کاکی بە کاکیدا ڕاوەستا بوو. لە نێویاندا، مەمەد وەک تۆ بڵێی بەشوێن شتێکی نادیار دا بگەڕێت، ملی درێژی بە ڕاست و چەپدا

دەسووڕاند و جارجاریش سەیری دوورە دەستانی دەکرد. چاوەکانی لێڵ و وێڵ بوون و ڕەنگی ڕوخساری تەمگرتوو بوو. هاوڕێیانیشی بە لاساکاری لە مەمەد، سەیری ئەملا و ئەولایان دەکرد. مەمەد ئیستێک ڕاوەستا و لەپڕ وەک ئەوەیکە بە مەبەست و ڕازێکی شاراوەی نادیار گەیشتبێت، زەردەی پێکەنینی کەوتە سەر لێوانی و سەیرێکی هاوڕێیانی کرد و بەبێدەنگی کەوتەڕی. ئەوانی تریش جگە لە حەمەدۆک، زەردی پێکەنینیان کەوتە سەر لێوانیان بە شوێن ئەودا وەڕی کەوتن. حەمەدۆک دەرگیری خەیاڵاتێکی سەیر دوور و درێژ هاتبوو و هەر لەو شوێنەی کە چەندچرکە پێشتر هەواڵان بە گشتی لێی راوەستابوون، وەک داری چاکی لەوێندەری چەقیبوو و جووڵەی نەدەهات. بەڵام لەپڕ سەری هەڵبڕی و بە چەشنی ئاسکێکی سڵ کردوو بە شوێنیاندا هەلینگی دا.

بەنێو پۆلێکی قەوغای گوڵ تەشی دا تێپەڕبوون. گوڵ تەشییەکان بەژنی بەرزیان ڕەپ و ڕاست ڕاگرتبوو. گوڵەکانیان بەڕەنگی ئاڵ و کەوەیی لە بەر شەبەقی هەتاوی بەیاناندا ورشە و گرشەیان بوو. بەناو گوڵ و گوڵزار و شینکە و سەوزەڵانی دەشت و مەزرا و گێڵگەکاندا ڕابواردن. لە

بەرزاییەکان وەسەرکەوتن و بە لێژایی ڕژد دا گەڕانەوە. بە کەوشەنی زەویو زارەکاندا تێپەڕین و لە جۆگەلە ئاوەکان بازدیان دا. ڕۆیشتن و ڕۆیشتن و بەرەبەرەی نیوەڕۆیە گەیشتنە داوێنەکانی چیای ئەنەوەرزە.

سوورە گەرمای نیوەڕۆیە خاک و خۆڵ و بەرد و داری وەجۆش هێنابوو. سەرجەمی ڕیگە و لاڕێی ڕژد و هەڵدێرەکان بە گەرمای هەتاو لە کوڵین دابوون و دەکوڵین.

تاوێرە بەردەکانی چیای ئەنەوەرزە وەک دیوارێکی ڕژد و لێژ و هەڵدێر، بەرەو چەمی جەیحان شۆڕ ببۆونەوە و تەشکی داوێنەکانیان لە ئاوی ڕووبارەکەدا نوقوم کردبوو. مەنداو و گۆماوەکانی چەمی جەیحان بە دەم شنەبای کوێستان و پێدەشتەکانەوە وردە شەپۆلیان دەکەوتێ و شەپۆلەکان سنگی تاشەبەردەکانیا ڕادەمووسی و دەگەڕانەوە دواوە. سەمای تیشک و شەپۆلەکان بەسەر دیوارە بەردینەکانی ڕۆخی چەمدا نیگای چاوی ڕێبوارەکانیان بەرەو خۆ ڕادەکێشا و ماوەیەک سەرگەرمی چاولێکردن و ڕوانینی خوڕێنکی چەم و گەمە و سەمای شەپۆلان بوون. کەمێک خواروتر، چاویان بە سەوزەڵانێکی

دڵگر کەوت لەناو دڵی ئەو سەزەڵانەدا چواربێستانێکی شەنگ و شیرینی تێدا سازکرابوو. ئەو بیستانەوانەی کە ئەو چواربێستان لەو شوێنەدا سازکردبوو. دیاربوو مرۆیەکی خاوەن ئەزموونە. بیستانەوانەکە لە شوێنێک بێستانی ئاواکردبوو، کە باشترین نەرمە خاک و لمی ئاوماڵکیساڵیانی ساڵی چەمی جەیحان کۆی کردبۆوە. خاکی بەپێز و ئاوی کارساز دەستیان بە یەکتر دابوو و بیستانەوانیش ئەو پەڕی زانایی بۆ دەکار هێنابوو. هەر دەبوو بێی و سەیری بکەی و حەزی و خۆزیای لێ بخوازی.

هەڕەتی گەرمای نیوەڕۆیە بوو. پێکوتەو پیاسەو ڕێگە ڕۆیشتنێکی وزەکوژیان کردبوو. توونیایەتی، شەکەتی و برسیایەتی لە جووڵەی خستبوون. دیتنی دیمەنی سەرسەوزی چواربێستانێکی خنجیلانەی پڕی خەیار و خرچە و ترۆزی، گیانی تەواو بەلەنگازیانی حەساندەوە و دەم و لێوی وشکبووی بۆ چەشتن و تام کردن بانگهێشت دەکردن. هەر هەموویان حاڵیان هاتەوە جێ، تەنانەت یۆسف کە گشت دەم و کاتی ڕۆژ هەڵدەچۆقا و هەڵدەلەرزی، بە دیتنی ئەو دیمەنە شەنگە، گیانێکی هاتەوە بەر.

بەبێ هیچ پرسیار و ڕا و تەکبیریک بە لێژاییدا هاتنە خوار و بەرەو چوار بێستانەکە داگەڕانەوە. بەرەو بیستان چوونەکەیان هەرهیچ خۆ ساغ کردنەوەیەکی نەدەویست و حەوجێ بە ڕاو تەکبیر و بڕیار دەربڕینیش نەبوو. هێرشێک بوو کە ویست و خواستی دەروونیان ئەم ڕێگەیەی پێدەدان؛ ئەم ویست و خواستنەی بۆ خۆ تێر کردنیش لەناو گشت ژینەوەری خزۆک و خشۆک و پەلەوەر و ئاژەڵ و پاتالێکی کە زیندوون، کۆپێ کراوە. ئاخر تەنیا ڕیگەی مان و ژیان و دەرچوون لە هەژاری و نەداری، هەر ئەمەیە کە نەترسی و شەرم نەتگرێت و دەستت بە دەمت ڕابگەیەنی و بۆ مان و ژیان خۆت تێر بکەیت.

ئاسمانی بان سەری چواربێستانەکە دەم دەم ڕەش دادەگەڕا. دەیان و سەدان، بگرە هەزاران پەڕەسێلکە، پۆل پۆل بەسەر سنگی ئاسمانی بێگەردی بێستانەکە دا دەخزین و لەم سەر بۆ ئەو سەر دەچوون و دەگەڕانەوە؛ ئەوانیش زیندەوەر بوون و بۆ خواردنی مێش و مەگەس و پەخشە و کوللە و دەیان وردە زیندەوەری جۆراوجۆی دیکە، لە ئاسمانی سەر چواربێستانەکەدا میوانی بێ پەرژین بوون و ڕاویان دەکرد و ئافاتی

سەربیستانەکەیان کەم دەکردەوە؛ ئەوانیش ژیانیان بەم بەر و بێستانەوە گرێ درابوو. چواربێستانەکە مەکۆی بژیوی وردەزیندەورانی وەک پەخشە و مێش بوو. پەلەوەرانی تیژباڵ بە ڕامالێنی مێشوولەی سەر چواربێستانەکە خۆیان تێر دەکرد. چواربێستانەکە لە چەرخەی ژیانی ژینەوەرانی ورد و درشتدا، وەک دایکێکی دڵاوا سنگی نەرمینی بۆ کردبوونەوە. پەڕەسێلکە بە پۆل و دەستەی هەزارانی دەهاتن و بەسەر سنگی چواربیستانەکەدا تیژ دەهاتن و تیژ تێهەڵدەچوونەوە.

ئەوانیش گەیشتنە بەر پەرژینی چواربێستانەکە و ڕاوەستان. بۆنی فێنکایی لم و سەوزەڵان بە دەم سروەبا بۆیان دەهات. بەرامەی نمداری بێستانیش هەتا ناخی هەناویان دەگەڵ هەناسە دەهاتووچۆ دابوون .

بێستانەکە بەر و بەرهەمێکی هێژای گرتبوو؛ لە بڕگەی تاڵکە، خرچە، خەیار، گڕکە و ترۆزی بیگرە هاتا دەگاتە کاڵەک و شووتی بەپای فیلان بوو. هەر شوێنێک لە چاوێکت پێدا خشاندبایە بەر و بار و بەرهەم فراوان بوو. لە سەیری بەر و بوومی بیستانەکە تێر بوون و ئەمجار بەرەو چارداخەکە

ڕۆیشتن؛ خاوەنی بێستانەکەیان بینی کە لەژێر سێبەری کەپرەکەیدا بە ئەرخەیانی لێی خەوتووە.
حەسۆک گوتی: با لە ژێرِ سێبەری ئەم شۆڕەبێی کەناری پەرژینەکاندا دانیشین و هەتا خەبەربوونەوەی بێستانەوان، ئێمەیش لەژێر سێبەری ئەم دارە خڕنووکەدا تۆزێ شەکەتی دەردەکەین و تاوێک بحەسێینەوە.
مەمەد بە ئەسپایی باڵی حەسۆکی گرت و گوتی: با لە سێبەری دار و درەختی ئەم چوکورۆڤایە واز بێنین... وا دیارە خەڵکی ئەم وڵاتەمان نەناسیوە. پێویست ناکا لە ژێر داری شۆڕەبی دانیشین و شەکەتی دەربکەین، باشترە لەو دیوەی پەرژینی بێستانەکە و لە دەم جۆگەلە ئاوەکە دابنیشین و نانێک بخۆین... ئەوە باشتر و بێ قڕە و هەراترە ...
یۆسف سەری هەڵبڕی و گوتی: خودا ئەم شۆڕە بییەی لەم وڵاتە گەرمەدا بۆیە گووراندووە کە پیاوی ماندوو لە ژێر سێبەرەکەیدا بحەسێتەوە... ئێوە سەیری ئەم سێبەرە دڵبلاوێنە بکەن کە چەندە دڵگر و ئارامە... سەیری ئەم کورتەڵە پیاوەش بکەن کە چلۆن لە ژێر سێبەرکەیدا بە ئارامی لێی خەوتووە.

مەمەد: بەڵی ئەم کورتەڵە پیاوەش لێی نوستووە و تفەنگەکەیشی لە بان سەری خۆی هەڵواسیوە... خۆی کورتە و تفەنگەکەیشی قووڵەیە...

ئەشقەلی بەبێ هیچ پرس و ڕایک لە جۆگەلەکە بازدی دا و یەکسەر بەرەو شۆڕە بییەکە چوو؛ ئەوەی ئەشقەلی کردی، ئەوانیش کردیان و بە شوێنیدا ڕۆیشتن.

ئەشقەلی بەسڵاوێکی ئارام خاوەنی بیشتانەکەی بەئاگا هێنایەوە. بێستانچییەکە بە ڕوویەکی کراوەوە و بە گوفتێکی مێهرەبانانە لەبەریان هەستا و دەست و ماچ و بەخێرهاتنی کردن. هەڵسوکەوتەکانی خاوەن بێستان کەرامەت و میهرەبانی لێدەباری.

ئەشقەلی پشوویەکی ئارامی کێشا و بە ئەرخەیانی گوتی: گەرمای ئەم چۆلگەیە سووتاندینی و پشووی لێبڕین. هاتینە لاتان کە بزانین ڕێگەمان دەدەیتێ لە ژێر سێبەری ئەم تاکەدارە پڕ سێبەرە دا تاوێک پشوو بدەین و نان و ئاوێکیش بخۆین؟

ـ حەوجێ بە پرس و ڕا ناکات برادەرینە... ماڵ، ماڵی خۆتانە... هەستن با بچینە ژێر سێبەری چارداخە گەورەکەمان... فەرموون، بەولادا مەیەن

چوونکە لە وێندەرێ گژ و گیاکەی گەلێک بژوێنە و ڕێگە ڕۆیشتنی ناخۆشە... بەڵام بەم لایەدا وەرن کە ڕێگەیەکی بێ کەند و خۆشترە... ئەمەی بۆی دەچین، چارداخە گەورەکەمانە و جێگای گشتمانی تێدا دەبێتەوە... کەرەم کەن... بەخێر هاتن...

ئەشقەلی لە بەرەوە و، ئاوانی دیکە بە دوای ئەودا ڕۆیشتن و گەیشتنە چارداخە مەزنەکەی بێستانچی. خاوەنی بێستانەکە گورجێک حەسیری بۆ ڕاخستن و بەرچارداخکەی ئاوپرژێن کرد و لە ئاورگەکەیدا ئاگری داگیرساند و کتریە ڕەشەی خستە سەر ئاگر و دوایەش هاتەوە لایان. ئەمجارەش گەرم بەخێرهاتینی کردن و گوتی: خێر و بەرەکەتی خوداتان دەگەڵ خۆتان بۆ هێناوم... بەخێر بێن سەر سەران و سەرچاوانم... فەرموون دانیشن!...

بێستانەوانەکە هەر بە سەر پێوە ڕاوەستابوو، کە ئاشق گوتی: سەت هەزار جاران ماڵت ئاوەدان و باخ و بێستانەکەت هەر پڕبەر و بەخێر و بەرەکەت بێت و خۆت و بێستانەکەت بە دوور لە گەزەندە و ئازار بن.

بێستانەوان گوتی: دە فەرموون دانیشن... بۆچی بە سەر پێوە ڕاوەستاون... ڕاخەرم بۆیە ڕاخستووە کە میوانەکانم لە سەری دابنیشن...

دەنگ و هەوای گوتن و ڕاوێژی دەمی بێستانەوانەکە هەر هێندە گیانی گیانی و خۆماڵیانە بوو، کە میوانەکان سەت ئەوەندەی تر سەریان سوور ما. یەکەم کەس کە کەوتە خۆ، ئاشق بوو کە لە دەرەوەی چارداخ و لەسەر زەوی ڕووتەن دانیشت. خاوەن بیستان بە پەلە بۆلای چوو و گوتی: برای باوکەکەم بۆچی لە سەر خاکی شێدار دانیشتووی... من ڕاخەرم بۆ ئێوە ڕاخستووە، خاکی ئەم بێستانە شێدار و تەڕەزنە... زەوی تەڕەزن ئازاری باداری پێوەیە... گورجێک لاسووچی حەسیرەکەی گرت و هەتا ژێر پێی ئەشەقەلی ڕایکێشا و گوتی: براکەم ئێرە ماڵی خۆتانە و پێڵاوی هەمووتا لە بانی سەر و لەسەر هەر دوو دیدەکانمە... هەر خودێ بۆخۆی دەزانێت کە ئێوەی بەڕێز لەم چۆلگە قاقڕ و دوور لە ئاوەدانیانەدا چیهاتان تاڵی چەشتبێت و چەندە شەکەت و ماندوو بوون!... خۆدا هەر بۆخۆی دەزانێ کە لە کوێوە هاتوون و چیهاتان ڕێگە بڕیوە... کەرەم کەن و ئێرە بە ماڵ و مڵکی خۆتان بزانن... داخوا چەندە

برسێتی و تینووایەتی و شەکەتی و بێ خەویتان لەم ڕێ و بانە دا بەتاقی کردبێتەوە براکانم!...
ئێوە دانیشن و بحەسێنەوە... من هەر ئێستا دەگەڕێمەوە...

خانەخوێ لە دیتنی میوانەکان تەواو گەشابۆوە و میوانەکانیش لەو هەموو گەورەیی و کەڕامەت و دڵ و دەروون خاوێنیی خانەخوێ سەریان سووڕ مابوو.

بەتێکڕاو شان بەشانی یەکتر و لەسەر حەسیری چارداخەکە دانیشتن. بێستانەوان ڕووی تێکردن و گوتی: دە توخودا دەستی کەڕامەتم لە سەر بەزیاد کەن و ناوەکەی خۆتانم پێ بێژن.

ئاشق گوتی: من ناوم عەلی یە و بە ئەشقلی ـ م بانگ دەکەن..

ـ کەواتە ئاشقی ؟!

ـ بەڵی ئەگەر خودا پێم ڕەوا ببینێت...

حەمەدۆک قسەی لەدەمیان ئەستاندنەوە و گوتی: بە سۆزی سازەکەی و بە ناڵەی دەنگەکەی زمانی مرۆڤی لاڵ دەپشکوێنێت... مردوو زیندوو دەکاتەوە. هەرد و کەژ و کێو و زەوی و زەمان دێنێتە لەرزین. هەرکە دەنگ هەڵببرێت و چریکەی بە وڵات دا بگەڕێت، بوونەوەر دەهەژێنێ و مردووی گۆڕستانان ڕادەچڵەکێنێ. لە مەڵبەندی تۆرۆس، ئەلەداخ،

بەین بوغە و گاوور دا كەس نییە ئاشق نەناسێت و تامەزرۆی دەنگ و ساز و سەدا و ئاوازەكانی نەبێت. هەركە ناوی ئاشق بەری، منداڵە بەرمەمكەكان لە گڕووی گریان دەكەون... ئاوی چەمی خۆش ڕەوت، لە ڕەوت و ڕۆ دەكەوێت و ڕادەوەستێت و ...

ئاشق لێی دەرهەڵبوو و بەسەری داهاتەوە و گوتی: دەمت ببەستە ڕۆڵە گیان... بێدەنگ بە بەرخم!

ئاشق زەردەیەكی هاتێ و ڕووی دەمی كردە بێستانەوان و گوتی: حەمەدۆك هەرزەكارێكی كاڵ و كرچە و هەر دەیبێژێ و قەت نایپێژێ... گوێ مەدەرە هاتەران پاتەرانی ئەم كوریژگەیە. كوا منی داماو لەم پلەیە دام كە حەمەدۆك دەیبێژێت و دەیكاتە ماڵ لە سەرم دا...

حەمەدۆك دەنگی بەرزتر كرد و گوتی: وتنی من هاتەران پاتەران نییە و هەر هەمووی ڕاستن. ئەم ئاشقە لە بابەلبابەوە هونەركارە و بەرو پشتیشی هەر ئاشق بوونە... لەو ئاشقانەیە كە كەوتۆنەتە بەر سیلەی چاوی ڕەحمەتی خودێ...

ـ بەسە حەمەدۆك! دەم هەراشی بەسە كوڕم!

ئەوسا ئاشق ڕووی کردە خاون بێستان و گوتی: دە توخۆدا تۆیش کەڕەم کە و تاوێک بە لاماندا دانیشە!

ـ بەسەر هەردووک چاوەکانم ئاشق!... و هەر لەو شوێنەی کە لێی ڕاوەستابوو دانیشت.

ئاشق بە دوو چاوی تەڕی ئەسرین تێگەڕاویەوە ڕووی دەمی کردە بێستانەوان و گوتی: ئەی جوانمێری پیاو خاس ، دەسا ئەتۆش ناوەکەی خۆتمان پێ بێژە براکەم!

ـ ناوم ئەحمەدە و بە ئەحمەدی شەمامێم بانگ دەکەن.

حەسۆک گوتی: خودا تۆمان لێ نەستێنێت... منیش ناوم حەسۆکە..

ـ منیش ناوی مەمەدە.

ـ منیش هەر ناوم مەمەدە، بەڵام مەمەدی چکۆڵەم پێدەڵێن و بە حەمەدۆک ناوم دەرکردووە.

ناوی منیش یۆسفە....

حەمەدۆک هەڵیدایە و گوتی: یۆسف ناسازێکی کۆڵە کوتراوە. ڕەشە نۆبەتێی هەیە و زۆر بێقەرارە... هەموو ڕۆژێک لەکات و ساتی خۆیدا نۆبەتێ دایدەگرێت و هەدادانی لێ دەستێنێت...

بەڵام ئیمڕۆ لە خێر و بەرەکەتی هەوای ئەم چواربێستانەی ئێوەوە نەیگرتووە و...
مەمەد قسەی لەدەم حەمەدۆک ئەستاندەوە و گوتی: بێتوو ئیش و کارێکمان دەست بکەوێ و بەو مەرجەی کە خاوەن کار گزە و فزێمان دەگەڵ نەکات و دەسترەنجی حەمەدۆک بە پوخت و پاراوی بدات، قەرارە جووتە گایەک بکڕێت شاخەکانیان بە چەشنی قاشی مانگی یەکشەوە کەوانی بێت.
حەمەدۆک بەرزە دەماغانە گوتی: نەخێر بەچەشنی قاشی مانگی چوارشەوە کەوانی بن.
ئەحمەد هەر وەک شتێکی گرنگی کەوتبێتەوە بیر، لە پڕدا ڕاست بۆوە و لە ژێر لێوانەوە گوتی: هەی داد و هاوار کە من چەندە بێ خەیاڵ دانیشتووم ... بە خوای ڕاستە کە دەبێژن تێر ئاگای لە برسی نییە... من تێر و تەسەلم و میوانەکانم شەکەت و برسین... ئەی کە چەندە کاس و گێژم ئەمن. ئەمجار ڕووی تێکردن و گوتی: برادەرینە من لەو ژێرە چاڵاوێکم هەیە کە ئاوەکەی لە ئاوی کانیاوەکانی کوێستانان ساردتر و کەللە تەزێن ترە... بە دەم قسانەوە ڕۆیشت و دوای دەمێکی کەم بە ستڵە ئاوێکەوە گەڕایەوە و لە بەر دەمی دانان و گوتی: کەرەم کەن چەلێ هەتا چێشتێک ساز

دەکەم بە ئاوی ساردە کانیاوەکە خۆتان فێنک بکەنەوە.
حەسۆک گوتی: براگیان با ئێمەیش هەستین و وەک یارکار دەستێکت بدەینێ ، تۆ ناشی بە تەنیا هەڵگری هەموو زەحمەتەکانی ئێمە ببیت.
ـ نەخێر براگیان نە زەحمەتە و نە دەردی سەر... کەلوپەل ئامادە و هەر بڵێی یەک و دوو شێوەکەمان دەگاتێ و پێکەوە دەیخۆین... بەنیازم ساوارپڵاو دەگەڵ خۆرشتی بامیەتان بۆ ساز بکەم.
مەمەد گوتی: براگیان دەستەکانت خۆش، بەڵام تۆ خودێ ئەوەندە خۆت ئازار مەدە!
حەمەدۆک : خۆت ئازار مەدە تاکە جوانمێرەکەی هەموو چوکورۆڤایە!
ئاشق : دەمانخەیتە ژێر باری شەرمەزاری برای شیرین!
ئەحمەد لە نزیک چارداخەکەیدا سێ کوچکەی ئاورگی تایبەت بە شێو سازکردنی بۆ خۆی ساز کردبوو. هەر لەوێ مەنجەڵە ڕەشەی لە سەر ئاورگ دانا و ساواری شۆراوەوە و ئاو و خوێ و هەندێک چەوری پێکەوە تێکرد. ئەمجار دەستەچیلەی لە ژێرەوە وەک بن ئاوردە دانا و چەند لق وشکەلەداریشی لە سەرەوی دەستەچیلەکە

هەڵچنی و گڕی تێبەردا. ئەگر لە ئاگردانەکەدا بە چوار بەریدا زمانەی کێشا و زۆری نەبرد بۆنی چێشتی ساوار بە وڵاتدا گەڕا. ئەحمەد بە زەردەی سەر لێوانییەوە جارجار سەیری میوانانی دەکرد و هەندە جارێکیش بە ئەسکوێیەکی دەمباریک لە پلەی کوڵینی ساوارەکەی دەپرسی. بە دەم ئەم چالاکییە، یەکجێ لە پەنای ئاورەکە کل بوو و بەهەڵەداوان بەرەو بیستان ڕۆیشت. بەدەم ڕۆیشتنیشەوە، جار جارە دەیگوت: ئای کە من چەندە گێژو کاس و وڕم... لە ناو ئەم بەهەشتە پڕ لە تەڕەجاتەی بێستانەکەدا دەم و لێوەی ئەو ئازیزانەم بە وشکی هێشتۆتەوە.
حەمەدۆک خێرا لە جێ هەستا و گوتی: تۆبی و خودا چی تر شەرمەزارمان مەکە باوان گیان!
ئەحمەد گورجێک بە سەبەتۆکەیەکی پڕی شووتی و کاڵەک و خرچە و خەیار و ترۆزی گەڕایەوە و گوتی: کەڕەم کەن و نۆشی گیانتانی بکەن... ئەوا چەقۆی تیژیش لە بەردەستانە...
ئەحمەد گوتی: لەم بەشەی ژێرەوەی چواربێستانەکەمدا کۆگایەکم دڕک و داڵ کردۆتە سێبەر بۆ هەندە تەڕەجاتێکی بەردەستان کە ئەگەر میوانم بۆ هاتن، بۆ لێو تەڕکردنەوە بویان

دابنێم و شەرمەندەیان نەبم؛ ئەو درک و داڵە هەوای گەرمی ژێرەوەی تەڕەجاتەکە رادەدەن و فێنکایی جێگە دەگرێتەوە... فێنک بەچەشنی هەوای کوێستانان... فەرموون نۆشی گیانتانی بکەن...

حەسۆک گوتی: ئەتۆمان بۆ خۆش بی برای ئازیز! ماڵت سەد جار ئاوەدان برا گیان.

حەسۆک دەستێکی بۆ بەرپشتوێندی برد و خەنجەری لە کالان دەرکێشا. خەنجەری حەسۆک خەنجەرێکی دوو دمی دەسک ماسی بوو کە دەستکردی(چەرکەس)ـەکان بوو. باوکی حەسۆک ئەو خەنجەرەی لە شەڕی ساریقامیش دا وەک دەستکەوت لە سەربازێکی ڕووس ئەستاندبوو. خەنجەرەکە وەک کەلەپوور لە باوکەوە بۆ حەسۆک مابوویەوە و حەسۆک گەلێک شانازی پێوەی دەکرد.

حەمەدۆک بە دیتنی خەنجەری حەسۆک، تامی کاڵەک و شووتی لە بیر کرد و هەر تەنێ سەیری داهێنان و دابڕ دابڕکردنی تیغی تیژی خەنجەر و تەڕەجاتەکەی دەکرد. تەنانەت ئەو کاتەی کە حەسۆک قاشە کاڵەکی بۆ ڕاداشت، پەپوولەی ئارەزووی حەمەدۆک هەر بە سەر نووکی تیژی خەنجەرەکەوە دەگەڕا.

حەسۆک پەیتا پەیتا خەنجەری دادێنا و تەرەجاتی لەت لەت دەکرد و بۆ یارانی ڕادەداشت. کاڵەک و گندۆرەیان تەواو کرد و بە شووتی داهاتن. وەها تامەزرۆیانە دەیانخوارد، کە هەر دەتگوت لە رەش ماونەتەوە؛ لە ڕاستیشدا لە ڕەش مابوونەوە، چونکە لەو دەمەوە کە پێیان نابوویە دەشتی چوکورۆڤایە، ئەگەرچی بە لاشانی گەلێک بیستان و باغاتاندا تێپەڕ ببوون، بەڵام چێژیان لە هیچ بەر و بەرهەمێکیان نەکرد، چونکینی ماڵ و ملکی ئاغاوات بوون و چاوی تیژی هەس هەس و پاسەوانیان بەسەرەوە بوو.

شووتی و کاڵەکی ئەحمەد، هەر وەکی خۆی گوتبووی، لە بەفری سەران ساردتر و لە هەنگوێنی کوێستانان شیرین تر بوون. هەربۆیە هەتا ئەودەمەی کە دەنگی دڵنەوازی ئەحمەدیان بەگوێ گەیشت کە گوتی: کەڕەم کەن برادەرینە چێشتەکەمان ئامادەی خواردنە؛ ئەوان هەر وا خەریکی خواردنی گندۆرە و خرچە و کاڵەک و شووتی بوون و تەنەنەت لە کرۆستنەوەی توێلکەکانیشان دەست بەردار نەدەبوون.

لە ژێر پەلک و گەڵای شۆڕەبی و، لە هەر چوار دەوری چارداخەکەدا دەیان و سەتان زەردەواڵەیان

بینی کە لە چەرخ و خول دابوون و دەگەڕان و دەسووڕانەوە. لەبەر تیشکی هەتاو دا، باڵی ناسک و تەنکی زەرگەتەکان بە ڕەنگی کەوەیی ئاماڵ بە سەوز بریقەیان دەهات و دەترووسکانەوە.

ئەحمەد گۆتی: تەندوور پڵاوەکەمان ئامادەیە برادەرینە. با ئەمەش بڵێم بۆیە چێشتەکەمان پێشتر لە وادەی خۆی گەیشتێ، چونکینێ هەر ئیمڕۆ لای چێشتەنگاوان گۆشت و بامییەکەم ئاوە کوڵ کردبوو... تەندوور پڵاوەکەمان بۆ خواردن دەبێ و دۆی ساردی کەللە تەزێنیش ئامادەیە... دۆیەکەمان دۆی دۆدانەیە و گەلێک سارد و بۆن خۆشە...

حەمەدۆک و ئاشق هەستان و خێرا بە پێشوازییەوە چوون و سفرەیان ڕاخست و نان و سەوزە و کاسەی دۆیان دانا. ئەمجار تەندوور پڵاوەکەیان لە سەر چەند نانی تەندوری دا ڕۆ کرد. بەرامەی ڕۆنی بەرەمەشکەی تەندوور پڵاوەکە بە مێشکیاندا گەڕا و سەرچاوەی زنەی ئیشتیهایان لە دەمدا تەقیەوە.

ـ کەڕەم کەن برادەرینە ... فەرموون بە گیانەکەتان خۆش بێ!

ئەحمەد یەکەمین کەوچکی لێ داگرت و بەدوای ئەو دا ئاشق تێی ڕۆهات و گوتی: دەست و چاوەکانت خۆش برا گیان... بەڕاستی بەدانستە و شارەزایانەت ساز کردووە، خودا مردووەکانت غەریقی ڕەحمەت بکات و زیندووەکانیشت سڵامەت و بێ وەی بن.

زۆرلەمێژ بوو دڵیان بە چێشتێکی گەرم و سەر بەڕۆن شاد نەببوو. زۆر جەم و ژەمان تەنانەت نانەوشکەشیان لە هەگبەی لاشانیاندا دەست نەدەکەوت؛ ئەگەر نانە ڕەقەیەکیشیان پێ بوایە، هەر دەبوایە بەسەر پێوە و لە ژێر گەرمای چوکورۆڤایە و بەدەم ڕێگا ڕۆیشتنەوە تامیان کردبایە.

هەرکە تەندوور پڵاوە بۆن و بەرامە خۆشی سەر بەڕۆنیان لە بەردەمی خۆ دا بینی، هەڵمەتیان برد و خواردیان و دۆی ساردی کەللە تەزێنیشیان بەدوایدا نارد.

لە ماوەیەکی کەمدا، بەڵام زۆر بە بێدەنگی نان و چێشت و دۆی ساردیان لە سەر سفرەکەدا نەهێشت و تەنانەت ڕەحمیان بە نانە چەورەی ژێرِ تەندوور پڵاوەکەش نەکرد و خواردیان.

ئەحمەد گوتی: ئێستا کاتی ئەمە هاتووە کە ئێوەی شەکەتی ڕێگا و بانان سەرخەوێک بشکێنن و منیش دەبێ لە بیری نان و خوانێکدا ببم کە شەو بەبێ ژەمە خۆراک نەمێنینەوە...

ئەحمەد تاوێک بێدەنگ مایەوە و درێژەی بە قسەدا و گوتی: ئەرێ برادەرینە ئێوە بەنیازی چوونی سەر داوەتی خزم و کەسانی خۆتان نەبوون کە من پێشم گرتبن؟! ئێستێ من تێی گەیشتم کە لەسەر ڕۆیشتن نین و بە نیازن لەلام بمێننەوە...

دەمی ئەحمەد چی پێداهات و چی گوت، ئەوانیش هەر ئەمەیان دە دڵدا بوو. ئاشق نیازی دڵی ئەحمەدی خوێندەوە و لێبڕاوانە گوتی: ئێمشەویش بەلای تۆوە دەمینینەوە برای شیرینم... ئەمشەو لە کن تۆ دەمێنینەوە و سبەی بەیانی کۆچ دەکەین و دەڕۆین و بەجێت دەهێڵین براکەم!

ـ بۆ کوێ دەچن ؟!

ـ بە شوێن ئەو دا دەگەڕێین و بە دوای ئەودا عەوداڵین کاکە گیان...

ـ بە شوێن چیدا دەگەڕێن براکانم؟!

ـ بەشوێن دارهەنارە پیرۆزەکەی سەرگردێدا گەڕۆکی هەندەرانین کەسی کاکی... سا نازانم تۆ دەربارەی ئەو جێ و مەکانە پیرۆزە چی دەزانی و

چیت پێیە؟!... دەڵێن چارسازە... چارەسازی گشت کوڵ و دەرد و خەم و کەسەرانە...

ـ نەخێر... من دەربارەی ئەو دارە هیچ نازانم... تەنانەت ناشزانم کە ئێوە سەردانی ئەو دارهەنارەتان بۆ چییە و چی لێ دەخوازن!

تەم و خەمێکی ئاڵۆز بە سەر ڕوخسارەی ئاشقەوە دیار بوو. دوای دەمێک بێدەنگی دەمی کردەوە و گوتی: چیت لێ بشارینەوە برا گیان؟ نەخۆشمان پێیە و بە نیازین خۆمان و نەخۆشەکەمان پەنای بۆ بەرین... نەخۆشەکەمان هەر ئەم «یۆسف»یە کە دەی بینیت. یۆسف ناسازێکی کەلەلایە و لە مردن نزیکە. دەخوازین خۆمان بکێشینە بەردەرگای بارەگا پیرۆزەکەی و بەڵکوو دەرمانی دەردی بەلەنگازی و بێچارەگیمان پێ کەرەم بکات...

حەمەدۆک کەوتە نێو قسەکانیان و گوتی: هەر نەک بۆ دەرمانی دەردی برا یۆسف، بەڵکە بەنیازین هاواری بۆ بەرین و لەبەری بپاڕێینەوە کە دەستێکمان بگرێت و دەرگای داخراوی ئیش و کارمان بۆ بکاتەوە... ئێمە بە ڕێنوێنیی ئافرەتێکی دڵنەوازی میوانگر، کە خەڵکی داوێنەکانی چیای دڵدڵە بەرەو ئێرە هاتووین. ئەو دەیگوت کە هەر کەس قاچی بگاتە بەر دەرگای دارهەنارە پیرۆزەکە

و نیازی دڵی لێبخوازێت، هەر یەک و دوو دەیداتێ و لە خەم و پەژارە و دەرد و ئازاران ڕزگاری دەکات. ئێمەی دەربەدەر و هەردانگەڕین و سێ مانگی ڕەبەقە دێ بە دێی ئەم چوکورۆڤایە گەڕاوین، بەڵام کەس وەخۆی نەگرتووین... هیچکەس کارێکی پێ نەسپاردین و کەس ئاوڕێکی بەخێری وێ نەداین. ئەوەتا هەر ئەم مامە مەدەی منیش کە جاران بۆ کاری سەپانی و گاوانی دەهاتە جەم ئاغاژنی گوندەکە ، ئەو دادەیە بەدڵ و بەگیان وەریدەگرت و لە نان و خوان و خزمەت پێی ڕادەگەیشت، بەڵام ئیمساڵ کە چووینە لای ئەو دادەیە، نەیناسینەوە و تەنانەت چاوێکی بەخێریشی لێ نەکرد... هەر دوێنێ لەو گوندەی جیرانتان، کۆنە بەگێک بەبێ هیچ سووچ و تاوان یەخەی گرتین و هەزاران جوێنی پێداین و گەلێک سووکایەتی پێکردین... نازانی ئەو بەگە حیزە چێ پێ کردین و چی لێ کردین؟...

حەسۆک بە تووڕەیی بەسەری داهاتەوە و گوتی: بێدەنگ بە چەنە سووکی کوڕی سەگ!

ئەحمەد بەهێمنی ڕووی دەمی تێکردن و گوتی: ئیمشەو لەلای من بمێننەوە، بەشکەم سبەی بەیانی ڕێگەیەکتان بۆ بدزمەوە... بەشکەم کەسێک پەیدا

بکەم کە ئەو شوێنە پیرۆزتان بۆ بدۆزێتەوە و بە ئارەزوو بگەن...
یۆسف بە هنەهنی هەناسە سوارییەوە گوتی: بیدۆزەوە برا گیان... بۆمانی بدۆزەوە ئازیزەکەم، بەڵکوو دارهەناری پیرۆز بەزەییەکی بەحاڵی ژار و پەرێشانی مندا دابێت و ئەم ئازارە دزێوەم لە ئەستۆ دابڕنێت.
ئەحمەد گوتی: چەلێ ئێوە چاوێک گەرم بکەن و منیش خەریکی شێوی شەو دەبم و دوایەش بیرێک لە گرفتەکانمان دەکەینەوە.
یۆسف گوتی: خودا دەست لە تەمەنت بگرێ برا گیان.
ئەحمەد بەرەو ژێرووی بێستانەکەی داکشا. لەوێ شێلەگەی شکاند و دێڕاوە بەر ئاوەکانی لە ئاو خەنی کردن. هەتا بەرە بەری ئێوارەیەکی درەنگ وەختی لە بێستاندا خەریکی کار بوو. سەرجەم ئەو شوێنانەی کە ئاوخوازبوون، ئاوەدێڕی کردن. میوانەکانیشی لە ژێر سێبەری شۆڕەبیدا ڕاکشابوون و هەر کامەیشیان دەگەڵ خەم و پەژارە و جخارێکەوە بەبیرێکی قووڵدا ڕۆچووبوون. ماوەیەک پێچوو، ئەحمەد هاتەوە لایان و گوتی: لە ژێرەوەی بێستانەکەمدا بەری دێراوەکانم کردۆتەوە

و ئاوی کانیاو بە جۆگەلەدا تێپەڕ دەبێ و دێراو بە دێراو دەگەڕێت و تەڕەجاتەکە ئاوەدێڕ دەکات و هیچ زەحمەتێکیشی پێویست نییە.

جا برادەرینە ئەم جارە چێشتێکم بۆ ساز کردوون کە تاقانەیە و لێرە بە چێشتی «تۆرەلۆ» [٢] بەناوبانگە.

ئەشقەلی بۆن و بەرامەی بێستانەکەی هەڵمژی و گوتی: وەیش ئەمە چ بۆن و بەرامەیەکە لەم چوار بیستانە خنجیلانەی تۆ هەڵدەستێ براکەم؟... یاخواماڵت ئاوەدانی بێ برای هێژا !

ئەحمەد گوتی: بێستان ئەگەر ئێواران ئاوی لێ بنێیت ئەم بەرامەی لێ دێت؛ ئەمە بەرامەی خاک و بڕکەی بێستانەکەیە بە وڵات دادەگەڕێت .

یۆسف گوتی: بەرامەکەی عەترە و لەگیانان خۆشە و مردووی پێ زیندوو دەبێتەوە.

حەمەدۆک: بۆنی خۆشی چوار بێستانەکەت مردوو دەژێنێتەوە.

حەسۆک : ئەم پارچە بەهەشتە تاقانەیە لە هەموو چوکورۆڤادا.

مەمەد: بەڵی ... بەڵی وەلۆیە.

---

[٢] *تورەلۆ جۆرە چێشتێکە لە تەماتە، باینجانە ڕەشە، کوولەکە ، پەتاتە و ڕۆن ساز دەکرێت.

بەرەبەری ئێوارەیەکی درەنگ وختی، خۆری ئاسمان لە جەمسەری ئاسۆگەوە ئاخرین تیشکی بەسەر بێستانەکەدا بڵاو کردبۆوە. سێبەری شۆڕەبییەکە درێژترینی سێبەری بێستانەکە بوو. سێبەرەکە هەتا ئەو سەری پەرژێنەکانەوە بە دۆڵ دا ڕاکشابوو.

حەسۆک گوتی: ئەرێ بۆ هەڵنەستین و هەرەوەزێک نەکەین و زەحمەتی ئەو برادەرەمان کەم نەکەینەوە؟!

ئەشقەلی گوتی: یارمەتی ئێمەی پێ ناوێ. خواست و ویستی ئەو ئەمەیە کە چەند ڕۆژێک لەلای بمێنینەوە... ئەو حەز دەکات کە ئێمە بە دەورەی خۆیەوە بینێت و تەواو.

حەسۆک گوتی: کوا لە دەستمان دێت ئەوەندەی لە لا بمێنینەوە؟

ئاشق: نەخێر ناتوانین!... ئەوەندە دانیشتن و دەست لەسەر دەست دانان کاری ئێمە نییە... ئێمە سەفەری وێندەرێمان لەبەرە و پێویستە بۆی بچین و حاجەتی خۆمانی لەو وەرگرین... دەبێ بۆی بچین و بیدۆزینەوە.

حەمەدۆک بە دەم هەناسەیەکی خەمبارانەوە گوتی: خوای کردبایە بە زوویەکی زوو پێی

گەیشتبایەین و من ئەو دوو نیازەی دڵی خۆمم لێ خواستبایە...

حەمەدۆک لە جێ هەستا و بەرەو ئەو شوێنە چوو کە ئەحمەد خەریکی ئیش بوو. حەمەدۆک هەر ئەو شتەی بە ئەحمەد گوت کە بە ئاشقیشی گوتبوو.
ئەحمەد لێی پرسی: حەمەدۆک تۆ ئەو دارهەنارە پیرۆزەی کە بەنیازی بەدیداری شاد ببیت، چی لێ دەخوازی و چیت لێی دەوێت؟!
- چی لێ دەخوازم؟!... هەرکە گەیشتمە ژێر سێبەرە پیرۆزەکەی، دەست هەڵدەبڕم و داوێنی بادەدەم و لەبەری دەپاڕێمەوە کە ئەو گوندەی کە سپیدارەکەی لە باوەش دایە، ئاگری تێبەر ببێت و تۆزیشی لێ نەمێنێت... ئەو بەگە ناپیاوەی کە خاوەنی گوندی سپیدار لە باوەشە، بە تۆڵەی ئەو سووکایەتییەی کە لێی کردین و پێکردین، وەک سەگ بی تۆپێنێت...
- چ باسە حەمەدۆک ؟!... بۆچی لەو گوندە ئەوەندە دڵ بەخوێنی؟! بەگی نامەرد چی دەگەڵ کردوون کە ئەوەندە دڵ بەداخی و دەتەوێ وەکی سەگ بتۆپێت؟!

ـ سووکایەتی پێکردین... ئێمە هیچ، بەڵام هەق نەبوو دڵی ئاشق بشەمزێنێت... ئەو نامەردە هیچی تێدا نەهێشتەوە. هەرچی ناشایست بوو پێی کردین، تەنانەت دەنگی خۆش و چریکە و لاوکۆی ئاشق و تەموورەکەیشی نەهێشتەوە و هەر هەمووی بە سواڵ و سواڵکەری دانا. من شەرتم دەگەڵ خۆم کردووە کە ئەگەر دارهەناری پیرۆزیش بە هانامانەوە نەگات و تۆڵەمان نەستێنێتەوە، من دەچمە جەستەی و هەر بە دەستی خۆم دەیگوژم و لە سەر ئەم دنیایەی ناهێڵم...

لەپڕێکی ئەحمەد لێی ڕاسا و زۆر بە توندی گوتی: لە کەللەتی دەرهاوێژە حەمەدۆک!... ئەمە چ سازێکە دەیژەنی کوڕە...

حەمەدۆک زانی ئەم گوتن و سکاڵایە جێگای نەبووە و نەدەبوو سفری دڵی خۆی بەم جۆرە بەلای ئەحمەدەوە بکاتەوە، هەر بۆیە بەدەم هەناسەیەکی خەمبارانەوە گوتی: ئەمەی کە گوتم، گەمە و گاڵتەبوون بە دەمم داهاتن مامە گیان!... کوا من بە ڕێگای ئەو گوندە دەزانمەوە کە بۆی بچم؛ بەگی خاوەن دەسەڵاتیش کوا بە ڕەبەن و هەژارێکی وەکی من دەکوژرێت؟ بەڵام ئەرێ مامەگیان تۆ پێت وایە هیچ کەسێک هەبێت کە بە

دارهەناری پیرۆز و جێگە و مەکانەکەی بزانێت و ببێتە چاوساخمان؟! هیچ نەبێ ڕێگەکەیمان بۆ دەستنیشان بکات...

ـ سەبرت بێ کوڕم!... پەلەت نەبێ... ئێوە چەند ڕۆژێک بەلای من بمێننەوە و تۆزێ هیلاکیتان دەربکەن... من دەبێ پرسیاراتێک بکەم و بزانم ئەرێ دارهەنارێکی ئەوتۆ لەم مەڵبەندەدا هەیە یان نا...

ـ بەڵی مامەگیان هەیە... ناکرێ نەبێ... ئەو ئافرەتەی کە خۆی خەڵکی بناری چیای دڵدڵە و ئێمە میوانی بووین، ئەو لێی شارەزا بوو؛ تانەت شوێنەکەیشی بۆ دەستنیشان کردین کە جێ و مەکانە پیرۆزەکەی لە کوێیە...

ـ ئەگەر لەم هەرێمانە بێ، دڵنیابە کە بۆتان دەدۆزمەوە.

حەمەدۆک لە لای ئەحمەد ڕۆیشت و بە پشت چارداخەکە و بە نێو بێستانەکە دا ڕۆیشت. سەیری رشتە بامییە و بیبەرەسوورەکانی کرد کە خاوەن بێستان بە بەن و قەیتانی هەکێشابوون و بۆ وشک کردن لە شوێنێکی سێبەردا هەڵیاوەسیبوون. تەماتەی قاش قاش کراویشی بینی کە بەر هەتاو وشک ببوون. ئەوسا بەنێو بیستاندا گەڕا و گەڕا.

حەمەدۆک سەیری لێ بەسەر هاتبوو. خۆی بۆ زەوت نەدەکرا و لەهیچ جێ و شوێنێکدا ئارام و قەراری نەدەگرت. بەنێو بێستاندا خولایەوە و بڕکە بە بڕکە بەسەری کردنەوە؛ بگرە پەلەوەر و بەچکەکانیشی لە هێلانەکانیاندا بەسەر کردنەوە. لەم گەشت و گەڕانەدا بەسەر چوار هێلانەی پاساری دا کەوت کە شان بەشانی یەک سازکرا بوون و لە هەر هێلانەیەکیشدا سێ هێلکەی ڕەنگ پنۆکی تێدا داندرابوون. دایکە و باوکەی بێجووەکان لەکوێن و بۆچی هێلکەکانیان جێ هێشتووە، نادیار بوو. بەڵام بە هەموو گەشت و گەڕان و گشت پشکینەکەیشی نەیتوانی و بۆی نەکرا ئارام و قەراری لە دەستچووی وەربگرێتەوە. جەنجاڵێکی ئەوسەر نادیاری لە مێشکدا پەیدا ببوو کە تەنانەت خۆیشی نەیدەزانی چییە و لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە؛ هەربەس ئەوەندەی دەزانی کە دڵی پڕە و گڕووی گریانێکی بە کوڵی لە ئەوک دایە و دەبێ بیرێژێت.

حەمەدۆک وەهای لێ بەسەرهاتبوو، لەهەموو شتێک و لەهەموو کەسێک دڕدۆنگ و دڵ زەدە ببوو. پێی وابوو ئیتر چیدی ناتوانێ چاو لەچاوی ئەشقەلی بکات، بۆی ناکرێ لە بەرامبەر ئەو

مەمەدە درێژ داهۆڵەدا ڕابوستێت و شانی بەشانی حەسۆکە شێتە و یۆسفە مردەلۆخەدا سەر هەڵێنێت و چاو دە چاویان ببڕیت. لە هەموو شتێک و لە هەموو کەسێک شەرمی دەکرد، تەنانەت لەو نانەی کە دەیخوارد و لەو ئاوەی کە دیخواردەوە؛ لە پەپوولە، لە پەخشە، لە مێرووولە، لە زەوی و لە ئاسمانیش شەرمی دەکرد. لە ڕوانگەی خۆیشیدا، خۆی هەر وەک کوتاڵێکی مەخمەری ورشەداری نایابی سەر ئەم جیهانە دەکەوتەوەبیر، کە لەپڕێکدا مەخمەری ورشەدار تان و پۆ و ڕەنگ و نیگارەکەی کوێر بۆتەوە و وەک کۆنەسیپاڵێکی پینەکراوی نالێکی نائەمواری لێهاتووە.

پەستی و بێمایەیی و کەساسی لەگیانی بەلەنگازیدا وەک بزمارێک لە کاژەڵەی سەری داکوترا بوو، تەنانەت بۆ گەڕانەوەی گوندی سپیدار لە باوەش و تۆڵە سەندنەوە لە دەربەگەیشدا دەست و پای سارد ببوونەوە.

ئەحمەد لە دەور و بەری چارداخەکەیدا خەریکی هەڵوەژاردن و وردەکاران بوو. ئاگری لە ئاگرداندا کردبۆوە، باینجانە ڕەشە و بیبەر و تەماتە و کدووی لەت لەت کردبوو، بامییەی بۆ خاوێن کردبۆوە، تەڕەپیازی بۆ هەنجن هەنجن کردبوو و

دەگەڵ ڕۆن لە تیانچۆکە قووڵەکەیدا لێکی دەدان و سووری دەکردنەوە.

گەرمای هەوا تۆزکاڵێک سرەوتبۆوە. لەئاسمانی بەری باشوورەوە کۆمەڵە هەورێکی لۆکەیی بەسەر ئاسۆگی دەریای سپیدا خێوەتیان هەڵدابوو. کەمێک ئەولاتریش، واتە لە مەڵبەندی وشکانییەکاندا تەپ و تۆزێکی مەیلەوە بۆر بەدەم گەردەلوولەوە لە چەرخ و خولدا بوون و دەهاتن و دەچوون. تیشکی هەتاو کزی کردبوو و بەرە بەرە فێنکایی دەهات جێگەی گەرمای نیوەڕۆیان بگرێتەوە.

میوانەکان لە ژێر سێبەری شووڕەبییەکەدا ڕازابوون. سێبەری لای ئێوارە دەمان لە جێگۆڕکێ دابوو و سێبەری ژێر شۆڕەبییەکەش تاوی بەسەر کشا؛ هەر بۆیە ئەوانیش دەگەڵ سێبەر لە کۆچ دابوون و لە شوێنێکی تر و سێبەرێکی دیکە دا ڕازانی خۆیان لە هەتاو ئەستاندەوە. ئەمجار دووکەڵی ئاورگی ئەحمەد و بۆن و بەرامەی خۆشی چێشتەکەیشی بەسەریاندا داهات و بەرزی کردنەوە. بەتێکڕا هەستان و بەرەو بێستان شۆڕ بوونەوە. بەنێو دێراوەکانی بێستاندا گەڕان و کڕیارانە چاویان بە بەر و بوومی بیستانەکەدا خشاند. لە ژوورەوە هاتن و بەرەو ژێر ڕۆیشتن.

پەلەوەرەکان لەبەری ڕۆژهەڵاتەوە بەرو ڕۆژئاوا باڵیان کردبۆوە و سێبەری باڵندەکان بەسەر بێستاندا دەخزی و بێستانیان جێ دەهێشت. مەودایەک ئەو لاتری بێستان، لە ناو مەزرایەکی چەڵتووکاندا دەیان پۆلە لەق لەقی دەندووک درێژ لە سەر یەک قاچ چوقیبوون و جووڵەیان نەدەهات.

حەمەدۆک بەتەنیایی سەری خۆی هەڵگرتبوو. لەو پەڕی بێستانەکەوە بەرەو دارستانێک دەڕۆییشت کە بە«ئاخچەسازی»ناوداربوو. حەسۆک لە دوورەوە چاوی بە حەمەدۆک کەوت و بەتووڕەیی گوتی: ئەم هەتیمە توخمە سەگە بەشوێن چێدا دەخولێتەوە و بۆ کوێ دەچێت؟

مەمەد گوتی: چ خەم نینە... بۆ هەر شوێنێک بچێت هەر دەگەڕێتەوە لامان .

ئاشق بەدەم زەردەیەکی خەمبارانەی سەر لێوانییەوە گوتی: کوڕیژگەکەمان سەیر ئاڵۆزە؛ سندووقی شاراوە و نەدیاری دەروونی ئادەمیزادە پڕی ڕەمز و ڕازە... کەس دەکەس ناگات. جاری یەکەمی کە لەم حەمەدۆکە هەڵەنگووتین و ناسیمان، من پێم وابوو گەوجیلەیەکی کاڵ و کرچ و نەفامۆکەیە و چێ لەبارندا نییە. بەڵام کە هەنووکە دەیبینم، دەزانم وانییە و من هەڵە بووم...

پێشینانمان خاسیان گوتووە کە (وردم مەبینە ئەگەرچی وردم... تاقیم کەرەوە و بزانە چەند گورد و مەردم)... بەڵێ کە بەرەی مرۆڤ بوونەوەرێکی پڕی ڕاز و ڕەمزە و کەس دە کەس ناگات...

مەمەد گوتی: هەر بەڕاستی ماوەیەکە حەمەدۆک دەخویدایە و سەیری لێ بەسەر هاتووە ... من نازانم چییە و چی لێ قەوماوە!

ئاشق وەڵامە داوە: چەلێ چیت دیتووە... چەلێ هێشتا زووە. ئەو کوڕیژگەیە بەرەو تێکچوون دەڕوا و لەجێی خۆیدا نامێنێت برادەرینە! من لەکار و ئاکار و کردەوە و ڕامانی ئەو گەلێ گەلێ شتم خوێندۆتەوە و یەکجار زۆریش بۆی بە پەرۆشم... هەر لەو ڕۆژەوە کە لە گوندی سپیدار حەیایان پێ نەهێشتین و وردیان کردین، ئیتر حەمەدۆک ئەو کوڕە ساویلکە ساکارەی جاری جاران نەماوە و گۆڕاوە... هەر لەو ڕۆژەوە کە...

حەسۆک گوتی: من چی تێدا نابینم ئاشق...

ئاشق بەتووندی قسەی لەدمی حەسۆکدا دابڕی و گوتی: حەسۆک تۆ کەمتر چاو دەکەیتەوە... دیتن و بینینت سەرسەریە و هەر تەنێ ڕواڵەتی شتەکە دەبینی. بەداخەوە چاوی ئەقڵ و فام ناکەیتەوە کە

بە وردی سەیری شت بکەیت و دان لە کا جیا بکەیتەوە کاکی خۆم!...

هەروا لە قسە و ڕاوێژاندا بوون کە یەکجێ دیتیان ژمارەیەکی یەکجار زۆری پەڕەسێلکە شاباڵەکانیان بەژێر سنگیانەوە ناوە و لە بەرزاییەوە دادەگژێنە خوارێ و بەچەشنی فیشەک، ڕاستەوڕاست، بەرەو بێستان و بۆلای چارداخی بێستانەکە دێن، بەڵام چ هاتنێک! هاتن و هاتن و لێیان نزیک کەوتنەوە و لەپڕێکی باڵیان کردەوە و بە جریوە جریو بەرەو بەرزایی ئاسمان تێهەڵبوونەوە. ئەوانیش بە تێکڕا تاسان؛ قەت ئەوەندە پەڕەسێلکە و ئەویش بەم چەشنە و بەم مانۆڕە شەڕەی کە ئەوان کردیان، بە چاوی سەر نەیانی دیتبوو. پەڕەسێلکەکان هاتن و بە جریوە جریو تێهەڵبوونەوە و لەسەر مەزراکانی دەور و بەری بێستان گرد بوونەوە و هەر وەک تۆپەڵێکی ڕەش بەرەو سەر تێهەڵبوونەوە و نزم بوونەوە، لارەو لار بەسەر مەزراکاندا بایان داوە و ڕوویان کردەوە چوار بێستانەکەی ئەحمەد و لەوێوە مانۆڕەکەیان گۆڕی. ئەوانیش سەریان لەم جەنجاڵە شێوابوو. ئەشقەلی بەدەم ورینگەی ژێر لێوانەوە دەیگوت و دەیگوتەوە: دەیان و سەدان

پەلەوەری تیژباڵی تووند و بە تاو، بەلەز و بەپڕتاو پێکەوە و دەپاڵ یەکدا فڕن و باڵیان لێکدا، بەڵام تێکیان نەهاویشت و خۆیان لەیەکتر نەدا ... ئێمە ئەگەر دوو کەس بین یان هەزار، لە هێرشی کردنماندا یەک و دوو و دەیانمان دەخەینە ژێر پێ... تێناگەین و پێمان وایە تێدەگەین و دەڵێین ئەمەش کاری خودایە...

حەمەدۆک بە لارە لار داگەڕایەوە لایان، بەڵام ئەو حەمەدۆکەی دوێنی و پێرێ نەبوو ... ئاگا لەخۆنەماوێکی پەرێشانحاڵ بوو.

ئاشق گوتی: بە زوویەکی زوو دەبێ بار بکەین و بەرەو دارهەناری پیرۆز بڕۆین، ئەگینا ئەم کوڕیژگەیەشمان لەکیس دەچێت؛ ئاکارەکانی باسی شێواوی دەروونی دەکەن...

بەنێو بێستانەکەدا هاتن و سەیری بەر و بەرهەمی زۆر و زەبەنیان کرد. تووڵی شلک و ناسکی بڕکەکان، پەلک و گەڵا گۆشتنەکانی خەیار و خرچە و ترۆزییەکان، گوڵەزەردەکانی تاڵکە و خەیاری گوڵبەدەم و بەتایبەت ئاخ و خۆڵی نەرم و تەڕەزنی بێستانەکە، کە هەر وەک ساواری خووساو، نەرم و ئاودار دەهاتە بەر چاو؛ گشت ئەوانە بۆیان تازە و شیاوی بینین بوو. ئەو گەڕانە

هەتا نزیک بە خۆر ئاوابوونان درێژەی کێشا. لەدەمی تاوپەڕاناندا لەئاخر کەوشەنی بێستانەکە ڕاوەستان و زمانەی گڕی ئاگری کوانووی ئەحمەدیان ڕوانی کە گڵپەی زەرد و ئاڵ لە ئاگردانەکەیدا شەپۆلی سەمایان تێکەڵ کردبوو.

ئاشق ڕووی دەمی لە هاوڕێیان کرد و گوتی: بەیانی زوو، شەوەکی دەبێ ڕێگە بگرینەبەر و بڕۆین. ئەم برادەرە بیستانەوانەمان هەر هێندە دڵاوایە کە ئەگەر هەر هەموو هاوینەکەش بەلایەوە بمێنینەوە، هەر نەک ڕوومان لێ مزر و گرژ ناکا، بگرە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ڕووگەش و دڵ فرەوانتر دەبێت.

مەمەد گوتی: پیاوەتی و کەرامەتەکەی باس ناکرێ و کەس وەک خۆی نایەتەوە... بە دڵ خۆشمانی دەوێت و حەز دەکا هەر لەلای بمێنینەوە.

ئاشق: سا نازانم چلۆنی ئیزن لێ بخوازین و بە چ تەرتیبێک دڵە میهرەبانەکەی ڕازی بکەن کە لەلای بڕۆین.

حەسۆک گوتی: ئەشێ هەر بڕۆین... کوێرەوەری و خەم و خەسارێکی زۆرمان لە ئەستۆ بارە و دەبێ

چارەسەریان بکەین. دۆزینەوەی دارهەناریش خۆی لە خۆیدا گرنگە و دەبێ بە شوێنیدا بگەڕێین.

مەمەد: بەڵی دۆزینەوەی دارهەنارە پیرۆزەکە لە سەرووی سەرجەم کار و کرداری هەرە پێویستمان دایە و دەبێ حەولی بۆ بدەین.

حسۆک: من پێموایە ئەو دارە دەبێ هەر لەم دەور و بەرانەمان دابێت... ڕەنگە زۆر دوور نەبێت!

مەمەد: ئەو دادەیەی کە خەڵکی بەربناری چیای دڵدڵ بوو، ئەویش هەر ئەم مەڵبەندەی بۆ دەستنیشان کردین... بەڵی دەبێ ئەو مەکانە پیرۆزە هەر لەم گاز و گوزەرانە دابێت.

لە دیمەنگای دوورە دەستی بەرامبەریانەوە لووتکەی بەرزی چیای ئەنەوەرزە و قەڵای دۆمەلۆ و قەڵای ماران و ژێرووش قەڵای تۆپراک و قەڵای حەمیدە و لە دوور دووریشەوە بیابانێکی ئەوسەر نادیار، بە ئاستەم لە هەتەری چاواندا بوو.

چی پێ نەچوو حەمەدۆک لەگشت و گەڕان گەڕایەوە و شان بە شانی هاوڕێیانی بە بێستاندا هات و چوو. لەم هاتن و چوونەدا هەموویان، جگە لە یۆسف، بە ڕاو تەکبیر داهاتن و ڕێگە و ڕێبازی داهاتوویان هەڵسەنگاند. هەر یەک لەوان ڕاو بۆچوونی خۆیان دەربڕی و هەڵوێستی خۆیان بە

ئاشکرا ڕاگەیاند؛ هەر تەنێ یۆسف بوو کە کەوتبوویە بیر و خەمێکی قووڵی کپ و بێدەنگ؛ دەم دەمێکیش دەستێکی بە بەر چەناگا داچۆڕاوەکەی دادەهێناو چەند تاڵەمووی درێژی بە دەست شانە دەکردن؛ یارانی بەرەو چارداخەکە دەچوون و ئەویش بەبێدەنگی و بەکۆمە کۆمە بە شوێنیاندا دەچوو. یۆسف بیری لێدەکردەوە و دەگەڵ خۆیدا دەیگوت: من بە گوێمدا خوێندراوە کە ئەو دارهەنارە خۆش کەشمە بەباڵای بەرزی، هەر وەک شۆڕەچنارێکی شۆخ و شەنگ، لک و پۆ و گەڵاو چلووکی بەسەر گردەکەدا پەخش و پەرێشان کردووە و سێبەری دڵ بلاوێنی بۆنی ژیانەوەی لێ دێت. دارهەنارەکە چاو لەڕێی نەخۆش و کەلەلایانە و ودمی پیرۆزی بۆ ئامادە کردوون. کانیاوەکەی ژێر سیبەرانی ئەوەندە ڕووون و زوڵاڵە، کە چاوی قرژاڵی لەبەر هەڵنایە. کانیاوەکەی بەرپێی دارهەناری پیرۆز بە فڕکە فڕک و بەلووزەو ئاوی فێنک و شیرین بە کەناری دارهەنار دا خول پێدەدات. دارهەنار ڕایدەسپێرێت کە بەرپێی ڕامووسێت و لە دوایە ببێتە کەفاوێکی سپی و هەزاران بڵق و پۆڕگی پڕ لە نووری لێ ببێتەوە.

گرد و تەپکەکانی دەور و بەری گشتیان ڕووتەن و بی دار و دەوەنن و لەبەرامبەر تینی هەتاو دا خەریکن هەلاهەلا ببن. بەڵام ئەو تەپکە پیرۆزەی کە کەوتۆتە ژێر ڕەحمەتی پەلک و چڵووک و گەڵای دارهەنارە پیرۆز، بەدایم شنەیەکی کەزێ بزوێنی فێنکی بە ژێردا دەگەڕێت و ئەو شنەیە قەت قەت لە ڕەوت و ڕۆ ناکەوێت. ئەو شنە گیان بلاوێنە دەستی غەیبی دەگەڵە و پیی سپێردراوە نمی ئاونگی سووک و لەبار هەڵبگرێت و بەسەر حەریری شینی سەوزەڵانی کەنارانیدا بی پڕژێنێت. هەر لەژێر سێبەری گیان بووژێنەری دارهەنارە پیرۆزەکەدا تاشەبەردێکی مەڕمەڕی سپی لێیە، کە لابەرێکی چەند ڕستەی ئاسمانی لەسەر هەڵکەندراوە. لە بەرێکی دیکەیەوە پەیکەری پەریزادەیەکی مەستەچاوی لێو گۆشتنی لەسەر نەخش کراوە، کە لایەکی گۆنا ناسکەکەی و گەردەنی کێلی، بە پرچ و کەزیی ڕەشی داپۆشیوە. هەر بەربەیانێکی کە یەکەمین تاڵەتیشکی زێڕینی خۆر بەلەز خۆی بەم هەرێمە پاکژەدا دەکێشێ، گوڵە ئاڵەکانی دارهەناری پیرۆز دەپشکوێنێت و ڕەنگی ئاڵ و والایان لە ئاوێنەی کانیاوە خاوێنەکەیدا خۆ دەنوێنن. هەموو بەرە بەیانێک

گژ و گیای لاشانی گردەکە و گوڵە هێرۆی زەرد و سووری دەور و بەری وارشەکە، بە ودمی ئاونگی کانیاوەکە، ژینەوەیەکی تازە و سەرلەنوێیان لێدەنیشێ و دەبووژێنەوە و چرۆی نوێ دەردەکەنەوە. لەکاتی پشکووتنی هەزاران خونچەی دارهەناری پیرۆز دا، شەوق و شەبەقێکی شەنگ و شیرین بە دەور و بەری گردەکەدا بڵاو دەبێتەوەو هەموو لایەک بەم ودمە ڕەنگین و زەنگینە دەژێتەوەو سەرلە نوێ دەبووژێنەوە. تەنانەت تاوێرە بەردەکانی خوارەوەی گردی پیرۆز و سەر سینگی پڕ شەپۆلی چەمی جەیهان و پانکەڵە زیخەکانی کەنارانیشیان باڵی پەریزادەکانیان بەسەر دا دێت و ڕۆژ نییە ڕەنگ نەگۆڕن و بە خۆیاندا نەچنەوە. کەمێک ژێڕاتر، مەزرای برنج و خەرمانی پڕ لە خۆیان، نیشانەیەکن لە هەناسەی دارهەناری پیرۆز. جارجاریش، واتە ئەودەمانەی کە ورشە و گرشەی گوڵپەڕەکانی دارهەناری پیرۆز یەکجێ دەم دەکەنەوە و دەپشکوێن، گشت ئەندامی دارهەنارەکە دەبێتە پارچەیەک نوور؛ نووری پیرۆزیش دەبێتە چەخماخەیەک و هەر وەک تۆپەڵیک گڕی ئاگر بەداوێن چیای تۆرۆس دا هەڵدەکشێت و لە ئاسۆگی doorه دەستانەوە لەبەر

چاوان نەدیو دەبێت. ئەمانە و خێر و بەرەکەتی تریش دڵۆپێکی بچووکن لە ڕەحمەت و خێر و بەرەکەتی خودای ئاسمانان. ئەودەمەی کە ئیمامی عەلی ڕێگەی سەفەری دەکەوێتە دەشتی چوکورۆڤا، ئیمام شەمشێری دوو دەمی هەڵکێشاوە و لە دوند و ترۆپکی چیای ئەنەوەرزەی دەدات و لە زەبری شیری دوو دەمی ئیمامی عەلی، کێوەکە دوو لەت دەبێت. هەر ئەودەمیش ئیمام ڕووی وەردەچەرخێنێت و دارهەناری پیرۆز لەبەری دەستی ڕاستی خۆیدا دەبینێت. دارهەناریش لە دیتنی ئیمامی عەلی و بە عەشقی ئیمام، سەرجەم لک و پۆپ و هەرچی ڕەگ و ڕیشەیەکەی کە هەیبووە، کۆی دەکاتەوە و بە کۆڵی دادەدا و سەر بە شوێن ئیمام دا ڕێ دەگرێتەبەر. ئیمام بۆی دەگەڕێتەوە و بەسیلەی چاوی سەیرێکی دەکات و هەر ئەو دەمەش خەرمانەیەکی نووری کەسک و کەوەیی لە دارهەنارەکە دێتەدەرێ و لە بەرامبەر ئیمامدا چۆک دادەدات و دەستەکانی ئیمام ڕادەمووسێت. ئیمامیش کە قەت قەت درەختێکی ئاوا شۆخ و شەنگی بە چاوی سەر نەبینی بوو، دەستێکی بە سەر پەلک و لک و گەڵاکانیدا دەکێشێت و پێی دەڵی: ئەی درەختی یەزدانی! ئەو

گردەی بەرامبەری خۆت جێگە و مەکانی تۆیە و لەمەو پاش دەتکەمە جێگەی نەزر و نیازی گشت ژینەوەری سەرزەوی. هەر ئەو دەمەش دار هەنار بەفەرمانی ئیمامی عەلی بەرەو گردەکە هەڵدەکشێت و ڕەگ و ڕیشەی هەتا بن دەسکان لە ناخی زەوی دەباتە خوارێ و ئیتر لەو ساوە دەبێتە ڕووگەی نەزر و نیازی هەژاران و نەداران و و بی قەرارانی ماڵوێرانانی سەرتانسەری جیهان. گردەکەش لە خۆشیان و لە گەشکەی هاتنی دارهەناری پیرۆز، دەخۆی دەنووسێ و خۆی ڕێک دەگوشی و کانیاوێکی فێنک و دەغەزپەڕێن لە داوێنی خۆی دەر دەفرتێنێ. لە سەرچاوەی ئاوەکەشەوە، ئاو بە قلْپە بەسەر پانکەڵە زیخە سوور و زەرد و شینەکاندا فڕکە دەکات و بەرەو باوەشی شیناورد و گوڵاڵە ڕەنگینەکانی خواروو‌تر وەڕی دەکەوێت. ئەو دارە و ئەو ئاوە هێستایش کە هێستایە هەر لە سەر پێ مانەتەوە و هەتا زەمان و مەکان مابێ، هەر دەمێنن. هەر ژینەوەرێک بەنیازی بڕین و دزینی دار و گوڵ و شینکەی پیرۆزی گردە پیرۆزەکە دەستێک درێژ بکات و تشتێکی لێ جیا بکاتەوە، بە دەرد و ئازار و مافەتەیەکی وەها سامناک ڕێزاڵ بە ڕێزاڵ دەبێت،

کە چاو لە بینینی هەراسان دەبێت. تەنانەت بەرە بەرەی ئێواران و ئەو دەمانەی کە پەخشە و مێشەکوێرەی دەشتی چوکورۆڤا لەچوار لایانەوە هێرش دێنن، یان ئەودەمانەی کە مار و گورگ و سەگسار لەلانێ دێنەدەرێ و بەپانتایی دەشتی چوکورۆڤادا بڵاو دەبنەوە، یان چەتە و دز و ڕێگر و پیاوگوژ و خەراپەکاران، لەبری حەشارگە پەنای بۆ دێنن، هەر ئەودەم هەس هەس و پاسەوانانی دەرگای گردە پیرۆزەکە، قەڵەمی قاچی ئەو نابەکارانە وەها دەشکێنێت، کە بە دەرمانی هیچ حەکیم و چاساز و لوقمانێک چارەسەر ناکرێن.

ئەو گردە پیرۆزە جێ و مەکانی دەردەداران و هەژارانە و، هەر نیازمەندێک و هەر لەش بەبارێکی کە بەنیازی خاوێنەوە ڕووی تێبکات و سەربنێتە بەرپێی بارەگاکەی، خودای بانی سەر لەبەر خاتری چل سوارەی غەیبی، نیازەکانی بەراوەرد دەکات و هەرچی دەرد و مەینەتی کە هەیانە لە کۆڵیان دەکاتەوە و شفایان دەدات.

لە دەم کانیاوی هەمیشە بەهارێ ڕواوە
گوڵی شەشپەڕی ئاڵ، وەنەوشەی بەهاری
لە داوێنی خاوێنی کانیاوەکەیدا دیارە

گەمەی تیشک دەگەڵ وردە زیخی کەناری
بە پۆل دێن سیاچاو خەزاڵانی کێو و دەشتی
لە دەوری هەنار و شەبەنگی بەتاوی
بە ئاهەنگ دەسوورێن، دەسوورێن
مەستەچاو پەریزادەکان لە گۆشە و کەناری

یۆسفی داکەوتەی خەیاڵات، بەخەیاڵ تێکەڵی پۆلی خەزاڵە سیاچەمانەکانی کوێستانی بەڕێدا دەڕۆییشت و لە نزیک چارداخەکەی ئەحمەدی بێستانچیێ، بۆن و بەرامەی خۆشی ڕۆنی بەرەمەشکەی تەندوور پڵاو و بەرامەی ئیشتهابزوێنی چێشتی تورەلوی بە لووت دا هەڵکشا و لە ئاسمانی خەیاڵات دایبەزاند. خۆی دابەزی بەڵام سەر و سیماکەی تواوەوەی بەحری خەیاڵات ڕەنگێکی تری گرتبوو.
حەسۆک لێی پرسی: چییە یۆسف... چ قەوماوە؟... ئەو زەردی و خەمناکییەی جارانی سەر و سیماکەت نەماوە و ڕەنگی ڕوخسارت گەش و شەق بۆتەوە!... چ باسە پیاو خاسەکە؟!
ئەشقەلی بە پێکەنینەوە گوتی: بۆن و بەرامەی تەندوورپڵاوی بە دەماری مێشکدا هەڵکشاوە. ئەو

بەرامەیە پیاو دێنێتە سەر هەوا و ڕەنگێکی تر وەردەگرێت.

یۆسف گوتی: با هەستین و لێرە کۆچ بکەین و خۆمان بە بارەگای دار هەنارە پیرۆزی سەر گردێ دابدەین ... ئەو .... هەر ئەو ...

ئەشقەلی: ئێ باشە... ئێمەیش هەر بەنیازی چوونی ئەو بارەگایەین، بەڵام جێ و مەکانەکەی نازانین... ئەوە نە ئەمن دەیزانم و نە ئەتۆ یۆسف گیان. دەبێ بۆمان هەڵکەوێ و چاوساغێک بێت و چاومان بکاتەوە و ڕێگەیەکمان بۆ دەست نیشان بکات و تەواو! ... ئەگەر هەڵکەوێ، تاقە یەک چاو تررووکانێکیش ڕاناوەستین و بۆی دەچین.

مەمەد ڕووی کردە ئەحمەدی بێستانەوان و گوتی: ئابرا ئەحمەدی خۆمان بە شوێنەکە دەزانێن و هەر بەس ئەتۆ ڕیگەکەمان بۆ دەست نیشان بکە و تەواو ...!

ئەحمەد گوتی: من بەشوێنەکەی نازانم، بەڵام ئەگەر سەبرێکم لێ بگرن و پشووتان لەسەرخۆ بێت، سبەی بەیانی مام حەسەن دێتە سەردانم. مام حەسەن شارەزای هەموو مەڵبەندەکانە و هیچ شوێنێک نییە بەسەری نەکردبێتەوە. شەشدانگی چوکورۆڤا و گشت چر و هەڵەمووتەکان و دار و

دەوەنی لێڕەوار و کوێستانەکەن ، چەشنی لەپی دەستی خۆی دەناسێت، بگرە ئەشکەوت و قەڵشە بەرد و جانەوەری خزۆک و خشۆکی چیاکانیش دەناسێت... کەواتە دەبێ سەبرێکم لێبگرن هەتا مام حەسەن دەگاتە جێ.

ئەشقەلی گوتی: کاکە گیان دەسا تۆ بڵێ لوقمانی حەکیم دێتە سەردانتان نەک مام حەسەن!

ـ بەڵی ڕاستە و دەکرێ بڵێین لە لوقمان حەکیم لێزانتر و وریاتر و شارەزاترە، چونکە مام حەسەن پەنجا ساڵ لە تەمەنی لەم دەشت و کێو و دارستانانەدا بردۆتە سەر. لە دوندا و دوندی چیای توروسەوە بگرە هەتا دەگاتە کێوی نوور، دۆڵ بە دۆڵ و ئەشکەوت بە ئەشکەوت و کانیاو بە کانیاوەکان پێخوستی ئەو بوون و هەن؛ ئەو بە سەریاندا دێت و دەچێت. ڕاز و ڕەمزی هەموو گژ و گیایەکی لەلایە و زمانی تەیر و تیوور و جڕ و جانەوارانیش دەزانێت. مام حەسەن ژیر و وریایە و لە دەر و دەشت و شاخ و چیاکاندا هەرچی دەیبینێت، نموونەیەکیان لێ هەڵدەگرێتەوە و بۆ لابردنی دەرد و ئازاران بەتاقیان دەکاتەوە و ئەزموونیان لێ وەردەگرێت. دەنگۆیەکیش هەیە کە گۆیا مام حەسەن بە شوێن ئاوی ژیاندا وەیلانە

و دەگەڵ مردن ملانەیەتی. هەرپانزدە ڕۆژی مانگیش جارێک دێتە بێستانەکەی من؛ دێت و بە بێستاندا دەگەڕێ و هەموو شتێک بەسەر دەکاتەوە و شتی تازەش دەدۆزێتەوە. گیانەکەم پێتان بێژێت کە ئەو مام حەسەنە لە کاتێکی دیاریکراوی هەر مانگێکدا ئێرە بەسەر دەکاتەوە و چەشنە گژ و گیا و گوڵێکی تایبەت لە ڕیشەوە هەڵدەکەنێت. دوایەش سەردانی چەشنە ڕووەکێک دەکات کە بەرازییەکەیان بە بارستایی بەژنی پیاوێکی دەستە دێتەوە. ئەو ڕووەکە لە ساڵدا و هەر لەم ڕۆژانەدا گوڵی ئاڵی چەشنی سکڵی ئاگر دەپشکوێنێت و مام حەسەن گوڵبژێریان دەکات. ساڵی واهەیە ئەو گیایە گوڵ نادات و مام حەسەن دەهری دەکات و بە زویری ئێرە جێ دەهێڵێت و دەڕوات.

ئاشق گوتی: ئەم چەشنە زانایانە دەسەڵاتیان بەسەر مار و مێروو دا هەیە و سەردەمی بەختەوەربوونی ڕووەک و دار و درەختانیش دەزانن... دەکرێ بڵێین کە ئەوانەش لە سەرێکەوە خودا پێداون....

ـ بەڵی وایە... دڵنیام کە ئەو بەشوێنی دارهەنارەکەی ئێوەیش دەزانێت؛ هەر ئەوێ نا،

بگرن هەر مەکۆ و مەکانێک کە لێی بپرسی، دەقاودەق دەیخاتە بەر چاوت و ڕاستە و ڕاست دەتباتە ئەو جێگەیەی کە ویستووتە. هەر شوێنێک بێ، ئەگەر بەرزاییەکانی چیای تۆرۆس بێت یان تەپک و خڕ و زەنگۆڵەکانی چیای نوور، یانە چیای گاور و تاتە بەردەکانی ڕۆخی زرێی شین، ئەرخەیان بن کە مام حەسەن شارەزای هەموو شوێنێکە و بۆتانی دەست نێشان دەکات.

ئەشقەلی: بەڵێ ڕاستە... خودا پێداوەکان بەچاوی بەستراویشەوە ڕێگە دەبیننەوە و ڕێیان لێ ناگۆڕدرێت.

ئەحمەد: کەوایە ڕێنمایی ئەوتان گەرەکە و دەبێ چاوەڕوانی هاتن و یارمەتی ئەو بن و ناچارین دەبێ هەتا هاتنی مام حەسەن سەبر بگرین و چاوەڕوانی ئەو بمێنینەوە. بەڵام خۆزگە لە بێستانەکەی ئابرا ئەحمەد دا کار و فەرمانێک هەبوایە کە ئێمە تێیدا شارەزا بوایەین و لە شەرمەزاری هاتباینە دەر... ئاخر بێکاری و دەست لەسەر دەست دانان گەلێک ناخۆشە. ڕۆژ بە شەو گەیاندن و خواردن و خەوتن شوورەییە.

ئەحمەد گوتی: منیش پێم خۆش بوو لە بێستانەکەمدا کەلێنێک هەبوایە کە ئێوە بۆتان پڕ

کردبامەوە... چ کەردەن کە بێستانەکەم بچووکە و ئەوەندە بەر بڵاو نییە کە چەند کەس ئارەقەی تێدا بڕێژن... بەڵام چەلێ کەڕەم کەن دانیشن و نانەکەتان نۆشی گیان بکەن تا بزانین کارمان بە کوێ دەگات.

تێکڕا دانیشتن و دەستیان پێکرد. چێشتی ئەم ژەمەیان لە نانی نیوەڕۆیە گەلێ گەلێ بەتامتر و لە گیانان خۆشتر بوو. کوێستانیگەل هەڵمەتیان بردە سەر نان و خوان و هەرەوەزێکی بە دەست و بردیان دەست پێکرد و تەنانەت قاپ و قاچاخیشیان لێس دا. پاشی نان خواردن، ئەمجار بە کاڵەک و گندۆرە و تاڵکە و شووتی و خەیار داهاتن و خواردیان. شووتییەکان ئاڵ بوون هەر وەک خوێن، کاڵەکەکانیش زەرد بوون بە چەشنی هەتاوی زەردی دەشتی چوکورۆڤا و شیرین چەشنی هەنگوێن.

بەرەبەرەی هەتاو ئاوابوونان ئەحمەد گوتی: شەو لەچنگ پەخشەو تەپۆ هەدادانتان لێ هەڵدەگیرێت و خەو بە چاوانتاندا نایە.

ئاشق گوتی: ئەی چار چییە براگیان؟

حەسۆک وەڵامی داوە: هەر وەک جاری جاران ئاگرێک و دوکەڵێک و لە پاشان خەوتن.

ئاشق گوتی: ناکرێ ... ناکرێ برای شیرین... ئێرە چۆلگە نییە و بێستانە براگیان!

ئەحمەد بە پێکەنینەوە گوتی: هیچ خەم نینە براگیان... هیچ دەربەستی مێشوولە و ئاگر کردنەوە نابین. من پەخشەبەندێکی هەر هێندە پان و جێدارم هەیە، کە دەکرێ هەمووومان بە گشتی لە ژێڕیدا بخەوین... بەڵی هەتا هاتنی مام حەسەن جێ خەوی هەمووومان تەخت و تەیارە و هیچ خەم نینە... ئەگەر مام حەسەنیش گەیشتێ، ئەوا بە دەرد و مەرگی هەموو لایەک ڕادەگات. هەر ئەو شارەزای هەموو شتێکە و خودا پێداوە...

حەمەدۆک : بەڵی وەلۆیە خودا پێداوە !

خۆر لە کەلان ئاوا بوو. کەم کەمە تاریکایی بە سەر وڵاتدا کشا. هەرکە سروەی دەر و دەشت ئەهوەن بۆوە، یەکجێ هەزارە زیلی پەخشە بەویزە ویز هاتن و هێرشیان هێنا و چەشنی هەور لە بان سەیاندا لەنگەریان گرت.

ئەحمەدگوتی: کوڕینە با دەست و بردێک بکەین و هەتا چزوویان بەخوێنی جەستەمان ئاشنا نەبووە و تام و چێژیانی لێ نەکردووین، با پەخشەبەندەکەمان بەسەر خۆماندا هەڵکێشین ئەگینا چاومان دەکۆڵن.

یۆسف بەهەوا دەنگێکی خەمناکانەوە گوتی: وای لە چنگ پەخشەی دەشتی چوکورۆڤا... چزوویان چەشنی چزووی مارە و پێم وایە پەخشەبەندیش بەرگەی هێرشی ئەم هەزارەزیلە ناگرێت.

مەمەد پێکەنی و گوتی: پەخشەی ئەم وڵاتە تیسکیان هەیە و موو دارن ...

ئەشقەلی: هەر لە پڵینگی کەژی تۆرۆس و لە پەخشەی دەشتی چوکورۆڤا، کامیان؟!

حەسۆک گوتی: پەخشەی دەشتی چوکرۆڤا بێ ڕەزاترن.

پەخشەبەندەکەیان لەبان کۆختەکە داگرت و لەبەر بێڵای چارداخەکەوە پانیان کردەوە و نێوبەندی تۆڕەکەیان بە شریتێک لە دارەڕای میچی بان کۆختەکە قایم کرد. پەخشەبەندەکە یەکجار زۆر ورد و شارەزا چندرابوو. ئەوەندەش جێدار بوو، کە هەر شەش کەسەکە بە جێگا و بانەوە تێدا ڕازان. لە ژێر چەتری پەخشەبەندەکەدا سەریان خستە سەر سەرینی پڕ لە گیای وشک و هەر بڵێی یەک و دوو خەویان لێکەوەت.

ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو و شەویش تێپەڕی و ڕۆژ بۆوە و لە بێستاندا چاو لەڕێی مام حەسەن دانیشتن، بەڵام نەهات؛ دیسان شەویان بەسەرداهات و

ڕۆژیان کردنەوە. ئەوان وەک لە سەر ئاگر دانیشتبن، بەپەلە بوون و خانەخوێش ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ ڕوو خۆشتر و دەم بەپێکەنین تر، خۆراک لە خۆراک خۆش و بەتامتری لەبەر دەمیان دادەنا. ئەحمەدی بیستانەوان هەروەک پەروانە بە دەوریان دادەهات و خۆمانەتر و خزمانەتر خزمەتی دەکردن. ئەوانیش برایەتییەکەیان ئەوتۆ گەرم کردبوو، کە ئەحمەدیش بۆ میوانداری و خزمەت هەر وەک پەپوولە بە دەوریاندا دەگەڕا. میوانەکانیش بەدڵ خوزیاگەری ئەوە بوون کە مام حەسەن زووتر بگاتەجێ و ئیتر بەس بێت زەحمەتی میوانداریەتیی ئەحمەد. بەڵام ئەحمەدی بێستانەوان وەها ئۆگریان بووبوو، بەدڵ پێی خۆش بوو مام حەسەن درەنگتر بگاتە جێ و ئەوان زۆرتر لەلای بمێننەوە.

دیسان نەخۆشی و ئازارەکەی جاران یۆسف داڵغەی دایەوە. ڕەشەنۆبەتێ دایگرتەوە و جەنسەتی لەشی لەرزی و جار جارەیش بەدەم لەرزینەوە دەهات گیان لە قاپێلکی کزۆڵی لەشی ماڵاوایی بکات. بەڵام لە درێژەی ئەو سێ ڕۆژەدا ئەحمەد هەروەک برایەکی بڕبڕەی پشتی یۆسف، بە دەوری دادەهات و لە هیچ خزمەت و زەحمەتێک

ڕووی مزر نەدەکرد. گەلێک جارانیش لەبەر خۆیەوە دەیگوت: بریا و سەی بریا لە بێستاکەمدا کار و ئیشێک دەست کەوتبایە کە ئەم برایانەم وەها سەرقاڵ کردبایە، کە هەستیان بە وەڕەزی نەکردبایە.

لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژە دا، ئەشقەلی تەموورەکەی جارجارە دەگرتە باوەش و سۆزی تەموورەکەی و دەنگی دڵبلاوێنی هەڵدەبڕی و گیانی بەلەنگازان و پەرێشان حاڵانی دەهەژاند. دەنگ و سەداکەی ئاشق و ناڵینی تەموورەکەی سۆزێکی یەکجار غەریبانەی گرتبوو. سۆزێک کە هەناوی دڵبرینداراانی دەگریاند. بەیت و لاوکۆی قەت نەبیستراوی هەڵدەبەست و دەیگوتەوە. بەسەر هەناسە سارادانی هەڵدەگوت و لە چوکورۆڤا و خەڵکەکەی دەدوا کە ئیتر بەزەییان لە ویژداندا نەماوە و دەر و دەرگای کەرامەتیان بەسەر مرۆڤایەتیدا قەپات کردووە. لە هێرش و داگژانی پەخشەی بێ ئامان هاواری دەکرد و لە گەرمای ژینەوەر کووژی دەشتی چوکورۆڤا سکاڵای بوو. لە دەمی پشوودان و لەکاتی چڕین و چریکاندنیشیدا چاوێکی هەر بەرەو کوێستانی (ئەلی کەسک) بوو

کە بەڵکوو مام حەسەن بێت و لە سەرگەردانی و دەستەوەستانی ڕزگاریان بکات.
بەرەبەیانێکی زوو بوو. تازە کازیوە سەرانی ئەنگاوتبوو. ترۆپکی کێوی گاوور هێدی هێدی ڕووناکایی لێدەنیشت. چڕ و هەڵەمووتەکانی چیای(دڵدڵ)یش دەهات جلکی شەو لە خڕ و دۆڵ و پەسارانی دابدڕێت. مژێکی کاڵی پەمبەیی لە داوێنانەوە بەرەو ڕژد و هەورازەکان هەڵدەکشا. لە کوێرەڕێگەی ئەنەوەرزەدا ڕەشایی سەڵتە ڕێبوارێک بەرەو ژێر دادەکشا. بە دۆڵ و دەرەکاندا دەهات و دیار بوو ڕاستەو ڕاست بەرەو بێستانەکەی ئەحمەد بەڕێوەیە. ڕێبوارەکە هات و هات و لە دوورەوە دەنگی هات: ئەحمەد... ئەهای ئەحمەد!... ئەوا ها لەکوێی کوڕم!
ئەحمەد دوو لەپی دەستی کردە شەیپوور و بە دەنگێکی بەرز هاواری کردێ: مامە بەخێر هاتی سەر سەران و سەرچاوانمان.
ئەم جار ڕووی دەمی لە میوانەکانی کرد و بە شادمانییەوە گوتی: کوڕینە مام حەسەن گەیشتێ... خۆیەتی و هەر ئێستا دەگاتێ. کوڕەکانیش لە جێ هەستان و بە تێکڕا بە پێشوازییەوە چوون. مام حەسەن هات و دەستەملانی یەکتر بوون.

مام حەسەن پیاوێکی گەڕاوەوەی باڵابەرزی داڵگۆشت بوو. لە هەستان و دانیشتن و قسەکردن و خەبەردانی دا، گوردی و سەرزیندەیی و تەڕدەستی پێوە دیار بوو. بەڵام پشتی کەمووسکەیەک چەمابۆوەوە و ڕیشی کەم تووک و داوداوی هەتا بەر پشتێندی داکەوتبوو. ئەمانە و گنج و چین و چرووکی ڕوومەت و لاچاو و لاملی، داستانێک بوون کە نەسرەوتن و چالاکی پێوە دیار بوو. دوو چاوی سەوزی تۆخی لە قووڵایی چاودانیدا زیتەیان دەهات و دەترووسکانەوە. لە قسەکردندا زەردەی پێکەنینی لە ڕوخساری نەدەکەوت. تەنانەت لە مەرحەبایی و سەباخێری و ڕۆژباش کردنیشیدا پێکەنین و زەردەی سەرلێوانی کەمی نەدەهێنا. ئەوەندە شادو بەکەیف و سەرزیندوو بوو، کە بینەر پێی وادەبوو لە هەموو تەمەنیدا قەت خەم و دەرد و پەژارە و مەراق و ئازاری بە خۆیەوە نەبینیوە.

دوای تۆقەو سڵاو و باوەش و چاکو چۆنی، گوتی: باش بوو بەکاتی بەجێ گەیشتمێ و گوڵەکانم دەمی ئاڵیان کردۆتەوە و خونچەکانی بە چەشنی سکڵی ئاگر گرشەیان دێت. ئیتر کات و دەمی چنینەوە و ڕنینەوەیان هاتووە و دەبێ دەستوبردێکیان لێبکەم و نابێ لە کیسیان بدەم...

ئەمڕۆ و سەبەینێیان پێناکەم و گورج هەڵیان دەگرمەوە... ئەوانە دەرمانی دەردی هەزارانن و دەبێ پێیان ڕابگەم. لەم کوێستانانەدا دەزانم کام گوڵ کەنگێ پێدەگات و کەی وادەی هەڵگرتنەوەیەتی... ئەمە کار و پیشەی باو و باپیرانمان بووە و پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە. خودای بانی سەر ئاو و گڵەکەی ئێمەیشی بەم ئیشەوە داڕشتووە. ناسیاوی گشت گژ و گیا و باڵندە و بێ باڵانین. زمانی گوفتوگۆی دار و درەختان دەزانین و خۆڵ و خاک و تەنانەت زمانی بەفر و باران و هەور و مژ و ساردو سەرماش هەر دەزانین... هەرکەس لەسەرێکەوە خودا پێی داوە و ئێمەیش ئەمانەمان بە بەژن بڕاوە. دەتوانم بڵێم کە ئێمە لە بن و بنەچەوە دەگەینەوە سەر لوقمانی حەکیم و هەر بە ئەمەش سەربەرزین و پێی دەخورین. لە قەدیمەوە هەتا ئێستا، هەر لە خزمەت خەڵکدا بووین و نە قەت سامانی کەسمان بە تالان بردووە و نە پاڵە و سوغرە و کرێکارمان چەوساندۆتەوە و نە قەتیش غەدر و سووکایەتی و زۆرداریمان لە کەس کردووە. ڕەگەزی حەوت پشت ئەولاتریشمان هەر بەم ڕێگەیەدا ڕۆیشتوون. هەموویان و هەمووومان لە باوەشی کەژ و چیاو

بەندەنەکانی وڵاتدا، سەر بە شوێن شفای نەخۆش و کەلەلایاندا گەڕاوین و خەریکی کۆکردنەوەی دەرمانی شفابەخشین بۆ نەخۆش و سەرئێشان.

حەسەن گیاناس لە یەکەم دیدار دەگەڵ تازە دیوناسانەکاندا کارنامەی پەنجا ساڵ خەبات و چالاکی شەوان و ڕۆژانی پێشکەش کردن و دوای کۆتایی قسان، گورجێک هەستا و بەرەو چنینەوە و ڕنینەوەی گوڵ و گیا وەدەرکەوت. لە ماوەیەکی کورتدا کاری هەڵگرتنەوەی کۆتایی پێهێنا و گەڕایەوە لایان. شەپۆلی ڕەزامەندی بە ڕوویەوە دیار بوو کە بە کاتی بەجێ گەیشتۆتە خزمەتی گوڵەکانی. ڕووی لە تازە دیوناسان کرد و گوتی: هەر ئەم مشتە گوڵەی کە ئەمڕۆکە چینیومەتەوە، دەرمانی گەلێک دەردانە... هەر خودا بۆ خۆی دەیزانێت و بەس!

ئەشقەلی هات و شان بە شانی ڕاوەستا و بە دەنگە نەرمەکەیەوە سەری قسەی داگیراند و گوتی: مامە گیان چاوەڕوانت بووین و خوا شوکور بەخێر هاتی و ئێمەت بە ئاوات گەیاند.

چاوە سەوزەکانی مام حەسەن ترووسکەیکی خۆشیان تێگەڕا و بە دەم زەردەی سەرلێووانەوە گوتی: بەڵێ... بەڵێ ئەوا بەدەستی پڕ لە

دەرمانەوە هاتووم و ئێوەیش وەکی هەموو دەردەدارانی کە نیازمەندی دەرمان کردنن ، ئامادەی دەرمان کردنی ئێوەشم... هەر گرفتێکی کە هەتانە، پێم بڵێن تاکوو چارەیەکتان بۆ بدۆزمەوە.
ئەشقەلی بە دەم هەناسەیەکی خەمبارانەوە گوتی: بەڵی هەمانە و دەردەدارمان دەگەڵە...
ـ گرفتەکەتان چییە باوکەکەی باوکم؟!
ئاشق وەک ئەوەی کە بخوازێت لاوکۆیەک بچڕێت، لە ناخی سنگەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا. لێوەکانی بە زمان تەڕ کردنەوە و گوتی: وەکی دەڵێن و پێیان گوتووین لەم هەرێمانەدا دەبێ دارهەنارێکی شفابەخشی نەخۆش و دەردە دارانی لێ بێت کە ماڵەکەی بە سەر گردێکەوەیە و ئێمە بە شوێنیدا عەودالین...
مام حەسەن چاو دە چاوی ئاشق دا، ماوەیەک بە بێدەنگی ڕاوەستا و چاوەڕێی دوا وتەی ئاشقی کرد.
ـ ئەوداره پیرۆزە کە ناوکەی لە هەموو شوێنێک بەسەر زار و زماناندا دەگەڕێت، دەڵێن لە بارەگاکەی خوداوە دەرمانی هەموو دەرد و ئازارانی پێدراوە. هەر نەخۆش و کەلەلایەک بێ ، ئەگەر هەر تاقەجاریک ڕووی تێبکات، بە مراد دەگات و دەرد و ئازاری لەکۆڵ دەبێتەوە. ئەوا

ئێمەیش سەر بەشوێنی ئەو بارەگایەدا وێڵ و سەرگەردانین. ئەم برادەرە کزۆڵە ڕەنگ زەردی کە وا لە خزمەتی ئێوەدایە، ناوی یۆسفە و دەیهەوێت دەرمانی دەردی خۆی لە دارهەناریپیرۆز داوا بکات. یۆسف زۆر لەمێژە بە دەست ڕەشەنۆبەتێ ڕۆکەوتووە و هەدادانی لێبڕاوە... یۆسف دەخوازێ دەستی بە داوێنی دارهەناری پیرۆز ڕابگات ، ئەگینا...

مەمەد قسەی لە دەمی ئەشقەلی ئەستاندەوە و گوتی: دەمرێ... مردنەکەشی داخ و دەرد و حەسرەتێکی بەس گرانە بە سەر دڵی هەمووومانەوە... یۆسف پیاوێکی هێدی و هێمن و لەبەردڵانە... خۆزگە بۆمان لوابایە و دەستمان بە دار هەناری پیرۆز ڕاگەیشتبایە...

مام حەسەن بە سەر سووڕمانەوە پرسی: ئێوە باسی چێ دەکەن و لەچی دەدوێن؟!

مەمەد گۆتی: تۆ خۆت باش دەزانی باسی چی دەکەین مامەگیان... لەهەر شەشدانگی چوکورۆڤا و مەڵبەندی(توروس)یشی دەگەڵ بێت، هیچ کەسێک لە زانایی تۆ دا تۆزی پاش سەرت ناشکێنێت. لە هەموو شتێک دەزانی و ئاگاداری هەست و نستی هەموو شتێک هەی.

ڕەگی حەسن گیاناسیان باش وەدەست هێنابوو؛ دەیانزانی بە هەڵکێشان و پەسن و گەورەکردنەوە بازە و، دەکرێ لەم ڕێگەوە بنی زمانی بگرن و شوێنی گردەکەی دارهەناری پیرۆزی لێدەربکێشن. هەر بۆیە یەک یەکیان دەستیان پێکرد و هەر یەک بە هەوایەک بۆی خوێند و هەر کامەیان بەشێوەیەک نەرمی کرد.

ـ کێیە ڕەگ و ڕیشە و ڕەگەزی گشت ڕووەک و دار و دەرختان دەناسێت و کێیە لە هەڵسوکەوتی مار و مێروو شارەزایە؟! ئەوەی زمانی بێ زمانان تێدەگات و بەهەموو زمانێک قسە دەکات، چ کەسێکە؟!... ئەوە هەر ئەتوی مامە گیان!

حەسەن گیاناس گوتی: من تێناگەم ئێوە باسی چی دەکەن و لە چی دەدوێن...

ـ هەر خۆت شارەزای دەردی دەردەدارانی و هەر خۆت دەزانی حاڵی زار و پەرێشانی ئێمە چییەو چۆنە. دەبینی چەندە داماو و پەرێشانین و چلۆن کەوتووینەتە ژێر باری دەرد و خەم و پەژارە و نەهامەتی. بێتوو دارهەناری پیرۆزمان بۆ نەدۆزیتەوە، لەناو دەچین و تێدا دەچین... دەستەکانمان بەداوێنت باوان گیان، ئەگەر تۆ بە فریامان نەگەیت، ئەی خاکی بەری دەرگای کێ

وەسەر خۆمان بکەین؟ دەسا تۆ بی و خوداکەت مامەگیان هەر تەنێ پەنجەیەکمان بەرەو ئەو شوێنە پیرۆزە بۆ ڕادێرە و خۆمان بە شوێنیدا دەچین...

ـ تەنیا جێگە و مەکانە پیرۆزەکەمان بۆ دەستنیشان بکە و بەس!

ـ ئێمە ژار و پەرێشان و فەقیر و بێ ئەنواین لالۆ گیان!

ـ تۆ سەیرێکی ئەم یۆسفە داماوە بکە و بزانە کە هیچ گیانێکی دە قالبەندی دا نەماوە؟

ـ ئەوە چەندمانگە لەدەشتی چووکورۆڤادا چەواشە و سەرگەردانین... چارەڕەش و بەلەنگاز ماوینەوە.

ـ هەر تەنێ شەوێک... هەر تەنیا یەک شەو میوانی بارەگاکەی ببین و نزای لێبکەین و لەبەری بپاڕێینەوە، بێ شک بە دەردمان دەزانێ و دەرگای خێر و بەرەکەت و ساغی و سلامەتیمان بە ڕوودا دەکاتەوە.

حەسەن گیاناس بە سەر سووڕماوی لێی پرسین: کێ و چ کەسێک ئەمەی پێگوتوون؟

ـ سەرجەم ئەو خەڵکانەی کە لەو ژێرانەدا دەژین، گشتیان ئەمە دەزانن و بە شوێنەکەشی

دەزانن. ئەوان ڕێگەیان بۆ دەسنیشان کردووین و هەر ئەوانیش لە خێر و بەرەکەت و شفای دەردی دەدەدارانیان بۆ باس کردووین.

ـ کێ پێی گوتن؟... چ کەسێک ڕێگەی نیشان دان؟ پێم بڵێن بزانم چ کەسێک ...

ـ ئافرەیکی خەڵکی داوێنی کوێستانی دڵدڵە و ئێستێ لە گوندێکی پڕ دار و درەختی چوکورۆڤادا دەژی... ئەو کارنامەی خێر و بەرەکەتی دارهەنارەکەی سەرگردی پیرۆزی بۆ باس کردین...

ـ خەڵکی تریش بۆیان باس کردین کە دەرمانی دەردی مرۆڤی هەژار و بەلەنگاز هەر تەنێ لەلای دارهەنارە پیرۆز دەست دەکەوێت و بەس! ئەوان گوتیان کە هەر تەنیا یەک شەو بەسە، لە بارەگاکەیدا سەرخەوێک بشکێنن و ئیتر تەواو!

حەسەن گیاناس سەیرێکی کردن و زۆر بە میهرەبانی و لێبڕاوانە گوتی: ئەو دارە پیرۆزەی کە ئێوە باسی دەکردن، لە سەرتانسەری دەشتی چوکورۆڤا دا هەر قەت نەبووە و هەرگیز نەبیندراوە... بەڵام خۆزگە دەبوو...

ئاشق بە هەوا دەنگێک ، کە دەتگوت ئاگرە و لە کوورەی ئاسنگەران بە لرفە لرف دێتەدەرێ گوتی: هەیە... بەڵی بەڵی هەیە !...

یۆسف: هەیە !

حەسۆک: هەیە!... نابێ نەبێ... تۆ کە شارەزای ئەو جێگە و مەکانە پیرۆزە نیت، حەشا لە بوونەکەیشی مەکە !

ـ نییە!... ئەو دارە لە سەر پاناوکی دەشتی چوکورۆڤا دا دەست ناکەوێت.

ئاشق: تۆ شارەزای نیی و شوێنەکەی نازانی.

حەسۆک گرماندی: تۆ هەر ڕێی پێدا نابەی... لە خۆوە شت هەڵمەبەستە...

ـ من شارەزای نیم؟.. بەڵێ هەم.

ئاشق بە غەزریوی دەنگی هەڵبڕی و گوتی: دەسا ئەگەر شارەزای شوێنەکە هەی، بۆچ حاشا لە بوونەکەی دەکەی؟!

حەسەن گیاناس گوتی: لە چوکورۆڤادا درەختی خوداپێداومان نییە کە بۆتان دەست نیشان بکەم... ئاخر ئەگەر شتێک بوونی نەبێت، من چیتان بۆ دەستنیشان بکەم؟!

ـ بەڵی هەیە !

ـ نەخێر نیە!

ئەحمەد کەوتە نێوان قسەکانیان و بۆ خەواندنەوەی هەیە و نییەی نێوانیان، داوای لێکردن کە بچنە ژێر سێبەری شۆڕەبییەکە و

دانیشن و لێویێک تەڕ بکەنەوە و تاوێکیش پشوو بدەن.

زەردەی بەرەبەیان دەهات لە پشتی کەژ و ماهان سەر وەدەر بنێت. گشتیان هاتن و دانیشتن و دەستیان بە خواردن کرد. مام حەسەن کەمووسکەیەک هاتەوە جێ و بە ئارامی گوتی: بەڵێ هەبوون... لەم چوکورۆڤایەدا هەر لە ئێرەوە هەتا دەگاتە کەنارەکانی دەریای سپی و دۆڵی هەیاس، لەم چەشنە چاک و پیر و دار و درەختانە هەبوون؛ لە وەرزی بەهاراندا گوڵ هەنارەکان دەپشکووتن و دنیایان دەخەملاند. وەک بڵێی دنیاکەمان تافتەی ئاڵی بەسەر کشاوە، گوڵی هەنارەکان لە بەر شەبەقی هەتاودا گرشە و ورشەیان بوو. ڕەش مارەکان لە ژێر دارهەنارەکاندا ژاوەیان دەهات و ئاشقە و ماشقەکان لێک دەهاڵان و بۆ ئاخر بەهاران دەیان و سەدان و هەزاران بەچکە مار سەریان وەدەر دەنا. بەڵام هەنووکە نە دارهەنار ماوە و نە مار و نە مێروو؛ هاتن و گشتیان خاکبڕ کرد و ڕۆیشتن. ئەگەر بە وردی سەیری ئەو مەڵبەندانە بکەن، نە دار هەنارێک دەبینن و نە دار بناو و نە دار بادام و نە بادامە کێویلکە و نە هەڵووژە... لەمێژە، زۆر لەمێژە

هەرچی جوانی و خاوێنی و پاکی و پیاوەتی و مرۆڤایەتی کە هەبوو، گشتیان خاکبڕ کرد و نەیان هێشتن. پیاوەتی و مرۆڤایەتی وەجاخیان کوێر کراوەتەوە و دارهەنارەکەی ئێوەیش ئەگەر ڕۆژێک بووبێت، ئیمڕۆ لە چوکورۆڤادا وەجاخی کوێر بۆتەوە و ئاسەواری بڕاوە... بەڵی داری چاکی و درەختە خوداپێداوەکانیش نەماون، تەنانەت ئەگەر مابیشن، لە ودم و دەرمان کەوتوون و تلْپاتی تەڕیان تێدا نەماوە...

ئاشق لە کوورە دەرچوو و هەر بەچەشنی هەوری بەهاران گرماندی بە سەریدا: نەخێر!... ئەوەی تۆ دەیڵێی خەونی بەتاڵە... خوداپێداوەکان لە ژێر سیلەی چاوی کردگاری عالەمدا ماون و هیچ گەزەندە و ئازار و مافەتەیەک وزەی ئەمەیان نییە و نایان بێ کە بە قەدرایە پەڕە کایەک خەساریان پێ بگەیەنن...

یۆسف: ئەگەر ئەوان نەمێنن، هیچ چارەسازێک نامێنێت و جیهان نوقومی نەمان دەبێت...

حەسۆک: ئەوان نەمێنن، جیهان نوقمەسار دەبێت و مرۆڤ نامێنێت.

ئاشق بە گورجی هەستا سەر پێ و گرماندی بە سەر هەوالانیدا: بەرزەو بن کوڕینە و خۆ

دابەستن... ڕێبوار هەر دەبێ لە ڕێدا بێت... ئێمە خۆمان بە شوێنیدا دەچێن و دەیدۆزینەوە... ناکرێ درەختی پیرۆز نەمابێت... لەسەر ئەو گردەی کە بە گوڵی ئاڵی تازەپشکووتوو داپۆشراوە و ئەو دارە شۆخ و شەنگەی کە گوڵی ئاڵ داییپۆشیوە و هەر بە چەشنی خەمانێک لە پشکۆی ئاگرە؛ ئەمەی من دەیڵێم، گوتەی دادیلەیەکی بناری چیای دڵدڵە و ئەو دەروازەی دڵمانی بە رووی ئەو هیواو هومێدەدا کردۆتەوە... ئەرێ تۆ بڵێی کە ئەو کەنیشکەیە خەیاڵی هەڵخەڵەتانمانی هەبووبێت و گاڵتەی پێکردبین؟... بڵێی خەڵکی چوکوروّڤا گەپیان پێدابین و بە هەڵەیان بردبێتین و داری درۆیان بۆ ساز کردبین؟!... نەخێر تەنانەت ئەگەر سەریشمان دانابێت، دەبێ هەر بیدۆزینەوە... ڕێبوار هەر دەبێ لە ڕێ دابێت... بەڵێ ئێمە بە شوێنیدا دەچین و دەی دۆزینەوە و بە کاوی دڵ شاد دەبین.

لەجێ هەستان و بەهەموو تووڕەیی و دەرهەڵبوونەشەوە ڕووی دەمیان کردە ئەحمەدی بێستانەوان و گوتیان: ماڵاوا برای دڵسۆز!... لای ئێوەمان خۆش برای شیرین!... ئەو کەرامەت و پیاوەتی و میهرەبانییەی کە تۆ دەرهەق بە ئێمەت کرد، باوکەکەی باوکیشمان دەگەڵی نەکردووین...

ئەم دنیایە بەبێ بوونی وەکی خۆت وەجاخی کوێرە... لای تۆمان خۆش براکەی باوکمان!

دوای ماڵاوایی هەستان و بەپەلە بەنێو دەوەن و دڕک و داڵاندا ڕوو بە ڕۆژهەڵاتی چیای ئەنەوەرزە تێهەڵبوون.

هەتا ئەو جێیەی کە چاو هەتەری ڕوانین و بینینی هەبوو، ئەحمەد خەمناکانە بە چاو بەڕێی کردن. دەگەڵ ون بوونی یاران، ئەویش هات و بە خەمناکی لە تەنیشتی مام حەسەن دانیشت و گوتی: یاران ڕۆیشتن و جێیان هێشتم و خەمی ڕۆیشتنیان لەسەر دڵم بارە. سەدخۆزگە هەر لێرە مابانەوە، بەڵام مخابن کە لەم بێستانە بچووکەدا هیچ ئیش و کارێک نەبوو کە پێیانم ئەسپاردباتە. ئەوان پیاوانی کارن و بەشوێن ئیشدا دەگەڕێن... بەڵام ئەو چارەڕەشانە لەم دەشت و بیابانە ئەوسەر نادیارانەدا بەشوێن چیدا دەگەڕێن؟... دارهەنار!... بەڵی دارهەنار؛ دەیدۆزنەوە؛ ئەی ئەگەر نەیدۆزنەوە چی؟... بە دەستبەتاڵی بەرەو ماڵ دەبنەوە؟!

ئەحمەد لە ئاخافتندا وەک پشووی سوار بووبێ، خەم بەری ئەوکی گرتبوو. مام حەسەن بۆ دڵدانەوەی ئەحمەد هاتە قسە و گوتی: لەوانەشە

بیدۆزنەوە... بەرەی مرۆڤ گیاندارێکی سەیر و سەمەرەیە و هەرچی بیخوازێ بۆی دەچێت و جاری واش هەیە گیانیشی لەسەر دادەنێت.

ئەوانیش یەک بەدوای یەکدا ڕۆیشتن و گەیشتنە دەم چەمی ساقرۆن. ئاوی چەمەکە هەر ئەوەندە لە کورتێی دابوو، کە دەتگوت جۆگەلەیەکی باریکە و بە دۆڵدا تێپەڕ دەبێ. هەتاو تازە لە پشتی کەڵ وەسەر کەوتبوو کە ئەوان لە چەم پەڕینەوەو تووشی گوندێک هاتن. حەسۆک گوتی: سەرێک لەم گوندە هەڵبێنینەوە چ دەبێ؟!

ئاشق پێی داگرت و گوتی: نەخێر نابێ ڕێگە لار بکەینەوە. ئێمە هەتا دارهەناری پیرۆزمان نەدۆزینەوەو دادی دڵمانی بۆ هەڵنەڕێژین، ڕوو لە هیچ ئاواییەک ناکەین.

حەسۆک بەدڵی پڕەوە لێی پاڕایەوە و گوتی: دەی ئەگەر ڕوو نەکەینە ئەم ئاواییە و هەواڵی شوێنی دارهەنارەکە نەپرسین، بڵێی خێڕی تێدابێ کە ڕێگە ون بکەین و بە لاڕێدا بڕۆین ئاشق؟!

مەمەد گوتی: دەیدۆزینەوە.

بەدەم وتن و گوتنی ئەو دەچم و ناچمە، گەیشتنە سەر جادەیەک. سەر جادەکەدا نەرمە خۆڵ دایگرتبوو؛ نەرمەخۆڵێک کە هەتا سەرەوەی

ڕەفیچکەکانیانی قووت دەدا. هەتاو هێشتا دنیای گەرم دانەهێنابوو. خۆڵەپۆتەکەش هێستا تاوگەز نەبووبوو؛ نەرم و فێنک بوو. لمی فێنک بەنێو پێڵاوەکانیاندا دەگەڕا و قاچ و قولی ماندوویانی دەحەساندەوە. لەبەرامبەریانەوە تراکتۆرێکی ڕەنگ نارنجی دەرکەوت. تراکتۆرەکە هێدی هێدی بۆلایان هات و ئەوانیش خۆیان لادا و کەوتنە ئەوبەری جادەکە. کە گەیشنە لای یەکتر، شۆفیرکە سەری لار کردەوە و ڕۆژباشێکی لێکردن و گوتی: ئێوە بۆ کوێ بەخێر برادەرینە؟ لەوانەیە ئیش و کارەکەتان کۆتایی هاتبێت و بەخێر و بێر و بە گیرفانی پڕەوە بەرەو ماڵ دەچنەوە؟

حەسۆک گوتی: بەڵێ بەرەو ماڵ بەڕێوەین.

شۆفیر گوتی: بەداخەوە چوکورۆڤا وەکی جاری جاران نەماوە. کار کەوتۆتە سەرپشتی شێران؛ چەلێ لە کوێمانە... خەراپترمان لە سەر ڕێیە.

حەسۆک وەڵامی داوە: بەڵی نەهامەتی گەورە و گرانترمان لە ڕێدایە.

ئاشق: ئەرێ برای شیرین لەم هەرێمانەدا دارهەنارێکی خوداپێداو شک دەبەی کە لە سەر گردێک وەستابێ و جێگەی نەزر و نیازان بێ؟

شۆفێرەکە بە سەرسوورمانەوە گوتی: ئەوە یەکەمین جارە ئەمەم بە گوێ دەگات... دەبێ بمبوورن... دەبێ بڕۆم و بگەمەوە ئیش و کارەکەم... ماڵاوا!

حەسۆک تورەبوو. ڕووی کردە ئاشق و گوتی: تۆ بی و پیرت ئاشق ئەمە کارە؟ پیاوی ئاقڵ ناو و نێشانی داری چاکی لەم قولەخ و دەمڕوتانە دەپرسێت؟!

مەمەد: ناو و نیشانی داری چاکی لە قوللەغ و دەمڕووتان ناپرسێت...

یۆسف: ئاخر شۆفێر و ناو و نیشانی دارهەناری پیرۆز؟!... کوجا مەرحەبا !...

هەر تەنیا حەمەدۆک بوو کە هیچ هەڵچوونێکی ئاشکرای پێوە دیار نەبوو؛ ڕوخسا و فەساڵەکەی لەهەر چەشنە هەرا و هاوارێک بەتاڵ بوو.

ئاشق بەخەم و خەسارێکی زۆرەوە گوتی: بەڵێ من هەڵەم کرد. بەڵام من هەر بەمە گەشامەوە کە لە دەردی ئێمەی پرسی و خەبەرێکی تاڵیشی لە داهاتوومان پێداین... بەڵی دیار بوو کە ئەو هیچ ئاوات و ئارزوویەکی دە دڵدا نییە کە بە شوێن دارهەناری پیرۆز دا بگەڕێت و نەزر و نیازانی لێ بخوازێت؛ ئەو وەکی ئێمەی ماڵوێرانی پاپەتی و

ئاوارە و دەربەدەر نییە  کە دارھەناری پیرۆزی بۆ ببێتە ڕووگەی و نەزر و نیازان .
حەسۆک: نۆجوانێکی ناشارەزای دەمڕووت بوو.
بەجادە داھاتن و ڕۆیشتن. سوارکارێک بەرەو ڕوویان وەدەرکەوت و بەبێ تۆقە و سڵاو و چاکوچۆنی بەبێدەنگی ڕووی لێوەرگێڕان و ڕۆیشت. گاری و گاریەوانێک ھاتن و تێپەڕ بوون. ترۆمبێلێک ھات و خۆڵ و خاکی  جادەی بەسەردا پرژاندن و تێپەڕی. سێ سەڵتە ڕێبوار، شان بە شانی یەک ھاتن و بەبێ دەنگی لایان دا و ڕۆیشتن.
نیووڕۆیان لێداھات. زەردەگەرامایەکی زیندەوەرکوژ  باڵی بەسەر وڵاتدا داکێشا. ئەوان لە دەست گەرماو لە چنگ توونیایەتی بەرەو لێوارەی چەمی ساقروون داخزینەخوار و لە ژێر سێبەری تاشەبەردێکدا خۆیان گرمووڵە کرد. پرێسکەی ئەو نان و خوانەی کە ئەحمەدی بێستانچی بۆی تێک نابوون، کردیانەوە و دەستیان بە خواردن کرد. ئاوی چەمەکە گەرم و شیلەوتین بوو، بەڵام لە ڕووی ناچاری و بەھۆی ھێرشی توونیایەتی، لەسەر سنگ ڕاکشان و دەمیان بە ئاوی چەمەوە نا و ھەتا مەشکی زگیان جێگای ھەبوو، گەرمە ئاویان نۆشی گیان کرد. پاشی خواردن و خواردنەوە، لە سێبەری

قەڵشەبەردەکاندا بۆی کەوتن و هەتا ئەو دەمەی کە شنەبای ئێوارەدەمان دەستی پێنەکرد، جووڵەیان لە خۆیان بڕی و ڕازان.

پێشەکی و بەر لە هەموویان ئاشق خەبەری بۆوە؛ هەستا و دانیشت. بەرە بەرە ئەوانی دیکەش لە خەو هەستان، بەڵام گشتیان کپ و بێدەنگ بوون و هەر بەس لە ڕێگای چاوانەوە یەکتریان دەدواند. هیچکامیان شتێکیان نەبوو کە بە زمانی دا بێنن و دەمی بۆ بکەنەوە و پێشنیارک بنێتە بەر پێی کاروانەکە. پێکەوە سەیری یەکتریان کردو ئەوبەری چەمەکەیان هەڵسەنگاند. لەو بەری چەمەکە و لە مەزرایەکی نە هێندە دوورتری ڕۆخی ڕووبارەکە، ورزێرێکی تەنیا خەریکی شەن و کەوی خەرمانەکەی بوو. لەنێویاندا هەرتەنێ ئاشق دەنگی هات: سەیری کەن کوڕینە!... بڕوانن لەو مەزرایەدا کەسێک خەریکی بەبا کردنی خەرمانەکەیەتی. ئەوانیش زەردەیان کەوتە سەر لێوان. ئاشق لەجێ هەستا و ئەوانی تریش سەر بەشووین ئەودا هەستان و کەتنە ڕێ. لە چەمەکە پەڕینەوە و بەرەو مەزرای کابرا ڕۆیشتن. کە گەیشتنە نزیک خاوەنی مەزراکە، ئاشق گوتی: ڕۆژباش برا گیان !

کابرا سەرێکی هەڵبڕی و بە دەم زەردی پێکەنینەوە گوتی: بەخێرهاتن سەرسەران سەرچاوان برادەرینە... پێشینیان گووتوویانە: «لە ئاسمان بە شوێنت دا دەگەڕام کەچی لە سەر هەرد تووشت هاتم». ئەو پەندەش لە من ڕووی داوە و ئێوە زۆر بەجێ گەیشتنە هانام برادەرینە!... یاخوا بەخێر بێن سەر دو چاوانم... ئەرێ بڵێی لە خەرمان بەبا کردندا شارەزایەتێکتان هەبێ براینە؟!...

ئاشق گوتی: خودا ئێمە بۆ ئەمجۆرە کارانە داتاشیوەو پیاوی ئەمجۆرە کارانەین. ئاخۆ کەرەسەی خەرمان هەڵاویشتن و بە بارکردنتان لە بەردەستاندا هەیە؟

ـ بەڵی هەموو حاجەت و کەلوپەلی پێویستم لەبەردەستانە... قەول وابوو چەندێک لە یاران و دۆستانم بە یاریمەوە بێن بۆ هەرەوەز، بەڵام لە بێبەختیی خۆم دوێ شەو شەڕ و کێشەیان دەنێو کەوتووە و چەندێکیان زامدار بوون و کاری منیش پەکی کەوت... بەڵام خودا ناردی و کارەکەی منیش پەکی نەکەوت.

گوتیان خێر بێ یاخوا و قەت شەڕ نەمێنێت!... ناوەکەتمان پێ بڵی برای شیرین!

ـ ناوم « ڕەسووڵ»ـە و خەڵکی ئەو گوندەم کە لێرەوە زۆر دوور نییە.

دوای چاک و چۆنی و خۆناساندن، ڕەسوو گوتی: دە فەرموون ئەمە شەنی بەبا کردن و ئامرازی تریش هەر لێرەیە. ئەم چەند شەنە تاقی بکەنەوە و بزانن کامیان لە دەستان خۆش، ئەو دەکار بێنن.

بەتێکڕا، جگە لە حەمەدۆک کە وەک داری چاکی لە سەر جێدا چەقی بوو، دەستیان دایە شەنەکان و بۆ بەباکردن بزووتن. حەسۆک ڕووی کردە حەمەدۆک و پێی گوت: بەرخم بڕۆ لە ژێر ئەو سێبەر دانیشە، تۆ زارۆکی و خەرمان بەبا کردن بۆ تۆ نابێ و نایزانی.

قسەی حەسۆک کاری خۆی کرد و حەمەدۆک هەر وەک منداڵێکی سەربەڕێ بەرو چەم داگەڕایەوە و لە ژێر سێبەری کەپرۆکەی ڕەسووڵ دانیشت. لەوێوە، لێوارەو لێواری دیمەنی چەمەکەی لەبەر چاودا دیار بوو. لە هەندە شوێنێکی هەر دووک بەری  چەمەکە، دڕک و داڵی وشترخۆرکە وڵاتیان داپۆشیبوو. وردە گوڵی سوور و پەمبەیی دڕکەکان بە دەم گەرمەبای دەمەو ئێواران دەلەرانەوە. بەرە بەرە هەتاو لە کەلی بەرامبەریانەوە ئاوا دەبوو. ئەوانیش کاری خەرمان بەباکردنیان کۆتایی پێ

هێنا و سووره دەغڵیان لە کاو و کۆت جیاکردەوە.
ڕەسووڵ دەسڕەنج و ماف و مزەی بەسەر دا دابەش کردن و گوتی: خودا بتان پارێزێ و هیوادارم بحەسێنەوە کە ئەمنتان حەساندەوە برادەرینە...
ئەگەر ئێوە بەهانامەوە نەهاتبایەن، دەبوایە سێ چوار ڕۆژان لەبەر ئەم سوورەتاوەدا توابامەوە و مێشەکوێرەش کاری خۆی کردبایە و کەوڵی لە حەجەت خستبایەم... کەڕەم کەن دانیشن و نانێکیش بخۆن.

ئاشق ویستی بە تیرێک دوو نیشانان بنگێوێت، گوتی بە پەلەین برای شیرین... بە پەلەین و دەبێ بە شوێنی دا بگەڕێین و بیدۆزینەوە.

ـ بۆ کوێ دەچن براگیان؟!... بە شوێن کێدا دەگەڕێن؟ کێتان لێ بزر بووە پێم بڵێن با بزانم!

ـ بەشوێن دارهەنارێکی پیرۆزدا دەگەڕێین کە شفابەخش و دەغەزپەڕین و هەتوان پێژی دردی هەموو دەردەدارانە. لە سەرتانسەری چوکورۆڤادا ناوەکەی بەسەر زماناندا دەگەڕێت و هەر کەس بە چەشنێک باسی کەڕامەتەکانی دەکات... ئەرێ بڵێی تۆ بە جێ و مەکانی ئەو چاک و پیرە بزانی براگیان؟! دەبێ هەر لەم گاز و گوزەرانەدا بێت.

نیشانی ئەم مەڵبەندەیان پێداوین و پرسیار پرسیار خۆمان گەیاندۆتە ئێرە...

ـ هیچ گرفتێک نییە چارەسەر نەکرێت و هیچ گرێیەک نییە نەکرێتەوە براکانم. ئێوە دانیشن و نانەکەتان بە ئەرخەیانی بخۆن. من هەر بە هەویای هاتنی دۆستەکانم کە بێن بۆ یاریکاریم، بەڵام شەڕ و هەڵڵاکەیان نەیهێشت؛ بە قەدرایە عێلێکم نان و پێخۆر بۆ هێناون کە بەشی ئێوەیشی تێکەوت. ئێوە دانیشن و نانەکەتان بخۆن؛ هەر ئیستێکی دیکە مەلاحاجی دەگاتە ئێرە. مەلاحاجی بە گوڵینگەی لاری لاسەریەوە دەگاتێ؛ گشت ڕۆژێک مەلاحاجی دوای تەواوبوونی کاری باخەکەی بێرەدا بەرەو ماڵ دەبێتەوە. مەلاحاجی باغێکی هەیە چ باغ! هەر دەڵێی باغێ بەهەشتە؛ هەرچێ ساڵی خودا دایناوە، ساڵ نییە مەلاحاجی حەڤدە هەژدە نەمامی پڕتەخاڵ دانەچێنێت، بەڵام زۆر جاریش کە چەم هەڵدەستێ و بەسەر باخی مەلاحاجی دەکشێت، زیانێکی زۆری پێدەگەیەنێت، بەڵام لێی ماندوو نابێت و زۆرتر و زیاتری دەچینێت. مەلاحاجی پیاوێکی دنیادیدەیە و گەلێک شوێنان بەڵەدە؛ لەوانەیە بە دارهەنارەکەی ئێوەیش بزانێ... هەرچی خودا لە سەر زەوی دایناوە،

ئەویش دەیناسێ... پەلە مەکەن، چەلی دانیشن و بحەسێنەوە و بەرکوتێک بکەن. لەوانەیە منیش ئەو دارهەنارەم بێتەوە بیر و بزانم ماڵی لە کوێیە.

ئەوانیش قسەی ڕەسووڵیان بە دڵ بوو. بە تێکڕا دانیشنەوە. ڕەسووڵ کەوڵی نان و خوانی لە بەر دەمیان کردەوە. لە سەرەوەی مەنجەڵۆکەکەیدا برنجی سەر بەڕۆن و لە ژێرەوەشدا مرێشکێکی دوو لەت کراوی لەسەر کەشەفێکی گەورە ڕۆکرد. برنجەکە هەڵمی لێ هەڵدەستا و بەرامەی ڕۆن و گۆشت و برنجی دەمکراو، دەمار بە دەمار دەڕۆیشت. میوانەکان لە دەوری سفرە دانیشتن و هەر بڵێی یەک و دوو، نان و گۆشت و برنج و سەوزەیان ئاودیو کرد و قاپ و قاچاخیشیان لێس دا. دەگەڵ سپاس و پێهەڵاگوتنی نان و خوانەکە، هەستانە سەر پێ و گوتیان: ماڵت ئاوەدان و دەستی کابانی ماڵتان خۆش بێ دەگەڵ ئەو نان و تەعاماتەی، بەڵام ئەگەر ڕێگەمان پێبدەی دەبێ ماڵاواییت لێبکەین و بکەوێنە ڕێ؛ هەتا شەومان لێدانەهاتووە و نەکەوتووینەتە تاریکانی، واباشە بکەوینە ڕێ. ئەگەر دەکرێ هەر تەنێ ڕێگەی ئەو شوێنە پیرۆزەمان بە پەنجە بۆ دەستنیشان بکەیت با بەرەو وێندەرێ وەڕێ کەوین... پێویستە هەرچی

زووە خۆمانی دەپاڵ هاوێژین و لەم هەناسەساردی و کۆڵەواری و دەرد و ئازارانە نەجاتیمان بێت.
ـ سەبرێک بگرن برادەرینە با من هۆشێکم بێتەوە بەر... سەیرە!... زۆر سەیرە بۆچی نەگەیشتە جێ؟... ئەو هاتبایە ڕێگەیەکی بەمەتمانەتری دەخستە بەر پێتان... بەڵێ ئەگەر مەلا حاجی بگاتە جێ، کاری ئێوەیش مەیسەر دەبێت و منیش خەمم نامێنێت... هەر کەمە سەبرێک بگرن هاکا گایشتە جێ؛ ئەو بگاتەجێ هەموو شتێک بەباری باشیدا تێپەڕ دەبێت و کاری ئێوەیش مەیسەر دەبێ برادەرینە... ڕەسوو بە دەم قسانەوە چاویشی دەگێڕا و هەستیشی ڕادەگرت.
ڕەوەزە بەردەکانی ئەنەوەرزە و بارێکە چەمی ساڤرۆن و چڕ و هەڵەمووتەکانی چیای دڵدڵ لە لایەک و لە بەرێکی ترەوە و ڕێزە چیاکانی دوورە دەست، دوندی تیژیان بەرەو ئاسمان تێهەڵچووبۆوە. ڕەسوو بیری دەکردەوە و شوێنی شەخس و چاک و پیرانی یەک بە یەک دەهێنایەوە بیر. بەدەم بیر و خەیاڵاتەوە یەکجێ سەر و پۆتەڕاکی مەلاحاجی هاتە بەرچاوی کە هێدی هێدی بۆلایان دەهات. ڕەسوو لەپڕ هەستا و بە پێشوازییەوە چوو. ڕەسوو قۆڵ لە قۆڵی مەلاحاجی هاتن و گەیشتنەوە سەر

خەرمانەکە. ڕەسوو بەدەم بەخێرهێنان مەلاحاجی و ناساندنی میوانەکانی، گوتی: ئەوە لە کوێی مردووت نەمرێ... هەر ئەوندەم چاو بە جادە و دەر و دەشت دا گێڕاوە، کە هەر ئێستایش چاوەکانم هەروا تراویلکە دەکەن... یاخودا بەخێر بێی مامە گیان! ئەو میوانانەی منیش هەر چاویان لە ڕێگەتە. لەو ژێرەوە ئافرەتێک ناونیشانی دارهەنارێکی پیرۆزی پێداون. ئەوان سەر بەشوێنی ئەو دارهەنارە هەتا ئێرە هاتوون و ئێمەیش چاو لە ڕێی تۆ بووین کە بەخێر بێیت و ڕێگەکەمان بۆ دەستنیشان بکەیت.

ـ بەڵی من پێی دەزانم و زۆر بە سەر ڕاستیش تێی بەڵەدم و هەر منیش دەزانم کە ئەو دارەپیرۆزە چیهای ودم و کەڕامەت و بەرەکەت هەبووە. ئەوە هەر منم کە دەزانم چیهای دەرد و ئازاری خەڵکی کەساس دەرمان کردووە... بەڵام نەماوە... لەمێژ ساڵە وشک بووە و تەنانەت کۆتەرەکەشی فەوتاوە. دەگەڵ قسان دەستی هەڵبڕی و ئاماژەی بە بەرزایی و هەوراز و لێژەکانی بەری ئاسۆی دووری کرد و گوتی: بڕوانن... لەناو هەموو ئەو گرد و تەپۆڵکانەی بەر ڕوانگەتانەوە گردێکی سپی دیارە، ئەو گردەیە کە

ماوەیەکی دوور و درێژ دارهەناری پیرۆز میوانی بوو. دارهەنارێکی شۆخ و شەنگ، کە باڵای بەرزی بەباڵای دارچنارێک بوو. ئەو دارهەنارە هەر سەرە بەهارێک چرۆی دەردەدا و هاوینان گوڵی دەکرد و دەبوو بە تۆپەڵە نوورێکی سوور. هەناسەی ئەو دارە پیرۆزە ودمی شفابەخشی هەزاران دەرد و ئازار و ئاهۆیان بوو. هەر تەنیا بەس بوو دەردەدارێک یەک شەو لە ژێر پەلک و گەڵا و سێبەرکەیدا بڕازێت و بۆ بەیانی وەک گوێژی ئازا هەستێت و گەنجانە بەڕێگەدا بڕوات و ئەوەی ئازار بێ لە ئەندامیدا نەمێنێ..، بەڵام نەماوە... ئەویش چوو... هەر تەنێ گردەکە ماوە کە لەبەر چاوانە... بەڵام ئیمشەو لای من بمێننەوە و سبەی بڕۆن و...

ڕەسوو گوتی: بەڵێ منیش پێموایە ڕۆژ درەنگە و لە ڕێگەدا شەوتان بەسەر دادێت و بە چ جێیەک ناگەن؛ شەو لێرە بمێننەوە و سبەی بەیانیش کە لە خەو هەستان کەمووسکەیەکی دیکەش یارمەتیم بدەن و نەختە مافێکی دیکەشم لێ وەربگرن و جا ئەو دەم بەئارەزووی خۆتان بکەن.

بەتێکڕایان قسەی ڕەسووڵیان سەلماند و شەو بە لایانەوە خەوتن، بەڵام چ خەوتنێک؟ پەخشەی دەم

چەم و زەلکاوان هێرشێکی وەهایان بۆ هێنان، کە هوروژمی مێشوولەی چوکورۆڤا لە چاو هوروژمی ئەم جارەی مەزرای مام ڕەسوو، شەربەت و شیرینی بوو. هێرشبەری ئەمجارە نە لە ئاگر دەسڵەمینەوە و نە بە دووکەڵ و چرەچەمان پاشەکشێیان دەکرد. بەپۆل دەهاتن و بە سەریان دەکشان و ئەوانیش گوێیان نەدایە. سبەی زووی هەندەهەندی بەیانی هەستان و دەستیان بە کار کردەوە. هەتا بەرەبەری نیوەڕۆیە لە ئیش دابوون و هەر کە کارەکەیان کۆتایی پێهات و دەسڕەنجی خۆیان وەرگرت، وەک پەلەوەری سووکباڵ بەرەو ڕووگەی ئاوات باڵیان گرت و ڕۆیشتن. لای ئێوارەی دەمی تاوپەڕانان بوو کە لە گردی سپی سەرکەوتن و لە لێژایی هاتنە خوارد و کەوتنە سەرپشتی گۆڕایی، بەڵام گردێکی ڕووتەنی بێ دار و درەخت؛ هەر بەس لە حاستی گۆڕایی تەختکراوی سەرگردەکەوە کۆتەرە دارێکی داقڵیشاویان چاو پێکەوت کە ڕیشاڵی کۆنە ڕەگ و ڕیشەکانی لێرە و لەوێ وشک هەڵاتبوون.

ئاشق بە دەم هاوارێکی لە گەروو خنکاوەوە گوتی: دۆزیمانەوە برادەرینە... سپاس بۆ ئەو خودایە کە ئێمەی گەیاندە زیارەتی... ڕەگ و ڕیشە

و ڕەگەزی هەر ماوە... کۆتەرەکەی هەر ماوە و باسی مەزنایەی دارهەناری پیرۆزی سەر گردەکە دەکات.

حەسۆک: ڕەگ و ڕیشە و ڕەگەزی هەر ماوە... بەڵی خۆیەتی ...

مەمەد: ئەگەر خۆیشی نەمابێت، ئاسەواری مەزنایەتییەکەی لە ڕەگ و پنج و ڕیشاڵ و خاک و گڵەکەیدا هەرماوە و هەر پیرۆزە... چڵ و پۆپ و گوڵ و گەڵای هەبێ یان هەر تەنێ کۆتەرە وشکەڵەکەی، هیچ قەیدی نییە و شکۆ و مەزنایەتییەکەی هەر ماوە و ببڕای ببڕا موی لێ لار نەبۆتەوە...

یۆسف: خاک و خۆڵ و دار و گوڵ و ڕیشە و ڕەگەزی هەر یەکن و تەنانەت خۆڵی بەر پێی پیرۆزیشی دەرمانی هەزار دەردانە.

ئاشق گوتی: سەر کەنە سەر خاک و خۆڵەکەی و، دەستی نیاز بەرز کەنەوە و بە دڵێکی خاوێنەوە نزای لێبگەن و حەجەتی خۆتانی لێ بخوازن.

ئەشقەلی ڕوو بە ڕووگە ڕاوەستا و دەستی نیاز و پاڕانەوەی بەرز کردەوە و لە ژێر لێوانەوە ورینگەی دوعاخوێندنی دەست پێکرد. ئەوانی تریش جگە لە حەمەدۆک دەستیان هەڵبڕی و ملیان لە پاڕانەوە

نا و، لالانەوە و فرمێسکیان هەڵوەراند. ئاشق ڕووی دەمی دە حەمەدۆک کرد و گوتی: تۆ زمانی پاڕانەوە و کڕووزانەوەشت لە دەمدا نەماوە بەرخی بابم؟!

ـ بەڵی هەمە، بەڵام بۆچی بپاڕێمەوە؟!

ـ باشە دەستەکانت بەرز کەرەوە حەمودۆک... دەستی نیاز هەڵببڕە و ئارەزووی خۆتی پێ بڵێ...

ـ ئاخر ئەم دارە لەمێژە ووشک هەڵاتووە و هیچ تەڕایی دەبەردا نەماوە... دارێک کە نەتوانێ و نەکارێ خۆی لە دەرد و ئازار و مافەتە بپارێزێت و ئەم دەردەی بەسەر بێ کە بە چاو دەی بینین، کوا لە دەستی دێت کە...

حەسۆک پەلاماری بۆ بردو بەسەریدا شریخاند: وست!... وست بە چەپەڵی دووزام... لە ئاستی خوداپێداوەکاندا دەمت بکەیتەوە، دەمت دەشکێنم هەتیوکەی سەگی سەگباب. تۆ دەخوازی ئەوەندەی کە لەش بەبار و هەناسەسارد و کۆڵەکوتراوین، سەت ئەوەندی تریش بێچارە و سەرگەردان بین... وست بە ... دەمت داخە!

شنەی ئێوارە دەمانی لای تاوپەڕانێکی دەرنگ وەختی دەستی پێ کردبوو. هەتا شەو پتر و زیاتر باڵی بەسەر وڵاتدا دەکێشا، ڕەوتی توونده‌با

بەقەوتر و بەهێزتر دەبوو. نیوەشەو تۆفان دەستی پێکرد و چەق و لوورێکی ئەوتۆ سامناک هەموو کەژ و کێو و هەرد و مەکانی داگرت، کە بەور و پڵینگ و شێری کێویش خۆیان لەبەر ئەم هەرایە ڕانەدەگرت. ئەوانیش پێخەفدانەکانیان کردەوە و تێدا وەرکەوتن و خەو بردنییەوە؛ خەوێک کە هیچ گیان لەبەرێکی دەشتی چوکوروْڤا هەرگیز ئەم خەوەی بەخۆیەوە نەبینی بوو .

بەرەبەرە بەیانەیەکی بەرلە گزینگدانێ، پێشەکی ئاشق لەخەو خەبەری بۆوە؛ تەمورە گوڵینگەدارەکەی لە ژوور سەرینیدا بوو و بەعادەتی هەموو بەیانان، پەنجەیەکی بەسەر تەلی تەموورەکەیدا کێشا و جەرینگەیەکی ناسکی بە گیانی سازەکەیدا هێنا. بەدەنگی جرینگەی سازی ئاشق، یەکەم کەس مەمەد بوو کە چاوی کردەوە و دوای ئەو یۆسف و ئاخر کەس حەسۆک بوو.

هەموویان خۆیان تێکنا و لە خوارەوەی گرد، شان بە شانی یەک ڕاوەستان و پێکەوە میزیان هەڵداشت. لە میزکردندا بوون کە هەستیان کرد حەمەدۆک نەماوە. سەیرێکی یەکتریان کرد و لەڕێگەی چاوانەوە ڕووی پرسیاریان دەیەکتر کرد.

مەمەد وەدەنگ هات: نا... نەخێر... حەمەدۆک هەر لەم دەور و بەرانەیە و لێمان هەڵنابڕێت.
ئاشق بەدەم هەناسەیەکی قووڵی خەمبارانەوە گوتی: نا... نەخێر حەمەدۆک نەماوە ... حەمەدۆک ئیتر ڕۆیشت و هەرگیز ناگەڕێتەوە.
یۆسف: هەر وەکی بەرزەکی بانان بۆی دەرچووو... ئای کە چەندە کوڕیژگەیەکی ئارامی لەسەر دڵان بوو... پەکوو بۆ حەمەدۆک... ناسۆری سەردڵی حەمەدۆک جووتە گایەک بوون شاخەکانیان کەوانی بێت... بەداخەوە پێی نەگەیشت و قەتیش پێی ناگات... ڕۆییشت...
لەپڕ، حەسۆک هاواری لێ هەستا: خەنجەرەکەم!... کوڕینە خەنجەرەکەم چی لێهات؟...
حەسۆک زۆر بەخێرایی بەرەو گردەکە هەڵگەڕایەوە و لەوێوە هەموو سوێ و سوقاقێکی چاو پێدا خشاند. ئەمجار جۆڕک و گیرفان و بەرپشتوێند و ڕاخەر و پێخەفەکانیشی پشکنی، بەڵام خەنجەرەکەی حەسۆک نەدۆزرایەوە.
ماوەیەک لە سەر گردەکە ڕاوەستان و بە خەیاڵدا ڕۆیشتنە خوار. گشتیان بێدەنگ و مات و نیگەران بوون. هەر تەنیا ئاشق لە ژێر لێوەکانیدا گوتی:

ئاکار و ڕەوت و ڕەوشتەکەی حەمەدۆک گۆڕدا بوو و خۆیشی سەیر گۆڕابوو. دیاربوو شتێکی دە دڵدایە، بەڵام ناتوانێ بیدرکێنێت. ئەوە ئێمەین کە دەبێ بۆی بپاڕێینەوە و تەمەننا لە خودێ بکەین کە بەزەییەکی پێیدابێت و نەکەوێتە بەر گێرمە و کێشەی بەگ و بەگلەران و تووشی گۆڵمەزانی نەکەن... مرۆڤ ژینەورێکی سەیرە و دەروونی پڕی کەین و بەینێکی شاراوەیە ؛ خۆی نەبێ کەس پێی نازانێت و کەس تێی ناگات.

گشتیان چەشنی ئازیز مردە، سڕ و بێدنگ و خەمزەدە بوون. ئاشق لە بەرەوە و ئاوانی دیکەش سەر بەشوێنی ئەودا، لە گردەپیرۆزەکەی دارهەنار لەسەر نەماو، ڕێگەی کوێستانەکانیان گرتەبەر؛ لە دەستی ڕاستیانەوە زەردەی هەتاوی نادیار ئارام ئارام لە لووتکەی بەرزی چیای دڵدڵ دەهاڵا و بەرەو داوێنەکانی دادەکشا و بەیان دەهات جێگەی تاریکی بگرێتەوە و شەوەی تاریک شاربەدەر بکات و بە ڕۆژی بسپێرێت.

بەرەبەری نیوەڕۆیە لە(دیکەنلی) تێپەڕین و پێیان نایە مەڵبەندی قەرەتەپە. بەرامەی خەست و خۆشی گوڵە پنگە و بەرامەی گەڵای پەڵک و سپیدار و سنەوبەریان بە دەرواى مێشکدا هەڵکشا. مەمەد

لە بەرەوەی هەموویان و بە تەقەڵی هەنگاوی دوور لە یەک و خێرا خێرا دەڕۆیشت؛ لەپڕ ڕاوەستا و هەناسەیەکی تازە کردەوە و گوتی: گازەردەکەیان خست و لێیان کردمە گاو و گەردوونی بەرپێی مەکینە و تراکتۆری ماڵ کاول... ئاشق گوێم بدەرێ و بزانە من دەڵێم چی! ئەو کاتەی کە شەرتم پەڕی و بەرەو ماڵ دەبوومەوە و لە ئاخر دیدارماندا، گازەردەکەم بۆم گریا... بەڵی هەر ئەو جۆرەی کە چلۆن ئادەمزاد بۆ خۆشەویستکەی دەگری و فرمێسک هەڵدەڕێژێت، ئەویش بۆ من گریا ئاشق!

ئاشق بە بێدەنگی سەی بەرداوە و ڕێگەی گرتەبەر. ئەوانیش سەر بەشوێن ئەودا ڕێگەی ماڵیان گرتەبەر و ڕۆیشتن.

---

ڕۆژی شانزدەهەمی مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٩٨ی زایینی ـ کەریم دانشیار